# ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا

## بەپێی

## ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان

# ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا

# بەپێی

# ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان

نووسین و لێکۆڵینەوەی

**فەرهاد عەزیز خۆشناو**

* نـاوی کتێـب: ئەفرانـدن و مـردن لـە ئەفسـانەی کوردیـدا بـەپێی ئاڤێسـتا و دەقـە پەهلەوییەکان
* نووسین و لێکۆڵینەوەی: فەرهاد عەزیز خۆشناو
* سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود.
* نەخشەسازی: رزگار موحسین
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە ( ).
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتیی کتێبخانـە گشـتییەکان ژمـارەی سـپاردنی( )ی سـاڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نـامەیەکی ماسـتەرە کە پێشـکەش بە کـۆلێژی زمـانی زانکـۆی سەلاحەدین کراوە و بە پلەی نایاب لەلایەن لیژنەی تاوتوێکارەوە پەسند کراوە.

## پێشەکی:

زمـان و جوگرافیـا دوو رووی ناسـنامەی مـیللەتن و هۆکـاری سـەرەکی لەدایکبوونی کولتوور و شارستانییەتی تایبەت بە میللەتە جیاجیاکانن. میللەتی کورد لە دێر زەمانەوە لە سەردەمی ئەشکەوت تاکو سەردەمی سۆمەرییەکان و تا دەگاتە رۆژگاری مادەکان و پاشان ساسانییەکان و بە شێوەیەکی گشتی تـاکو ئەمـڕۆش هەر لە نیشـتمانێکدا ژیـاوە کە بەهـۆی نـاوی ئەوەوە بە کوردستان ناسراوە.

کورد وەکو نەتەوە دەورێکی سەرەکی و کارای هەبووە لە دامەزراندنی مێژووی شارستانییەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە لەگەڵ دابەزینی لە ئەشکەوتی شانەدەر و بڵاوبوونەوەیان بە پێدەشتەکاندا کولتوور و بیروباوەڕ و ئەفسانەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا برد و لە هەر شوێنێک پشوویان دابێت بناغەی شارستانییەتێکی پتەویان داڕشتووە. ئەم شارستانییەتە نوێیانە لە باکوورەوە بەرەو باشوور و بە درێژایی ناوچە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆسدا بڵاوە. گرنگترین شارستانییەتی ئەم قۆناغە دێرینەی میللەتی کورد، شارستانییەتی سۆمەرییە کە بیروباوەڕ و ئەفسانە رەسەنەکانیان بە سەر سـەرجەم تیـرە و هـۆزە جۆراوجۆرەکـانی کـورددا دابەش بـووە و بە شێوەیەکی گشتی کاری کردۆتە سەر زۆربەی ئەو میللەتانەی کە دواتر لە کوردستاندا جێگیر بوونە.

ئەو تێـڕوانین و بیروبـاوەڕ و ئەفسـانانەی کە لە مێـژوودا بە نـاوی (ئەدەبیاتی مەزداپەرەستی) ناسراوە، بەشێکی گرنگ لە کولتوور و مێژووی هـزری کـورد پێکدێنن کە هەرگیـز لێـی جیانـاکرێتەوە و بێگومـان ریشـەی زۆربەی ئەم ئەفسـانانە بـۆ ئەفسـانە دێرینە سۆمەرییەکان دەگەڕێنەوە. لەم کتێبەدا هەوڵدراوە بەپێی بەڵگە مێژوویی، جوگرافی، زمانی و بیروباوەڕی ئایینی لەم بەشـەی کولتووری میللەتی کورد بکۆڵدرێتەوە کە تاڕادەیەک لە رووی ئەکادیمییەوە فەرامۆش کراوە. لە راستیدا ئاڤێستا هەنبانەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە کە پڕە لە ئەفسـانە، زانیـاری مێژوویی، یاسـایی، پەروەردەیی، گەردوون ناسـی، جـوگرافی، پزیشـکی و ...هتـد. بەم پێیە دەکـرێ لە رووی مێژوویـی، یاسـایی، پەروەردەیـی، جوگرافیـایی، پزیشـکی و بـابەتی تـر تـوێژینەوەی لەبـارەوە بکرێـت. ئەوەی لەم کتێـبەدا ئامـانجە تـوێژینەوە لە

ئەفسانە تۆمارکراوەکانی ناو ئاڤێستایە، ئەوە بەو واتایە نییە کە تەنیا لەم روانگەوە ئاڤێستا بەر سەرنجی لێکۆڵینەوە خرابێت، بەڵکو لە هەر شوێنێک هەست بە پێویستی کرابێت بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە کەم و زۆر ئاوڕ لە بابەتەکانی تریش دراوەتەوە.

ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان لە کوردستاندا بە زمانی کۆنی کوردی نووسراونەتەوە و ناوەڕۆکەکەی هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی کۆمەڵگەی کوردەوارین. زمانی ئاڤێستایی شێوە کۆنەکەی زمانی کوردییە و هیچ زمانێک لە جیهاندا بەقەد زمانی کوردی لە زمانی ئاڤێستایی نزیک نییە. بۆ نموونە ئەگەر زمانی ئاڤێستایی سەروچاوەی کانیاوێکی زوڵاڵ بێت، ئەوە هیچ زمانێک بەقەد زمانی کوردی لەم سەروچاوە رەسەنە نزیک نییە. ئەوە وا دەکات بڵێین کورد خاوەنی ئەم زمانە و میراتە نووسراوەکەیەتی و مافی خۆیەتی لێکۆڵینەوەی لە سەر بکات.

زمانی پەهلەویش شێوە گەشەسەندووەکەی زمانی ئاڤێستاییە و دواتر بە سەر شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا دابەش بووە و زمانی ئێستای میللەتی کوردی لێ دروست بووە. زۆربەی ئەو دەقانەی بە زمانی پەهلەوی نووسراون لە سەردەمی ساسانییەکان و لە ژێر چاودێری دەزگای میری ئەم ئیمپراتۆرییەتە و فەرمانڕەوا کوردەکانی نووسراون و بۆی هەیە کورد خۆی بە خاوەنی راستەقینەی ئەم بەرهەمانە بزانێت، چونکە زمانی ئەم دەقانە گرنگترین بەڵگەن بۆ ئەم خۆ بە خاوەن زانینە.

زمانی ئاڤێستایی و دواجار پەهلەوی لە قۆناغە جیاجیاکاندا کاریان کردۆتە سەر زمانی ئەو میللەتانەی کە دواتر هاتوونەتە کوردستان و تێیدا نیشتەجێ بوونە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەگەر ئەم میللەتانە بە هۆی باڵادەستیی سیاسی و داگیرکردنی کولتوورییەوە خۆیان بە خاوەنی ئەم میراتە بزانن، ئێمەی کورد دەستەوەستان بوەستین و خۆمان بەدەستەوە بدەین. رەنگە راستییەکان بە شێوەیەک بۆیە کرابن کە سیما راستەقینەکەیان شێوابێت، بەڵام هەرگیز هیچ راستییەک هەتاهەتایە لە پشت پەردە ناشاردرێتەوە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە توێژەرانی کورد، بە شێوەیەکی زانستی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە بکەن و راستییەکان ئاشکرا بکەن. لەسەر هەموو توێژەرێکی کوردە بەپێی پسپۆڕییەکەی چ لە رووی زمانی، یان

جوگرافی، یان مێژوویی و ئەفسانەیی سیمای راستیی ئەم میراتە نەتەوەییيە ئاشکرا بکات و بۆ گەنجینەی شارستانییەتی میللەتەکەی بگەڕێنێتەوە.

ناونیشانی ئەم کتێبە بریتییە لە: (ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان) و بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەر یەک لە بەشەکانیش بە سەر دوو تەوەردا دابەشکراون.

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئاوڕدانەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی زانکۆیی بۆ توێژینەوە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان کە میراتێکی بەهاداری میللەتی کوردن و تاکو ئێستا بەسەر نەکراونەتەوە.

هیچ توێژینەوەیەک بێ گرفت و بەربەست نابێت و ئەو کێشانەی لە کاتی توێژینەوەدا بەرۆکی توێژەری ئەم کتێبەیان گرت، لەلایەک کەمبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی و لەلایەکی تر کەمی کات بوو بۆ خوێندنەوە و بەراوردکردنی دەقە رەسەن و دەسنووسە ئاڤێستایی و پەهلەوییەکان و ئەو کتێبانەی کە بە زمانی ئاڤێستایی یان پەهلەوی نووسرابوون، بەڵام تا ئەو جێیەی لە توانادا بووە هەوڵدراوە دەقە رەسەنەکان بخوێنرێنەوە و راستەوخۆ بخرێنە بەر سەرنجی لێکۆڵینەوە.

لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا باسی ئەفسانە، چەمکی ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە و ئەفسانەی کوردی و هەروەها کورتەیەک لە مێژووی ئەفسانەیی کورد و ئایینە دێرینەکانی کورد و پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەفسانە کراوە. لە تەوەری دووەمی بەشی یەکەمدا باسی ئاڤێستا، بەشەکانی ئاڤێستا و زمانی ئاڤێستا و هەروەها زێد و سەردەمی زەردەشت و بنەما فەلسەفییەکانی ئایینی زەردەشتی و دەقە پەهلەوییەکان و تایبەتمەندی زمانی پەهلەوی کراوە.

لە تەوەری یەکەمی بەشی دووەمدا ئەفسانەی ئەفراندن، ئەفسانەی رزگارکەر و ئەفسانەی تۆفان بەپێی دەقە ئەفسانەییيەکانی کورد توێژینەوەیان لە سەر کراوە. تەوەری دووەمی بەشی دووەم تایبەت کراوە بە توێژینەوە لە ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان و بەهەشت و دۆزەخ و گەشتی رۆح (میعراج) لە ئەفسانەی کوردیدا.

له تێڕوانینی یەکەمدا بە گوێرەی ناونیشان وا هەست دەکرێت تەنیا لە ئەفسانەی ئەفراندن و مردن دەکۆڵدرێتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەفسانەی کوردی لە ئەدەبیاتی مەزداپەرستیدا وەکو کۆشکێکی مەزن و پێچاوپێچ وایە کە لە بناغەوە تاکو دوایین خشت، گشت کەرەسە پێکهێنەرەکانی بە یەکەوە بەستراونەتەوە و یەکەیەکی یەکگرتوو و مەزن پێکدێنێ. واتا لە ئەفراندنەوە تاکو مردن و کۆتایی جیهان پرۆسەیەکی هەماهەنگە کە وەکو زنجیرێک ئاڵقەکانی بەیەکەوە گرێدراون و ناکرێ باسی ئەفراندن بکرێت و باسی خوڵقاندنی ئەهریمەنی نەکرێت. هەروەها ناکرێت باسی ئەفسانەی ململانێی نێوان ئەفراندنی ئەهورایی و خوڵقاندنی ئەهریمەنی نەکرێت. کاتێک باسی ئەم ململانێیە دێتە ئاراوە، ناکرێ باسی ئەو رووداوە گەردوونییانە نەکرێت کە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو هێزە دێنە ئاراوە وەکو روودانی تۆفان، دەرکەوتنی رزگارکەر، کۆتایی جیهان و ...هتد. ناکرێ رۆڵی مرۆڤ وەکو جەمسەری سەرەکی ئەفراندن باس نەکرێت کە لە چەقی رووداوە ئەفسانەییەکاندا دەوری سەرەکی دەبینێت. مرۆڤ لە ئەدەبیاتی مەزداپەرستیدا وەکو گرنگترین ئەفرێنراو سەرپشک کراوە یەکێک لەم دوو رێگەیە واتا رێگەی راستی ئەهورایی و رێگەی چەوتی ئەهریمەنی هەڵبژێرێت. چارەنووسی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەو رێگەیەی کە هەڵیدەبژێرێت و بێگومان رێگەی راستی ئەهورایی بەسەر رێگەی چەوتی ئەهریمەنیدا سەردەکەوێت و لە جیهانەکەی تردا چارەنووسی مرۆڤە باشەکان، بەهەشت و چارەنووسی مرۆڤە خراپەکان دۆزەخ دەبێت. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرجەم ئەو ئەفسانانەی لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا وەکو ئەفسانەی ئەفراندن، ململانێی نێوان هێزی چاکە و خراپە، تۆفان، رزگارکەر، کۆتایی جیهان و بەهەشت و دۆزەخ و تەنانەت گەشتی رۆح (میعراج)یش لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا رێبازی (Phenomenology) کە ناسراوە بە (دیاردەناسی میرچا ئیلیادە) پێڕەو کراوە. بەپێی ئەم رێبازە، ئەفسانە لە روانگەی ئامانجە ئایینییەکان تەماشا دەکرێت و لە روانگەی مرۆڤێکی ئیماندار شی دەکرێتەوە و زۆر خۆی بە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەفسانەوە خەریک ناکات. بەپێی رێبازی دیاردەناسی (میرچا ئیلیادە) ئەفسانە بریتییە لە

گێڕانەوەیەکی پیرۆزی ڕووداوەکان کە سیمایەکی دیار بە خۆناسینی مرۆڤی ئیماندار دەبەخشێت. بەم جۆرە ڕەهەندێکی ئایینی لە تێگەیشتنی ئەفسانەدا بەدی دەکرێت کە هەمان دڵبینی-بصیرة-ی ئایینییە. واتا لە کاتی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەفسانەدا پێویست بەوە دەکات درک بەو بارە ئایینییە بکرێت کە لە ناخی ئەفسانەدا شاراوەیە و لە ڕێگەی ئەم درکپێکردنە ئایینییەدا ئەفسانەکان شی بکرێنەوە. ئەوە ئامانجی ڕێبازی (میرچا ئیلیادە)یە کە لەم توێژینەوەیەدا پێڕەو کراوە.

**فەرهاد عەزیز خۆشناو**
**هەولێر ٢٠١٣/٩/٨**

# بەشی یەکەم

- ■ تەوەری یەکەم :

- ئەفسانە
- مێژووی ئەفسانەیی کورد
- ئایینی کورد

## • ئەفسانە

### چەمک و پێناسەی ئەفسانە:

ئەفسانە وەکو دیاردەیەکی کولتووری و مرۆیی پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە بە وردی کەوتۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی بوارە جیاجیاکانی زانستی مرۆڤایەتییەوە. زۆربەی زاناکان بەپێی پسپۆری و شارەزایی خۆیان و هەروەها ئەو ئامانجەی کە لە بواری ئەفسانەناسیدا بەدوایدا دەگەڕێن، پێناسەی ئەفسانەیان کردووە. دەزانین لە پێناسەی ئەفسانەدا وەکو زۆربەی بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناکرێ پێناسەیەکی یەکلاکەرەوە دەسنیشان بکەین کە بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم پسپۆران و شارەزایان لە سەری کۆک بن. هەر لێرەوەیە کە گوتراوە: ((پێناسەیەکی یەکانگیر بۆ ئەفسانە هەرگیز سەرناگرێت، چونکە ئەفسانە لە کۆمەڵە بابەتێک پێکهاتووە کە لە ئاستی جیاجیادا کاردەکەن.))(٩:٧١) لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پێناسە هەن کە زۆر یان کەم وێنای ئەم بابەتە دەکەن. لێرەدا هەوڵدەدرێت بە کورتی چەند پێناسەیەک بخرێتەڕوو.

سەرەتا فەرهەنگەکان بەسەر دەکرێنەوە تاکو بزانین ئەفسانە وەک زاراوە چۆن لێکدراوەتەوە. ئەفسانە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەواتای چیرۆک، راز، سەرگوزەشت، دیرۆک و قسەی پووچ هاتووە. بۆ نموونە لە فەرهەنگی "مەردۆخ"دا بە ژێر ناونیشانی ئەفسانەدا هاتووە: ((راز، دەسان، سەرگوزەشت، چیرۆک.))(٤٩:٢٨) لە فەرهەنگی "دانشگاه کردستان"دا بە ژێر ناونیشانی ئەفسانەدا هاتووە: ((دیرۆک، چیرۆک، رووداوی خەیاڵی، شتێ کە نەبووە و بە خەیاڵ دروست کراوە، رووداوێکی ناڕاست کە ناکرێ و نەکراوە، چیڤانۆک، فسانە، اساطیر.))(١٠٦:٢٧) لەم فەرهەنگەدا جگە لە چەند زاراوەیەکی تر، زاراوەی (اساطیر)یش لە بەرامبەر زاراوەی ئەفسانە دانراوە کە لە زمانی عەرەبیدا باوە و کۆی (اسطورة)یە. بۆ نموونە لە (فەرهەنگی زاراوە ئایینییەکان)دا بەم جۆرە هاتووە: ((الاسطورة، الحكاية العجيب الباطلة)) واتا ئەفسانە گێڕانەوەیەکی سەیری پووچە.(٣٧:٥٩) ئەم زاراوەیە ((شێوە بە

عەرەبیبووەکەی وشەی هیستۆری یۆنانییە کە بە واتای بەدواداگەڕان، زانین و چیرۆک دێت. لە ئێستادا لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی میت Myth بەکاردەبرێت.))(٣:٩٤)

لە زمانی کوردییدا وشەی ئەفسانە لە بەرامبەر (الاسطورة)ی عەرەبی و (اسطورە)ی فارسی و هەروەها Mythی ئینگلیزی بەکار دێت، ئەمەش کەوایەکی پڕ بە باڵایە، چونکە لە زمانی پەهلەوییدا کە شێوەی رەسەنی زمانی کوردییە، وشەی ((فسان))(١٨٦:١٧٠) هەمان ئەو واتایەی هەیە کە ئەمڕۆ توێژەری رۆژئاوایی لە وشەی میت و توێژەری عەرەب و فارسیش لە ئوستوورەدا بەدوایدا دەگەڕێن. هەروەها دەشێ وشەی Mythی ئینگلیزی لە وشەی ئاڤێستایی میثە miθa وەرگیرابێت. لە "فەرهەنگی ئاڤێستایی"دا (د.بەهرام فەرەوەشی) بە ژێر ناونیشانی میثە a q im دا نووسیویەتی: درۆ، بێسوود و بێهوودە.(١١٢١:١٦٤) لە ئاڤێستادا لە چەند شوێنێک وشەی (میثە) یان (میتە) چەند جارێک دووبارە بۆتەوە.

بۆ نموونە لە بەشی یەشتەکان، زامیادیەشت، بەندی ٩٦دا هاتووە: ((کردەوەی چەوت ژێر دەکەوێ، کردەوەی باش سەردەکەوێ. قسەی درۆ ژێر دەکەوێ، قسەی راست سەردەکەوێ...))(٥٦:٣٥١،٤٧٩) لەم پەیڤەدا دەستەواژەی درۆکردن بە زمان و خەتی ئاڤێستایی، بەم جۆرە نووسراوە O t x o a q im میثەئوختۆ. کەواتا میثەئوختۆ یان میتەئوختۆ یان میت ئوخت بەواتای (قسەی درۆیی و ناڕاست) دێت. لە فەرهەنگی "ئاریانڤاچ"دا بەم جۆرە ئەم وشە ئاڤێستاییە لێکدراوەتەوە: ((میتۆخت واتا وتەی درۆ، گوتەی ناڕاست، درۆ، فێڵ. ئەم وشەیە لە پالەوییدا، تەواو قرتاوە و بە شێوەی مێت met هاتووە کە بە هەمان واتا بەکارهاتووە.))(٢٦: ٢٦٢-٢٦٣). وشەی میثی ئاڤێستایی و مێتی پەهلەوی دزەی کردۆتە ناو زمانە ئەورووپییەکانەوە و لەلایەن ئەوانەوە بە شێوەی myth بەکارهاتوە. وشەی ئەفسانە کە لە زمانی کۆن و نوێی کوردییدا بەکارهاتووە، لە رووی واتاییەوە پڕترە و وا باشترە هەر ئەم زاراوە رەسەنە کوردییە لە بەرامبەر Myth و اسطورە بەکارببەین. لە گوڵزاری دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کورددا وشەی ئەفسانە بە واتای جۆربەجۆر بە کاربراوە. بۆ نموونە:

**بوومە ئەفسانەی وڵاتان: شار بە شار ماڵ بە ماڵ کۆ بە کۆ**
**خاڵی چاوت، گۆشەی ئەبرۆ، دوو دینیان کردم لە سەر تـۆ**
(٢٣:٤٨)

**شەش مـانـگیٚ بـەم ئەفسانە گـلـی دامـەوە لای خـۆی**
**نـەمزانـی مـلـم بشـکیٚ تـیـاچووم، زەرەرم کـرد**
(٢١:٤٨)

**میهـری روخـی زیبـات، بـە ئەفسـانـەیی زاهیـد**
**دەرنـاچیٚ لـە دڵ، زەحـمـەتی بێـهـوودە چ لازم**
(٢٢:٥٩)

هەروەها "قامووسی زمانی کوردی" بەم جۆرە لە ئەفسانە دواوە: ((چیرۆکێکی رووداوی کۆنی وا بگێڕدرێتەوە نەچێتە مێشکەوە و ئاقل نەیگریٚ، حەکایەت، داستان، نەقڵ، راز، هەقایەت، قسەی ناڕاست، قسەیەک بە مەبەستی خەڵەتاندن بکریٚ.))(١٥٩:٢٥) ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئەفسانە پتر بۆ تێڕوانینی عەرەب بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی (المعجم الادبیی)دا هاتووە: ((ئەفسانە گێڕانەوەیەکی شێواوی رووداوە مێژووییەکانە بە خەیاڵێکی میللی و چەندەها حەکایەتی ئایینی و نەتەوەیی و فەلسەفی دادەهێنیٚ بۆ ورووژاندنی هەستی گوێگر، ئەفسانە حەکایەتێکی پووچە و مرۆڤی سەرەتا بەپێی ئیحا و خەیاڵە کزەکەی دایهێناوە.))(٣٦:١٩) پێویستە تێڕوانینی کورد بۆ ئەفسانە جیاواز بێت لەم تێڕوانینە، چونکە بەشێکی گرنگ لە مێژوو و کولتوور و شارستانییەتی میللەتی کورد لە ناو دەقە ئەفسانەییەکاندا پارێزراون و دەبیٚ وەکو کەرەسەیەکی خاو سوودیان لیٚ وەربگیریٚ. لە هەمان کاتدا ئەم دەقە ئەفسانەییانە پیرۆزن، چونکە باسی سەربوردەیەکی پیرۆزمان بۆ دەگێڕنەوە. لێرەدا دەبیٚ پشت بەو پێناسانە ببەستریٚ کە ئەفسانە بە بابەتێکی پیرۆز دادەنێن و بەپێی ئەو رێبازانە لە ئەفسانەی میللەتەکەمان بکۆڵینەوە کە ئەفسانە بە بابەتێکی پڕوپووچ و کەم بایەخ دانانیٚ.

بەپێی رێبازی (میرچا ئیلیادە) کە بە رێبازی دیاردەناسی phenomenology ناسراوە، ئەفسانە دیاردەیەکی پیرۆزە. ئەم ئەفسانەناسە بەناوبانگە لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێت: ((ئەفسانە

سەربوردەیەکی پیرۆز و مینۆڤی (ئاسمانی) دەگێڕێتەوە، پیشاندەری ڕووداوێکە کە لە زەمەنی دەسپێک، زەمەنی پڕنهێنیی سەرەتای هەموو شتێک ڕوویداوە.))(١٤:١٤١) بەپێی ئەم پێناسەیە دەردەکەوێ ئیلیادە وەکو دەرکەوتەیەکی پیرۆز سەیری ئەفسانە دەکات و دەیبەستێتەوە بە ئەزەلەوە و پێیوایە مرۆڤ بە زمانی ئەفسانە لە واقیعەکانی سەردەمە نادیارەکانی گەردوون دەدوێت. ئەم زمانەش زمانێکی پیرۆزە، چونکە لە زەمەن و سەربوردەیەکی پیرۆز دەدوێن. هەروەها (ئەلەکساندەر کراپ)یش بەم تێڕوانینە لە ئەفسانە دەدوێ و پێیوایە: ((ئەفسانە، گێڕانەوە یان چیرۆکێکە کە خواوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.))(١٣:١١٥) لەناو سەرجەم نەتەوەکاندا خواوەند و کارەکانیان و گشت ئەو بابەتانەی تایبەت بە خواوەندەوەن پیرۆزن و ڕێزیان بۆ دادەنرێت. کاتێک خواوەندان لە بەسەرهاتێکدا ڕۆڵ ببینن ئەم بەسەرهاتانە بە بەسەرهاتی پیرۆز دادەنرێن، هەرلەم ڕوانگەیە بێگومان لەلایەن خەڵکییەوە بەرز و پیرۆز رادەگیرێن. بە تایبەتی ئەگەر باسی ئەفراندنی گەردوون و مرۆڤ و سەرجەم گیاندار و بێگیانەکان لەلایەن خواوەندەکانەوە لەئارادابێت. بۆیە گوتراوە: ((ئەفسانە مێژووەکی پیرۆزە کە باسی ئەفراندن دەکات و سەروچاوەی ئەزەلی هەموو ئایین و بیروباوەڕ و کردارێکە کە لە سەردەمی سەرەتایی ئەفسانەیی، تەنیا بۆ جارێک و بۆ تاهەتایە ڕوویداوە و لەوە دواوە وەکو نموونەی لێ هاتووە، واتا ئەو نموونەیەی کە ڕێوشوێنی مرۆڤ و ڕێوڕەسمی ئایینی و پەرستنەکان ڕێکدەخات و بەهایان پێدەدات.))(٣٥:١٣٩)

وشەی ئەفسانە لە زمانی کوردییدا لە یەکێک لە ماناکانیدا بەواتای مێژوویێکی دوور و خەیاڵی و چیرۆک و سەربوردەیەکی ناڕاست دانراوە. ڕاستە ئەفسانە واتای خەیاڵی و تاڕادەیەکیش دوور لە عەقڵ ڕادەست دەکات، بەڵام ئەمڕۆ لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی بۆیان دەرکەوتووە ئەو بابەتانەی لە ئەفسانەدا دەخرێنەڕوو ڕەگێکی واقیعیشیان هەیە. بۆ نموونە ئەفراندنی زەوی و ئاسمان واقیعێکە، بەڵام گێڕانەوەی چۆنییەتی پرۆسەی ڕووداوی ئەفراندن لای مرۆڤ، دیاردەیەکە دەکەوێتە خانەی خەیاڵی ئەو مرۆڤە داهێنەرانەی ئەفسانەی ئەفراندنیان داهێناوە؛ بۆیە کاتێک (میرچا ئیلیادە) ئەفسانە بە چیرۆکێکی پیرۆز و مینۆڤی (ئاسمانی) دادەنێت، بێگومان

لەو سۆنگەیەوە دەدوێت کە ئەفسانە بە ((گێڕانەوەیەکی واقیعی دادەنرێت، چونکە بەردەوام بە راستییەکانەوە پشتڕاست دەکرێنەوە. ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون راستە، چونکە بوونی گەردوون خۆی ئەم راستییە دەسەلمێنێ، هەروەها ئەفسانەی مردنیش راستە، چونکە مردنی مرۆڤ ئەم راستییە دەسەلمێنێ)).(١٥:١٤١)

دەبێ لەبیرمان بێت مرۆڤە کۆنەکان باوەڕیان بە چیرۆکە ئەفسانەییەکانیان هەبووە و وەکو بەڵگەنامەیەکی پیرۆزی مێژوویی هەوڵی پاراستنیان داوە. ((ئەو رووداوانەی لە ئەفسانەدا ئاماژەیان پێدەکرێت بە چیرۆکێکی راست و واقیعی هەژمار دەکرێن، چونکە بە راستییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە و بەردەوام پشت بە لۆجیک دەبەستن. ئەفسانە هەندێ جار رووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، بەلام ئەوەی لەم گێڕانەوانەدا گرنگە راست و دروستی رووداوەکان نییە، بەڵکو ئەو مەفهوومە گرنگەیە کە لە ئەنجامی شیکردنەوە و راڤەی ئەم چیرۆکانە بۆ باوەڕپێکەرانی دەستەبەر دەکرێت و هەروەها پیشاندەری روانگەی ئادەمیزادە سەبارەت بە خودی خۆی و جیهان و پەروەردگارەکەی.))(٤:٩٤) (د.مێهرداد بەهار) کە یەکێک لە ناودارانی بواری ئەفسانەناسییە، پێیوایە ئەفسانە دیاردەیەکی پیرۆزی ناو کۆمەڵگەیە و دەڵێت: ((ئەفسانە لە چوار بەش پێکهاتووە: بیروباوەڕ، رێوڕەسم، شوێنی پیرۆز و پەیڕەوان. ئەفسانە زاراوەیەکی گشتییە و لەخۆگری بیروباوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤە لە قۆناغە تایبەتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی کە لە سەردەمی کۆمەڵگە هەرە دێرینەکان دروست دەبێت و وەکو بیروباوەڕی پیرۆزی هەمووانی لێدێت.))(٣٧١:١٣٤) لێرەوە بە تەواوی پیرۆزبوونی ئەفسانەمان بۆ روون دەبێتەوە: ئەفسانە بیروباوەڕی مرۆڤی رۆژانی زووە. بیروباوەڕێکی پیرۆز کە بە شێوەی تیۆری لە دەروونی ئادەمیزاددا جێگیر دەبن. بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بیروباوەڕە پیرۆزانە بەردەوام بێت، هەوڵ دەدات لە رێگەی دووبارەکردنەوەی کۆمەڵە رفتارێک دۆخێکی پراکتیکییان پێبدات. بەم پێیە رێوڕەسمی پیرۆزراگرتنی بیروباوەڕە پیرۆزەکان لەدایک دەبن. ئەم رێوڕەسمە پیرۆزانە لە شوێنی پیرۆز بەڕێوە دەبرێن. دواجار ئەو کەسانەی ئەم بیروباوەڕە پیرۆزانە لە رێگای رێوڕەسمی پیرۆز لە شوێنە پیرۆزەکاندا بەرز و پیرۆز رادەگرن، پەیڕەوانن، واتا ئەو

کەسانەی باوەڕیان بەو ئەفسانە پیرۆزانەوە هەیە. پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئایین لێرەوە دەردەکەوێ. (د. ئیسماعیلپوور) دەنووسێ: ((ئەفسانەکان وەکو ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان دەنوێنن. بیروباوەڕی مرۆڤی سەرەتایی لە ئەفسانەکانەوە دەس پێدەکات و دواتر لە سەردەمە تازەکاندا، وەکو ئایین دەردەکەون. کەواتە ئەفسانە ئایین و زانستی مرۆڤی ڕۆژانی زووە و زانیارییە مەعنەوییەکانییەتی. ئەو زانستەی پتر لە شێوەی هێما و دڵبینییدا خۆی دەنوێنێ و لە یاسا زانستییەکانی قۆناغە مێژووییەکانی دواتر دوورە.))(١٤:٥٩)

لە زۆر ڕوانگەی تر و بەپێی چەندین ڕێبازی تر پێناسەی ئەفسانە کراوە. لە هەر شوێنێکی ئەم توێژینەوەیەدا هەست بە پێویستی ئەم پێناسە جۆراوجۆرانە کرا بێگومان ئاماژەی پێدەدرێت و سوودیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام چونکە ڕێبازی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی دیاردەناسی (میرچا ئیلیادە)یە، هەوڵدراوە تەنیا لەم ڕوانگەوە پێناسەکان بخرێنەڕوو.

### جۆرەکانی ئەفسانە:

جۆرەکانی ئەفسانە، بەگوێرەی ئەو دەقە ئەفسانەییانەوە دەسنیشان دەکرێن کە لە ناو میللەتە جیاجیاکاندا دەسکەوتوون. ئەفسانەی کوردییش بەپێی ئەو دەقە ئەفسانەییانەی لەبەر دەستدان، دەکرێ بەسەر چەند جۆرێک دابەش بکرێن. (د. مەولود ئیبراهیم) لە کتێبی "گەڕان بەدوای نەمرییدا" بەپێی ئەو پشکنینانەی لەسەر دەقی ئەفسانەی کوردی کردوویەتی، جۆرەکانی ئەفسانەی بەم جۆرەی خوارەوە دەسنیشان کردووە:

١- **ئەفسانەی خواوەندەکان "اسطورە"**
٢- **ئەفسانەی پاڵەوانییەتی**
٣- **ئەفسانەی دڵداری**
٤- **ئەفسانەی ژنخواستن**
٥- **ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمرییدا**
٦- **ئەفسانەی گەڕان بەدوای بەخت**
٧- **ئەفسانەی سڕدۆزی**
٨- **ئەفسانەی ئەفراندن**

٩- **ئەفسانەی گیانلەبەران**

١٠- **ئەفسانەی لافاو (١٦:٢٦،٢٧)**

لەناو دەقی ئەفسانەی کوردییدا سەرجەم ئەم جۆرە ئەفسانانە بەدی دەکرێن، بەڵام لە راستییدا ئەو ئەفسانانەی باس لە جیهانی دوای مەرگ و زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن، لەم دابەشکردنەدا هیچ شوێنێکی بۆ دیاری نەکراوە. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە ئەم جۆرە ئەفسانانەمان نییە، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەفسانەیییەکاندا دەردەکەوێ بەشێکی گرنگ لە ئەفسانەی کوردی پێکدێنن.

میرچا ئیلیادە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا بۆی دەرکەوتووە ئەفسانە لەم جۆرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١- **ئەفسانەی بنەچە و ئەفراندنی گەردوون**

٢- **ئەفسانەی نوێکردنەوەی جیهان**

٣- **ئەفسانەی دوماهی**

٤- **ئەفسانەی یادەوەری (١٤١: ٣١،٤٧،٦١،١١٩)**

**چەند شێوازێکی تریش لە دابەشکردنی جۆرەکانی ئەفسانە بەدی دەکرێن، بۆ نموونە:**

١- **ئەفسانەی ئەفراندن**

٢- **ئەفسانەی دوماهی**

٣- **ئەفسانەی دەربازکەر**

٤- **ئەفسانەی خواوەند و نەمرەکان**

٥- **ئەفسانەی پێغەمبەران و پیاوچاکان**

٦- **ئەفسانەی کاهین و پاشاکان**

٧- **ئەفسانەی گەڕان بەدوای بەخت و چارەنووس**

٨- **ئەفسانەی ژیانەوە و نوێبوونەوە**

٩- **ئەفسانەی یادەوەری**

١٠- **ئەفسانەی پاڵەوانان**

١١- **ئەفسانەی گیاندار و رووەکان**

١٢- **ئەفسانەی سەردەمی نوێ(٥٩:٦٤-٧٤)**

ئەم دابەشــــکردنەش وەکـــو ئەوانەی پێشـــتر زۆر فـــراوانە و زۆربەی لایەنەکـانی ئەفسـانەی دەسنیشـان کـردووە. جگە لەمـانەی ئاماژەیـان پێدرا، چەنـــد دابەشــــکردنێکی تـــریش هەن کە هەر بەم شـــێوازە کـــراون. ئەم دابەشـکردنانە زۆر فـراوانن و ئەگەر بێت و لەسـەر ئەم بنەمـایە جۆرەکـانی ئەفسـانە دابەش بکـرێ، رەنـگە لە کۆتـادا ناچـاربین بەپێـی ژمـارەی دەقە جۆربەجۆرە ئەفسانەییەکانی سەرجەم میللەتانی جیهان، جۆرەکانی ئەفسانە پۆلین بکەین.

زۆربەی ئەو دابەشکردنانەی تاکو ئێستا کراون – بەپێی زانیارییەکانی ئەم تـوێژینەوەیە– زۆر فـراوان و بـڵاون و خـوێنەر و تـوێژەر تووشـی سەرلێشێوان دەکەن. لێرەدا پێشنیازی دابەشکردنێکی تر دەکرێ کە دەتوانێ تـاڕادەیەک زۆربەی هەرە زۆری ئەفسـانەکان لە چوارچێـوەی سـێ تەوەری سـەرەکی و جیـاوازدا کۆبکـاتەوە و جـۆرە هەمـاهەنگی و رێکیـیەک بە دابەشـکردنی جۆرەکـانی ئەفسـانە بـدات. ئەویـش بـریتییە لەم سـێ جـۆرە سەرەکییەی خوارەوە:

١- **ئەفسانەی ئاسمانی** واتا جیهانی پێش بوونی مرۆڤ
٢- **ئەفسانەی زەمینی** واتا جیهان لەکاتی بوونی مرۆڤ
٣- **ئەفسانەی بن دنیا** واتا جیهانی دوای بوونی مرۆڤ

دەکرێ لەم سێ جۆرە سەرەکییەی ئاماژەی پێدرا، بە جۆرێک سـەرجەم ئەفسـانەکان پـۆلین بکـرێن و هەرکامیـان لە ریـزی یەکێـک لەم سـێ جـۆرە دابنرێن. بۆ نموونە ئەفسانەی ئەفراندن و ئەفسانەی خواوەندەکان لە جۆری یەکەمدا جێ دەگرنەوە. ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمری و بەخت، ئەفسانەی پێغەمـبەران و پیاوچاکـان، ئەفسـانەی تۆفـان، ئەفسـانەی چـاوەڕوانکردنی رزگارکەر، ئەفسانەی میعراج، ئەفسانەی پاڵەوانییەتی و ژنخواستن، ئەفسانەی سـڕدۆزی، ئەفسـانەی گیـانلەبەران، ئەفسـانەی کـاهین و پاشـاکان، ئەفسـانەی مـردن و کۆتـایی جیهـان و...هتـد لە جـۆری دووەمـدا جـێگە خـۆش دەکەن. ئەفسانەی دوا رۆژ و زیندووبوونەوە، ئەفسـانەی چارەنووسـی مـرۆڤ دوای مردن، ئەفسانەی پەڕینەوە لە پرد، ئەفسـانەی بەهەشـت و دۆزەخیش لە ژێر سەیوانی جۆری سێیەمدا ئارام دەگرن.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەفسانەی کوردی بەپێی ئەدەبیاتی مەزداپەرستی (زەردەشتی) بدەین، بۆمان دەردەکەوێ هەگبەی ئەفسانەی کوردی لە هەر سێ جۆرە سەرەکییەکەدا پڕە.

## ئەفسانەی کوردی:

ئەفسانە میراتێکی کولتووری و نەتەوەیی بەهادارە کە لەناو زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی جیهاندا بایەخی پێدراوە. کورد وەکو میللەتێکی دێرینی سەر گۆی زەوی خاوەن کولتوور و شارستانییەتێکی یەکجار کۆنە و بەشێوەی جیاجیا هەوڵی تۆمارکردن و گواستنەوەی ئەم شارستانییەتەی بۆ نەوەکانی دوارۆژ داوە. پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەیی و مێژوویی و کولتوورییەکانی هەموو میللەتێک لە جیهانی پێش شارستانییەتدا، لە رێگەی تۆمارکردنی بەسەرهات و رووداوەکان بووە. یەکێک لە ئامرازەکانی تۆمارکردنی ئەم سەربردە مێژووییە دێرینانە ئەفسانە بووە.

ئەفسانەی کوردی بەشێکە لە میراتی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد کە هەندێ لەم میراتە کولتوورییە بە درێژایی مێژوو بە شێوەی سەرزاری و دواتریش بە شێوەی نووسراو پارێزراوە. ئەفسانە و ئایین پەیوەندییەکی دوور و قووڵی مێژووییان لەگەڵ یەکترییدا هەیە و وەها لەناو یەکدا تواونەتەوە کە زۆرجار هەر بە یەک دادەنرێن، بۆیە ئایین – مەبەست ئایینی کوردە – بە یەکێک لە چاوگە گرنگەکانی ئەفسانەی کوردی دادەنرێت. کۆنترین ئایین کە بە شێوەیەکی روون پیشاندەری بیروباوەڕ، کولتوور، تێڕوانین و جۆری بیرکردنەوە و مێژوو و جوگرافیای کورد بێت، بێگومان ئایینی زەردەشتییە. ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە زۆر ئایینی تر لە پێش ئایینی زەردەشتی لەناو کورددا باو بوونە، بەڵام هیچ کامیان بە رادەی ئەم ئایینە پیشاندەری ژیانی ئەفسانەیی، ئایینی و مێژوویی کورد نین. دەقە پیرۆزەکانی ئایینی زەردەشتی لەناو کتێبی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا پارێزراون. بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی بەشەکانی ئاڤێستا لە سەردەمە جیاجیاکاندا، بۆ یەکەم جار بەشێک لە ئەفسانەی میللەتی کورد لە شێوەی سەرزارییەوە گۆڕا و شێوەی نووسراوییان وەرگرت.[1]

---

١ – بەشێکی گرنگ لە ئەفسانەی میللەتی کورد لە رۆژگاری سۆمەرییەکاندا تۆمارکراون، بۆیە ناکرێ تەنیا ئەفسانەکانی قۆناغێکی مێژوویی و یان ئەو ئەفسانانەی بە زار و شێوەزارێکی دیاریکراوی زمانی کوردی

ئەفسانەی کوردی خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوەیە کە ئەفسانەی کوردی شوناسێکی تایبەت و سەربەخۆ وەردەگرێت. ئەم تایبەتمەندییانە لە چوارچێوەی **پێکهاتەی ئەفسانەی کوردییەوە** دەسنیشان دەکرێن. سەرجەم دەقە ئەفسانەییەکانی کوردی بەسەریەکەوە، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی پێکدێنن کە رەگ و ریشەیان لە مێژووی شارستانییەتی کورددا داکوتاوە. ئەم دەقە ئەفسانەییانە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی کورد پەیدابوونە و پەیوەستن بە جۆری بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤی کوردەوە.

تێڕوانینی مرۆڤی کورد لە سەردەمە زووەکان، سەبارەت بە جیهان، بوون، خودی مرۆڤ خۆی و سروشتی دەوروبەری، تێڕوانینێکی ئەفسانەییانە بووە. لە تێڕوانینی ئەفسانەییدا ((جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا بەدی ناکرێ. لە بیرکردنەوەی ئەفسانەییدا هەموو ئەو شتانەی کە بشێن رووبدەن بە بابەتێکی واقیعی دادەنرێن.))(١٢٣:٢١٥) ئەم تێڕوانینە ئەفسانەییانە لە سەردەمی خۆیان بە واقیع دانراون؛ ئەم واقیعانەی ناو کۆمەڵگەش لە رێگەی ئەفسانەبێژییەوە تۆمار دەکران و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگواسترانەوە. کەواتە بە دیار دەکەوێ لە سەردەمە کۆنەکانی زانینی- معریفە- ی مرۆڤایەتیدا ((جیاوازییەک لەنێوان بیرکردنەوە و ئەفسانەسازیدا بەدی ناکرێت و مرۆڤ لە رێگەی هزری ئەفسانەییەوە بیری کردۆتەوە.))(١٤٣:١٩) لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا مرۆڤی کورد توانیویەتی بە هزری ئەفسانەیی کە هەڵقوڵاوی خەیاڵ و تێڕوانین و جیهانبینیی ئەو بووە، لە رووداوەکانی سەردەمی خۆی بدوێ و هەوڵی راڤەکردنیان بدات؛ لەم کاتەدا ئەفسانەسازیی کردووە و بە پەرۆشەوە چیرۆکی بەسەرهات و ئەزموونی ژیانی خۆی بە سینگی نەوەکانی دواتر

---

تۆمارکرابن، بە تەنیا بە ئەفسانەی کوردی دابنرێن. لە راستیدا سەرجەم ئەو ئەفسانانەی بە گشت زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمە جیاجیاکاندا لە جوگرافیای کوردستاندا تۆمارکراون و یان دواتر نووسراونەتەوە پەیکەرەی مەزنی ئەفسانەی کوردی پێکدێنن. ئەو ئەفسانانەی بە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی نووسراونەتەوە و بە ئەدەبیاتی مەزداپەرستی ناسراوە، بەشێک لە قۆناغی فیکری و مێژوویی و ئەفسانەیی میللەتی کورد پێکدێنن.

سپاردووە. لێرەوەیە کە ئەفسانە رۆڵی مێژوو دەبینێت، ئەویش مێژووەکی پیرۆز.

کەواتە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی خۆی لە قۆناغە جیاجیاکانی تێڕوانینی ئەفسانەیی و ژیانی مێژوویی کورددا دەبینێتەوە. بۆیە (د. مەولود ئیبراهیم) قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بە ژیانی مێژوویی مرۆڤی کوردەوە دەبەستێتەوە و بەم پێیە ئەفسانەی کوردی دابەشی سەر ئەم سێ قۆناغە جیاوازەی خوارەوە دەکات:

**١- قۆناغی ئەشکەوت**

**٢- قۆناغی گوند**

**٣- قۆناغی شار (١٥:٦٦-٦٩)**

ئەم دابەشکردنە تا رادەیەکی زۆر زانستییە، چونکە تێڕوانین و خواست و شێوازی دابینکردنی خۆراک، کار دەکەنە سەر شێوازی تێڕوانینی ئەفسانەیی. دواجار جیاوازیی تێڕوانینی ئەفسانەیی، جیاوازیی ئەفسانەسازی لێ دەکەوێتەوە و بەم پێیە جۆری ئەو ئەفسانانەی لەم سێ قۆناغەدا دروست دەبن لەگەڵ یەکتری جیاواز دەبن؛ بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە هەرکام لەم قۆناغانە لەپڕێک کۆتاییان پێ نەهاتووە و قۆناغەکەی تر دەستی پێ نەکردووە. مرۆڤی کورد هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ناو ئەشکەوتدا ژیاوە رەنگە لەناوچەیەکی تری کوردستان یان لە هەمان شوێن لە گوند یان لە شاردا ژیابێت. ((ئەوەش بەو واتایە نییە کە ئەم قۆناغانە تەواو لێک جیان و دیوارێک لە نێوانیاندا هەیە، نا... نەخێر بەڵکە بەردەوامییەک لە قۆناغەکاندا هەیە و لە گەرمەی هەر قۆناغێکدا، کەم و زۆر قۆناغەکانی تر ئامادەن.))(١٥:٧٠) کەواتە دەکرێ قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بەگوێرەی تێڕوانینە ئەفسانەییەکانیش دابەش بکرێ. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەفسانەی کوردی دابەشی سێ قۆناغی جیاواز بکرێ کە بریتین لە:

**١- ئەفسانەی قۆناغە بەراییەکان**

**٢- ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست**

**٣- ئەفسانەی قۆناغی نوێ**

لە قۆناغە بەراییەکانی ئەفسانەی کوردیدا، مرۆڤی کورد بەپێی پێویستی و ژینگە و خواستی دەروون و تێڕوانینە ئەفسانەییەکانی، کۆمەڵێک ئەفسانەی ئەفراندووە. وردەوردە ئەم ئەفسانانە جێگیر بوونە و دۆخێکی پیرۆزیان وەرگرتووە. ئەفسانەکان ساڵانە لە رۆژی تایبەت و لە شوێنێکی پیرۆز و لەلایەن خەڵکەوە، لە قاڵبی رێورەسمی جۆراوجۆر دووبارە دەکرێنەوە و بەرز و پیرۆز رادەگیرێن. دواجار هەر لەم کاتەدایە کە جۆرە ئایینێکی سەرەتایی دروست بووە. بۆ نموونە ناشتنی مردوو لە سەردەمە دێرینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لە قۆناغی ژیانی ناو ئەشکەوتدا پیشاندەری جۆرە ئایینێکە و باوەڕ بە دووبارە زیندووبوونەوە – رەنگە لە جیهانەکەی تر یان لە ژیانێکی تردا– لە شێوە و دۆخی ناشتنی مردوو رادەست دەکات. (کارن ئەرمسترانگ) ئاماژەی بە دۆزینەوە شوێنەوارناسییەکان داوە و پێی وایە لە ناو گۆڕی مرۆڤی نیاندرتاڵدا، چەک و ئێسکی ئاژەڵی قوربانیکراو دۆزراوەتەوە و ئەمەش پیشاندەدات، مرۆڤی کۆن باوەڕی بە جیهانێکی تر هەبووە کە لە جیهانی ئێستای خۆیان دەچێت. رەنگە نیاندێرتاڵییەکان سەبارەت بە ژیانی کەسی مردوو کۆمەڵە چیرۆکێکیان بۆ یەکتری گێڕابێتەوە. گۆڕی مرۆڤی نیاندرتاڵ پیشاندەدات کاتێک ئەم مرۆڤە کۆنانە زانیویەتییان رۆژێک دەبێ بمرن، جۆرە ئەفسانەیەکیان بۆخۆیان دروست کردووە تاکو رووبەڕووی ئەم کارەساتە ترسێنەرە ببنەوە.(١٠٨:١) لەوانەیە بیریان لەوە کردبێتەوە، ئەگەر ئەم مرۆڤە زیندوو بێتەوە چ روو دەدات؟ ئینجا بە خەیاڵی خۆیان لەناو هۆشیاندا شوێنێکیان خوڵقاندووە تاکو مردووەکە دووبارە تێیدا زیندوو بێتەوە. ناوێک یان ئاماژەیەکیان بۆ ئەم شوێنە داناوە. لە کاتی ناشتنی مردوو کەلوپەل و خۆراکیان بۆ داناوە. رەنگە لەگەڵ بە بەرەوپێش چوونی کات و گۆڕانی سەردەم کۆمەڵە رێورەسمێکی تایبەتییان بۆ ناشتنی مردوو ئەنجام دابێ کە دواتر لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوە، خۆی لە قاڵبێکی نوێ بەناوی ئایین دابێت.

بەپێی دابەشکردنی مێژوو، یەکەم قۆناغ واتا قۆناغی بەرایی ئەفسانەی کوردی بۆ سەردەمی ژیانی مرۆڤی کورد لەناو ئەشکەوت و کۆتاییەکانی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. ئەفسانەکانی ئەم قۆناغە لەبەرئەوەی پەیوەندییان بە ژیانی راستەوخۆی مرۆڤ بە سروشتەوە هەبووە، زۆر گرنگن؛ هەر بۆیە

بەشێکی ئەم ئەفسانانە لەبەریان گیراوەتەوە و بۆ قۆناغە ئەفسانەییەکانی دواتر گواستراونەتەوە. لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای کوردستان، ئەشکەوتی شانەدەر و هەزارمێرد بە نموونەیەکی دیاری ئەم قۆناغە دادەنرێن. ((شوێنەوارناسی ئەمریکی، سولیکی لە کاتی هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسییەکانیدا لە ئەشکەوتی شانەدەر ئێسکبەندی مرۆڤی نیاندرتاڵی دۆزییەوە کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری شەست هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و هەروەها (گارود) لە هەڵکۆڵینەوەکانی لە ئەشکەوتی هەزارمێرددا شوێنەواری ئادەمیزادی دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری پەنجا هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.)) (٣٤:١٧))
ئەفسانەی قۆناغی بەرایی کورد لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمەکانی ڕێزگرتن لە (خواوەندی دایک)دا خۆی دەنوێنێ و دواتر لە ناو ئەفسانە ئایینییەکانی قۆناغەکانی تردا شوێنەواریان دەدۆزرێتەوە، بە تایبەتی ئایینی زەرڤانی کە دواتر بە درێژی باسی دەکرێت.

لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی ژیان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، مرۆڤی کورد پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی نوێی مێژووییەوە. لەم قۆناغەدا بەهۆی گۆڕانە بنەڕەتییەکانی ژیان، تێڕوانین و بیری ئەفسانەییش گۆڕانیان بەسەردا دێت. دواجار ئەفسانەی نوێ دێنە ئاراوە و ئەفسانەی سەردەمی کۆن جێگەی خۆیان بە ئەفسانەی نوێ دەسپێرن، ئەگەرچی هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەندێ لە بنەما سەرەکییەکانی بۆ قۆناغەکانی دواتر دەگوازرێنەوە[1].

قۆناغی ناوەڕاستی ئەفسانەی کوردی هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی مێژوویی گوندنشینی و شارنشینیدا. لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی گوند وماڵیکردنی گیانلەبەرانی داوە و بە مەبەستی دابینکردنی

١ - بۆ نموونە لە ئەشکەوتی شانەدەردا مردوویان هەر لە ناو ئەشکەوتدا ناشتووە و دواتر لە گوندی (چەرمو)شدا بەپێی نەریتی ئەفسانەیی و ئایینی ناو ئەشکەوت، مردوویان هەر لە ناو ژووری خانووەکاندا ناشتووە. دواتر کە دانیشتووانی ئەشکەوت بە پێدەشتە بەرفراوانەکانی کوردستاندا بڵاودەبنەوە و یەکەمین بناغەکانی شارستانییەت دادەمەزرێنن کە بە شارستانییەتی سۆمەری ناسراوە، لە شارە سۆمەرییەکاندا مردوویان هەر لە ناو ژووری خانووەکانیان و بە پێی نەریتی ئەفسانەیی و ئایینی ڕۆژگارە زووەکانی بابوباپیرانیان لە ئەشکەوت و گوندەکان ناشتووە. بڕوانە؛ (٨٢: ٧٥)، (١٦: ١٠١-١٠٤)، (١٥١: ١٥٨،١٣٥)، (١٧:٣٠-٣٣) و هەروەها (١٦: ٣٦-٤١).

خۆراک و پێویستییەکانی ژیان، دەستی بە کشتوکاڵ کردووە. هەرەوەزی و کۆڕبەستنی شەوانی بەر ئاگردان، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەن.

ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست کۆمەڵێک پەیامی نوێ بۆ مرۆڤ دێنێتە ئاراوە. پەیوەستبوونی ژیانی مرۆڤ بە خواوەندە جۆربەجۆرەکان و دەرکەوتنی ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر بە مەبەستی رازیکردنی خواوەندەکان لەم قۆناغەدا، بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن. ئەفسانە لە ناو ئەم کۆمەڵگە نوێیانە ئەوەندە بەهێزە کە بە تەواوی ڕۆڵی ئایین دەبینێ. بۆ نموونە ئایینی زەرڤانی تەواو گەشە دەکات و لە زێدانی ئەم ئایینەوە، ئایینی زەردەشتی، مانەوی و ئیزەدی لەدایک دەبن. گەشەی بیری ئەفسانەیی مرۆڤی کورد لە قۆناغی ناوەڕاستی ئەفسانەی کوردیدا، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئایین بە واتا هەنووکەیییەکەی و دەروازەیەک بوو بۆ هەنگاونان بەرەو یەکتاپەرستی کە لە ئایینی زەردەشتیدا هەوڵە سەرەتایییەکان، بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە بەرچاو دەکەون. گرنگترین هۆکار لەم قۆناغەدا لە بواری گەشە و گۆڕان و گواستنەوەی ئەفسانەکان، داهێنانی نووسین بوو. لە ڕێگەی ئەم داهێنانەوە بوو کە ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان مرۆڤی کۆمەڵگە نوێیەکان هاتە ئاراوە؛ بەهۆی نووسین میللەتەکان لێکتر نزیک بوونەوە و ئەزموونی میللەتە جیاوازەکان بوونە کەرەسەیەکی خاو بۆ گەشەپێدانی فیکری و لە ئەنجامدا ئەفسانەی میللەتان کاریان لێک کرد و گۆڕانکارییان تێ کەوت.

سێیەمین قۆناغ هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، قۆناغی ئەفسانەی نوێی کوردییە کە لە دوای رووخانی دەوڵەتی ساسانییەوە تاکو ئێستای ئەمڕۆ دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا ئیتر مرۆڤ خاوەن ئەزموونێکی لەبن نەهاتووی ژیان لەسەر رووی زەوییە. شارستانییەتە پێشکەوتووەکان تێکەڵ بە یەکتری بوونە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سیاسی هۆکارێکن بۆ زیاتر تێکەڵبوونی میللەتان. ئەفسانەی کوردی کە لە قۆناغەکانی پێشوو وردەوردە سیمایەکی تەواو و روونی بەخۆیەوە گرتبوو و بەشێکی گرنگی ئەفسانەکانی لەناو ئایینە جۆراوجۆرەکانی وەکو زەرڤانی، میهرپەرستی، زەردەشتی، مانەوی و...هتد جێگیر ببوون، ئیتر دەبوایە خۆی لەگەڵ تێڕوانینە نوێ باوەکەی سەردەمی تازەدا بگونجێنێ کە لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا بڵاو و باو ببوو.

لەم قۆنـاغەدا دوای بڵاوبـوونەوە و گەشـەی ئـایینی ئیسـلام، ئەفسـانەی کوردی وەکو بەرهەمێکی پیرۆزی نەتەوەیی ئیتر بە یەکجاری بەولاوە نەنرا، بەڵکو ئەمجارەیان بە سیما و رواڵەتێکی نوێ و لە ژێر ناونیشـانی نوێ و لە قاڵبی ئەفسانەی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا درێژەی بە بوونی خـۆی دا. نـاوەڕۆکی ئەفسـانەکانی قۆنـاغی پێشـوو ئەوەنـدە گرنـگ بـوون کە خۆیـان خزانـدبووە نـاو ئەفسـانەی نـوێی کـوردییەوە و ئەگەر بە وردی سـەرنجی ئەدەبی سـەرزاری کوردی بدەین دەتوانین بە دەیان ئەفسانەی قۆناغەکانی پێشووی ئەفسانەی کـوردی دەسنیشـان بکەیـن کە لە ژێر ناونیشـانی نـوێ و پاڵەوانی نوێ – لە رووی ناوی پاڵەوانەوە– باسی میهرپەرستی و خواوەندی پیت و بەرەکەت و خواوەندەکانی تر دەکەن.

هەر وەکو ئاماژەمان پێدا لە ئەنجامی ئەم سێ قۆنـاغە دەتوانین پەی بە پێکهاتەی ئەفسـانەی کـوردی ببەین. کاتێک ئاشکرابوو ئەفسـانەی کـوردی لە کوێوە دێت و پێکهاتەکەی چۆنە و بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە، ئینجا دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی دەسنیشان بکەین.

هەمـــوو ئەفســـانە و ئایینێـــک هەڵگـــری تایبەتمەنـــدییەکانی شـــوێنی دەرکەوتنییەتـــی، واتـــا جوگرافیـــا دەورێکـــی ســـەرەکی هەیە لە دیـــاریکردنی تایبەتمەنـــدییەکانی ئەفســـانەدا. هەمـــوو جوگرافیـــایەکیش ناوەنـــدی ژیـــانی کولتووری و مێژوویی میللەتێکە. بۆ نموونە کوردستان لە دێر زەمانەوە لە سـەردەمی ئەشـکەوتەوە تـاکو ئەمڕۆ جوگرافیـا و مەڵبەنـدی ژیـانی میللەتـی کـورد بـووە. هەمـوو میللەتێکیش خـاوەنی زمـانی تـایبەت بە خـۆیەتی. زمـانی کـوردی ئەو زمـانەیە کە میللەتـی کـورد لە قۆنـاغە جیاجیاکـانی مێژوویـی و ئەفسانەیی، پێی دواوە و ئەفسـانەکانی خـۆی پـێ داڕشـتووە و لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر گواسـتوویەتییەوە. بەمەش کـورد وەکـو نەتەوەیەکـی کـۆن مێژوویێکـی دوور و درێـژی بـۆ خـۆی تۆمـار کـردووە، ئاشـکرایە ئەفسـانە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ساغکردنەوەی رووداوە مێژووییەکان بۆیە دەبینین پەیوەنـدییەکی پـتەو لە نێـوان ئەفسـانە و مێـژوودا بەدی دەکرێـت. شـایەنی ئامـاژە پێـدانە کە (د. مەولـود ئیبـراهیم) لە ئەنجـامی تـوێژینەوەی بەردەوام توانیویەتی تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ

بکاتەوە، بەجۆرێک کە تاڕادەیەکی زۆر جێگەی زیاتر توێژینەوە لەم بابەتە بەم توێژینەوەیە نادات:

**١- تایبەتمەندی زمان**
**٢- تایبەتمەندی مێژوویی**
**٣- تایبەتمەندی ئایینی**
**٤- تایبەتمەندی جوگرافی**
**٥- تایبەتمەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتی (٢٥،٢٤:١٦)**

بەپێی ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە هەر ئەفسانەیەک بە زمانی کوردی داڕێژرابێت جا چ بە زمانی کوردی کۆن یان کوردی ئێستا و سەرجەم شێوەزارەکانی زمانی کوردی بێت، ئەفسانەیەکی کوردییە. هەر ئەفسانەیەک بەسەرهاتێکی میللەتی کورد بگێڕێتەوە یان گۆشەیەک لە مێژووی کورد پیشان بدات، ئەفسانەیەکی کوردییە. هەر ئەفسانەیەک لە جوگرافیای کوردستان لە دایک بووبێت و باس لە دابونەریت و کولتووری کورد بکات، ئەفسانەیەکی کوردییە. سەرجەم ئەو ئەفسانانەی لە قاڵبی ئایینی کورددا باس لە چۆنییەتی دروستبوونی زەوی و ئاسمان، مرۆڤ و رووەک و نیشتمانی کورد بکەن، ئەوە ئەفسانەیەکی کوردییە.

**پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژوو:**

بێگومان ئەوەی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پۆلین دەکرێت، لە رۆژگاری کۆندا لە ژێر ساباتی ئەفسانەدا درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا. مێژوو ئەمڕۆ وەکو زانستێک دەکەوێتە ناو زنجیرەی زانستی مرۆڤایەتییەوە و گرنگترین ئەرکی، تۆمارکردنی رووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. لە رۆژگاری کۆنیش وەکو ئەم سەردەمەی ئێستا رووداو و بەسەرهاتی گرنگ هەبووە و مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە دەبێ تۆماریان بکات. ئاشکرایە کە تۆمارکردنی بەسەرهاتی خواوەند و پاڵەوان و رووداوە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە، بەشێکی گرنگ لە ئەفسانە پێکدێنن. لێرەوەیە کە هەست بە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا دەکرێت.

مرۆڤی رۆژانی زوو بە مەبەستی تۆمارکردنی رووداوە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە پەنای بۆ ئەفسانە بردووە، چونکە تۆمارکردنی رووداوەکان بە زمانی ئەفسانە، هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوون و مانەوەیان لەناو هەگبەی کولتوور و مێژووی گەلدا. کەواتە زانستی مێژوو لە سەردەمی نوێدا رۆڵی ئەفسانەی رۆژگارە دوورەکان دەبینێت. بەواتایەکی تر مێژوو درێژە پێدەری ئەفسانەیە لە تۆمارکردنی رووداوە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگەدا. بۆیە گوتراوە: ((لە روانگەی مرۆڤی رۆژانی زوو، ئەفسانە مێژووە.))(٢٧:٧١) بەم پێیە ئاستێک هەیە کە ئەفسانە و مێژوو بە یەکەوە گرێ دەدات هەروەک (لوی شتراوس) دەنووسێت: ((بە یەکگەیشتنێک لە نێوان مێژوو و ئەفسانەدا بەدی دەکرێت.))(٥٣:١١٠) ئەوەی ئەفسانە و مێژوو پێکەوە گرێ دەدات، رووداوە؛ بەڵام رێگەکانی تۆمارکردنی ئەم رووداوە، مەودایەک دەخاتە نێوان ئەفسانە و مێژوو کە ئەویش بۆ شێوازی کاری ئەم دوو بابەتە دەگەڕێتەوە.

کەواتە چۆنییەتی تۆمارکردنی رووداوەکان بە شێوەی زمانی ئەفسانەیی یان تۆماری مێژوویی، مەودای نێوان ئەفسانە و مێژوو ئاشکرا دەکات. ((رەنگە بە خوێندنەوەی ئەو مێژووانەی لە ئەفسانە دانەبڕاون و بەڵکو درێژەپێدەری ئەفسانەن، بکرێ مەودای نێوان ئەفسانە و مێژوو کە لە ئەندێشەماندا جێگەی گرتووە، لەناو بەرین.))(٥٥:١١٠) لێرەدا دەبێ بگوترێت مێژووی ئەفسانەیی خاڵی پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژووە و پێکەوەیان دەبەستێتەوە. (د. مەولود ئیبراهیم) سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێت: ((سەر و کلکی ئەفسانەو مێژوو دێتەوە کن یەک.))(١٩٤:١٥) بەمەش دەردەکەوێت مێژوو لە قۆناغی تایبەت بە خۆی، درێژەپێدەری ئەفسانەیە لە ئەرکی تۆمارکردنی رووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بێگومان لەگەڵ هاتنە کایەی کۆمەڵە گۆڕانێکی ریشەیی لەناو کۆمەڵگەکان وەکو داهێنانی نووسین، شارنشینی، گەشەی بازرگانی و بەیەکگەیشتنی کولتوورە جیاجیاکان، مێژوو کە ئەرکی تۆمارکردنی رووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە، شوێنی ئەفسانەی گرتەوە کە ئەرکی گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی لە ئەستۆ بوو. (لوی شتراوس) دەڵێت: لە کۆمەڵگەی ئێستاماندا مێژوو شوێنگرەوەی ئەفسانەیە و هەمان ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ دایە.(٥٥:١١٠)

بەپێـی ئەم تـوێژینەوەیە دەردەکەوێ ئەفسـانە مێـژووە، مێژووێکـی سەرزاری و سەروچاوەکەشی بۆ مرۆڤی رۆژگاری کۆن دەگەڕێتەوە. ((ئەم ئەفسـانەیەش چیـرۆک نیـیە، بەڵکـو واقـیعە)).(٢٦:٧١) بەمجـۆرە دەردەکەوێ مێـژووی ئەفسـانەیی تـاڕادەیەکی زۆر رەگ و ریشـەیەکی واقیعـی هەیە و بە زمانی تایبەت بە خۆی رووداوە واقیعییەکانی سەردەمی خۆی تۆمار کردووە و بـۆ نەوەکـانی دواڕۆژی هـۆز و گەل گواسـتوونیەتەوە. (میرچـا ئیلیـادە) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەفسانە لە ناو کۆمەڵگە زووەکاندا ((باسی بەسـەرهات و مێـژووی بـوونەوەرە بـان سروشـتییەکان دەکـات و ئەم مێـژووەش بە شـێوەیەکی تەواو رەهـا راسـت و پیـرۆزە.))(٢٧:١٤١) زۆر ئەفسـانەی مێژوویـی سـەبارەت بە مـیللەت و هـۆزە جیاجیاکـان و بەسەرهاتەکانیان هەبوونە کە بە ناواقیعی دانراون، کەچی لە سەردەمی نوێدا بە دۆزینەوەی شـوێنەواری ئەم رووداوە ئەفسـانەییانە، سیما واقیعییەکەیـان بەدیارکەوتووە.

بەسـەرهاتی شـاری ئەفسـانەیی تـرۆوا کە (هـۆمیرۆس) رووداوی گەمـاڕۆدان و شـەڕی درێژخـایەن و رووخـانی ئەم شـارەی لە سـەر دەسـتی (میسـینییەکان) لە کتێبـی "ئیلیـادە"دا هۆنیـوەتەوە، دوای نـزیکەی سـێ هەزار سـاڵ شـوێنەوارەکـانی ئەم شـارە ئەفسـانەییە دۆزراوە. ((شوێنەوارناسـێکی لاوی ئەڵمـانی بە نـاوی هـاینریش ئێشـیلمان لە سـاڵی ١٨٧٠دا تـرۆوای دۆزیـیەوە.))(٥٩:٩) و بەم جـۆرە لە دڵـی ئەفسـانەوە مێژووێکـی واقیعـی بەدیارکەوتەوە. جگە لەوە (ئەنتۆنی کریستی) لە کتێبی "ئەفسانەکانی چین"دا دەڵێت: تـا مـاوەیەک بەر لە ئێستا فەرمـانڕەوایەتی بنەمـاڵەی سـیا و شـانگ و سـنووری دەسـەڵاتیان بە ئەفسـانە دادەنـرا، کەچـی هەڵکـۆڵین و دۆزینـەوە شوێنەوارناسـییەکانی ئـان-یانـگ لە ویلایەتـی هونـان لە سـاڵانی نێوان ١٩٢٧ تـاکو ١٩٣٨ بـوونی مێژوویـی بنەمـاڵەی شـانگی سـەلماند، بەڵام تـاکو ئێسـتا بـوونی مێژوویـی بنەمـاڵەی سـیا دەرنەکەوتـووە کە رەنـگە هەڵکـۆڵینە شوێنەوارناسـییەکانی داهـاتوو ئەمە بسـەلمێنێ.(٢٥:٤٨) کەواتە ئەفسـانە دەتوانێت هۆکارێک بێت بـۆ دۆزینـەوەی شارسـتانییەتە مێژووییەکـان کە هێشـتا لە ژێـر خـاک دەرنەکـراون و دۆزیـنەوەی ئەم شارسـتانییەتانەش بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی بسەلمێنێ، ئەفسانە مێژووی سەردەمی کۆنە.

# • مێژووی ئەفسانەیی کورد

**جوگرافیای ئەفسانەیی:**

بەر لەوەی باسی مێژووی ئەفسانەیی گەلی کورد بکرێت، دەبێ جوگرافیای ئەفسانەیی نیشتمانی کورد دەسنیشان بکرێت. ئەمەش بەپێی دەقە ئەفسانەییەکان دەبێت. لە ئاڤێستادا بەشی (ڤی دەئیوەدات، پەرگەردی ١، بەندی ٣،٤)دا هاتووە:

((یەکەمین نیشتمان و وڵاتی خۆش کە من – ئەهوورامەزدا- خوڵقاندم، "ئەیریەنڤاچ" بوو. لە کەناری رووباری "ڤەنگهۆ داییتی". [بەندی٣]

لەوێ دە مانگ زستان و دوو مانگ هاوینە و لەو دوو مانگەشدا هەوا بۆ ئاو و خاک و دارودرەخت ساردە)).[بەندی٤](٦٥٩:٧٧)

بەپێی ئەم دەقە دەردەکەوێت ئەیرییەنڤاچ یەکەمین نیشتمانە کە لەلایەن ئەهورامەزداوە ئەفرێنراوە. ئەیرییەنڤاچ ناوێکی لێکدراوە لە دوو بەشی (ئەیر)، (ئاری) بەواتای نەجیب و رەسەن و خانەدان و دۆست[١] و (ڤاچ) بەواتای ئاخاوتن، بێژە، وێژە پێکهاتووە. (د.محەمەد ئەمین هەورامانی) دەنووسێت: ((چاوگی ڤاچ ئەم مۆرفیمانەی لێ دروست دەکرێت (واک، وەک، وێژ، وێژە، بێژ، بێژە، ڤاچەڤاچ، ڤەچەڤەچ، ماچۆ، واچەواچ، وت و وێژ، ویتە ویت،...هتد.))(١١:٢٨) رەنگە لە سەرەتادا ڤاچ تەنیا بە واتای شێوەی زمان و ئاخاوتن بووبێت، بەڵام دواجار واتای شوێنیشی رادەست کردووە. بۆیە دەکرێ ڤاچ رێک بەرامبەر بێت بە پاشگری "ستان" بۆ ناوی شوێن وەکو ناوی کوردستان و لۆڕستان و زۆر شوێنی تر کە بەم پاشگرە کۆتایی دێت. بۆ نموونە (د. مەولود ئیبراهیم) لە توێژینەوەیەکدا دەنووسێت: ((لە کوردستان جێگای تریش هەن کە وەکو (ئیریەن ڤیچ) لەگەڵ وشەی (ڤیچ) ناوی لێکدراوی تریان پێکهێناوە و بە شوێنی تری کوردستان دەگوترێن.

---

١ – بە ڕای ئەم توێژینەوەیە (ئەیری) بە واتای (دۆست)، (هاوڕێ) و (هاوڕا) دێت. بۆ نمونە لە زمانی ئێستای کوردیدا لە ناوچەی موکریان (ئارا) بە واتای دۆستایەتی بەکار دەبرێت و ڕەگی ئەم وشەیە بۆ (ئەیر) دەگەڕێتەوە. ئەم بابەتە بە هەڵکەوت نییە و ئەم وشەیە لە ناوچەیەک بە کاردەبرێت کە بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ پێکدێنێت.

(بوهتان ڤیچ) ناوێکی دیاری مێژووییە کە لە مێژوودا بە ناوچەی (بۆتان- بوهتان- بوختان) گوتراوە، جگە لەمە (کێوەڕەش) کە شاخێکی سەر بە پارێزگای سلێمانییە: بەشێکی ئەم کێوە رەشە بە (ڤیچ) ناسراوە.))(٢٠:٥٥) بەم پێیە ناوی لێکدراوی ئەیرییەنڤاچ واتای نیشتمانی ئاری (دۆستان) رادەست دەکات کە لە یەکێتی ئەو تیرە و هۆزە جیاجیایانە پێکهاتووە کە لە رووی زمانەوە لێک نزیکن و سەر بە یەک گرووپی زمانین. (دەوڵەتشاهی) ئاڤێستاناسی مەزنی کورد دەنووسێت: ((شێوەزارە جیاجیاکانی کوردی، زمانی سەرەتایی ئارییەکان بووە.))(١٠٣:٦٧)

لە لایەکی تریش دەکرێ ڤاچ بە شێوەزارێکی ئاریایی دابنرێت و قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارە جیاواز بن لە تیرەکانی تری ئاری، هەر وەکو (ئەرت ئەران) کە (بەهرام فەرەوەشی) ئاماژەی پێداوە و دەنووسێت: شێوە نوێیەکەی بۆتە (ئەردەلان) و بە واتای ئارییە پیرۆزەکان دێت،(٦٧:٢٨) (د. محەمەدئەمین هەورامانی) پێیوایە ڤاچ هەمان ئەو زمانەیە کە ئارییەکان پێی دواون و ناوچەیەکی بەرفراوان لە هەورامان و ئەردەڵان و دەوروبەری رووباری سیروان پێی دواون و ئەم زمانە ئەمڕۆ بە هەورامی ناسراوە، لەم بارەوە دەنووسێت: ((زمانی ماچۆ=هەورامانی) و زمانی (ئاریانڤاچ) هەردوو یەکێکن و وڵاتی (ئاریانڤاچ)یش، بریتی بووە لە ناوچەکانی (هەورامانی) ئەمڕۆو ناوچەکانی ئەردەڵان دەمی ئەردەڵانیان و حەوزی سیروانی دەمی (کەیانیان) و زمانی وڵاتی (ئاریانڤاچ)یش، زمانی (ئاڤێستا) بەشی گاتەکانە و زمانی ناوچەکانی هەورامانی ئەمڕۆش، نەوەی نوێی ئەو زمانە دێرینەی گاتاکانە.))[1](١٢: ٢٩،٣٠) بێگومان ناوچەکانی هەورامان و ئەردەڵان بەشێکن لە نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ، بەڵام نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ لە سەرەتادا هەرێمێکی سنووردار بووە و دواتر بە ناوچەکانی دەوروپشتیشی گوتراوە. ئاشکرایە کە ئەیرییەنڤاچ یان ئاران ڤیچ(ئارانستان) بە واتای نیشتمانی دۆستان، ئەو

١ - بێگومان هەورامی یەکێک لە شێوە زارەکانی سەر بە زاری خوارووی زمانی کوردییە و پەیوەندییەکی یەکجار زۆر لە نێوان زمانی ئاڤێستایی و ئەم شێوەزارەی زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بڵێین زمانی هەورامی ئێستا هەمان زمانی ئاڤێستایی کۆنە؛ چونکە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاڤێستایی بە سەر سەرجەم زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیی ئێستادا دابەش بووە. لە هەمان کاتیشدا هەورامی شێوەزارە نەک زمان بۆیە تەنیا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاڤێستایی لەخۆدا کۆکردۆتەوە.

هەرێمە بووە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە تیرە و هۆزێک پێکهاتبوو. بۆیە سنووری ئەم هەرێمە بەندە بە سنووری ناوچەی ژیانی ئەو تیرە و هۆزە جیاجیایانەی کە یەکێتی ئەیری (دۆستەکان)یان دامەزراندبوو. دوای بلاوبوونەوەی ئاینی زەردەشتی، زمانی زەردەشت کە سەر بە یەکێک لەو تیرە و هۆزانە بوو بە هۆی سەروەریی ئاینی دەبێتە زمانی زاڵی ناو ئەم تیرە و هۆزانە. دواتر لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئاینی زەردەشتی لە دەرەوەی ئەیرییەنڤاچ، زمانی زەردەشت کە زمانی ئاڤێستا بوو بە ناو هۆزەکانی تریشدا بڵاودەبێتەوە و بەم جۆرە سنووری نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ بەرفراوانتر دەبێت. لێرەوەیە کە زۆرێک لە توێژەران وەکو (د. محەمەد ئەمین هەورامانی) پێیان وایە ئاریانڤاچ بریتی بووە لە ناوچەکانی هەورامان و دەوروپشتی کە لە راستیدا دواتر ئەم ناوچانە هاتوونەتە سەر سنووری ئەم نیشتمانەوە.

زەردەشت لەدایکبووی نیشتمانی ئەیرییەنڤاچە. سەرجەم ئاڤێستاناسان لەسەر ئەم رایە کۆکن کە گاتاکان کۆنترین بەشی ئاڤێستایە و سرووودی خودی زەردەشتە. زمانی ئاڤێستایی بە دایکی ئەو زار و شێوەزارانە دادەنرێت کە لە بەشە جیاکراوەکانی کوردستانی گەورە بڵاون و ئەم زمانە شێوە کۆنەکەی زمانی کوردییە. بەم پێیە ئاشکرایە زمان یان ڤاچەی ئاڤێستایی شێوەیەکی کۆنی زمانی کوردییە و ئاریانڤاچیش بەشێک لە کوردستانی گەورەیە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین جگە لەوەی شێوەزاری تیرە و هۆزە ئارییەکانی دانیشتووی ئەیرییەنڤاچ بەر کاریگەری شێوەی زمانی دەقە ئاینییەکان (ڤاچەی ئاڤێستایی) کەوتووە، لە رووی پلەی کۆمەڵایەتی و خانەدانییەوەش ئەم تیرانە پۆلین کراون و لە دەقە ئاینییەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە دەقی ئاڤێستایە. بۆ نموونە لە ئاڤێستادا فەروەردین یەشت، کەرتی ٢٤، بەندی ٨٧ دا ئاماژە بەوە دراوە کە لە پشتی گەیەمەرتەن[1] بنەماڵەی ئاری و تیرە و نەژادی ئاری دەرکەوتوون.(٥٦:٧٨) لەم بەندەی ئاڤێستادا بۆ ناوهێنانی بنەماڵەی ئاری و

١ – لە ئەدەبیاتی مەزداپەرستیدا (گەیەمەرێتەن) واتا (ئەو گیانەی کە دەمرێ) یەکەمین نموونەی مرۆڤ بووە. بەپێی دەقە ئەفسانەییاکانی سەر بە ئەدەبیاتی مەزداپەرستی، یەکەمین دوو مرۆڤ دوای مردنی گەیەمەرێتەن و رژانی تۆی ئەم بوونەوەرە بۆ سەر زەوی و لە ئەنجامی شیبوونەوەی تۆیەکەی، بە شێوە و پەیکەری ریواس لە زەوی دەڕوێن و لە پشتی ئەم یەکەمین دوو مرۆڤە کە ناویان (مەشی و مەشیانە)یە، بنەماڵە و تیرە و هۆزە جیاجیاکانی ئەیری بەدی دێن.

تیرە و هۆزی ئاری دوو دەستەواژەی جیاواز بەکار براوە. بنەماڵەی ئاری بە شێوەی (m&naiiria-O f An نافەو- ئەیریەنەم) تۆمار کراوە. (نافەو) بەواتای ناوک و بنەماڵەی سەرەکی دێت. شێوەی (m&naiiria-mvr x ic چیترێم-ئەیریەنەم) بۆ تیرەکانی تری ئاریی بەکاربراوە. (چیترێم) بەواتای تیرە دێت. بەپێی ئەم دەقە بنەماڵەی ئەیریەن بە ناوک و سەرووەری سەرجەم تیرە و هۆزە جیاجیاکانی ئاری دادەنرێن. بە واتایەکی تر ئەم بنەماڵەیە لە رووی پلەی کۆمەڵایەتییەوە خانەدان بوونە و ناوکی سەرەکی یەکێتی دۆستایەتی نێوان هۆزە کوردییەکانی ئەم ناوچەیان پێکهێناوە. بێگومان زەردەشت لەم بنەماڵەیە بووە، چونکە شێوەی ئاخاوتنی ئەم بنەماڵەیە بەهۆی ئاڤێستاوە بە سەر شێوەکانی تردا زاڵ بووە.

بنەماڵەی سەرەکی و تیرە و هۆزەکانی تری ناو یەکێتی ئەیرییەنڤاچ لە خۆشترین و یەکەمین نیشتمان کە ئەهوورامەزدا ئەفراندوویەتی نیشتەجێ بوونە. هەر سەبارەت بەم بابەتە (د. ئیبراهیم پووررداود) دەڵێت: ئەیریەنڤاچ بە سەرجەم ئێرانی گەورە نەگوتراوە، بەڵکو ناوی بەشێکی ئەم نیشتمانە بووە کە بۆ یەکەمین جار ئارییەکان لەوێدا نیشتەجێ بوون و دواتر بەرەو پێشەوە رۆیشتن و سەرجەم ئەو نیشتمانانەی تێیدا نیشتەجێ بوون بە ئێران ناسران.[1] (٥٤: ٣٨) ئەوەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە کە پێیوایە نیشتمانی سەرەکی ئەیرییەنڤاچ لە سەرەتادا هەرێمێکی سنووردار بووە. خاڵێکی تر لە بۆچوونی پووررداوددا کە دەبێ سەرنجی پێبدرێت ئەوەیە کە لە سەردەمی نوێ وڵاتی ئێستای ئێران بەم ناوە ناوبراوە و لە مێژووی کۆندا وڵاتی ئێستای ئێران بەناوی تری وەکو پارس و دەسەڵاتە بنەماڵەییە

١ - بێگومان بابەتی کۆچی ئارییەکان لای توێژەرە فارسەکان زۆر گرنگی پێدەدرێت و لە ژێر کاریگەریی بۆچوونی رۆژهەڵاتناسان پێیانوایە ئەو گەلانەی بە ئارییەکان ناسراون لە شوێنی تر هاتوونە و لە سنووری ئێراندا نیشتەجێ بوونە. بە رای ئەم توێژینەوەیە بابەتی گەلانی ئاریایی نەژاد و کۆچەکەیان تەنیا بۆچوونێکە و ئەوانەی کە بە ئاری ناسراون تیرە و هۆزە جیاجیاکانی دانیشتووی بناری چیاکانی کوردستانن کە زمانەکەشیان سەربە زمانە زاگرۆسییەکانە. هەروەها ئەگەر کۆچێکیش روویدابێت ئەوە بێگومان لەم کوردستانەوە بۆ شوێنەکانی تر بووە نەک لە شوێنەکانی تر بۆ کوردستان و هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە ئەو زاراوەیەی لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئەیری هاتووە، بە واتای دۆست و هاوڕێیەتی دێت کە تاکو ئێستاش لەو ناوچەیەی کە ئەیریە رەسەنەکان واتا ئەو هۆزە کوردییانەی پێکەوە یەکێتییەکیان لەسەر بنەمای خزمایەتی زمانی و خوێنی دامەزراند، تێیدا نیشتەجێ بوونە وشەی (ئارا) بە واتای دۆست و هاوڕێ هەر بەکار دێت. (سەبارەت بە ئارییەکان و زاگرۆسییەکان بڕوانە؛ ٨:١٧-٥٤)

ناوچەییەکـانی تـر کە وردەوردە بەرفـراوان بـوون، وەکـوو سـەڵجووقی، خوارەزمی، سامانی و هی تر ناسراو بووە[1]. ئەیریەن یان ئێرانی راستەقینە کوردسـتانی گەورەیە. ئەو شـوێنەی کە وڵات و نیشـتمانی تیـرە و هـۆزە جیاجیاکانی میللەتی کوردە و هیچ پەیوەندییەکی بە نـاوی ئێرانـی ئێسـتاوە نییە.

بەپێی بۆچوونی (عیمـادەدین دەوڵەتشـاهی) ((سـەرجەم ئەو کێوانەی لە زامیاد یەشتدا ناویان هـاتووە، یەک بەدوای یەک و رێک دەکەونە رۆژئـاوای ئێـران (کوردسـتان). ئەمەش لە ناوچەیەکـدا لە سـاوە بەرەو لۆرسـتان و سـنووری قەسـری شـیرین و ئـیلام و کرماشـان و سـنە تـا ورمـێ دەگرێتەوە.))(١٠٣:٦٢) بێگومـان زەردەشـت لە نیشـتمانێک لەدایک بووە کە لە ئاڤێسـتادا بە یەکەمـین نیشـتمان دانـراوە. ئەم نیشـتمانەش بە بۆچـوونی پووردداود رۆژئاوا یان باکووری رۆژئاوای ئێران واتا کوردستانە. ناوبراو بە راشـکاوی دەڵێت: ((زەردەشـت خەڵکـی رۆژئـاوا یـان بـاکووری رۆژئـاوای ئێرانە.))(گاتهـا،ل٢٦) هەروەهـا گۆڕی دایکی زەردەشت لە گونـدی (ئەمبێ)ی ناوچەی تەرگەوەڕی نزیک ورمێیە.(١٦٢:٦٦)

ئێسـتا پرسـیار ئەوەیە ئەیرییەنڤاچ یـان نیشـتمانی دۆسـتەکان لە کوێیە؟ گرنگتـرین شـوێن کە جوگرافیـای نیشـتمانی ئەیرییەنڤاچ دیـار دەکـات چیـای ئووشـی- دەرێنە anvrad - i Cuی ئاڤێسـتایە. (دەوڵەتشـاهی) پێیـوایە ئەم چیـایە کە نـاوی لە ئاڤێسـتادا بەم شـێوەیە هـاتووە هەمـان (ئاویـدەر)ە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە لە نزیک شاری سنە. زەردەشت لەم شـوێنەدا بـۆ جـاری دووەم سرووشـی بـۆ دێت.(١٠٣:٨٨) لە ڤـی دەئێـوەدات، پەرگەردی یەکەم، بەندی٥دا هاتووە: ((دووەمین نیشـتمان و وڵاتـی خـۆش کە من – ئەهوورامەزدا- ئەفراندم، دەشتی سۆغد بوو.))(٧٧:٦٦٠) (دەوڵەتشـاهی) بە دروسـتی شـوێنی ئەم دووەمـین نیشـتمانەی بە (سـەقز) دانـاوە.(١٠٣:٨٦) وەک دیـارە زەردەشـت لە وڵاتـی خـۆی دژایەتـی دەکـرێ، بـۆیە بڕیـار دەدات بەرەو شوێنی تر بڕوات. هەواری تـازەی بێگومـان ئاویـدەر بـووە. ئەم چیایە

---

١ – لە ساڵی ١٩٣٥ دەوڵەتی پارس بە بڕیارێکی دەوڵەتی ناوی پارسی بۆ ناوی ئێران/ایران گۆڕی. ئۆرانێسکی پێیـوایە نـابێ ئەم نـاوە نـوێیە (ایـران وەکـو نـاوی دەولەت) لەگەڵ نـاوە کـۆنەکە کە هەڵگـری واتـایەکی مێژوویییە، تێکەڵ بکرێت.(بڕوانە؛ ٣٤:١٥٦)

دەکەوێتە لای سنە و مەریوان. کەواتە لەکاتی کۆچەکەیدا لە دووەمین نیشتمان کە هەمان سەقزە تێپەڕیوە. بەم پێیە ئەیرییەنڤاچ دەکەوێتە باکووری سەقز. کەناری دەریای ورمێ و دەشتەکانی نێوان دوو زێ و باکووری رووباری سیروان و دەشتی شارەزوور نیشتمانی ئەیرییەنڤاچە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی، زمانی ئاڤێستایی بەسەر سەرجەم هەرێم و وڵاتەکانی تردا بڵاودەبێتەوە، بەم جۆرە دواتر کە ئاڤێستا کۆ کراوەتەوە ئەیرییەنڤاچ زۆر بەرفراوانتر لە سنوورە سەرەکییەکەی پیشاندراوە. لە ڤی دەئێوەدات ناوی شازدە نیشتمان هاتووە کە لەلایەن ئەهورامەزداوە ئەفرێنراوە. ئەم نیشتمانانە لە باکوورەوە بۆ باشوور ناویان هاتووە. دەوڵەتشاهی لە ماوەی پتر لە سی ساڵ لێکۆڵینەوەی بەردەوام توانیویەتی شوێنی هەندێ لەم نیشتمان و هەرێمانە دەسنیشان بکات کە گشتیان لە خاکی کوردستانن.

خاڵێکی تر کە سەبارەت بە ئەیرییەنڤاچ دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە لەم وڵاتەدا ئاناهیتا وەکو ئیزەد بانوو (خواوەندی دایک) پیرۆز بووە و پەرستراوە. ئاناهیتا هەمان خواوەندی دایکە کە لە دێر زەمانەوە لە کوردستاندا پەرستراوە و دواتر بەرەو میزۆپۆتامیا و دەشتەکانی خواروو رۆیشتووە و بە ناوی ئیشتار یان ئەستار(ئینانای سۆمەری) پەرستوویانە. ئاناهیتا و ئینانای سۆمەری لە بنەڕەتدا یەکن.

لە ئاڤێستادا سەرجەم پاشا و پیاوە گەورەکان لە نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ و لە نزیک دەریای چەئیچیستەهی (ورمێ) قوربانییان بۆ ئاناهیتا کردووە و داوای یارمەتی و سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیان لێ کردووە. بۆ نموونە لە ئابان یەشت، کەرتی ١٣، بەندی ٤٩ هاتووە:

((هەوسرەو (کەیخەسرەو)ی پاڵەوانی نیشتمانی ئارییەکان بەهێزکەری وڵات، لەسەر دەریای قووڵ و پانوپۆڕی چەئیچیستەهی، سەد هەزار ئەسپ، هەزار گا، دە هەزار مەڕ بۆ[ئاناهیتا] دەکاتە قوربانی.))(٥٥:٢٥٣)

هەروەها لە نیشتمانی ئارییەکان ژمارەیەکی زۆر پەرستگە بۆ ئاناهیتا دروست کراوە. یەکێک لە بەناوبانگترینی ئەم پەرستگانە ((پەرستگەی ئاناهیتا لە کەنگاوەرە))(١٠٣:١٢١) جگە لەوە لە گۆک تەپە لە رۆژئاوای دەریای ورمێ پەیکەری بچووکی ئیزەدبانوو (خواوەندی دایک) دۆزراوەتەوە کە بەزۆری بۆ

هەزارەی دووەم و یەکەمــی پ.ز دەگەڕێــنەوە.(٩٨:١٩) لە مێــژوودا کــۆمەڵە تیرەیەکی سەر بە میللەتی کورد ناویان هاتووە کە لە ئەیرییەنڤاچ ژیاون.

گووتییەکان لە ریزی یەکەمین تیرەکانی سەربە کورد دادەنرێن کە لە کوردستاندا ژیاون و لە هەزارەی سێیەمی پ.ز شارستانییەتێکی گرنگیان دامەزراندووە.(١٤:٢٦) لە کتێبی "پیدایش ایران"دا هاتووە: خواوەندی گووتییەکان ناوی ئاناهیتا بووە کە یەکێک لە خواوەندە دێرینەکانی ئارییەکان بووە.(١٧٤: ١٤٣) لێرەوە دەردەکەوێ گووتییەکان کە خواوەندەکەیان ناوی ئاناهیتا یان ئینانا بووە، دانیشتووی نیشتمانی ئەیرییەنڤاچ بوونە. لە کتێبی "سرزمین مانائیها"دا هاتووە: گووتییەکان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز لە ئازەربایجان و کوردستان نیشتەجێ بوونە.(١٣١: ٤٢) بەم جۆرە دەبینرێ هەم لە رووی ئایینییەوە و هەم لە رووی جوگرافییەوە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەیرییەنڤاچ و گووتییەکاندا هەیە. هەروەها لەو ناوبەندەدا نابێ هۆزەکانی لولویی[1] فەرامۆش بکرێن، چونکە بەشێکی گرنگ لە نیشتمانی ئاریانڤاچەکان دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتی ئەمانەوە. (دیاکۆنۆف) دەنووسێت: بەشێکی بەرفراوان لە چیا و دەشتەکانی لای سەرەوەی رووباری دیالە تاکو دەریای ورمێ لە دەست لوولوویییەکاندا بووە.(٤٩:١٠٠) دەشێ بگوترێت ئەو تیرە و هۆزە جیاجیایانەی کە لە مێژوودا ناویان هاتووە وەکو گووتی، لوولوویی، سەکایی و تەنانەت مانایی و چەند تیرەیەکی تری وەکو میتانی دانیشتووی ئەو وڵاتانەن کە لەلایەن ئاهوورامەزداوە بەدی هاتوون و لە (ڤیدەئێوەدات)دا بە درێژی باسیان کراوە. ئینجا دواتر بەرەو ناوچە و دەشتەکانی دەوروبەردا بڵاوبوونەتەوە. نیشتمانی سەرجەم ئەم تیرە و هۆزانەی کورد بەسەر یەکەوە ئەیرییەنڤاچی گەورە پێکدێنێت کە سنوورەکەی لە کوردستانی گەورەی دەسنیشانکراوی ئێستا زۆر بەرفراوانترە.

بەکورتی ئەیرییەنڤاچ ئەو نیشتمانەیە کە بەر لە نیشتمانەکانی تر لەلایەن ئارییەکانەوە دامەزراوە و نموونەیەکی باڵا بووە بۆ سەرجەم هەرێمەکانی تر،

---

١ - لوولوویی ئەو هۆزە کوردانەن کە بەراز لایان تەوتەم بووە و (لو) واتای بەراز دەدات. ئێستاش لە زمانی کوردیدا وشەی (لو) بە واتای بەراز هەر ماوەتەوە بۆ نموونە لە وشەی (مالوس) یان (مالۆس) بە واتای بەرازی مێ.

ئەمەش بۆ پێشەنگ بوونی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکان و دەسەڵاتی کوێخا و پاشاکانیان دەگەڕێتەوە. زمانی ئاڤێستایی بەهۆی ئەوەی زمانی ئایین بووە و پیرۆز راگیراوە، وردەوردە بەسەر شێوەی زمانی تیرە و هۆزە ئارییەکانی تر کە دراوسێی یەکتری بوون زاڵ بووە[1]. بەم پێیە دەبینین نیشتمانی ئەیرییەنڤاچەکان کە سەرەتا ناوچەیەکی سنووورداری لای رۆژئاوا و باشووری دەریای ورمێ بوو، دواتر بە سەرجەم کوردستانی گەورە گوتراوە.

### مێژووی ئەفسانەیی کورد:

داهێنانی نووسین لە دەوروبەری ٣٦٠٠ی پ.ز(١٤٧: ١٢٩) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە لەگەڵ داهێنانی نووسین، قۆناغی مێژوویی دەسپێدەکات. کەواتە نووسین هۆکارێکە بۆ دابەشکردنی مێژوو بۆ قۆناغی پێش مێژوو و قۆناغی مێژوویی. دەکرێ مێژووی کورد بەپێی دابەشکردنی مێژووی مرۆڤایەتی، بەسەر دوو قۆناغی پێش مێژوو و قۆناغی مێژوویی دابەش بکرێت. لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ تاکو سەردەمی داهێنانی نووسین بە قۆناغی پێش مێژوو دادەنرێت؛ ئەم قۆناغە زۆر دوور و درێژە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان مێژووی دەرکەوتنی مرۆڤ بۆ دەوروبەری ((یەک ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.))(٦٨: ١٥٥)

زانیاریمان سەبارەت بە ژیانی سەردەمی پێش مێژووی کورد خۆی لە دۆزینەوە شوێنەوارناسییەکانی ئەشکەوت و گوندە دێرینەکانی کوردستاندا دەبینێتەوە. بۆ نموونە (د. جەماڵ رەشید) دەڵێت: لە ئەشکەوتی شانەدەر پاشماوەی مرۆڤی نیاندێرتاڵ دۆزراوەتەوە.(٦٤٥:٣٠) ئەمە پیشان دەدات مرۆڤی نیاندێرتاڵ لە کوردستاندا ژیاوە و دواتر هەر ئەم مرۆڤە لە ئەشکەوت دابەزیوە و یەکەمین گوندی دامەزراندووە. بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان ((زەڤیا چەمێ کۆنترین گوندە لە جیهان کە لە نزیک شانەدەر دامەزراوە.))(٣٤: ١٨) هەروەها (د. مێهرداد بەهار) ئاماژە بەوە

---

١ - بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە زمانی ئێستای میللەتی کوردە. دەکرێ تایبەتمەندی زمانی ئاڤێستایی لە رووی وشەسازی، دەنگسازی و رستەسازی لە ناو شێوەزارە جیاوازەکانی میللەتی کورد کە بە کوردستاندا بڵاوە، دەسنیشان بکرێت. بێگومان ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پتر و وردتر هەیە کە ئەرکی زماننناسانی کوردە و دەبێ لەم بوارەدا کاری زیاتر بکرێت.

دەدات یەکەمـین بەڵگەکـانی مـاڵیکردنی مـاڵات لە میـژووی مرۆڤایەتیـدا، لە کوردســـتاندا دۆزراوەتەوە و دەڵێـــت: ((مەڕ لە دەوروبەری ۹۰۰۰ی پ.ز لە سنووری زەڤیاچەمێ ماڵی کراوە.))(١٣٤: ٣٧٩)

(محەمەدی مەردوخی) لە کتێبی "مێژووی کورد و کوردستان"دا مێژووی گەلی کوردی بەسەر چەند قۆناغێک دابەش کردووە کە ئەویش هەر لە سـەر بنەمای قۆناغی پێش مێژوو و قۆناغی مێژوویی دەسنیشـان کراوە و بریتییە لە:

**١- قۆناغی پێش مێژوو**
**٢- لە ٣٦٠٠ تاکو ٨٥٣ی پ.ز**
**٣- لە ٨٥٣ تاکو ٥٥٠ی پ.ز**
**٤- لە ٥٥٠ی پ.ز تاکو سەردەمی هاتنی ئیسلام (١٤: ٢٨)**

هۆی ئەم دابەشکردنە بە تـایبەتی لە قۆنـاغی مێژووییدا بۆ ئەو رووداوە مێژووییانە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستاندا روویانداوە. مێژووی قۆناغی پێش مێژووی نەتەوەی کوردیش وەکو سەرجەم میللەتانی تر تـا رادەیەک نادیـارە، بەڵام ئەگەر بێـت و بـۆ روونکـردنەوەی ئەم قۆنـاغە سـوود لە ئەفسـانە کۆنەکانی کورد وەربگیرێت، دەشێ ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە کە لە مێژووی ئەم قۆناغەی گەلی کورددا بەدی دەکرێت.

بەپێـی بۆچـوونی (د. جەمـاڵ رەشـید) ژیـانی مرۆڤـی پـێش مێـژوو لە کوردستاندا سێ گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. ئەم سێ قۆناغەش بریتین لە:

١- ئەو گۆڕانەی لە دەسپێکی چاخی پلایستوسین لە ٥٠ هەزار ساڵ پێش رووی‌داوە و مرۆڤ لەم ماوەیەدا لە جیهانی ئـاژەڵ دوورکەوتۆتەوە و زانیویەتی چۆن خۆی لەگەڵ سروشتدا هاوتەریب بکات و بەسوودی خۆی بەکاری بێنێت. کولتووری ئەم سەردەمە بە کولتووری پالیولیتییە ناسراوە.

٢- ئەو گـۆڕانەی لە هەزارەی دەیەمـی پ.ز هـاتە ئـاراوە. ئەویـش بەهـۆی کـاریگەریی سـێ هۆکـاری چارەنووسـساز کە بـریتین لە: دامەزرانـدنی گوند، دۆزینەوەی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ.

٣- ئەو گـــۆڕانەی پەیوەســـتە بە شارنشـــینی. لەم قۆنـــاغەدا چەنـــد شارستانییەتێکی خاوەن پێکهاتەی سیاسی و ئایینی دەردەکەون. لەم ناوەنـــدەدا لەگەڵ داهێنـــانی نووســـین لە هەزارەی ســـێیەمی پ.ز کوردســـتان پێـــی نـــایە نـــاو قۆنـــاغی مێـــژووییەوە.(٣٠: ٦٧٥-٦٧٦) زانیاریمان سەبارەت بە مێژووی گەلی کورد لەبابەت دوو خاڵی یەکەم و دووەمی ئەم دابەشکردنەدا تا رادەیەکی زۆر کەمن، بەڵام لە رێگەی ئەفسانەوە دەکرێ پەی بە مێژووی ئەم سەردەمەی کورد بەرین.

لێکۆڵینەوە لە کولتوور و شارستانییەت و مێژووی هەموو نەتەوەیەک، بە سێ رێگە بەڕێوەدەچێت:

**١- لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە کۆنەکان**

**٢- بەڵگەنامەی مێژوویی**

**٣- شوێنەوار(٦٨: ٨)**

لە بـــواری لێکـــۆڵینەوە لە مێـــژووی گەلـــی کـــورددا بەزۆری ســـەرنجی بەڵگەنامەی مێژوویی و دۆزراوە شوێنەوارییەکان دراوە، بەڵام ئەفسانە وەکو کەرەســـەیەکی خـــاو کە میراتێکـــی کولتـــووری و مێژوویـــی گەلـــی کـــوردە، تـــارادەیەک فەرامـــۆش کـــراوە. دەشـــێ بە پشتبەســـتن بە ئەفســـانە کۆنەکـــان، مێژووی ونبووی خۆمان بدۆزینەوە و سەرلەنوێ بنیاتی بنێینەوە. مێژووی کـورد وەکـو تـابلۆیەکی گەورەی پـۆزڵ وایە کە بە پشتبەسـتن بە بەڵگەنـامە مێژوویی و پارچە دۆزراوە شوێنەوارییەکان، بەشێکی زۆری پڕ کراوەتەوە؛ بەڵام هێشـتاش زۆر شـوێنی بەتـاڵ مـاوەتەوە و پڕ نەکراوەتەوە. دەکرێ بە یارمەتی ئەفسانە ئەم تابلۆ گەورە و شکۆدارەی مێژووی کورد تەواو بکرێت. (د. مەولود ئیبراهیم) سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: ((بەشێکی زۆر و گرنگی ... مێژووی کورد لە ناو مێژووی ئەفسانەییدا خۆی پەنا داوە و هێشـتا چـاک بەســـەر نەکـــراوەتەوە.))(١٥: ٢٧٤) لەم تـــوێژینەوەیەدا هەوڵـــدراوە بەکـــورتی ئاوڕێک لە مێژووی ئەفسانەیی کورد بدرێتەوە.

لە ئەفسانەی کوردیدا جیهان بەسەر دوازدە هەزار ساڵ دابەش کراوە. بەپێی کتێبی "بنداهێش" ((لە سەرەتای ئەفراندنەوە کە سەرجەم ئەفرێنراوان بەدی هـاتن تـاکو کۆتـاییەکەی کە ئەهـریمەن لەنـاو دەچێـت، دوازدە هەزار

ساڵه.))(١٠٤: ٣٦) له ئەفسانەی ئەفراندنی کوردیدا ئەم دوازده هەزار ساڵه بەسەر چوار سێ هەزار ساڵی دابەش دەکرێت. - دواتر باسی شەش هەزار ساڵی یەکەم دەکەین - شەش هەزار ساڵی دووەم بەپێی دەقە پەهلەوییەکان له سەردەمی ئەفراندنی مرۆڤەوه دەسپێدەکات و به دەرکەوتنی سوشیانت جیهان کۆتایی پێدێت.

بەپێی ئاڤێستا یەکەمین مرۆڤ یاخود باشتر وایه بڵێین پێش نموونەی[١] مرۆڤ ناوی گیومەرت یان گەیەتە-مەرەتەن O$qaram- e h e y a g بووه بەواتای گیانی مردن، ئەو گیانەی دەمرێ. له فەروەردین یەشت، کەرتی ٣١، بەندی ١٤٥ دا هاتووه:

((ستایشی گیانی بەهێز و پیرۆز و باشی گشت دادپەروەران دەکەین، له گەیەمەرەتەن تاکو سەئوشیەنتا.))(٥٦: ٦٧)

فەروەردین یەشت بەندی ٨٧ دەڵێت:

((ستایش گیانی گەیەومەرتەنی پاک دەکەین، (ئەو) یەکەمین کەسەی سەری بۆ فەرمووده و رێنوێنییەکانی ئەهورامەزدا دانەواند، و بنەماڵەی ئاری و نەژادی ئاریاکان لەوییەوه بەدی هاتن.))(٥٦: ٧٨)

ریشەی نەژادی ئەیریەنڤاچەکان بەپێی ئەم بەندەی ئاڤێستا بۆ گەیەومەرت دەگەڕێتەوه. کەواته مێژووی ژیانی مرۆڤ له ئەفسانەی کوردیدا به دەرکەوتنی یەکەمین پێش نموونەی مرۆڤ دەسپێدەکات. به مەبەستی باشتر تێگەیشتن و روونبوونەوەی مێژوو، بەپێی ئەفسانەی کوردی پێویسته بەشی بیست و دووی کتێبی بنداهێش بنووسینەوه:

له دیندا هاتووه، سێ هەزار ساڵی [یەکەمی] بوون، بەشێوەی مینۆڤی [رۆحی] بوو. خوڵقێنراوان بێ هۆش و جووله بوون. ئەم سێ هەزار ساڵه [بریتی له] هەزارەی کاوڕ، کەڵەگا و دووانه بوون. سێ هەزار ساڵ[ی دووەم] گەیەومەرت لەتەک گای بوون [ژیان]، بێ زیان و ئازار بوون ئەم سێ هەزار ساڵه [هەزارەی] قرژاڵ، شێر و گوڵەگەنم بوو. کاتێک هەزارەی تەرازو و دەستی پێکرد، ئەهریمەن هێرشی کرد. گەیەومەرت له سەردەمی

---

١ - به بۆچوونی کریستن سن گەیەمەرتەن یەکەمین مرۆڤ نەبووه، بەڵکو نموونەیەک بووه بۆ خوڵقاندنی مرۆڤ. بۆ ئەم رایه (بڕوانه؛ ٤٥: ٤٣) له راستیدا گەیەمەرتەن کەرەسەیەکی سەرەکییه له پرۆسەی ئەفراندندا و نوێنەرایەتی مرۆڤ دەکات پێش ئەوەی بێته جیهانی بوونەوه.

ئەم هێرشە، سی ساڵ ژیا. دوای چل ساڵ مەشی و مەشیانە رووان، دوای پەنجا ساڵ لەگەڵ یەکتریدا جووتبوون. نەوەدوسێ ساڵ و شەش مانگ هاوسەر بوون و هۆشەنگ لەدایک بوو. هۆشەنگ چل ساڵ، تەهمورەس سی ساڵ، ییمە(جەم) – تا ئەو کاتەی فەڕی لێ سەنراوە – شەش سەدو شازدە ساڵ و شەش مانگ. دوای ئەمەش سەد ساڵ لە ئاوارەییدا بوو. بەسەر یەکەوە حەوت سەدو شازدە ساڵ و شەش مانگ دەکات. لێرەدا هەزارەی دووپشک دەسپێدەکات. ئەژیدەهاک هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد. ئینجا هەزارە گەیشتە نیوئەسپ. فەرەیدوون پێنج سەد ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد. هەر لە میانەی ئەم پێنج سەد ساڵەی فەرەیدووندا ئیرەج دوازدە ساڵ (فەرمانڕەوایەتی کرد و دوایی) مەنووشچیترە سەدوبیست ساڵ (فەرمانڕەوایەتی کرد). لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەنووشچیترە کە پەنای بۆ شاخ بردبوو، ئەفراسیاو دوازدە ساڵ (فەرمانڕەوایەتی کرد). زاوی کوڕی تەهماسەب سێ ساڵ، کەیقوباد پازدە ساڵ پاشا (بوو). سام لە سەردەمی زاو و قوباد و مەنووشچیترە دەژیا. کەیکاوس تا کاتی رۆشتنی بۆ ئاسمان حەفتاوپێنج ساڵ و دوای ئەمەش، حەفتاوپێنج ساڵ، و بەسەر یەکەوە سەدوپەنجا ساڵ، کەیخەسرەو شەست ساڵ، کەی لۆهرەسپ سەدوبیست ساڵ، کەی ڤیشتاسپە تا کاتی دەرکەوتنی ئایین سی ساڵ (فەرمانڕەوایەتی کرد)؛ (کۆی ئەم) ژمارانە هەزار ساڵە. کەواتە هەزارەی گیسک دەسپێدەکات. زەردەشت لەلایەن خواوەندەوە بووە پێغەمبەر و رۆیشتە لای ڤیشتاسپ شا. ڤیشتاسپ شا دوای وەرگرتنی ئایین نەوەد ساڵ، وەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار، سەدو دوازدە ساڵ، هۆمای کچی بەهمەن سی ساڵ...فەرمانڕەوایەتییان کرد.)(١٠٤: ١٥٥–١٥٦)

ئاشکرایە رووداوەکان بەخێرایی و بەکورتی باس کراون، گرنگە لێرەدا سەرنج بەوە بدەین کە ناوی هەندێ کەسێتی ناو ئەم دەقە وەکو ئاماژە بۆ سەردەمێک یاخود قۆناغێکی مێژوویی بەکارهاتووە. کاتێک دەگوترێت ئەژیدەهاک هەزار ساڵ فەرمانڕەوا بووە مەبەست قۆناغێکی مێژوویی هەزار ساڵەیە کە دەسەڵاتێکی بیانی بەسەر وڵاتی ئەیریەنڤاچدا زاڵ بووە.

پێشتر ئاماژە بەوە دراوە کە گەیۆمەرتەن یەکەمین پێش نموونەی مرۆڤ و هێمای ژیانە. ئەفسانەیەکی دوورودرێژ سەبارەت بە ئەفراندن و مردنی

ئەم پـێش نمـوونەی یەکەمـین مـرۆڤە هەیە. لە "بنداهێشـی هینـدی"دا بەشـی سـێیەم، ئامـاژە بەوە دراوە کە ئەهـریمەن هێـرش دەکاتە سـەر ئەفرێنراوانـی ئەهـوورامەزدا و لە ناویـان دەبات.(٩٠: ٧٩) گەیەومەرتەنیش بەر ئەم هێرشـە دەکەوێـت. لە بەشـی چـوارەمی ئەم کتێـبەدا هـاتووە: گەیەمەرتەن لە کـاتی مـردن، تـۆ دەردەکـات. ئەم تـۆیە لەلایەن (نەریۆسـەنگ و سـیپەندارمەزد)[١] دەپـارێزرێ. دوای چـل سـاڵ بە هـۆی ئەم تـۆوە مەشـی و مەشـیانە وەکـو رێـواس لە زەوی روان.(٩٠: ٩٣) ژمـارەی چـل لێـرەدا هێمـایە بـۆ قۆنـاغێکی دووررودرێـــژ (د. فەرەیـــدوون جونەیـــدی) لە کتێبـــی "ژیـــان و کـــۆچی ئاریاییەکان"دا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێت: ((ئەم چل ساڵە دەتوانێ هێمایەک بێت بۆ چل ملیۆن ساڵ یان چوارسەد ملیۆن ساڵ.))(١٠٥: ٣٢) ئەگەر ئەوەندە سـاڵەش نەبـێ کە ئەم لێکـۆڵەرە مەزەنـدەی دەکـات، بێگومـان سـەردەم و سالانێکی یەکجار دووررودرێژە، چونکە باسی یەکەمین دوو مرۆڤ دەکات. لەم دەقەدا بەدیـار دەکەوێ سـەرەتا رووەک ئەفرێنـراوە ئینجـا گیانـدار، گیاندارەکەش مرۆڤە و بە مەشی و مەشیانە ناوبراون.

بەپێـی ئەم دەقە مەشـی و مەشـیانە یەکەمـین دوو مـرۆڤن. لە نێـوان سـەردەمی مەشی و مەشیانە تاکو دەگاتە سـەردەمی هۆشـەنگ، سـەردەمی سـیامەک akamAys و "فرەڤـاگە"یە کە پیشـاندەری چاخەکـانی سـەهۆڵبەندان و قۆنـاغی ئاخـاوتنە. لە ئەفسـانەی کۆنی کوردیدا هـاتووە: لە مەشی و مەشیانە شەش جووت کوڕ و کچ لەدایک بوون. لەم شەش جووتە، جووتێکیان ناویان سیامەک (نێر) و ڤەشاگ (مێ) بوو. لەم دووانەوە فرەڤاگە و فرەڤاگین لەدایک دەبن.(١٠٤: ٨٢،٨٣) (د. ئیبراهیم پووررداود) ناوی ڤەشـاگی هاوژینی سیامەکی بە نیساک تۆمار کردووە.(٥٦: ٤٥) بەم پێیە رەنگە نیسـاک بەواتـای سـێبەر یـان نسـار بووبێـت، چـونکە لە "فەرهەنگـی ئەیریەنڤـاچ"دا سیامەک بەواتـای چیـای بەرز و سـەخت دانـراوە.(٢٦: ٤٦) قۆنـاغی سـیامەک پەیوەسـتە بە چـاخی سـەهۆڵبەندانەوە. (د. فەرەیـدوون جونەیـدی) پێـی وایە سیامەک هێمای ژیانی مرۆڤە لە چاخی سەهۆڵبەنداندا کە لەم چاخەدا مرۆڤ تووشـــی نەهـــامەتی و قڕبـــوون دێـــت.(١٠٥:٣٤) کەواتە چـــاخی ســـیامەک

---

[١] – ناوی دوو فریشتەیە لە دینی زەردەشتیدا.

بەگـوێرەی واتـای نـاوەکەیەوە بە چـاخی سـەهۆڵبەندان و ژیـان لە نـاو ئەشکەوت و درزی چیاکان دادەنرێت.

سـەردەمی فرەڤـاگ پێشـاندەری قۆنـاغێکی گرنگـی مێـژووی ئەفسـانەیی کوردە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ لە ئەشکەوتی شانەدەر. وشـەی فێرەڤاگ یان فرەڤاچ caW-ar f لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەمی (فرە) لە هەندێ وشەی وەکو فەرامۆش، فەرمان، فەرهەنگ و... دا ماوەتەوە و رۆیشتن و هەنگاونان بەرەو شتێک رادەست دەکات[1]. بەشـی دووەمـی (ڤاگ) کە هەمـان (ڤـاچ)ە بەواتـای ئاخـاوتن دێـت. بەسـەر یەکەوە لە زمـانی کـۆنی کوردیدا دەشێ بەواتای بەرەو ئاخاوتن رۆیشتن بێت. کە هەر واتـای (لەگەڵ یەکتر دوان) یان (فێربوونی واچە و وێژە و ئاخاوتن) رادەست دەکات. بەم جـۆرە لە دوای قۆنـاغی سـەهۆڵبەندان کە هەمـان سـەردەمی سـیامەکە، سـەردەمی فرەڤـاگ دەسـپێدەکات کە قۆنـاغی ئاخـاوتنی مـرۆڤە. بەپێـی لێکۆڵینەوەی زمانناسـان سـەرەتای ئەم قۆناغە بۆ ((دەوروبەری سـەدوپەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا مەزەندە دەکرێ.))(١٠٥: ٤١)

لە دوای قۆنـاغی سیامەک واتـا چـاخی سـەهۆڵبەندان و قۆنـاغی فرەڤـاگ سەردەمی پەیدابوونی ئاخاوتن، قۆنـاغی هۆشـەنگ دەسـپێدەکات. لە ئاڤێسـتادا ناوی هۆشەنگ بەم شـێوەیە h$aUU S o a h هەئۆشیەنگە هـاتووە. بەشـی یەکەم (هەئۆ) واتا خۆش و بەشی دووەم (شیەنگە) بەواتـای شـوێن، شـوێنگە، شانە و خانوو دێت. بەسەر یەکەوە بەواتای دروستکەری شوێنی خۆش یـان هەواری خۆش دێت.[2]

لە هەر شـوێنێکی ئاڤێسـتادا نـاوی هۆشـەنگ هاتبێـت، سـیفەتی پەرەداتـا a t A D a r a pی لەگەڵدایە. (پەرە) بەواتـای (بەر) یـان (پێش) دێت. (داتـا) بەواتـای (داد) و (یاسـا)یە. بەسـەر یەکەوە واتـای (یەکەمـین یاسـا) رادەسـت دەکـات و لە کوردیـدا واتـای (پێشـداد)ی بـۆ دانـراوە. هەروەهـا (جەیمـز دارمەسـتەر) لە کتێبی "زەندی ئاڤێستا"دا دەڵێت: هـۆی ئەوەی پێشـدادییەکان بەو نازنـاوە ناسـراون بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، چـونکە یەکەمـین کەسـانێکن رێورەسمی پاشایەتییان داهێناوە.(١٣٩:٢٠٢)

---

١ - رەنگە فرەڤاچ بەواتای فێربوونیش بێت، بەڵام پتر بەلای واتای یەکەم دەشکێتەوە.

٢ - وشەی (حەوشە) بە واتای (حەسار) لە زمانی ئێستای کوردیدا دەکرێ پەیوەندی بە وشەی (هەئوشەنگە)وە هەبێ.

بەم پێیە ((سەرەتای دەوڵەتی پێشدادییەکان لە هۆشەنگەوە دەسپێدەکات.))(٩٤: ٥١) ناوی هۆشەنگ پەیوەستە بە چاخی بەردەوە، چونکە ئەو کەلوپەلانەی لەم قۆناغەدا لەلایەن مرۆڤەوە بەکاربراون لە بەرد داتاشراون. (د. فەرەیدوون جونەیدی) ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێت: لەم سەردەمە کەلوپەلەکان لە بەرد دروست کراون.(١٠٥: ٦٩) لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا زۆر دیاردە و هونەر و پاڵەوانییەتی دراونەتە پاڵ هۆشەنگ، هەر بۆ نموونە: یەکەمین دادوەر و فەرمانڕەوا، هونەری دروستکردنی خانوو، داهێنانی کشتوکاڵ، دۆزینەوەی ئاگر، دامەزراندنی پەرستگە و دیاریکردنی شێوازی خواپەرستی و کوشتنەوەی مەڕ و گا بە مەبەستی خواردنی گۆشت و بەکاربردنی پێستیان. بەپێی ئەو سیفەت و داهێنانانەی دراونەتە پاڵ هۆشەنگ، چاخی بەردیی نوێ بە سەردەمی هۆشەنگ دادەنرێت. قۆناغ و سەردەمی هۆشەنگ ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ لە مێژووی مرۆڤ دەگرێتەوە[1].

لە دوای هۆشەنگ سەردەمی تەهمۆرس دەسپێدەکات. بەپێی کتێبی پەهلەوی "مینووی خیرەد" ((تەهموورس حەوت شێوەی دەویری ئاشکرا کرد کە ئەهریمەن شاردبوویەوە.))(٦٣: ٤٥) کەواتە لە سەردەمی تەهموورس نووسین پەیدا بووە. هەروەک پێشتر باس کرا، لێکۆڵەران مێژووی داهێنانی نووسین بۆ ٣٦٠٠ی پ.ز دەگێڕنەوە.

لە زامیاد یەشتدا بەندی ٢٨و٢٩ ئەفسانەیەک سەبارەت بە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی تەهموورس دەبینرێت. بەپێی ئەم ئەفسانەیە ئەم فەرمانڕەوایە بەسەر حەوت هەرێمی جیهاندا فەرمانڕەوایەتی دەکات و سەرجەم دێوەکان لەناو دەبات و سواری پشتی ئەهریمەن دەبێت. ئەمەش هێمایەکە بۆ بەرفراوانکردنی سنووری دەسەڵات و سەپاندنی بیروباوەڕی ئایینی. (د. فەرەیدوون جونەیدی) ئاماژە بەوە دەدات: لە سەردەمی تەهموورس، ئەسپ لەلایەن مرۆڤەوە ماڵی کراوە.(١٠٥: ٧٦) لێرەدا دەکرێ پەیوەندی نێوان ئەسپ و ئەهریمەن دەسنیشان بکەین کە بە هۆیەوە مرۆڤ

---

١ - بەواتایەکی تر ئەو قۆناغەی بە ناوی هۆشەنگەوە ناوزەد کراوە، قۆناغێکی چەند هەزار ساڵییە کە سەرجەم مرۆڤەکان لە داهێنان و گەشەپێدانی کەلوپەلەکاندا بەشدارن و بە شێوەی ئەفسانەی هۆشەنگ و لەژێر ناونیشانی هۆشەنگ لە بیرەوەری باوباپیرانی کورددا ماوەتەوە و نەوە دوای نەوە و دەماودەم هاتووە تاکو لە قۆناغێک و لە چوارچێوەی کتێبی ئاڤێستادا تۆمار کراوە و لە مەترسی لەناوچوون دەرباز بووە.

توانی به بەکاربردنی وزەی ئەسپ خێراتر ئامانجەکانی بێنێتە دی[1]. (ئیبنی بەڵخی) لە کتێبی "فارسنامە"دا دەنووسێت: ((لە رۆژگاری تەهمووڕسدا خەڵکی دەستیان بە پەرستنی بت کرد،))(٥٧: ٢٩) بەڵام تەهمووڕس دژی ئەم نەریتە وەستا و هەوڵی بنبڕکردنی دا. بەگوێرەی دەقی ئاڤێستا تەهمووڕس لە ئیزەدی با(وا = وەیو) دەپاڕێتەوە تاکو هێزی پێبدات بۆ ئەوەی دێو و بوتپەرستان لە ناو بەرێت[2].(٥٦: ١٤٠) لە دینکەردی حەوتەم، بەشی١، بەندی١٩دا هاتووە: ((سەرەنجام تەهمووڕس دێوپەرستی لەناو برد و خواپەرستی بڵاوکردەوە.[3]))(١٢٠: ٢٠١،٢٠٠)

لە دوای قۆناغی تەهمووڕس، قۆناغی ئییمە یان جەمشید دەسپێدەکات. لە ئاڤێستادا بە ئییمە ami Y ناوی هاتووە. لەم قۆناغەدا باسی دابەزینی ئەیریەنڤاچەکان بۆ هەرێمەکانی باشوور کراوە. ئەم کۆچە وەکو ئەفسانەیەکی سەرنجڕاکێش لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا ئاماژەی پێکراوە. لە ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی دووەم بە تێروپڕی باسی ئەم رووداوە کراوە کە بە کورتی باسی دەکەین.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئییمەدا نە سەرما هەبوو نە گەرما، نە نەخۆشی و نە مردن، بەم هۆیەوە ژمارەی دانیشتووان و مەڕومالآت هەروا لە زۆربووندا بوون، بۆیە جەمشید بە بەکارهێنانی گۆچانی زێڕین کە لە لایەن ئەهوورەمەزداوە پێیدرابوو، زەوی بەرفراوان کرد. بە درێژایی قۆناغی ئییمە ئەم رووداوە سێ جار دووبارە بووەوە. هەر جارە یەک لەسەر سێی

١ – لە کتێبی "تاریخ کامل" ئیبنی ئەسیریدا هاتووە: تەهمووڕس بەسەر حەوت هەرێمدا فەرمانڕەوا بوو. یەکەمین کەس بوو خوری و پێستی ئاژەڵی بە مەبەستی دروستکردنی بەڕە و جلوبەرگ بەکاربرد. هەروەها یەکەمین کەس بوو ئەسپ و گوێدرێژ و هێستریماڵی کرد.(١٠١:٦٤،٦٥)

٢ – ئەیریەنڤاچەکان دوژمنی گەل و نیشتمانی خۆیان بە دێو ناوبردووە. لەم دەقە ئەفسانەییە هەر وەک دیارە ئاماژە بە دەرکەوتنی بتپەرستی لە سەردەمی تەهمووڕس دەکات و ئەویش بەرامبەری دەوەستێتەوە و ئەم دیاردە نەشیاوە لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەناو دەبات. بەم جۆرە گەورەترین دوژمن لە جیهانی سەردەمی تەهمووڕس دوژمنانی ئایینی بوونە، بۆیە زۆر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەم فەرمانڕەوایە بتپەرستان لەناو دەبات و بەسەریاندا زاڵ دەبێت. ئەو خواوەندەی تەهمووڕس دەیپەرستێ، بێگومان ڤەیۆی خواوەندی بایە. کەواتە لە رۆژگاری ئەودا پەرستنی دیاردەی سروشتی یاخود وردتر بگوترێ پەرستنی (با) باو بووە.

٣ – هەروەها لە مینووی خیرەدیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە تەهمووڕس بتپەرستی لەناو برد و رەواجی بە خواپەرستی دا.(٩٧:٦٣)

رووبەری زەوی بەرەو باشـوور مەزنتـر و فراوانتـر دەبـوو[1].(٧٧: ٦٦٥-٦٦٩) بەم چەشـنە ئیـیمە جێگـای بـۆ هاونیشـتمانییان و خەڵکی وڵاتەکەی کـردەوە. رووی پشـتەوەی ئەم ئەفسـانەیە، پیشـاندەری کـۆچی ئەیریەنڤاچەکـانە. ئەم کـۆچەش بـۆ مـاوەیەکی دووردرێژ و لە سـێ قۆناغـدا روویـداوە. هەروەک پێشـتر ئامـاژەی پێدرا، ئەیرییەنڤاچ هەمـان کوردسـتانە. لە کـاتی بەرفراوانتـر کردنـی نیشـتمانی ئەیرییەنڤاچ جەخـت لەسـەر بەرەو باشـوور کـراوە. کەواتە ئەیریەنڤاچەکان بە سـەرجەم تیرە و هۆزەکانییەوە لە مـاوەی سـێ جاردا لە سـەردەمی ئیـیمە لە بـاکووری نیشـتمانی ئەیریەنڤـاچەوە بەرەو باشـووری نیشـتمانەکەیان کۆچیـان کـردووە[2]. (د. فەرەیـدوون جونەیـدی) دەڵێـت: لە سـەردەمی ئیـیمە کـانزا لە بەرد هەڵـوێنجرا. تـوێژە جیاجیاکـانی نـاو کـۆمەڵگە بەپێی پیشە و ئەرکەکانیان دەسنیشان کران. هەر لەم سـەردەمە بە مەبەسـتی دروسـتکردنی، جەڕە و گـۆزە و دروسـتکردنی خـانووبەرە قوڕیـان شـێلا و بەکاریـان بـرد.(١٠٥: ٩٢، ٩٥، ١٠١) بە بۆچـوونی (گیریشـمەن) دانیشـتووانی بانی ئێران ((لە هەزارەی چوارەمی پ.ز بە مەبەستی دروسـتکردنی کەلوپەل، کانزایــان بەکــار بــردووە.))(٩٢: ١٨) لەو خشــتەیەی کە بەپێــی مێــژووی ئەفسـانەیی لەم تـوێژینەوەیەدا رێکخـراوە، سـەردەمی ئیـیمە دەکەوێتە نێوان سـاڵانی ٣٧٥١ تـاکو ٣٠٣٥ی پ.ز. ئەم مێژووەش لەگەڵ بۆچـوونی گریشـمەن یەک دەگرێتەوە.

دوای ئەم قۆناغە سـەردەمی دەسـەڵاتی بیـانیی بـابلی دەسـپێدەکات کە لە ئەفسـانەدا بە نـاوی ئەژیـدەهاک (زوحـاک) ناسـراوە. ئەم نـاوە لە ئاڤێسـتادا ئەژیــدەهاکە a k A h a d, i Z aیە. بەشــی یەکەمــی ئەم نــاوە (ئەژی) بە

١ - هەروەها لە کتێبی "حەوتەمی دینکەرد"یش بەم جۆرە ئاماژە بەم رووداوە کراوە کە ئەهوورەمەزدا جەمشید دەدوێنێت و پێی دەڵێت: ((ئینجا جیهانی من بەرفراوان بکە!، واتا قەبارەکەی فراوانتر بکە، و پاشـان جیهـانی مـن ئـاوەدان بـکە!، واتـا بەپیتتـری بـکە، و ئینجـا لـێم وەرگـرە پاسـەوانی، پەروەردەکـردن، سـەروەری و چـاودێری جیهـان، وەهـا بـکە کەس نەتـوانێ ئـازار بە کەس بگەینێـت. ئیـیمە قبـووڵی کـرد و ئەو شـتەی ئەورمەزد فەرمووبووی، کردی.))(١٢٠: ٢٠١)

٢ - ئەم کۆچەی کە لە ئاڤێستادا باس کراوە، کۆچی سۆمەرییەکان لە بـاکووری کوردسـتان بەرەو باشـوورمان بیـر دەخـاتەوە و رەنـگە ئەم کـۆچە بەشـێک لە پرۆسـەی کـۆچی میللەتـی کـورد لە قۆنـاغی سـۆمەریەتی کوردستان بێت کە بە شێوەی ئەفسانەی فراوانکردنی زەوی لە ناو ئاڤێستادا تۆمار کراوە.

واتای مارە. بەشی دووەمی ئەم ناوەش واتا (دەهاکە)، واتای دێو دەدات[1]. لە "ئابان یەشت، بەندی ٢٩" بەم جۆرە وەسفی ئەژیدەهاکە کراوە:

((ئەژیدەهاکی سێ سەر، لە نیشتمانی بەووری، سەد ئەسپ، هەزار گا و هەزار مەڕ دەکاتە قوربانی.))(٥٦: ٢٤٧)

بەپێی ئەم دەقەی ئاڤێستا دەردەکەوێ ئەژیدەهاکە خەڵکی نیشتمانی بابلە. لە زمانی ئاڤێستاییدا "بەووری" بەواتای بابل دێت، پیتی (ل) لەم زمانەدا نییە و لە بری ئەم پیتە (ر) هەیە. i r B ab بەووری، بەوولی، باوولی، بابلی. لە بنداهیشـندا هاتووە: ((زوحاک [ئەژیدەهاک] بە ناپاکی دەستی بە فەرمانڕەوایەتی کرد و هەزار ساڵ[ی] خایاند.))(١٠٤: ١٣٩) مەبەست ئەوەیە مافی فەرمانڕەوایەتیی نەبوو، چونکە کەسێکی بیانی بوو و نیشتمانی ئەیریەنڤاچەکانی داگیر کرد. (د. ژالە ئاموزگار) ئاماژە بەوە دەدات کە، زوحاک [ئەژیدەهاک] لە دەقە پەهلەوییەکاندا بە کەسێکی ستەمکار دانراوە و ئایینی ناپاکی بڵاوکردۆتەوە. هێرشی کردۆتە سەر نیشتمانی ئارییەکان و ئییمە(جەمشید)ی لەناو بردووە. لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە و بۆ ماوەی هەزار ساڵ دەسەڵاتی لە دەستدا بووە، بەڵام دواجار لەسەر دەستی فەرەیدوون کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هاتووە. (٩٤: ٥٦) (د. زەبیحوڵلای سەفا) ئەم بابەتە بەم جۆرە روون دەکاتەوە کە ئەژیدەهاکە یەکێک لە فەرمانڕەواکانی ئاشوور یان کەلدە بووە و هێرشی کردۆتە سەر ئەیریەنڤاچ. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ماد چەندین جار لەلایەن کەلدە و ئاشوورەوە هێرش کراوەتە سەر ناوچەکانی ماد.(٨٦: ٤٤٥) بیرەوەری ئەم هێرش و خوێنڕشتنانە لە یادگەی کورددا ماوەتەوە و لە قاڵبی ئەفسانەدا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا گووتییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەبووە. سەبارەت بەم بابەتەش (دیاکۆنۆف) دەنووسێت: نارم-سین پاشای ئەکەدی لەگەڵ گووتییەکاندا شەڕی کردووە و تێکشکاوە و لەم شەڕەدا کوژراوە.(٤٩: ١٠٤) گووتییەکان ((لە ٢٢٣٠ی پ.ز کۆتاییان بە

---

١ - ئەیریەنڤاچەکان مار و دێو بە مەزنترین دوژمنی میللەتەکەیان دادەنێن. ئەژیدەهاک نوێنەر و پیشاندەری مەزنترین دوژمنە، چونکە هەردووکیان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

دەسەڵاتی ئەکەدییەکان هێناوە و دەسەڵاتی سیاسی شارە سۆمەری و ئەکەدییەکانیان بەدەستەوە گرتووە.))(٣٠: ٨٦٠) بەپێی ئەو ساڵژمێرەی لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەگوێرەی مێژووی ئەفسانەیی رێکخراوە، سەردەمی لەناوچوونی دەسەڵاتی بیانی بابلی لە ئەفسانەی کوردیدا لەسەر دەستی فەرەیدوون ساڵی ٢٠٣٥ی پ.زی بۆ دانراوە. (مەردۆخی کوردستانی) دەنووسێت: لە ٢١٩٢ی پ.ز فەرەیدوونی پێشەوای پێشدادی بە هاوکاری کاوەی مادی دژی زوحاکییەکان شۆڕشیان کردووە و وڵاتی پێشدادییەکانیان لە کۆیلایەتی کەلدە و زوحاکییەکان رزگار کردووە[١].(١٤: ٣٠)

فەرەیدوون کۆتایی بە دەسەڵاتی بێگانە دێنێت. لەم قۆناغەدا ئەیریەنڤاچەکان دابەش دەبن و تیرە جیاجیاکانی ئەم نەتەوەیە بە خاکی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی کوردستاندا بڵاودەبنەوە. فەرەیدوون سنووری دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەر سێ کوڕەکەی بەناوی ئیرەج و سەرم و تور دابەش دەکات. لە بەشی هەژدەمی "بنداهێش"دا هاتووە: ((...کاتێک فەرەیدوون وڵاتی دابەشکرد، سەرم و تور، (ئیرەج)یان کوشت... [پاشان] مەنوشچیترە لەدایک بوو و تۆڵەی خوێنی ئیرەجی کردەوە.))(١٠٤: ١٣٩) (دەوڵەتشاهی) بەمجۆرە باسی چۆنییەتی دابەشکردنی نیشتمان بەسەر سێ کوڕەکەی فەرەیدوون دەکات: لەلای رۆژهەڵات لە چیای هەرەبەرزەوە تا قەسری شیرین، لە باشوورەوە لە رێگەی بیجار و گەڕوس و سەقز تاکو هەمەدان کە خۆشترین بەشی وڵات بوو درا بە ئیرەج. دوو برایەکەی تر یەکیان گرت و لە (ناوچەیەک کە ئێستا ناسراوە بە) سەراو ئیرەجیان کوشت.(١٠٣: ١١٨) (دیاکۆنۆف) ئاشکرا دەکات کە لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز بەدواوە، نزیکەی پتر لە سێ سەد ساڵ لە رووی مێژووییەوە وچانێک لە جموجووڵی مێژووی نیشتمانی ماددا هەیە، بەڵام لە

---

١ – دەبینین ژمارەی ساڵەکان بەپێی مێژوو و مێژووی ئەفسانەیی هەندێک جیاوازن. ئەوەش بۆ گێڕانەوە ئەفسانەییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام تا رادەیەک مێژووەکان لێک نزیکن. هەروەها نابێ لە بیربکرێت کە مێژووی ئەفسانەیی مێژوویێکی درەنگ تۆمارکراوە. بەواتایەکی تر تۆمارکردنی مێژووە لەناو ئەدەبی میللی و رەنگە لە رووی زەمەنییەوە دەیان و سەدان ساڵ هەبێ لەنێوان یەکەم دەرکەوتنی تاکو یەکەم تۆمارکردنی. بەوەش بێگومان گۆڕانکاری تێ دەکەوێت.

ناو دەوڵەتە ناسراوەکانی ئەم ناوچەیە سەرەتا دەوڵەتی بچووکی زاموا و پاشان دەوڵەتیماننا ئەم بێدەنگییە تێک دەشکێنێ[1].(٤٩: ١٣٩)

بەپێی لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەفسانەییەکان ئاشکرابوو کە مەنوشچیترە تاکو ١٤١٥ی پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە. لە دوای ئەو، دەسەڵاتی بنەماڵەی پێشدادی کۆتایی پێ هاتووە. لە مێژووی ئەفسانەییدا هاتووە پێش ئەوەی کەیانییەکان بێنە سەر تەخت کەسێک بەناوی زاو دەبێتە پاشا.(١٠٤: ١٥٦) ئەم زاوە هەمان ئەو دەسەڵاتە بچووکەیە کە دیاکۆنۆف ئاماژەی پێداوە. بەواتایەکی تر زاو خاڵی گواستنەوەی دەسەڵاتە لە بنەماڵەی پێشدادی بۆ کەیانی. زۆر پێدەچێت ناوی زاو پەیوەندی بە (زێ) و (زەهاو)ەوە هەبێت. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە جارێکی تر دەبێ ئاماژە بەناوی ئاڤێستاناسی مەزنی گەلەکەمان (عیمادەدین دەوڵەتشاهی) بکەین. ناوبراو لە کتێبی "کێوە نەناسراوەکانی ئاڤێستا"دا دەڵێت: ((...زەهاو هەمان زوئاوە کە (زوو)ی پاشای کۆنی ئەیریەن لەوێدا پایتەختی دەوڵەتی خۆی دامەزراندووە و پردێکی لەسەر ئاوی رووبارەکە دروست کرد. زوئاو(زواو) پردێکی بەناوبانگ بووە و ئێستا سەرپێڵی پێدەگوترێت.))(١٠٣: ٤٠)

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مەنوشچیترە و ماناکان دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە پێدەچێت ماناکان پاشماوەی بنەماڵەی مەنوشچیترە بن. ماناکان لە ناوچەی باشوور و باشووری رۆژئاوای دەریای ورمێ نیشتەجێ بوونە و هەر لەوێش دەوڵەتێکی نوێ دادەمەزرێنن و دواجار لەناو یەکێتی ماددا دەتوێنەوە. بەپێی دەقە ئەفسانەییەکان زەردەشت بە سێزدە پشت دەگەڕێتەوە سەر مەنوشچیترە.(١٠٤: ١٥٢) هەروەها (ئیقرار عەلیێیف) دەنووسێ: دیائوکو یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی مانایی بوو و لە ناوچەیەکی نزیک مانا دەسەڵاتدار بوو. دواتر لەگەڵ ئۆرارتییەکان بە مەبەستی فراوانکردنی دەسەڵات یەکی گرت، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون، چونکە سارگۆن دەستگیری کرد و بەرەو سوریا رایگواست.(٦٤: ٣٣٧) بەم جۆرە

---

١ – سەردەمی مەنوشچیترە بەپێی سالژمێری مێژووی ئەفسانەیی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا رێکخراوە، دەوروبەری ١٥٣٥ی پ.ز تاکو ١٤١٥ی پ.ز مەزەندە کراوە. ناوی مەنوشچیترە پەیوەندی بە ناوی تیرەیەکی کوردەوە هەیە کە دواتر لە نیشتمانی ئەیریەنڤاچ، لە نزیک دەریای چەئیچەستە(ورمێ) لە سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پ.ز دەسەڵاتێکی گرنگ دادەمەزرێنن. ئەم تیرە کوردە بە ماناییەکان ناسراون.

یەکبوون یان خزمبوونی ماد و ماناکان ئاشکرا دەبێت. جگەلەوەش ئەگەر ماناکان پاشماوەی مەنوشچیترە بن ئەوە بێگومان زەردەشتیش سەر بە هۆزی ماناکان بووە، چونکە زەردەشت لەدایکبووی ئەو هەرێمەی ئەیریەنڤاچە کە ماناکان تێیدا نیشتەجێ بوونە و دەسەڵاتدار بوونە.

دووەمین بنەماڵەی دەسەڵاتدار لە مێژووی ئەفسانەیی کورددا بە ناوی کەیانییەکان ناسراوە. بە پێی کتێبی "مینوگی خیرەد" کەڤی کەڤاتە یەکەمین پاشای کەیانییە.(٦٣: ٤٦) (ئارتەر کریستەن سەن) لە کتێبی "کەیانییەکان"دا دەنووسێت: بەپێی چیهردادنەسەک کەڤی کەڤاتە لە پشتی مەنوشچیترەیە و بە دامەزرێنەری دەسەڵاتی کەیانییان دادەنرێت.(٤٣: ١٠٦) پاشماوەی فەرمانڕەوایەتی کەیانییەکان تاکو سەردەمی دەرکەوتنی یەکێتیی مادەکان بەردەوام دەبێت؛ ئەگەرچی (محەمەد مەردۆخی کوردستانی) ئاماژەی بەوە داوە کە دەوڵەتی ماد دەبێ پێشتر لە ٢١٠٠ی پ.ز دامەزرابێت.(١٤: ١٦٨) بەڵام بەپێی بەڵگە مێژووییەکان بۆ یەکەم جار ناوی ماد لە ساڵی ٨٣٦ی پ.ز، لەلایەن شەلمانسەری سێیەمی فەرمانڕەوای ئاشوور هاتووە.(٩٢: ٨٧) لەم سەردەمەدا هێشتا ماد وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە دواتر رووبەڕووی ئاشوور دەبێتەوە و لەناوی دەبات دەرناکەوێت. سەردەمی کەیانییەکان، قۆناغێکی ئەفسانەیی مێژووی کوردە کە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا باسی لێوە کراوە. لە دوای ئەم سەردەمەیە کە قۆناغی مێژوویی، مێژووی کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتی ماد دەسپێدەکات.

لە کتێبی حەوتەمی دینکەرت، بەشی یەکەم، بەندی ٣٣دا هاتووە: (([خوەرنە[١]] لە زەمەنێکی تردا بەرەو کەڤی کەڤاتە(کەیقوباد[٢])ی گەورەی کەیان هات و بەم جۆرە سەروەری بۆ ئەیریەنڤاچ گەڕاندەوە و لە رێگەی ئەمەوە پاشایەتی بۆ پشتی کەیانییەکان گواستەوە.))(١٢٠: ٢٠٣)

ناوی کەیقوباد لە ئاڤێستادا بەشێوەی a t Auɯak - iuɯak کەڤی کەڤاتە هاتووە. لە کتێبی "فەرهەنگی ناوی ئاڤێستایی"دا (کەڤی) بە واتای

---

١ – خوەرنە یان فەڕ بە واتای شکۆی یەزدانییە کە لەلایەن یەزدانەوە بە کەسانێکی هەڵبژاردە دەدرێت بە مەبەستی فەرمانڕەوایەتی کردن و بەپێی ئەم فەڕە مافی فەرمانڕەوایەتیکردن بە سەر خەڵکیان پێدەدرێت.

٢ – سەبارەت بە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی ئەم فەرمانڕەوایە لە سەرچاوەکاندا رای جیاواز دەبینرێ. لە بنداهیێشدا ١٥ ساڵ(١٠٤: ١٥٥)، لە شاهنامەی فیردەوسیدا ١٠٠ ساڵ(٦١: ١٢٩) و لە فارسنامەدا ١٢٠ ساڵ(٥٧: ٤٠)، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی دەقی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکانە، ١٥ ساڵ وەردەگیرێت.

مەزن، سەرکردە، سەروەر و پاشا هاتووە.(١٧٢:٩٧٨) (د. محەمەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: ((ئەمڕۆ لە کوردەواریدا، وشەی (کەڤی) یان (کەی) بووە بە (کاکە) وەک سیفەتێکی ڕێز گرتن لە ڕووی گەورەیی و خۆشەویستییەوە.))(١٣: ٢٩٦) هەروەها ئاماژە بەوە دەدات چەندین ناوچە لە هەورامانـدا بە کەڤات یان کەوات و کاڤات ناسراون. بۆ نموونە (کاوات و تختە قەرەچی) و (کاوات و ئەحلە) لە ناوچەی بیارە.(١٣: ٣٠٢) بە هەر حاڵ کەیقوباد یان کەڤی کەڤاتە یەکەمین فەرمانڕەوای کیانییان بووە.

دووەمین فەرمانڕەوای کەیانی، کەی ئەوس (کاوس) بووە کە نزیکەی ١٥٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە.(١٠٤: ١٥٥) لە ئاڤێستادا، بارام یەشت، بەندی ٣٩ ناوی ئەم پاشایە بە شێوەی کەڤی ئۆسە[١] asu-iшak هاتووە.(٢٠٥: ٢١٤) لە دینکەرتی حەوتەم، بەشی یەکەم، بەندی٣٥دا هاتووە: کەی ئەوس بەسەر حەوت هەرێم و سەرجەم دێو و مرۆڤەکاندا سەروەری کردووە.(١٢٠: ٢٠٣) لە بنداهێشدا باسی کۆشکە ئەفسانەییەکەی کەی ئەوس کراوە، ئەم کۆشکە لە چەندین بەش پێکهاتووە: ((کۆشکی کەی ئەوس ژوورێکیان زێڕین(لە زێڕ) بوو کە بە خۆی لەوێدا دادەنیشت. دووی تریان زیوی بوون و تەویلەی ئەسپەکانی بوون. دووەکەی تریان پۆڵایی بوون و مێگەلەکانی (دەوێ دەکردن). هەر کام [لەم ژوورانە] کانیاوێکی نەمرییان لێوە هەڵدەقوڵا و پیری دەڕەواندەوە، کاتێک کەسێکی پیر لە دەرگایەک چووبایە ژوورەوە لە دەرگایەکەی تر وەکو گەنجێکی ١٥ ساڵانە دەردەچوو و نەمریی پێ دەبڕا[٢].))(١٠٤: ١٣٧)

---

١ – د.ئیبراهیم پووررداوود ئاماژە بەوە دەکات کە کەی ئەوس ((کوڕی ئەیپی ڤەنگهۆ و نەوەی کەی قوباد و باوکی سیاوەش و باپیری کەیخەسرەوە.))(٥٥: ٢١٤)

٢ – ئەم کۆشکە ئەفسانەییە زۆر لە کۆشکەکەی مادەکان لە هیگمەتانە دەچێت. لەوانەیە دواتر هەر ئەم کۆشکە ئەفسانەییە وای لە مادەکان کردبێت کۆشکێکی ئەوها مەزن و سەرنجڕاکێش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست بکەن. کێ دەزانێ بەڵکو ئەم کۆشکەی مادەکان هەر لەسەر وێرانەکانی کۆشکە ئەفسانەییەکەی کاوس دروست کرابێت. لە بەڵگەنامە ئاشوورییەکاندا ناوی شاری هیگمەتانەی پایتەختی مادەکان لە سەردەمی پێش دەسەڵاتی مادەکان بە ناوێکی تر تۆمار کراوە، بۆ نموونە لە کتێبی "مانایییەکان"دا هاتووە: ((ئاشوورییەکان ناوی هیگمەتانە یان هەمەدانی سەردەمی پێش سەردەمی مادەکانیان بە "کار-کاسی" تۆمارکردووە.))(١٣١: ٤٣) ناوی کار-کاسی لەگەڵ ناوی کەی کاوس دەبێ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێت، ناکرێ هەروا بە ساکاری لەم لێکچوونە بڕوانرێت. هەڵکەوتنی دوو کۆشکی گرنگ لە شوێنێکی هاوبەش بە ئەدگاری ئەفسانەیی هاوبەش نابێ بە هەڵکەوت بێت.

سـێیەمین فەرمـانڕەوا، کەیخەسـرەو بـووە و ٦٠ سـاڵ پاشـایەتی کـردووە.(١٠٤: ١٥٦) لە ئاڤێسـتا، تیشـتەر یەشـت، بەنـدی٤ بە شـێوەی هەئۆسرەڤەنگە a h$aɯarsoah هاتووە. (٢٠٥: ١٥٦) ((ئەم ناوە واتای **ئەو کەسەی خاوەن ناوبانگی چاکە** دەدات.))(٥٦: ٢٥٥) هەروەها لە ئاڤێستا، درواسپ یەشت، کەرتی٤، بەندی١٧و١٨دا هاتووە:

((بـۆ ئەو هەومـا، جەنگـاوەر و فەرمـانڕەوای پـاک بە چـاوە گەش و درەوشـاوەکانی لەسـەر بەرزایـی چیـای هەرەبەرز کە بەرزتـرین لـووتکەیە، قوربانی بۆ درواسپە کرد و لەبەری پاڕاوە.(بەندی١٧)

توانـاییم پێ ببەخشـە ئەی درواسپەی بەتوانـاترین تـاکو فرەنگریەسـیانی تاوانبـاری تـویری پەلبەسـت بـکەم و بە قـۆڵ بەسـتی رایکێشـمە لای کەڤـی هەوسرەو، تاکو کەڤی هەوسرەو لە کەنار دەریای پان و بەرینی چەئیچیستە بیکوژێ لە تۆڵەی خوێنی سیائوەرشانای باوکی کە بە ناپاکی کوشترا و لە [تۆڵەی] ئەغرەئیرەثی دلێر.))(١٨)(٥٥: ٣٨٢،٣٨٣)

لەم دەقەدا سەرەتا باسی پاڵەوانێکی دلێر و نەبەز بەناوی هەوما دەکات کە بە سـیفەتی چاوگەشـی پڕشـنگدار وەسـفی دەکـات. ئەم پـاڵەوانە سـەرکردەیەکی سـەربازی و پلەدارێکی کۆشکی کەڤی هەوسرەوە. سـەرەتا پێویستە لەسەر ئەم ناوە هەڵوەستەیەک بکرێ. بە زمانی ئاڤێستایی ئەم ناوە بەم شێوەیە Omoah (هەئۆمو) یان (هەئۆما) نووسراوە. (هەئۆ) واتا پاک، جوان. (مۆ) یان (ما) واتا (ماد)، بەسەریەکەوە واتا (مادی پاک). ئەمە بەڵگەیە بـۆ ئەوەی پیشـان بـدات تیـرەی مـاد لە سـەردەمی کەڤـی هەوسـرەو لەنـاو کۆشکی کەیانییەکاندا بەرپرسیارەتییان هەبووە و لێیان نزیک بوونە.

وشـەی دووەم کە هەڵوەسـتەی لەسـەر دەکـرێ نـاو یـان سـیفەتی (mIriUt تویری)یە. تویرییەکان دوژمنی ئەیریەنڤاچ بوونە و سـەردەمێکی زۆر شـەڕ لەنـاوبەرەی ئەم دوو دراوسـێیە واتـا ئەیریانڤاچ و تویرییەکـان کە دواتـر بە تـورانی ناسـراون روویـداوە. (عیمـادەدین دەوڵەتشـاهی) تـورانی بە تـۆران دانـاوە و پێـی وایە ئەم تویریـانە بەو کەسـانە گـوتراوە کە تـۆراون. هەروەهـا ئامـاژە بەوەش دەدات کە (تـور)ی کـوڕی فەرەیـدوون لە بـاوکی دەتۆرێ و تەرکی نیشتمان دەکات.(١٠٣: ١٩) ئەم توێژەرە زۆر بەباشی بۆی چووە. بەڵام وا پێدەچێت (تور)ی کوڕی فەرەیدوون دوای دابەشکردنی وڵات

بەسەر سێ برا دەتۆرێ، چونکە ئەو سنوورەی بەر ئیرەج کەوتووە، باشتر بووە لە پشکی سەرم و تور لە ئەنجامدا ئیرەج بە دەستی دوو براکەی تری دەکوژرێ. بەپێی ئەم بۆچوونە ئاشکرایە ئەو نیشتمانەی بەر تور دەکەوێ بەهۆی ناوی ئەوەوە بە تورییە ناسراوە. زۆر رەوایە ئەگەر ئەو نیشتمانەی بەر تور دەکەوێ و لە ئاڤێستادا ناوی هاتبێت و سنووری بە سنووری ئەیریەنڤاچ لکابێت، جگە لە ئۆرارتوو شوێنێکی تر نەبێت. هەر سەبارەت بەوە (عیمادەدین دەوڵەتشاهی) پێیوایە ئاوراتوریا (ئورارتوویی) بەم شێوەیە بووە (ئاورا) بەواتای (ئەوێ) یان (لەوێجێ)، (توریا) واتا (تۆراو) و بەسەر یەکەوە واتا لەوێ تۆراو، یان ئەو تۆراوانەی لەوێنە.(١٠٣: ١١٧) لە کتێبی (زمانی ئۆرارتوو)دا هاتووە: ناوی ئۆرارتوویی لە سەدەی سێزدەمی پ.ز لە نووسراوی ئاشوورییەکاندا بەرچاو دەکەوێ.(١١٤: ١٤) لە ساڵژمێری ئەفسانەیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەردەمی کەڤی هەوسرەو ١٢٤٧ تاکو ١١٨٧ی پ.ز دەسنیشان کراوە. هەروەها لە سەدەکانی دواتر شەڕی درێژخایەن لە نێوان مانایی و ئۆرارتووییەکاندا لە ئارادا بووە. (دیاکۆنۆف) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئۆرارتییەکان چەندین جار هێرشیان کردۆتە سەر مانابییەکان، بەڵام مانابییەکان خۆراگر بوون[١].(٤٩: ١٦٣)

چوارەمین کەی، لۆهراسپ، ١٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە.(١٠٤: ١٥٦) لە ئاڤێستادا خۆریەشت،بەندی٦ و میهر یەشت بەندی ١٣و٩٠ ناوی ئەم کەسایەتییە بە شێوەی ئەئورڤەت-ئەسپە apsa - tauurua هاتووە.(٢٠٦: ١٠٤، ١٢٨، ١٤٤) ئەئورڤەت واتا (ئاووئاگر) و ئەسپەش بە مانای ئەسپ دێت. بەسەر یەکەوە واتا (ئەو کەسەی خاوەنی ئەسپێکە کە وەکو ئاووئاگر وایە) ئەم فەرمانڕەوا کەیانییە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا زۆر باس نەکراوە.

دوا فەرمانڕەوا کەی ڤیشتاسپە، کە ١٢٠ ساڵ فەرمانڕەوا بووە و لە سەردەمی ئەم فەرمانڕەوا کەیانییە زەردەشت دەردەکەوێ و ئایینەکەی رادەگەیێنێت.(١٠٤: ١٥٦) لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا ناوی ئەم فەرمانڕەوایە پتر لە فەرمانڕەواکانی تر هاتووە، چونکە پشتیوان و یاوەری

---

١ - بەهەرحاڵ پەیوەندی نێوان توریاوەکان و ئەیریەنڤاچەکان لە مێژووی ئەفسانەیی کورددا و شەڕی ئۆرارتی و مانناییەکان لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا، ئاشکرا دەکەن مێژووی ئەفسانەیی پێشاندەری راستییەکی مێژووییە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوەی زانستیی مێژوویی.

زەردەشــت بــووە. لە ئاڤێســتا، گاتاکــان، یەســنای ٢٨، بەنــدی ٧ نــاوی ئەم فەرمــانڕەوایە بە شــێوەی ڤیشتاســپە a p s A t S I W هــاتووە.((٣٨: ٧٢) ڤیشتاسپە و سـەرجەم دەست و پێوەند و کوڕ و نزیکانی دێنە سـەر ئـایینی زەردەشت[١].

ڤیشتاسپە دوا پاشای کەیـانییە و لێرەوە سـەردەمی دەسـەڵاتی بنەماڵەی کەیانی کۆتایی پێدێت. ئاژاوە و بێ سـەروبەری و بێ سـەروەری ئەیریەنڤاچ دەگـرێتەوە. لە هەر سـووچێکی وڵات کەسـێک خـۆی بە پاشـا دەزانـێ و لەم سەردەمەدا کۆمەڵە دەسەڵاتێکی ناوچەیی بچووک دادەمەزرێن کە دەسـەڵاتی تیـرە و هـۆزە جیاجیاکـانی دانیشــتووانی ئەیریەنڤـاچ لە زنجیـرە چیاکـانی زاگرۆسن. ((لە هەرێمەکانی رۆژئاوای ماد لە سەرەتای سـەدەی نۆیەمی پ.ز کۆمەڵە ویلایەت یان وڵاتێک هەبوون کە تاڕادەیەک یەکێتییەک لە نێوانیاندا لە ئـارادا بـوو، بەڵام لە سـنووری نـاوچەیەکی بچـووک تێنەدەپەڕی.))(٦٤: ٢٨٤) وەک دیارە زۆری پێناچێ کە هەندێ لەم دەسـەڵاتە ناوچەییـانە یەک دەگرن و چەنـد یەکێتییەکی بچـووک، بەڵام بەهێز و نەتەوەیـی لە ناوچەکانی بنـاری چیـای زاگـرۆس دادەمەزرێنن کە دواتـر بە مـاد یـان ئامـادای نـاودەبرێن. ((لە سەدەی نۆیەمی پ.ز لە ناوچەکانی خـوارووو و باشـووری رۆژئـاوای دەریـای ورمێ یەکێتییەک دامەزرا کە بە یەکێتی هۆزەکانی ماد ناسراوە.))(٤٩: ١٤٠).

لە پاش سـەردەمی کەیانییەکان ناوی چەند شـازادەیەکی ئەم بنەمـاڵەیە لە ئەفسانەکان بەرچاو دەکەوێت. گرنگترینی ئەم نـاوانە (هۆمـای)یە. ئەم نـاوە لە ریشـەوە لەگەڵ نـاوی مـاد یەک دەگرنەوە. (د. فەرەیدوون جونەیدی) دەڵێت: ((هۆمای شێوەیەکی تری هەئومـای یـان هەئومـاد واتـا وڵاتـی خـۆش و باشـی مـادە.))(١٠٥: ١٤) لە دەقـی ئەفسـانەی کـۆنی کوردیـدا سـاڵانی نێـوان مردنـی کەڤی ڤیشتاسـپە و سـەردەمی هۆمای نزیکەی ١١٢ ساڵ دانراوە. لە بنداهێشـدا هـاتووە: لە دوای حـوکمڕانیی ڤیشتاسـپە ((...وەهمەنـی کـوڕی ئەسـفەندیار،

---

١ – لە کتێبـی "ئەیاتیگـاری زەریـران"دا ئامـاژە بەوە دراوە کە، دوابەدوای ئەوەی ئەم ئـایینە لەلایەن کۆشـکی ڤیشتاسپەوە پێشوازی لێ دەکرێ، ئەرجاسپ پاشای توران نامەیەک بۆ ڤیشتاسپە دەنووسێت و داوای لـێ دەکات واز لەم ئـایینە بێنێت؛ ئەگینـا هێرش دەکاتە سـەری و وڵاتەکەی کـاول دەکات. ڤیشتاسـپە پشـت لە زەردەشــت ناکــات و رووبەڕووی ئەرجاســپ دەبێــتەوە. لە کۆتــادا ســوپای ڤیشتاســپە دوژمــن لەنــاو دەبات.(١٥٥: ٤٨-٤٩ و ٧٠)

سەدو دوازدە ساڵ و هۆمای کچی وەهمەن سی ساڵ...))(١٠٤: ١٥٦) پاشا بوونە. هومای[1] هێمایە بۆ تیرەی ماد کە لە پشت و خوێنی کەیانییەکانن و بەواتای وڵاتی خۆشی ماد دێت. یەکەمین جار کە ناوی ماد لە مێژوودا هاتبێت بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە. (ئیقرار عەلییف)ی توێژەر لە بواری مێژووی ماددا دەڵێت: ((بۆ یەکەمین جار لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی شەلمەنسەری سێیەم لە ساڵی ٨٣٥ی پ.ز ناوی ئامادای هاتووە.))(٦٤: ٣١).

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو ساڵژمێرە پیشان بدرێت کە لەسەر بنەمای مێژووی ئەفسانەیی کوردی رێکخراوە.

بە کۆکردنەوەی ژمارەی (٨٣٥) کە بۆ یەکەم جار ناوی ماد هاتووە و ژمارەی (١١٢) کە ساڵی نێوان ڤیشتاسپە و هۆمایە، ژمارەی (٩٤٧)مان دەست دەکەوێت. ساڵانی فەرمانڕەوایەتی کەی ڤیشتاسپە (١٢٠) بووە. لە ئەنجامی (١٠٦٧=١٢٠+٩٤٧) دەستەبەر دەکرێت. (١٠٦٧)ی پ.ز تاکو (٩٤٧)ی پ.ز سەردەمی دەسەڵاتی ڤیشتاسپە بووە. بەپێی مێژووی ئەفسانەیی کە لە دەقە ئەفسانەییەکان هەڵێنجران، زەردەشت لە سییەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی کەی ڤیشتاسپە ئایینەکەی لەلایەن ئەم کوێخا یان پاشا هەرێمییە پەسند دەکرێت، لەم کاتەدا زەردەشت تەمەنی ٤٢ ساڵ بووە. لە ئەنجامی کەمکردنەوەی (٣٠) لە ژمارەی (١٠٦٧) ژمارەی (١٠٣٧)ی پ.ز دێتە دەست و بە کۆکردنەوە تەمەنی زەردەشت (٤٢) و ساڵی پەسندکردنی ئایینی زەردەشتی لە کۆشکی ڤیشتاسپە (١٠٣٧)، ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت (١٠٧٩)ی پ.ز دەستدەکەوێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ساڵی دەرکەوتنی مادەکان لە مێژوودا کە ٨٣٥ی پ.ز و ناوی هۆمای کە لە ئەفسانەدا هێمایەکە بۆ ناوی ماد بە خاڵی دەسپێک دادەنرێت. بە کۆکردنەوەی ژمارەی ساڵانی فەرمانڕەوایەتی هەرکام لە پاشاکان لەگەڵ پاشاکەی پێش خۆی، سەردەمی دەسەڵاتداری سەرجەم پاشاکانی کەیانی و پاشا ئەفسانەییەکانی پێشدادی دیاری کراون.

---

١ - هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەناوی هەئۆمایەکی تر کراوە کە لە سەردەمی کەڤی هەوسرەو وەکو پایەدار و خانەدانێکی تیرەی ماد دەرکەوتووە.

بێگومــان ئەو مێــژووەی بەر دەســت دەکەوێــت، لە دەقــی ئەفســانەوە وەرگیراوە و دەقی ئەفسانەییش کە گێڕەرەوەی مێژوویێکی کۆن بێت، رەنگە رێک وەکو ژمارە تۆمارکراوەکانی سەر بەڵگە مێژووییەکان نەبێت، بەڵام تا رادەیەک دەتوانێ هەڵگری هەندێک لایەنی راستیی مێژوویی بێت. بە گوێرەی ئەو ســاڵژمێرییەی لەم لێکـۆڵینەوەیەدا بەپێــی دەقە ئەفســانییەکان رێکخــراوە، ســـەردەمی مێــژووی ئەفســـانەیی کــورد لەم خشـــتەیەی خـــوارەوەدا چڕدەکرێتەوە[1]:

| ناو | ماوەی فەرمانڕەوایەتی | سەردەمی فەرمانڕەوایەتی |
|---|---|---|
| هەئیۆشەنگە | ٤٠ ساڵ | (٠٠٠)تاکو ٣٧٨١ی پ.ز |
| تەهمۆرس | ٣٠ ساڵ | ٣٧٨١ تاکو ٣٧٥١ی پ.ز |
| جەمشید (ییمە) | ٧١٦ ساڵ | ٣٧٥١ تاکو ٣٠٣٥ی پ.ز |
| ئەژیدەهاکە | ١٠٠٠ ساڵ | ٣٠٣٥ تاکو ٢٠٣٥ی پ.ز |
| فەرەیدوون | ٥٠٠ ساڵ | ٢٠٣٥ تاکو ١٥٣٥ی پ.ز |
| مەنوش چیترە | ١٢٠ ساڵ | ١٥٣٥ تاکو ١٤١٥ی پ.ز |
| زاو | ٣ ساڵ | ١٤١٥ تاکو ١٤١٢ی پ.ز |
| کەڤی کەڤاتە | ١٥ ساڵ | ١٤١٢ تاکو ١٣٩٧ی پ.ز |
| کەڤی ئەوس | ١٥٠ ساڵ | ١٣٩٧ تاکو ١٢٤٧ی پ.ز |
| کەڤی هۆسرەو | ٦٠ ساڵ | ١٢٤٧ تاکو ١١٨٧ی پ.ز |
| کەڤی لۆهرەسپ | ١٢٠ ساڵ | ١١٨٧ تاکو ١٠٦٧ی پ.ز |
| کەڤی ڤیشتاسپە | ١٢٠ ساڵ | ١٠٦٧ تاکو ٩٤٧ی پ.ز |
| وەهمەن | ١١٢ ساڵ | ٩٤٧ تاکو ٨٣٥ی پ.ز |
| هۆمای | ٣٠ ساڵ | ٨٣٥ تاکو ٠٠٠ |

١ - بەپێی ئەم خشتەیە سەردەمی ژیانی زەردەشت دەکەوێتە دەوروبەری ساڵانی نێوان (١٠٧٩ تاکو ١٠٠٢ی پ.ز). بێگومان لە بەشی (ژیان و سەردەمی زەردەشت)دا پتر باسی سەردەمی زەردەشت دەکرێت.

## • ئایینی کورد

### ئایینی زەرڤانی:

ئایینی زەرڤانی یەکێک لە کۆنترین ئایینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بە دایکی ئایینەکانی تری وەکو میهرپەرستی، زەردەشتی، ئیزەدی و مانەوی دادەنرێت، چونکە بنەما فیکری و فەلسەفی و ئەفسانەییەکانی ئەم ئایینە رەگ و ریشەی خۆی لەناو ئەم ئایینانەی سەرەوەدا داکوتاوە. ئەمەش بەتایبەتی لە هاوکێشەی نێوان هێزی خێر و شەڕدا باشتر بەر هەست دەکەوێت. هەر بۆ نموونە (ئاڕ، سی، زێهنەر) دەنووسێت: ((زۆربەی ئەو ئەفسانانەی لە کتێب و دەقە زەردەشتییەکاندا هاتوون، ریشەی زەرڤانییان هەیە.))(٤٦: ٣٣٨)

لەم ئایینەدا زەرڤان خواوەندی مەزنە و لە زێدانی ئەوەوە سەرجەم بوون بە گشت جەمسەرەکانییەوە بەدی دێن. زەرڤان لە ئاڤێستادا بەشێوەی nauurz زرڤەن یان زرووەن بە واتای زەمەن و بە سیفەتی anaraka ئەکەرەنە واتا بێ سنوور و a t A D a X,OGvr a d دەرەغوخوەذاتە واتا هەمیشەیی و هەرهەبوو و پشت بەخۆبەستوو، هاتووە.(٩١:٥٠) ناوی زرەڤەن وەکو ناوی خواوەند لە شێوەی پەهلەویدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆتە ((زەرووان، زورڤان و زەرڤان.))(١٦٥: ٥١٣)

زەردەشت دوای راگەیاندنی ئایینەکەی زۆربەی خواوەندە دێرینەکانی لە پلەی خواوەندی خست. زەرڤانیش بەدەر نەبوو لەم سیاسەتە ئایینییەی کە زەردەشت بەرەوی پێدا و لەم رێگەیەدا زۆربەی ((سیفاتەکانی زەرڤان لە ئایینی زەردەشتیدا بۆ ئیزەدەکانی تر گواسترانەوە.))(٤٦: ٣٣٨) بۆیە لە ئاڤێستادا ناوی ئەم خواوەندە لە ریزی ئەو ئیزەدانە هاتووە کە شایەنی ستایش و رێزگرتنن. بۆ نموونە لە یەسنای ٧٢، بەندی ١٠دا زەرڤان لە تەک چەند ئیزەدی تر بەم جۆرە ستایش کراوە: ((... زەرڤانی بێ سنوور، زەرڤانی هەردەم بوو، ئەیژم ڤەهوو[ستایش دەکەین].))(١٠٠: ٨٢)

(ئەرتەر کریستەن سەن) لە کتێبی "مزداپرستی در ایران قدیم"دا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەفسانەی زەرڤان لەلایەن مێژوونووسێکی ئەرمەنی بەناوی (ئیزنیک) نووسراوەتەوە و ئەم ئەفسانەیە بەم جۆرەی خوارەوە دەگوازێتەوە:

موغان دەڵێن ئەو کاتەی کە هیچ شتێک نەبوو، نە ئاسمان، نە زەوی، و نە هیچ بوونەوەرێک لەسەر زەوی و لەناو ئاسماندا، تەنیا بوونەوەرێک بەناوی زەرڤان هەبوو. زەرڤان بۆ ماوەی هەزار ساڵ رازونیازی کرد تا بەڵکو کوڕێکی ببێ و ناوی لێبنێ ئەورمەزد و ئەویش ئاسمان و زەوی و سەرجەم بوونەوەران بخوڵقێنێ. دوای هەزار ساڵ زەرڤان تووشی گومان هات کە نەوەک کاتم بەفیڕۆ دابێ و رازونیازەکانم بەرهەمیان نەبێ؟! لەم کاتەدا کە گومان کەوتە ناو ئەندێشەیەوە، بە ئەورمەزد و ئەهریمەن دووگیان بوو[1]. ئەورمەزد لە ئەنجامی رازونیازەکانی و ئەهریمەن لە ئەنجامی گومانەکەی بەدی هاتن. زەرڤان کە زانی بە دووانەیەک دووگیانە، بەڵێنی دا هەرکامیان زووتر لەدایک بن سەروەریی جیهانی پێ ببەخشێ. ئەورمەزد بەم بەڵێنەی زانی و ئەهریمەنی لێ ئاگادار کردەوە. ئەهریمەن سکی زەرڤانی هەڵدڕی تاکو ببێتە سەروەری جیهان. زەرڤان چاوی بە ئەهریمەن کەوت و لێی پرسی تۆ کێی؟ ئەهریمەن وەڵامی داوە من کوڕی تۆم. زەرڤان گوتی: کوڕی من بۆن خۆش و پڕشنگدارە، بەڵام تۆ تاریک و پیس و بۆگەنی. لەم کاتەدا ئەورمەزد لەدایک دەبێت، بۆن خۆش و رازاوە و پڕشنگدارە. زەرڤان کە چاوی پێکەوت زانی ئەوە ئەو کوڕەیە کە چاوەڕوانی دەکرد. پێیگوت تا ئێستا من بۆ تۆ رازونیاز و پێشکەشیم داوە، ئێستا نۆرەی تۆیە ستایشم بکەی. ئەهریمەن لەبەردەم زەرڤان راوەستا و پێیگوت مەگەر تۆ بەڵێنت نەدابوو کە هەرکام لە کوڕەکانم زووتر لەوی تر بێتە لام، سەروەری و فەرمانڕەوایەتی گەردوونی پێدەسپێرم؟ زەرڤان بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی نەشکێنێ بە ئەهریمەنی گوت: ئەی پیسی شەڕانی! تۆ نۆ هەزار ساڵ سەروەر و فەرمانڕەوا دەبی، دوای ئەم نۆ هەزار ساڵە فەرمانڕەوایەتی گەردوون دەکەوێتە دەست ئەورمەزد و هەرچییەکی بوێ دەیکات. ئینجا ئەورمەزد و ئەهریمەن دەستیان بە خوڵقاندنی خوڵقێنراوەکانیان کرد. ئەورمەزد هەرچییەکی ئەفراند باش و راست بوو و ئەهریمەن هەر شتێکی دەخوڵقاند شەڕانی و چەمووش بوو.(٤٤: ١٤٥-١٤٦)

---

١ - لە ئەفسانەی رەسەنی زەرڤانیدا ئەم دوو خواوەندەی لە زەرڤانەوە لەدایک دەبن، بە خواوەندی تاریکی و خواوەندی رووناکی ناسراون و ناوی ئەهورامەزدا و ئەهریمەن دواتر و لە رۆژگاری زەردەشتیدا ڕێگەیان کەوتە ناو ئەفسانەی زەرڤانییەوە.

ئەگەر سەرنجێکی گاتاکانی زەردەشت بدەین، دەبینین بە جۆرێک لە جۆرەکان زەردەشت کاریگەر بووە بە بیر و فەلسەفە و ئەفسانەی ئایینی زەرڤانی، بەمەش ئاشکرا دەبێ ئایینی زەرڤانی بەر لە زەردەشت هەبووە و زەردەشت شارەزاییەکی تەواوی لە سەر ئەم ئایینە هەبووە؛ بۆ روونبوونەوەی زیاتر کورتەی های ٣٠ی گاتاکان دەنووسینەوە:

ئێستا باسی دوو هێزی گەورەتان بۆ دەکەم. لە نێوان ئەم دوو ڕێگە [هێزە]یە، یەکێکیان بۆ خۆتان هەڵبژێرن. لە سەرەتادا ئەم دوو مینوو[گیان یان هێز]ە کە خێوی یەکترین و لە هزر و گوتار و رەفتاردا یەکێکیان چاک و ئەوی تریان خراپ، پێکەوە ئاخاوتن. پیاوچاکان لە نێوان ئەم دووە، ڕێگەی راستیان هەڵبژارد، نەزانان ئەوی تریان هەڵبژارد. ئەم دوو هێزە ژیان و مردنیان بنیات نا و ئەمەش تا کۆتایی جیهان هەر بەردەوام دەبێت.(١٥٠: ١٢٩)

زەردەشت لەم هایەی گاتاکاندا ئاشکرا ناکات ئەم دوو هێز یان گیانە کە خێوی یەکترین لە کوێوە دەردەکەون. بە سەرنجدان بە ئەفسانەی ئەفراندنی ئایینی زەرڤانی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، زەرڤان باوک-دایکی ئەم دوو هێزەیە، بەڵام زەردەشت لەبەر بەرژەوەندی ئایینی بەردێکی لەسەر داناوە و شاردوویەتییەوە تاکو بە ئاسانی زەرڤان لە خواوەندی بخات و ئەهوورامەزدا وەکو خواوەندی مەزن بناسێنی. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بسەلمێنێ زەرڤانپەرستی وەکو ئایین بۆ سەردەمی پێش زەردەشت دەگەڕێتەوە.

لە هەمان کاتدا بە رای هەندێ لە توێژەران دەرکەوتنی ئەم ئایینە بۆ سەردەمی دوای زەردەشت و ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە (جلالی موقەدەم) دەنووسێت: ((باوەڕهێنان بە زەرڤان وەکو خواوەندی سەروەر بۆ سەردەمی دوای زەردەشت دەگەڕێتەوە و رەنگە لە رۆژئاوای ئێران سەرچاوەی گرتبێت.))(١٣٠: ٣٦) هەروەها (ماری بۆیس) دەڵێت: زەرڤانییەکان لە پۆلی ئەو فیرقانەن کە بیدعەیان لە ئایینی زەردەشتییدا کردووە.(١٢٨: ٢٧١) واتە لە ناو جەرگەی ئایینی زەردەشتیدا، ئایینی زەرڤانی وەکو باڵێکی ئایینی سەری هەڵداوە، ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە کە بەڵگەی کۆنتربوونی ئایینی زەرڤانی لەچاو ئایینی زەردەشتی

خستۆته بەردەست و پێیوایە زەردەشت بە تەواوی شارەزای ئەم ئايينە بووە.

لەلایەکی ترەوە (بینۆنیست) دەنووسێت: ((پێشینەی مێژووی ئايينی زەرڤانی بۆ سەدەی چوارەمی پ.ز دەگەڕێتەوە و بەمجۆرە مێژووی سەرهەڵدانی ئايينی زەرڤانی بۆ سەردەمی هەخامەنیشەکان دەگەڕێتەوە.))(٦٥: ٥١) لە سەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، (جان هێلنز) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئايينی زەرڤانی لە سەردەمی هەخامەنیشەکان، بەهۆی کاریگەر بوونی بە بیروباوەڕی بابلییەوە سەری هەڵداوە.(٧٢: ٢٠٧) رەنگە لە سەردەمی هەخامەنیشەکاندا ئەم ئايينە گەشەی کردبێت و برەوی پێدرابێت، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە کە لەم سەردەمە دەرکەوتبێت، چونکە بەزۆری ئايينێکی نوێ باو پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە تاکو خۆی بسەلمێنێ و بە تەواوی پەسند بکرێت. بەپێی بەڵگەکان ئايينی زەرڤانی زۆر کۆنترە لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پ.ز کە سەردەمی پەیدابوون و فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنیشییە. (جان هێلنز) لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرکەوتنی ئەم ئايينە بۆ سەردەمی هەخامەنیشی دەگەڕێنێتەوە لە کتێبەکەیدا دان بە کۆنیی ناوی زەرڤان دادەنێت و دەنووسێت: ((هەندێ نووسراوی بابلی دۆزراونەتەوە کە مێژووەکەیان بۆ سەدەی پازدەمی پ.ز دەگەڕێتەوە و تێیدا ئاماژە بە ناوی زەرڤان کراوە.))(٧٢: ٢٧) باشە چۆن دەکرێ ئايينێک هەزار ساڵ دوای دەرکەوتنی ناوی خواوەندەکەی ئینجا دەرکەوتبێت، ئەمە تاڕادەیەک نەگونجاوە. هەر لەسەر ئەم بابەتە هاشم رەزی پێیوایە ئايينی زەرڤانی زۆر کۆنترە لەوەی کە بیری لێدەکرێتەوە.(٢٠٩:١٤٨)

لەم توێژینەوەیەدا باوەڕ وایە بە چەشنێک پەیوەندییەک هەبێ لە نێوان ئايينی زەرڤانی و ئايينی خواوەندی دایک کە لە ناو میللەتانی ئەیرییەنڤاچ و میزۆپۆتامیادا باو بووە. لە ئەدگارەکانی ئەم ئايينە بەدیار دەکەوێ، ئايينی زەرڤانی شێوە گەشەسەندووەکەی ئايينی خواوەندی دایکە.

لە کۆتاییەکانی چاخی بەردی نوێ، لەگەڵ گەشەی هزری مرۆڤ و جۆری ژیان و فراوانبوونی پێویستییەکان، مەفهوومی کات و شوێن لای مرۆڤ دەردەکەوێت و گەشە دەکات. بۆیە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەم دوو چەمکە، ئايينی دایک سیمایەکی تر وەردەگرێت. (د. مێهردادی بەهار)

دەنووسێت: ((زەرڤان خواوەندی زەمەن و شوێنە، واتە لە راستییدا زەمەن و شـــوێن بـــوونی ئەم خواوەنـــدە پێـــک دێـــنن.))(١٣٦: ٧٠) لێـــرەوە دوو جەمسـەرییەتی کات و شوێن لە بوونی خواوەندێکدا خۆیان ئاشکرا دەکەن. ئەم دوو جەمسەرییە لە ئەفسانەی زەرڤانییدا، واتای دوو رەگەزی دژیەکیش رادەسـت دەکـات. بەواتـایەکی تـر زەرڤـان هەڵگـری شوناسـی دوو رەگەزی جیاوازە و ئەمەش بەمانای گوزەرە لە قۆناغی پەرستنی خواوەندی مێ بۆ قۆناغی پەرستنی خواوەندی نێر.

کەواتە زەرڤان هەم نێرە هەم مێیە. بۆ نموونە لە کتێبی "ثنویان در عهد باستان"دا هـاتووە کە مانەوییەکان بە زەرڤـان دەڵێن: پیاوی مێیە.(١٢٤: ٥٦) بەم پێیە ئەم بۆچـوونە کە ئـایینی زەرڤـانی شـێوە گەشـەکردووەکەی ئـایینی خواوەندی دایکە، تاڕادەیەکی زۆر رەنگی راستی بەخۆیەوە دەبینێت.

لێکچـوونێکی زۆر لە نێـوان ئـایینی زەرڤـانی و ئـایینە کۆنەکـانی تـری ناوچەکانی زاگرۆس و میزۆپۆتامیادا هەیە. زۆربەی ئەو تـوێژەرە رۆژئـاوایی و ئێرانییـــانەی توێژینەوەیـــان لەســـەر ئەم ئـــایینە کـــردووە، هەســـتیان بە پەیوەندیی نێوان ئـاییی زەرڤانی و ئـاییی خواوەندی دایک نەکردووە بۆیە لەکـاتی باسـکردنی ئەم ئـایینە تووشـی سەرسـوڕمان بـوونە. بەڵام لەنـاو سـەرجەم تـوێژەران ئەوە (د.مێهـرداد بەهـار)ە کە راسـتییەکە دەپێکێـت و بە راشکاوی دەنووسێت: ((زەرڤانپەرستی شـێوەی رەسـەنی ئەفسـانەی ئێرانییە کە بەر کـاریگەری هـزری ئـاییی مێزۆپۆتامیـا کەوتـووە.))(١٣٣: ٤٢٨) لێـرەدا مەبەستی بەهار، لەوەی کە دەڵێت: ((شێوەیەکی رەسەنی ئەفسانەی ئێرانییە)) ئەوەیە کە ئەم ئایینە هەڵقوڵاوی هـزری ئارییەکانە کە لە کوردستاندا واتـا لە ئەیرییەنڤـاچ و سـەرجەم هەرێمەکـانی تـری ئارییەکانـدا بـاو بـووە؛ بەڵام کە دەڵێـت: ((کـاریگەر بـووە بە هـزری ئـاییی میزۆپۆتامیـاوە.)) تەواو قـووڵ نەبۆتەوە، چونکە ئاشکرایە سۆمەرییەکان کە دانیشتووی رەسەنی کوردستان بـوونە، بەرەو ناوچەکـانی خـوارووی نیشـتمانی خۆیـان دابەزیـون و زۆربەی ئەفسانە ئایینییەکانیـان لەگەڵ خۆیانـدا بـردووە. بێگومـان یەکێک لە گرنگترین شـێوازە ئایینییەکـانی ئەم مـیللەتە، ئـاییی پەرسـتنی ئینانـا بـووە کە دواتـر لە میزۆپۆتامیـا بە ئیشـتار ناسـراوە. هەر لەم تـوێژینەوەیەدا لە باسـی مێـژووی ئەفسـانەیی کورددا ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ئاناهیتای ئەیرییەنڤاچ و ئینانـای

سۆمەری دراوە. سۆمەرییەکان و ئارییەنڤاچەکانی دانیشتووی بناری زاگرۆس لە ناوچەی برادۆستەوە تاکو دەشتی شارەزوور و کەنارەکانی رۆژئاوای دەریای ورمێ و خوارەوەی، لە رووی کولتوور و شارستانییەتەوە بۆ یەک سەروچاوە دەگەڕێنەوە کە ئەویش ئەشکەوتی شانەدەرە. بۆیە لەم سنوورە جوگرافییەدا لە قۆناغەکانی دواتر کە شێوازی ژیانی مرۆڤ و سیستەمی مێ سالاری بەرەو سیستەمی نێر سالاری هەنگاوی نا، ئایینی خواوەندی دایک رووبەڕووی گۆڕانێکی ریشەیی بۆوە کە خۆی لە قاڵبی ئایینی زەرڤانییدا بەرجەستە کرد.

### ئایینی میترایی:

پێشتر ئاماژە بەوە دراوە کە ئایینی میترایی، زەردەشتی، ئیزەدی و...هتد لە زێدانی ئایینی زەرڤانییەوە کە ئایینی دایکە، لەدایک بوونە. ئایینی میترایی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەرڤانی وەرگرتووە، تاڕادەیەک کە (د.مێهردادی بەهار) پێیوایە ئایینی میترایی هەمان ئایینی زەرڤانییە.(١٣٣: ٣١) لەوانەیە تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەرڤانی پتر خۆی لە ئایینی میترایییدا بەرجەستە کردبێ، بەڵام دوو ئایینی جیاوازن. دەکرێ بۆچوونی بەهار بۆ ئایینی میترایی دوای زەردەشت راست بێت نەک ئایینی میترایی پێش زەردەشت، چونکە ئایینی میترایی سەردەمی پارتەکان و دواتر میتراپەرستی رۆژئاوایی (رۆمی)، وێنەیەکی لەبەرگیراوی ئایینی زەرڤانییە.

بێگومان میترا یەکێک لە کۆنترین خواوەندەکانی کوردستانی دێرینە، رۆڵی گرنگی ئەم خواوەندە لە ناو تیرە جیاجیاکانی میللەتی کورددا بە درێژایی مێژوو بەرچاوە. تیرە و هۆزە دێرینەکانی میللەتی کورد وەکو خواوەندێک رێزیان لە میترا دەگرت و پەنایان بۆ دەبرد، تاکو چاودێری پەیماننامە و رێکەوتنێکانیان بکات. ئەمەش سەرەتایەک بووە بۆ بە هێزبوونی رۆڵی ئەم خواوەندە و گەشەکردنی ئەم ئایینە. بۆ نموونە (مارتین وێرمازرێین) دەڵێت: لە سەدەی ١٤ی پ.ز پەیماننامەیەک لە نێوان میتانی و هیتییەکان مۆرکراوە. لەم پەیماننامەیەدا میترا بە خواوەندی پەیمانبەستن دانراوە و بە چاودێر و پارێزەری ئەم پەیماننامەیە ناوی هاتووە.(١١٦: ١٥) لەو سەردەمەدا و لە کوردستانی ئەوسادا ((میترا خواوەندی بەڵێن و پەیمانی

دوو لایەنــی و پەیماننــامەی نێــوان دوو مــیللەت بــووە و بە مەبەســتی بەردەوامبــوونی پەیماننامەکــانی ناوبەریــان، کەڵە گایەکیــان بــۆ دەکــردە قوربانی.))(٦٠: ١٣٩) هەروەها (مولتۆن)یش دەنووسێت: ((میترا بە شێوەیەکی بەرجەستە خواوەندێکی رەوشتییە، رێز لە بەڵێن دەگرێت.))(٨٠: ١٤) جگەلەوە (فرانتس کومون) لە کتێبی "نهێنییەکانی ئایینی میترایی"دا ئاماژەی بەوە داوە کە هیندوئەوروپییەکان میترایان دەپەرستی و ئەم خواوەندەیان بە خواوەندی رووناکی و ئاسمان داناوە.(٩: ١٣)

شوێنی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە کوردستان بووە، بۆیە زۆر رەوایە ئەگەر ئەم ئایینە دواتر لە کوردستانەوە بەرەو هیند رۆیشتبێت و لە بیروباوەڕی هیندوەکاندا نیشتە بووبێت. (جلالی نائینی) پێیوایە: بەپێی دەقەکــانی بووغــازکێو بێــت، جیــابوونەوەی هینــدوئەوروپییەکان بــۆ دوای ســەدەی ١٤ی پ.ز دەگەڕێتەوە.(٧٥: ٢٣) بەم جۆرە دانیــان بەوە دانــاوە کە بیروباوەڕی تیرە جیاجیاکانی کورد لە کوردستانەوە تەشەنەی کردۆتە ناو بیروباوەڕی هیندییەوە، چونکە میترا بەر لە سەدەی ١٤ی پ.ز لە کوردستاندا وەکو خواوەند پەرستراوە و دوای ئەم مێژووە لە هیندوستاندا دەردەکەوێت. نــــاکرێ ئەم خواوەنــــدە و ئــــایینەکەی کە دوای ســــەدەی ١٤ی پ.ز لە هیندوستاندا ناوی هاتووە، بۆ شوێنێک رۆیشتبێ کە پێشتر لەلایەن خەڵکی ناوچەکە وەکوو خواوەند پەرسترابێت. میترای هیندوەکان لە زۆر روانگەوە لە میترای کوردستان دەچێت، بەڵام بەهۆی ژینگەی تایبەتی هیندییەکان هەندێ گۆڕانکاریشی تێ کەوتووە. لە ریگ ڤیدا، سرووودی١٤دا میترا بە پارێزەری زەوی و ئاسمان و پارێزەری یاسای پیرۆز دانراوە.(٧٥: ٢٧،٢٨) هەروەها بە بۆچوونی هێڵموت هومباخ لە زمانی سانسکرییتدا ناوی میترا بە واتای خۆر بووە.(١٥٢: ٢٠)

لە دوای هــاتنی زەردەشــت هەروەک ئاشــکرایە، ســەرجەم خواوەنــدە دێرینەکان پلەی خواوەندیان لێ سەنراوە. زەردەشت بۆ ئەوەی ئەهوورامەزدا بە خواوەندی سەروەر بناسێنێ، ناچاربوو میترا لە خواوەندی بخات، بەڵام لە ئەدەبیاتی زەردەشتییدا، یەشتی دەیەم تایبەت کراوە بە وەسف و رێز گرتن لە میترا. ناوەڕۆکی ئەم یەشتە بۆ سەردەمی پێش زەردەشت دەگەڕێتەوە، کەچــی دوای ســــەردەمی زەردەشــــت رێکخــــراوەتەوە و رەنگوبــــۆیەکی

زەردەشتیانەیان پێداوە. لە هەمان کاتدا رۆڵی گرنگ و گەورەیی و سەروەری ئەم خواوەنــدە بە تەواوی پشــتگوێ نەخــراوە. بــۆ نمــوونە لە یەکێــک لە بەنـدەکانی ئەم یەشـتەدا هـاتووە: ((ئەهـوورامەزدا بە سـپیتەمای زەردەشـتی گوت: کاتێک من کە ئەهورەمەزدام، میترێم[میترا]ی خاوەن دەشتی بەرفراوانم ئەفرانــد، ئەی ســـپیتەمە (زەردەشـــت)، لە شایســـتەبوون [بە مەبەســـتی] ستایشـکردن، هـاوپلەی خـۆم ئەفرانـدم.))(٥٥: ٤٢٣) واتـا میتـرا لە یەشـتەکاندا لەکـاتی ستایشـکردن و رێزگـرتن هـاوپلەی ئەهـورامەزدایە. جگەلەوە سـیفاتە دێرینەکـانی میتـرا وەکـوو خواوەنـدی پەیمـان، لە ئاڤێسـتادا مـاوەتەوە و بە ئیـزەدی پەیمـان دانـراوە و سـزای ئەو کەسـانە دەدات کە پەیمـان شـکێنی دەکەن. ئەم خواوەندە چەندین سیفەتی تریشی وەرگرتووە. بۆ نموونە ئیزەد (فریشتە)ی شەڕ، ئیزەدی پاشایەتی، ئیزەدی بەخشێنەری سەروەت و سامان و سەروەری گشت وڵاتەکان و...هتد.

لە سەدەکانی دواتر ئەم ئایینە بەرەو رۆژئاوا رۆیشـت و ((تـاکو سـەدەی چوارەمی زایینی ئـایینی فەرمـی ئیمپراتـۆرییەتی رۆم بـوو.))(٨٩: ٦٢٧) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ئایینە بەرەو کولتوور و زمان و میللەتە جیاجیاکانی رۆژئاوا پەلـی هاویشـت و لەگەڵیـان تـێکەڵ بـوو، بەڵام ((رێورەسـم و داب و نەریـت و نیایشــە تایبەتەکــانی ئێرانــی پاراســت.))(٩: ٤١) بێگومــان دوای ســەرکەوتنی ئـایینی مەسـیحی لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئەم دوو ئـایینە، زۆربەی بنەمـا فیکری و فەلسەفی و ئەفسانەیییەکانی ئایینی میترایی دزەیان کردە ناو ئایینی مەسـیحی، ((چـونکە مەسـیحییەت و میتراپەرسـتی هـاوچەرخ بـوون و کەوتـنە بەر کاریگەریی یەکترییەوە[1].))(١٢٤: ٩٤)

ئایینی میترایی کۆمەڵە رێورەسم و دابونەریتێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. قوربـانیکردنی گـا، خـواردنەوەی شــەراب، تێپەڕانـدنی حەوت پلـەی ئـایینی و بەرپاکردنی نیایش لە مێهرابە کە لە سەر شێوەی ئەشکەوت بنیات دەنران. بە پێی ئەفسانەی میترایی کە لە کتێبی "ئایینی میترایی"دا هاتووە: میترا لە تەختە بەردێک لەدایک دەبێت، میتـرا لەگەڵ کەڵە گـایەکی پیـرۆزدا شـەڕ دەکـات و

١ – ئایینی میترایی بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆرییەتی رۆم بوو و لەو کاتەدا کە ئەم ئایینە لە لووتکەدا بوو، ئایینی مەسیحی دەرکەوت و بۆ ماوەی نزیکەی سێ سەدە لە ململانێ و رکابەریدا بوون و لە ئەنجامدا ئایینی مەسیحی بەسەر ئایینی میتراییدا سەر کەوت.

لەناو ئەشکەوتدا دەیکوژێت و مردنی ئەم گایە دەبێتە هۆی ئەفراندن لە ئایینی میتراییــدا.(٩١:١١٦-١٠٢) بەم جــۆرە دەبینرێــت پەیوەنــدییەکی نزیــک هەیە لەنێوان ئایینی میترایی و ئایینی ئیزەدییدا.

### ئایینی زەردەشتی:

ناســراوترین و گرنگتــرین ئــایینی کــۆنی کــورد بە ئــایینی زەردەشــتی ناســراوە. زەردەشــتی ســپیتامە کــوڕی پورەشەســپ دامەزرێــنەر یــاخود پێغەمبەری ئەم ئـایینەیە. لە لاپەڕەکـانی پێشـتر مێـژوو و شـوێنی دەرکەوتنی زەردەشـت روون کـراوەتەوە، بەڵام لێرەدا بەکـورتی ئامـاژەی پێدەدرێتەوە. زەردەشـت لە نیشـتمانی ئەیریەنڤـاچ واتـا بەشـێک لە کوردسـتانی گەورە لە کۆتاییەکـانی هەزارەی دووەمـی پ.ز ژیـاوە. زەردەشـت دژی فرەخواوەنـدی بوو و بانگەشەی یەکتاپەرستی دەکرد و سەرجەم خواوەند و نەریتە ئـایینییە باوەکانی پـێش خـۆی رەت کـردەوە. هـزر و فەلسـەفەی ئـایینی زەردەشـت لە بەشی گاتاکانی کتێبی ئاڤێستادا تۆمارکراوە.

ئایینی زەردەشتی بۆ دوو قۆناغی کۆن و نوێ دابەش دەکرێت. هۆکـاری ئەم دابەشـکردنە بـۆ نـاوەڕۆکی کتێبـی ئـایینی زەردەشـتییەکان دەگەڕێـتەوە. ئاڤێســتا بەپێــی نــاوەڕۆکەکەی لە دوو بەش پێکهــاتووە: ئاڤێســتای کــۆن و ئاڤێسـتای نـوێ. مێـژووی ئاڤێسـتای کـۆن بـۆ سـەردەمی خـودی زەردەشـت دەگەڕێتەوە. تێڕوانین و بیـر و فەلسـەفە و ئەفسـانە ئایینییەکـانی زەردەشـت لەم بەشــەدا کە ناســراوە بە گاتاکــان تۆمــار کــراون. ئاڤێســتای نــوێ بــۆ سـەردەمی دوای زەردەشت دەگەڕێتەوە. زۆربەی ئەو بیروبـاوەڕ و ئایینـانەی لە رۆژگــاری خۆیــدا لەلایەن زەردەشــتەوە رەت کرابــوونەوە، ســەرلەنوێ خزانەوە ناو ئایینی زەردەشتی کە لە بەشی ئاڤێستای نوێدا تۆمار کراون.

ئــاهوورامەزدا خواوەنــدی مەزنــی ئــایینی زەردەشــتییە. ســەرجەم خواوەنـدەکانی پـێش زەردەشـت یـان سـڕانەوە یـان پـلەی خواوەنـدییان لـێ سـەنراوە و پـلەی ئیزەدیـان پێدرا و وەکـو هاریکـاری ئـاهوورامەزدا ئەرکی جیاجیایــان پێســپێردرا، ئەمەش پتــر لە ئاڤێســتای نوێــدا بەرچــاوە. ئــایینی زەردەشتی باوەڕی بە دواڕۆژ و بەهەشت و دۆزەخ هەیە.

جگە لە ئاڤێستا کۆمەڵێک بەرهەمی تر بە زمانی پەهلەوی وەکو بنداهێش، مینوگی خیرەت، ئەرداڤیرازنامەگ، بژاردەکانی زادیسپەرم، دینکەرد و ...هتد سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی نووسراون و سەرچاوەی رەسەنن بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی وردی ئەم ئایینە.

ئایینی زەردەشتی دوای زەردەشت لە ناو خەڵکی ئاسیایدا درێژەی بە بوونی خۆی دا، بەڵام بە درێژایی مێژووی دەرکەوتنی تاکو کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان بەردەوام گۆڕانکاری تێ کەوتووە. بەدڵنیاییەوە دواتر لە شوێنی پێویست بە چڕوپڕی باسی ئایینی زەردەشتی دەکرێت. ئەوەندە لێرە بەس بێت کە ئاماژە بەوە بکرێت ئایینی زەردەشتی لەلایەن زەردەشتی پێغەمبەری مەزنی کورد لە کوردستان سەری هەڵداوە و هەر لە کوردستان گەشەی کردووە و بەوپەڕی بەرپرسیارییەتییەوە لەلایەن میللەتی کورد هەوڵی پاراستنی دراوە و هەر لە کوردستانیش بەرەو ئێران و هیند و وڵاتانی تر رۆیشتووە.

## ئایینی ئێزەدی:

کوردستان ناوەندێکی گرنگی مێژوویی بووە و وەکو چوارڕیانی کولتوورەکان بەردەوام لە پرۆسەی دانوستانی کولتووریدا رۆڵێکی باڵای هەبووە. زۆربەی ئایینە جیاجیاکان لەم هەرێمەدا بە یەک گەیشتوون و وتووێژی ئایینی لە نێوانیاندا روویداوە و کاریان لێک کردووە و دواجار زۆر شتیان لێکتری وەرگرتووە. کاریگەری و کارتێکردنی ئایینە جۆربەجۆرەکان، بۆ دوو بابەتی گرنگ دەگەڕێتەوە کە لەم توێژینەوەیەدا بەم جۆرە دابەش کراوە:

**١- ئایینە بەخشندەکان**

**٢- ئایینە وەرگرەکان**

لە مێژووی کۆنی ئایینی کورددا چەند ئایینێک هەن کە زۆربەی بنەما سەرەکییەکانیان بۆ ناو ئایینەکانی تر گواستراوەتەوە و وەکو بنەمای سەرەکی ئایینە نوێکان چەسپاون. ئەم ئایینانە بە گشتی کارتێکەرن و بە ئایینی بەدەر دادەنرێن وەکو، ئایینی زەرڤانی، میهرپەرستی (میترایی)، زەردەشتی، یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام. هەروەها چەند ئایینێکی تر هەن

كە زۆر بە ئاشـكرايى كـاريگەرن بە ئـايينە بەخشـندەكان و زۆربەى بنەمـا ئايينييەكانيـان لە ئـايينە مەزنەكـانى تـر وەرگرتـووە. بەم پێـيە بە تەواوى كـاريگەرن بە يەك يـان چەنـد ئـايينى بـدەرەوە و بە ئـايينى وەرگـر دادەنـرێن وەكـو، ئيـزەدى، مـانەوى، مەزدەكـى، يارسـان و ...هتـد. ئەم ئـايينە وەرگـرانە زۆرجـار ئەوەنـدە كـاريگەر دەبـن بە ئـايينە بەخشـندەكانەوە كە وەكـو ئـايينزا دەردەكەون.

ئـايينى ئيـزەدى يەكێـك لە ئـايينە وەرگرەكـانە، كە كـاريگەرى ئـايينى زەردەشـتى و بە تـايبەتى ميهرپەرسـتى بەسـەردا ديـارە. تەنـانەت دەكـرێ بە لقێـك يـان ئـايينزاى، ئـايينى ميهرپەرسـتى دابنرێـت كە يەكێـك لە كـۆنترين ئايينەكانى ميللەتى كورد بووە. بە تايبەتى ئەمە كاتێك روون دەبێتەوە كە ئەم دوو ئـايينە لەگەڵ يەكـدا بەراورد بكـرێن. بـۆ نمـوونە لە ئـايينى ئيزەدييـدا هەروەك (عەبدولناسـر حەسـۆ) دەڵێـت: مەليـك تـاوس لە ٢٥ى كـانونى يەكەم خـۆى خولْقانـدووە. ئەم رۆژە لاى ئيزەدييەكـان پيـرۆزە و لە پەرسـتگەى لالەشـدا مـۆم دادەگيرسـێنن. ئەم رۆژە رێـك رۆژى لەدايكبـوونى ميتـرايە لە ئايينى ميتراييدا.(٣٥: ٩٢)

جگە لەوە لێكچـوونێكى زۆر لە نێـوان رێورەسـمى قوربـانيكردنى گـا لە ئـايينى ميترايـى و ئێزيدييـدا هەيە.(٧٢: ٢٧٩) (تۆفيـق وەهبـى بەگ) لە كتێبـى "پاشـماوەى ئـايينى ميترايـى لە هـاترا"دا بە درێـژى باسـى ئەم رێورەسـمەى كردووە و دەنووسێت: ((ئەوەى زۆر ئاشكرايە و سەرنجڕاكێشەرە دەربـارەى ئەو كـــردەوە نهێنيـــيە پيـــرۆزانەى ئـــايينى يەزيـــدى كە لە زەماوەنـــدى كۆمەڵايەتييـاندا دەكرێ، ئەوەيە كە ئەو ئاژەڵەى كرا بە قوربـانيى "گـاجووتێكە" كە ئەويـش كـرايە "قوربـانى" لەبەر دەمـى ئارامگـاى "شـێخ شـەمس"، "شـەمس" واتە: ميهر-Mihr بەم جۆرە دەتواندرێ بگوترێ كە كردەوە پيرۆزە نهێنييە ئـايينييەكە، دەربـارەى "ميتـرايە-Mithra.))(٢: ٧٦) زۆر لێكچـوونى تـر هەيە لە نێـــوان ئەم دوو ئـــايينە، بەڵام دەرفەت كەمە و نـــاكرێ يەك بە يەكـــى لێكچوونەكان ئاماژەيان پێبدرێت.

سـەبارەت بە نـاوى ئيـزەدى و ئـايينى ئيـزەدى راى جيـاواز هەيە، (نەجـم ئەڵوەنى) دەنووسـێت: ((نـاو و ئـايينى ئيزەدى لەبەر جەورو ستەم و گـۆڕانى رۆژگـار گەلێ گۆڕانى بەسـەردا هـاتووە، ململانێـى ئـايينيش رۆڵێكـى بەرچـاوى

لەم مەسەلەدا گێڕاوە.))(١٨: ١٢) ئەوەش خۆی لە پرۆسەی توانەوەی ئایینی میترایی لەناو ئایینی زەردەشتی و دواتر دەرکەوتنەوەی بە سیمایەکی تردا دەبینێتەوە، بۆیە گۆڕانی ناوی ئایینی ئیزەدی پەیوەستە بەو گۆڕانە مێژووییەی کە بەسەر ئایینی میترایی و توانەوەی لەناو ئایینی زەردەشتی و سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەیدا هاتووە.

وشەی ئیزەدی پەیوەندییەکی دوورو قووڵی لەگەڵ ئایینی زەردەشتییدا هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئایینی زەردەشتی بدەینەوە، بەدیاردەکەوێت کاتێک زەردەشت ئایینی خۆی رادەگەینێ، زۆربەی ئایینەکانی پێش خۆی رەت دەکاتەوە و خواوەندەکانی لە پلەی خواوەندی دەخات. هەندێ لەم ئایینانە لەبەر ئەوەی رەگ و ریشەیان لە ناو خەڵکیدا داکوتابوو، سڕینەوەیان ئاستەم بوو. بۆیە دوای زەردەشت هەر زوو زۆربەی ئەو خواوەند و ئایینانەی رەت کرابوونەوە جارێکی تر بە سیما و تایبەتمەندییەک کە لەگەڵ ئایینی زەردەشتییدا سازگاربێت، دزەیان کردە ناو ئایینی زەردەشتی؛ ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ناو ئایینی زەردەشتییدا مانەوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆریش سیفاتە گرنگ و دێرینەکانی خۆیان پاراست. یەکێک لەم ئایینانە، ئایینی مێهرپەرستی بوو کە لە کتێبی ئاڤێستا بەشی یەشتەکاندا یەشتێک بەناوی ئەم خواوەندەوە هەیە. میهر لە ئایینی زەردەشتییدا پلەی بۆ پلەی ئیزەد دابەزیوە. دواتر چەند ئایینێک بۆ ئەوەی شوناسی ئایینی خۆیان دەستەبەر بکەنەوە هەوڵی گەیشتنەوە بە رەسەنایەتی خۆیان داوە. لەم ناوەندەدا هەر لەژێر ئەو ناونیشانەی لە ئایینی زەردەشتییدا بۆ خواوەندەکەیان دانراوە خۆیان پێناسە کردووە. بۆ نموونە ئایینیی ئیزەدی لەم هەوڵەدا بێ بەش نەبووە و بێگومان سەرکەوتووش بووە.

لە زمانی ئاڤێستاییدا وشەی ئێزەتە a t aza Y بەواتای شیاوی ستایش و پەرستن دێت. ئیزەدی لە قەدی ئێز بە هەمان ئەو واتایە دێت. خواوەندێکی وەکو مێهر لە ئایینی زەردەشتییدا بەناوی ئێزەت(ئیزەد) واتا شیاوی پەرستن بانگ کراوە. دواتر لە دوای سەردەمی زەردەشت هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەندێک لە ئایینە دێرینەکان کە سیمایەکی زەردەشتییان وەرگرتبوو بۆ ئەوەی شوناسی ئایینیی خۆیان دەستەبەر بکەنەوە، سەرلەنوێ بەرەو بیروباوەڕە رەسەنەکەیان گەڕانەوە. لەم ناوەندەدا

بیروبــاوەڕی زەردەشــتی کــاری کــردە ســەر ئــایینی میهرپەرســتی، بەڵام ئەمجارەیان بە سیمایەکی جیاواز و بە ئەدگارە کۆنەکانییەوە لە سەردەمێکی جیاواز لەژێر ناونیشانی ئیزەدیدا دەرکەوتەوە. ئایینی ئیزەدی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئایینی میهرپەرستی قۆناغی پێشتر جیاواز بوو. ئەم جیاوازییەش لە بەرهەمە نووسراوەکانی ئیزەدییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

ئیزەدییەکان خاوەن دوو کتێبن بە ناوی "**جیلوە**" و "**مەسحەفی رەش**". دەسنووسی لەبەرگیراوی ئەم دوو کتێبە لەلایەن (ئەنستاس ماری کەرمەلی) بڵاوکــراوەتەوە، کەرمەلــی وەرگێڕانێکــی ئــازادی لە رووی وەرگێــڕانە عەرەبییەکانی ئەم دوو کتێبە بۆ سەر زمانی فەڕەنسی کردووە و بەخۆی دان بەوە دادەنێــت و دەڵێــت: ((دەبــێ دانــیش بەوە دابنــێم کە مــن وەرگێــڕانە ئازادەکانم لە ڕووی وەرگێـڕاوە عەرەبییەکان وەرگێـڕاون نەوەک لە رووی ئۆرجیناڵە کوردییەکە کە ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ زۆر ئاشکرا نین.))(١: ٥٩) بە پێچەوانەی وتەکانی ئەم توێژەرە دەقە رەسەنەکە زۆر سادەیە و بە زمانێکی رەوانــی کــوردی نووســراوە. ئەگەر کەســێک شــارەزای ئەلفــوبێی دەقــی نووسراوی ئیزەدی بێت زۆر بە روون و ئاشکرایی لە دەقەکە تێدەگات.

هەر توێژەرێــک بە نیازبێــت لە بیروبــاوەڕ، فەلســەفەی ئــایینی و ئەفســانەکانی ئـایینی ئیـزەدی تێبگـات و لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکـات دەبـێ راستەوخۆ دەست بۆ دەقی ئەم دوو کتێبە ببات. بۆ نموونە لە دیباچەی کتێبی مەسحەفی رەشدا هاتووە: ((ئەوی لە پێش هەمی خلق بوە ملک تاوسە[١]...))(١: ٦٨) واتا مەلەک تاوس یەکەمین خوڵقێنراوی خودایە. (د.خلیل جندی رەشۆ) لە کتێبی "پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان"دا دەنووسێت: ((تاوسی مەلەک رەنگدانەکە ژ رەنگدانێت خودێ(تەجەلی) و هنەک دبێژن ئەو ب خوە چــاڤێ خــودێیە و (رۆژ) نیشــانا ویــیە.))(٤: ١٠٥) کەواتە تاوســی مەلەک سیمایەک لە سیماکانی خودایە و بەم جۆرە شایەنی ستایش و رێزگرتنە. هەروەها پەیوەندیی بە (خۆر)یش هەیە. هەر سەبارەت بە پەیوەندی مەلەک تاوس بە خۆرەوە (نەجم ئەڵوەنی) دەنووسێت: ((...بڕوامان وایە کە تاووسی

---

١ – زمانی جیلوە زۆر سادەیە و خوێندەواری کورد لێی تێدەگات. بە هۆی نەبوونی فۆنتی نووسین لە ناو کۆمپیۆتەر دەرفەتی نووسینی دەقەکە بە شێوەی رێنووسی کتێبە ئایینییەکانی ئێزیدی لەم توێژینەوەیەدا نەڕەخسا، بەڵام رێک بە چ شێوەیەک نووسرابوو خراوەتەوە سەر رێنووسی ئێستای کوردی.

فریشته لەناو ئەم تایفەیە پێش ئەوەی بڕوا بە یەکتا پەرستی بهێنن هێمای خواوەندی هەتاو بووە...))(١٨: ٧٨)

لە ئایینی ئیزەدییدا بەپێی دەقی مەسحەفی ڕەش سەرەتا خودا بارەگای یەزدانیی خۆی دەخوڵقێنێ کە لە حەوت مەلەک پێکهاتووە. ژمارەیەک لەم مەلەکانە لە پرۆسەی ئەفراندندا بە شێوازێک هاریکاریی خودا دەکەن. هەرکام لەم مەلەکانە شێوە یان دەرکەوتەیەکی زەمینییان هەیە کە وەکو شێخ ناویان هاتووە. لێرەدا بە پێویست دەزانرێ بەشێک لە ئەفسانەی ئەفراندنی ئیزەدی لە دەقە ڕەسەنەکە وەک خۆی بنووسینەوە:

((ئەول جار خودا لە سەر خوشەویستی خۆی[،] گوەریکی سپی خەلق کرد[.] وکو تەیرەکی خەلق کرد ناوی نا ئانفر و گوەرکی نایە سەر پشتی و چل هزار سال لە سەری دانیشت[.] ئەول ڕۆژی ئیکشنبە ملەکیکی خلق کرد ناوی نا عزرائیل ئەویش ملەک_کۆتایی لاپەرەی یەک- تاووسە کە گورەی همویانە[.] ڕۆژی دووشنبە ملەک دردائیلی خلق کرد کە شێخ حسنە[.] ڕۆژی سێ شنبە ئیسرافائیلی خلق کرد کە شیخ شمسە[.] ڕۆژی چوارشنبە ملەک میکائیلی خلق کرد و کە شیخ ابوبکرە[.] ڕۆژی پنج شنبە ملەک جبرائیلی خلق کرد کە سجادینە[.] ڕۆژی جمعە ملەک شمنائیلی خلق کرد کە ناصرالدینە[.] ڕۆژی شنبە ملەک نورائیلی-کۆتایی لاپەڕە دوو- خلق کرد کە فخرالدینە[.] مـلەک تـاووس ئەوی کـرد ب گـورەی ئەوان[.] لە پاشـدا صـورتی حەوت ئاسمان و ئەرز و تاو و مانگی خلق کرد[.] فخرالدین ئینسان و حیوان روح لەبر و طیر و وحوشی خلق کرد و ل گیرفانی خرقە دانان و لگەڵ ملائیکە لە گوەرەکە هاتە دری[.] نعرەیەکی عظیمی لەسر گوەریکە کیشە[،] جقی بووە[،] بو ب چوار لتەوە و ئاو ل سکی هاتە دری بو بە -کۆتایی لاپەرە سێ- بحر[،] دریا خر و بی کن بە[.] جبرائیلی بصورتی طیر خلق کرد و ناردی[،] چوار گوشی دایە دستی[.] لە پاشدا کشتییکی خلق کرد و لە ئەودا سی هزار سال دانیشت[.] ل پاشتر هات و ساکن لالیش بو[.] قیژاندی لە دنیایدا[،] بەرد بستی[،] دنیا بو بە ئەرز و دستی کرد ب لرزین[،] فرموی[:] جبرائیل بە ئارام دو پارچە لە گوەرە هینا و یکیکی لە ژیر ئەرز و یکیکی لە -کۆتایی لاپەڕە چوار- درکای ئاسمان دانا[.] ل پاشتر لە وانرا مانگ و ڕۆژ و ئەستیرە[،] و لە ریزە گوەرە سپیکە[،] درست کرد بو جوانی لە ئاسماندا هلی واسی[.]

درخت باردار و گیا و شاخی بو جوانی ئەرز خلق کرد[.] عرش له سر فرش خلق کرد[.] خودای گەورە ب ملائیکه گوت[:] من ئادم و حوا خلق دکم و دیانکم به بشر[.] له سر ئادم شهر ابوسفر دبی و لڤیش ملتی له سر ئەرز پیدا دبی –کۆتایی لاپەڕەی پێنج– له پهشتن[،] ملتی عیزرائیل یعنی ملەک تاووس که ئیزیدیه یه پیدا دبی...))(١: ٨٥–٩٠)

ئەم بەشـــەی کتێبـــی مەســـحەفی رەش دەقـــاودەق وەک خـــۆی نووســـراوەتەوە، تەنیـــا لە ســـەر رێنووســـە تـــایبەتەکەیەوە کـــراوەتە ســـەر رێنووسی ئێستای زمانی کوردی و بە هیچ شێوەیەک دەسکاری رستەسازی و پۆلینکردنی وشەکان نەکراوە و وەک خۆی نووسراوەتەوە. دەقە رەسەنەکە هـیچ جـۆرە خاڵبەنـدییەکی تێدا پێڕەو نەکراوە و ئەوانەی خراونەتە نـاو [ ] لەلایەن توێژەری ئەم توێژینەوەیە زیاد کراون. ناوەڕۆکی دەقەکە پیشاندەری ئەفسانەیەکی کۆنە، بەڵام بە وردبوونەوە لە زمانەکەی پێدەچێت زۆر درەنگتر نووسـرابێتەوە. ئەو زمـانەی مەسـحەفی رەش و جیلـوەی پـێ نووسـراوەتەوە زمـــانێکی کـــۆن نیـــیە، لە هەر دوو کتێـــبەکەدا وشـــەی کرمـــانجی ســـەروو و ناوەڕاست بەکاربراون. کاتێک دەقە رەسەنەکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشکنینی بۆ کـرا، دەرکەوت بەشـێکی زۆری بیروبـاوەڕی ئێزەدییەکـان بەپێـی نـاوەڕۆکی مەسحەفی رەش و جیلوە لە دەقی سەرەنجامی یارسانەکان وەرگیراوە. زۆر پێدەچێت ئەوەی ئەم دەقەی نووسیوەتەوە شارەزای ئایینی یارسـان بووبێت. ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی پتری پێویستە و دەبێ بە تەواوی لەگەڵ دەقی ئـایینی یارساندا بەراورد بکرێت.

## ئایینی مانەوی:

لە دوای هێرشی ئەسکەندەر و لە سـەردەمی ئەشـکانییەکان و دواجـار لە سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا، کوردستان وەکو ناوەنـدێکی مێژوویی و کولتووریی گرنگ، دەورێکی کـاریگەر دەبینێت لە بەیەکگەیشـتنی کولتوورە جیاجیاکان. دەرکەوتنی ئایینی مـانەوی لە سـەدەی سـێیەمی زایینـی هەوێنی ئەم گۆڕانە کولتوورییە گرنگە بوو.

(د. مێهرداد بەهـار) لە کتێبـی "ادیـان آسـیایی"دا دەنووسـێت: مـانی لە ١٤ ئەبریلـی ٢١٦ی زایینـی لە بـاکووری بابـل، لە کۆتـایی سـەردەمی دەسـەڵاتی

ئەشكانییەكان لەدایك بووە. باوكی ناوی پاتیگ و خەڵكی هەمەدان و دایكی ناوی مریەم و لە بنەماڵەیەكی خانەدان بووە. پاتیگ لە هەمەدانەوە بەرەو تیسفونی پایتەختی ئەشكانییەكان كۆچ دەكات و لەوێدا پەیوەندی بە كۆڕی موغتەسیلە [بەرگ سپییەكان] دەكات كە كۆمەڵێكی گونوسی [عیرفانی] بوونە.(١٣٢: ٨٢) (ئەرتەر كریستن سن) دەڵێت: مانی لە منداڵیدا لەسەر ڕێبازی موغتەسیلە پەروەردە بووە، بەڵام دواتر كە شارەزای ئایینی زەردەشتی، مەسیحی و ڕێبازە سۆفیگەرییەكان دەبێت واز لە كۆمەڵەی موغتەسیلە دێنێت. مانی سرووشی بۆ دادەبەزێت و جاڕی پێغەمبەرایەتی لێدەدات. فەرمانڕەوای ساسانی شاپووری یەكەم، ڕێگەی پێدەدات ئایینەكەی لە وڵاتدا بڵاوبكاتەوە. مانی بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ئەم چاكەیەی فەرمانڕەوا لەگەڵیدا كردوویەتی، كتێبێك بەناوی شاپوورەگان[1] پێشكەش بە فەرمانڕەوا دەكات.(٤٢: ٢٨١،٢٦٤)

لەم قۆناغەدا كە مانی لەلایەن فەرمانڕەوای ساسانییەوە سەربەست كرا تاكو ئایینەكەی بڵاوبكاتەوە، موغانی زەردەشتی هەستیان بە مەترسیی ئەم ئایینە لەسەر ئایینی زەردەشتی كرد. ((لە ڕوانگەی زەردەشتییەكانەوە ئایینی مانەوی بە ئایینی ساختە و لادەر و بە مەترسیدارترین بزاڤی ئایینی دژ بە ئایینی زەردەشتی دادەنرا.))(٨٠: ١٠٩) لەم كاتەدا موغان و پیاوانی ئایینی زەردەشتی زۆر بە توندی بەرەنگاری ئایینی مانەوی بوونەوە. (كەرتیر)ی مۆبەدی مۆبەدانی ساسانییەكان سەرۆكایەتی بەرەی دژ بە مانەوی لە ئەستۆ بوو. كەرتیر لەسەر چەند نەخشێكی هەڵكەنراوی سەر بەرد ئاماژەی بە لەناوبردنی ئایینی جیاواز بەتایبەتی ئایینی مانەوی كردووە، بۆ نموونە لە نووسراوە بەردیی نەقشی ڕۆستەم دێری ٢٩،٣٠ دەنووسێت: ((ئەهریمەن و

---

١ - مانی بە زمانی پەهلەوی ساسانی كتێبی شاپوورەگان پێشكەش بە شاپوور دەكات، ئەمە واتا مانی زمانی كوردی زانیوە. پاتەگی باوكی مانی خەڵكی هەمەدان بووە و دواتر بەرەو بابل ڕۆیشتووە. واتا كورد بووە. مانی دوای كۆچكردن بەرەو بابل لەدایك بووە و لە منداڵییەوە لەسەر زمانی بابلی كە ئارامی بووە ڕاهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێدەچێت باوكی هەوڵی دابێت زمانی كوردی كە زمانی دایكیان بووە لەناو بنەماڵەكەی فەرامۆش نەكرێت. وشەی مانی كوردییە و ڕەنگە سیفەت بێت بۆ ناوی ئەم كەسایەتییە و واتای نەمر و بەردەوام ڕادەست دەكات. جگە لەوە ***محمد تقی بەهار*** لە وتارێكدا ئاماژە بەوە دەدات ناوی ڕەسەنی مانی (كورپەگ)ە.(٨٣: ٦٥) ئەم ناوە لە دوو بەش پێكهاتووە كە بریتییە لە: (كور=كوڕ) و (پەگ) كە كورتكراوەی ناوی (پاتەگ)ی باوكی مانییە و واتای (كوڕی پاتەگ) دەدات.

دێوە مەزنەکان زیانیان بەرکەوت و ئایینی ئەهریمەن و دێوان لە وڵات وەدەر نـران و وەکـو بیروبـاوەڕ لەنـاو بـران، یەهـوودی و شــەمەنی (بـووذی) و بەرهەمەنییەکــان، نەســاری و مەســیحییەکان، موغتەســیلە و مانەوییەکــان (زەندەقییەکان) شاربەدەر کران و بتەکان تێکشکێنران.))(٨٤: ١٠٥)

(ســامویێل نیــوبرگ) لە کتێبــی "دینهــای ایــران باســتان" ئەنجــامی ئەم دژایەتییە بەم جۆرە دەبینێت: ئەم ململانێیە بە نوشستهێنانی مـانی کۆتـایی پێهات. مانی لە دوایین ساڵی فەرمانڕەوایەتی وەهرامی یەکەم[1] دەسگیر کرا و دواجار لە بەندیخانەدا مرد. مـانی هەرگیـز وەکـو تاوانبـارێکی بێ ئـابڕوو لە سێدارە نەدرا[2].(١٥٤: ٤١٤)

مانی لە کەش و بارێکی تەواو ئایینی پەروەردە بووە. شارەزای زۆربەی ئایینەکــانی ســەردەمی خــۆی بــووە، بەواتــایەکی تــر ڕۆشــنبیر بــووە بە بیروبـاوەڕە فەلسـەفی و ئایینییەکانی سـەردەمی خـۆی. بۆیە ئـایینی مـانەوی تێکەڵەیەکە لە بیروباوەڕی زەرڤانی، میترایی، زەردەشتی، مەسیحی، بوذیی و هەروەهــا ئــایینە بابلییەکــان و کــۆمەڵە بزاڤێکــی گنوســی[عیرفانی یــان سۆفیگەری]. (سەید حەسەن تەقی زادە) لە کتێبی "مانی و دینەکەی"دا دەڵێت: مــانی لەگەڵ هەمــوو نەتەوەکــان تــێکەڵ بــووە و هەوڵــی داوە بیروبــاوەڕ و فەلسـەفە ئـایینییەکەی لە سـەرجەم نەتەوەکان نزیک بکاتەوە، بۆیە لە گشت ئایینەکـانی نـاو مـیللەتە جیاجیاکـان زۆروکەم شـتێکی وەرگرتـووە(٣: ٣٢) و لەنـاو ئـایینەکەی خۆیـدا شـوێنی بـۆ کـردۆتەوە، بـۆیە ئـایینی مـانەوی وەکـو تێکەڵەیەک لە بیروباوەڕی جیهانیی ئەوسا دەردەکەوێت. (جیمز راسێل) لەم بارەوە دەڵێت: مانی دامەزرێنەری ئایینێکی ئێرانی بوو کە ئایینەکەی لە سـەر میراتی ئایینیی چەند میللەتێک دامەزراندبوو و هەوڵی دەدا ئـایینەکەی شـوێنی سەرجەم ئەو ئایینانە بگرێتەوە.(٨٣: ٨٥)

ئایینی مانەوی ئایینێکی ئاڵۆزە و پڕە لە ئەفسـانەی جۆربەجـۆر، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ((بنچینەی ئایینی مانەوی لەسەر بنەمای دوالیزم بونیات

---

١ – یەکێک لە پاشاکانی ساسانی و لە ٢٧٣-٢٧٦ی زایینی فەرمانڕەوایەتی کردووە.

٢ – بۆچوونی نیوبرگ سـەبارەت بە مردنـی مـانی بە پێچەوانەی سـەرجەم توێژەرانە بۆ نمـوونە کریسـتن سـن پێیـوایە دوای ئەوەی مـانی دەسـتگیر دەکـرێ و ئەشـکەنجە دەدرێ، کەوڵـی دەکەن و کەوڵەکەی پڕ لە کـا دەکەن و بۆ ئەوەی ببێتە پەندی زەمانە لە دەروازەی شار هەڵیدەواسن. (بڕوانە؛ ٤٢، ٢٨٣)

نراوه.))(١١٧: ٤٥) دوالیزمی مانەوی لە سەر بنەمای ئەفسانەی ئەفراندنی ئایینی زەرڤانی داڕێژراوە و جگە لەوەش تاڕادەیەک لە دوالیزمی (نوێ زەردەشتی)یش نزیکە، چونکە دوو هێزی خێر و شەڕ لەم ئایینەدا بە سەربەخۆیی هەبوونە و هەر دوو هێزەکەش توانای خوڵقاندنیان هەبووە. هێزی خێر شتە باش و بەسوودەکان دەخوڵقێنێ و هێزی شەڕ شتە خراپ و شەڕانییەکان. لە مەزمووری ٢٢٣ی "زبوری مانوی"دا هاتووە:

**کاتێک گیانی پیرۆز دەرکەوت،**
**ڕێگەی ڕاستیی بۆ والآ کردین**
**فێری کردین دوو گەوهەر هەن:**
**گەوهەری ڕووناکی و گەوهەری تاریکی**
**کە لە سەرەتادا لێکتری جیا بوون.**(٨٧: ٤٠)

هەر لەم مەزموورەدا باسی ململانێی نێوان ڕووناکی و تاریکی دەکرێت و هەرکام لەم هێزانە لە دژی یەکتری دەست بە ئەفراندن دەکەن. کتێبی "ثنویت در عهد باستان" بە کورتی بیروباوەڕی مانەوی گواستۆتەوە و تێیدا هاتووە: مانی پێیوایە جیهان لە لایەن دوو هێز بەڕێوەدەبرێت و هەر دووکیان هەر لە سەرەتادا هەبوونە: یەکیان ڕووناکی و ئەوی تریان تاریکی و هەر دووکیان خوڵقێنەرن. ڕووناکی و تاریکی لە سەرەتادا لە یەکتر جیا بوون، تاریکی هێرش دەکاتە سەر ڕووناکی، لە ئەنجامی ئەم هێرشە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و ڕووناکی بەهۆی تاریکی پیس دەبێت، بۆیە تاریکی بە هێمای خراپی و ڕووناکی بە هێمای باشی دادەنرێت.(١٢٤: ٢٣٦-٢٣٧) (کەیوان ئازاد ئەنوەر) لە کتێبی "مانیزم"دا -کە سەرچاوەیەکی گرنگە بە زمانی کوردی بۆ ناسینی ئایینی مانەوی- دەنووسێت: ((باوەڕبوون بە دوانەپەرستی تەنها ئەوەندە نەبوو کە دوو هێز ڕۆڵی خۆیان لە باڵادەستی بوونەوەر و جیهاندا ببینن، بەڵکو وەک یاسایەک بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوارەوە دابەزیبوو.))(١٠: ١٣٦)

لەم جیهانەدا ڕووناکی و تاریکی وێنای ڕۆح و مادە دەکەن، چونکە ((مانی باوەڕی بە دوالیزم و جیاوازیی ڕەهای نێوان ڕۆح و مادە هەبووە. بەلای ئەو ڕۆح لەگەڵ خێر و ڕووناکی هاوسانە و مادەش لەگەڵ شەڕ و تاریکییدا.))(١٥٩: ٣٤) کەواتە ڕۆح یان ڕووناکی و مادە یان تاریکی پێکەوە لە

مرۆڤدا کۆدەبنەوە. ((رۆحی مرۆڤ وەکو تیشکێک وایە کە لەناو جەستەدا بەند کراوە.))(٥٨: ٢٤) لە فەلسەفەی ئایینی مانەوییدا جەستە سەروچاوەی هەموو کردەوەیەکی خراپی مرۆڤە و بە پێچەوانەشەوە رۆح سەروچاوەی هەموو کردەوەیەکی باشی مرۆڤە، بۆیە هەوڵدەدرێت رۆحی مرۆڤ کە لەناو جەستەدا بەند کراوە رزگار بکرێت. کەواتە لە ئاییینی مانەوییدا جەستە نوێنەرایەتی مادە و گیان نوێنەرایەتی رۆح دەکات. بۆ ئەوەی ئەم رۆحە لە کۆت و بەندی مادە رزگار ببێت، دەبێ جەستە لەناو بچێت. کەواتە مردن هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە رەسەنایەتیی رۆح و رووناکی و باشی؛ بەڵام بەر لە مردن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ هەست بە رزگاربوونی رۆح و بەختەوەری بکات، دەبێ چی بکات؟

رێبازە سۆفیگەرییەکان وەڵامدەری ئەم خواستەن. لە رێبازی سۆفیگەرییدا مرۆڤ هەوڵی پاککردنەوەی دەروونی خۆی لە ژەنگ و پیسی دەدات؛ ئەو پیسییەی کە لە ئەنجامی ملکەچبوونی جەستە بە خواستە مادییەکان لە ناو رۆح و دەروونی ئادەمیزاددا نیشتە دەبێ. بۆ ئەوەی ئەم ژەنگە بسڕێتەوە، پێویستە دەروون پاک بکرێتەوە. ئەمەش لە رێگەی سۆفیگەری/عیرفان جێبەجێ دەبێت، بۆیە گومانی تێدا نییە کە ((ئاییینی مانەوی لقێکە لە گونۆستیک[سۆفیگەری].))(١٣٥: ٣٥٥) رێبازی سۆفیگەری بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ئاییینی مانەوییدا زاڵە، تەنانەت بەسەر ئەفسانەی ئەفراندنی[1] مانەویشدا.

لە کۆی گشتی پێکهاتەی ئاییینی مانەوییدا، دەکرێ پەنجە بخرێتە سەر بنەمای ئایینەکانی تر و شتە وەرگیراوەکان دەسنیشان بکرێن، بەڵام دەبێ دان بەوەش دابنرێت کە ئاییینی مانەوی تەنیا کۆکردنەوەی بنەما سەرەکی و بەشە گرنگەکانی ئایینەکانی تر نییە، ((بەڵکو بنەمای دینەکەی بیرو هزری خودی مانی بووە،... ئەگەر لە دیانەتی تریش سوودی وەرگرتبێت بۆ بڵاوکردنەوە و ئاسانکاریی دینەکە بووە لە نێوان نەتەوەکانی هیندی و

---

[1] — ئەفسانەی ئەفراندن لە ئاییینی مانەوییدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت کە بریتین لە:

**ئەفراندنی یەکەم:** دەرکەوتنی دایکی ژیان و هۆرمۆزدبەغ و بەندکردنی هۆرمۆزدبەغ.

**ئەفراندنی دووەم:** دەرکەوتنی هاوەڵ رووناکان، بام ئیزەد و مێهر ئیزەد، دەربازکردنی هۆرمۆزدبەغ و خولْقاندنی گەردوون.

**ئەفراندنی سێیەم:** دەرکەوتنی نەریسە ئیزەد، عیسای پرشنگدار، خاتوونی رووناکی، وەهمەنی مەزن، داوەری دادپەروەر و دوایین ئیزەد.))(١٣٥: ٧٣)

زەردەشتی و عیسەوی...))(٣: ٣٩) ناوی خواوەند و زاراوەی ئایینی تایبەت بە ئایینەکانی تر لە ناو ئایینی مانەوییدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەروەک (د. ئەحمەد تەفەزولی) دەڵێت: یەکێک لە شێوازەکانی بانگەشەی ئایینی مانەوییەکان ئەوە بووە لە ناو باوەڕدارانی ئایینە جیاجیاکاندا، ناوی خواوەند و زاراوە ئایینییە ناسراوەکانی ئەو میللەتانەیان بەکار دەبرد تاکو ئەوانەی ئایینەکەیان ئاراستە دەکرا هەست بە نامۆیی ئایینی مانەوی نەکەن. بۆ نموونە لە ناو زەردەشتییەکاندا ناوی ئەورمەزد و مێهر و زەرڤان و زاراوەی ئەمشاسپەند و ئاگر و هی تریان بەکاردەبرد.(٦٣: ٣٣٤)

ئایینی مانەوی پشتی بە کتێب و بانگەشەی ئایینی دەبەست، بۆیە توانی لە ماوەیەکی کەمدا گەشە بکات و بە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بڵاوبێتەوە. رەنگە هیچ کام لەو نەتەوانەی ئاشنای ئایینی مانەوی بوون، هەستیان بە ئایینێکی بیانی نەکردبێت، چونکە چ لە سەردەمی خودی مانی و چ لە سەردەمی جێگرەوەکانی بە زمانی خۆیان فێری پەروەردە ئایینییەکان دەبوون. بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە ژمارەی زۆری بەرهەمە مانەوییەکانە کە بەم دواییانە دۆزراونەتەوە. ئەم بەرهەمانە بە زۆربەی زمانە باوەکانی سەردەمی مانی وەکو پەهلەوی، سوریانی، سوغدی و ...هتد نووسراون.

# • زەردەشت

**زێدو سەردەمی زەردەشت:**

زۆربەی هەرە زۆری توێژەرانی بواری ئاڤێستاناسی هەوڵی دیاریکردنی زێد و سەردەم و شوێنی ژیانی زەردەشتیان داوە. بیروڕاکان لەم بارەوە ئەوەندە زۆر و جۆربەجۆرن کە وای کردووە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هاودەنگییەک سەبارەت بەم پرسە گرنگە لەناو سەرجەم توێژەران دروست نەبێت.

گرنگترین سەرچاوە سەبارەت بە دەسنیشانکردنی زێد و سەردەمی زەردەشت کە سەرجەم توێژەران لەسەری کۆکن، ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکانن. لە یەسنە، های ۹، بەندی ۱۲و۱۳دا بە راشکاوی باسی ئەوە کراوە کە زەردەشت کوڕی کێیە و لەماڵی چ کەسێک لەدایک بووە. لەم یەسنەیەدا زەردەشت لەگەڵ هەئومە[١] amoah دەدوێت و لێی دەپرسێت:

((چ کەسێک بۆ چوارەمین جار ئەی هەئومەی پاک، لەناو خەڵکی جیهاندا تۆی پاڵاوت، پاداشتەکەی چی بوو، چۆن بەختەوەر کرا؟[١٢]

ئینجا ئەو هەئومە پاکە کە (دوورکەرەوەی مەرگ)ە، وەڵامی دامەوە: پووروشەسپە بۆ چوارەمین جار لەناو خەڵکی جیهاندا منی پاڵاوت، ئەم پاداشتەی پێدرا، ئەم بەختەوەرییەی پێگەیشت کە تۆ بۆی لەدایک بووی، تۆ ئەی زەردەشتی پاک لە بنەماڵەی پووروشەسپە، دژی دێوان و ئەهووراپەرستی.[١٣]))(٢٠٥: ٤٢) بەپێی ئەم دەقە ئاڤێستاییە زەردەشت لە بنەماڵە و لەناو ماڵی پووروشەسپ[٢] OpsaCuruop لەدایک بووە. ماڵی پووروشەسپە لە کوێیە؟ لە "ڤی دەئێوەدات" پەرگەردی ١٩، بەندی ٤دا ئاماژە بەوە کراوە کە زەردەشت لە دژی هێزە شەڕانییەکانی ئەهریمەن

---

[١] – ناوی رووەکێکە و هەروەها ناوی ئیزەدێکە کە پارێزەری ئەم رووەکەیە. بیستەمین یەشتی ئاڤێستا بەم ناوەوە ناوزەد کراوە. هەوم رووەکێکە کە بەپێی رێوڕەسمێکی تایبەت لەکاتی بەرەبەیاندا لە ناو ئاوەن دەکوترێت و شیلەکەی دەپاڵێورێت و باوەڕداران دەیخۆنەوە.(بڕوانە؛٥٤: ١٥٩-١٦٩)

٢ – بە زمانی ئاڤێستایی بە "پووروشەسپۆ" گۆدەکرێت. ناوی باوکی زەردەشتە. بە واتای خاوەن (ئەسپی پڕوپۆڕ) یان (خاوەن ئەسپی زۆر)ە.

دەوەستێتەوە. ئەهریمەن کە دەزانێ ناتوانێ بەسەر زەردەشتدا سەرکەوێت و لەناوی ببات، لە بەردەمی ئامادە دەبێت و لێی دەپرسێ: ((تۆ کە لە بەرزایی گردێک لە سەر کەناری رووباری درێژییە لە ماڵی پووروشەسپە وەستاوی...))(٢٠٧: ١٢٣) هەروەها لە شوێنێکی تر هەر لەم پەرگەردەدا ئەم وشانە جارێکی تر لە بەندی ١١ دووبارە دەبنەوە: ((زەردەشت لە ئەهورامەزدای پرسی، لەکاتێکدا لەسەر بەرزایی کەناری رووباری درێژییە خەریکی نیایش و پەرستنی ئەهورامەزدایە.))( (٢٠٧: ١٢٤) ماڵی پووروشەسپە لەسەر بەرزایی[1] گردێکە کە دەڕوانێتە سەر رووباری درێژییە a y j vr d. بێگومان ئەوە ناونیشانی ماڵی زەردەشتە کە لە ئاڤێستادا هاتووە.

لە کتێبی "بنداهیش"سەبارەت بە رووباری درێژییە هاتووە: ((رووباری درێژییە لە ئەیریەنڤاچە کە ماڵی پووروشەسپەی باوکی زەردەشت بە بار[2]ییەوەیە.))(١٠٤: ٧٦) ئەم بەندەی بنداهیش شیکردنەوەیەکە بۆ دەقی ئاڤێستایی سەرەوە. هەروەها لە بەشێکی تری کتێبی "بنداهیش"دا کە سەبارەت بە سەروەری و مەزنیی خوڵقێنراوەکانە، هاتووە: ((رووباری درێژییە سەروەری سەرجەم رووبارەکانە، چونکە ماڵی پووروشەسپەی باوکی زەردەشتی بە بارەوەیە. زەردەشت لەوێدا لەدایک بوو.))(٥٤: ٨٩) کەواتە ماڵی پووروشەسپە کە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتە دەکەوێتە سەر گردێک لە نزیک رووباری درێژییە و ئەم رووبارەش لە ئەیریەنڤاچە. کەواتە ئەیریەنڤاچ زێدی زەردەشتە.

پێشتر ئاماژە بەوە دراوە کە ئەیریەنڤاچ یەکەمین نیشتمانە لەلایەن ئەهورامەزداوە خوڵقێنراوە و دووەمین وڵاتیش سوغد یان هەمان سەقزە کە دەکەوێتە باشووری ئەیریەنڤاچ. زەردەشت هەر لە زێدی خۆی واتا لە ئەیریەنڤاچ سرووشی پێدەگات و ئایینەکەی رادەگەینێ، بەڵام هەر زوو نەیارانی دینەکەی لە دژی رادەوەستن؛ بۆیە بڕیار دەدات بەرەو وڵاتانی دراوسێ کۆچ بکات. لە دوای کۆچکردن یەکەمین شوێن کە زەردەشت

---

[1] – لە دەقەکەدا ئەم وشەیە بەم شێوەیە هاتووە: زبەرەهێ e harabz کە بەواتای ڕێگای هەوراز و بەرزایی دێت.

[2] – بە باریەوەیە، واتا لە پاڵیەتی. بار بەواتای کەنار دێت بۆ نموونە زرێبار واتا کەناری زرێ.

لەلایەن ئەهورامەزداوە سرووشی پێدەگات، ئاویدەرە. لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە زەردەشت بۆ گەیشتن بە ئاویدەر لە دووەمین نیشتمان تێپەڕیوە، کەواتە نیشتمانی یەکەم کە هەمان ئەیریەنڤاچە، دەکەوێتە سنوورێکی دیاریکراوی نێوان باکووری سەقز، کە ئەویش بریتییە لە ناوچەکانی لای رۆژئاوا و باشووری دەریای ورمێ و ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و بچووک و دەشتی شارەزوور.

گوندی ئەمبێ، سلیڤانە و راژان و رووبار و چیاکانی دەوروپشتی و دەریای ورمێ، زێد و نیشتمانی رەسەنی زەردەشتن. (د. مەنوچیهری جاماسپ ئاسا) باسی شارێک دەکات لە کوردستاندا بەناوی ئاموئی یان ئام ڤی، و دەڵێت: ئەم شارە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتە.(١٦٢: ٦٦) گوندی ئەمبێ ناوچەی تەرگەوەڕی نزیک گوندی سلیڤانە و راژان لە رۆژئاوای دەریای ورمێ هەمان ئەم شارەیە کە جاماسپ ئاسا باسی کردووە.[1]

سەبارەت بە زێدی زەردەشت بۆچوونەکان زۆر و جیاوازن، (ئەرتەر کریستن سەن) لە کتێبی "مزداپرستی در ایران قدیم"دا سێ بۆچوونی دەسنیشان کردووە کە بریتین لە:

**١- بۆچوونی ئەوانەی رۆژئاوای ئێران بە زێدی زەردەشت دادەنێن.**

**٢- بۆچوونی ئەوانەی رۆژهەڵاتی ئێران بە زێدی زەردەشت دادەنێن.**

**٣- بۆچوونی ئەوانەی پێیانوایە رۆژئاوای ئێران زێدی زەردەشتە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ئێران ئایینەکەی بڵاوکردۆتەوە.(٤٤: ١٧)**

(ویلیام جەکسۆن) لە کتێبی "زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی کۆن"دا ناوچەی ئاگرپاد واتا کوردستان بە زێدی زەردەشت دەزانێ و دەڵێت: زەردەشت لە سەر رووباری درێژییە لە نزیک ورمێ و دەریای چەئیچەستە لەدایک بووە.(١٧٧: ٢٠٥-٢٠٧) (جەیمز هۆپ مولتۆن) زێدی راستەقینەی زەردەشت بە ئازەربایجان دەزانێت.(٢٠١: ٤٩) (کێنێت گوتری)یش ناوچەیەک لە نزیک دەریای چەئیچەستە و ورمێ بە زێدی زەردەشت دەزانێ.(٢٠٨: ٣)

---

١ - گۆڕی دایکی زەردەشت لە گوندی "ئەمبێ"یە. لە هەندێ سەرچاوە هاتووە کە دایکی زەردەشت خەڵکی شاری "رێگا" یان رێغای وڵاتی مادە کە توێژەران پێیانوایە هەمان ئەو شارەیە کە ئێستا بەناوی "رێی" دەکەوێتە نزیک تاران. توێژەری ئەم توێژینەوەیە رای وایە ئەم "رێگا"یە هەمان ئەو "راژان"ەی ئێستایە کە چەند کیلۆمەترێک لە ئەمبێ دوورە.

(د. ئیبراهیم پووررداود) ڕۆژئاوای ئێران بە زێدی زەردەشت دەزانێ و لە زمانی یاقووتییەوە دەڵێت: شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت لە نزیک شارەزوور و دینەوەرە.(٥١: ٤٤) بەم پێیە دەردەکەوێت، کوردستان زێدی زەردەشت بووە.

هەندێ توێژەری تریش لە بەرامبەر بۆچوونی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە زێدی زەردەشت دەزانن. لە وانە دەکرێ ئاماژە بە هێنریک ساموێل نویبۆرگ[1]، واڵتر بڕۆنۆ هێنینگ[2]، واڵتر هینتس[3]، ماری بۆیس[4]، جێراردۆ نیولی[5] بدرێت و زۆربەی توێژەرە ئێرانییەکانیش ئەم بۆچوونەیان پەسەند کردووە بۆ نموونە (جلال الدین ئاشتیانی) دەڵێت: زەردەشت لە ناوچەیەک لە نزیک دەریاچەی ئاراڵ و لەناو کۆچەرانی هەرێمی باکتریا ژیاوە.(٧٣: ٦٢) (هاشم ڕەزی) دەنووسێت: ڕۆژهەڵاتی ئێران و بەڵخ نیشتمانی زەردەشت بووە. ئەیریەنڤاچ شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتە. ئەم شوێنە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵات و نزیک خوارەزم.))(١٤٩: ٣٠) (د. ژاڵە ئاموزگار ) پێی وایە زەردەشت سەربە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە و بە دووری نازانێت خوارەزم زێدی زەردەشت بێت.(٢٣:٢٩٤) بێگومان زۆرن ئەو توێژەرانەی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کۆن بە زێدی زەردەشت دادەنێن و خوارەزمیش بە ئەیریەنڤاچ، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا دەکرێت زەردەشت لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆی واتا کوردستان دوور بکەنەوە[6].

---

١ – نویبۆرگ لە کتێبی دینهای ایران باستان دەنووسێت: ((زۆر ئاساییە کە بێ پەروایانە بڵێم ژیانی کۆمەڵایەتی تیرەی زەردەشت بۆ ئێرانی ڕۆژئاوا نامۆ بووە.))(١٥٤: ٤٩)

٢ – هێنینگ زێدی زەردەشت بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی خوارەزم لە نزیک ڕووباری جەیحون و سەیحون و مەرو و هەرات دەگەڕێنێتەوە.(١٤٤: ١١٣)

٣ – هینتس دەڵێت: زەردەشت بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی لە خوارەزم بەرەو بەڵخ یان باکتریا دەڕوات.(٩٧:٢٠٤)

٤ – ماری بۆیس لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە زێدی زەردەشت دەزانێ. (بەتایبەتی بڕوانە؛ ١٢٨: ٢٥٤)

٥ – جێراردۆ نیولی لە کتێبێکدا بەناوی سەردەم و زێدی زەردەشت بە وردی باسی ئەم بابەتەی کردووە و زێدی زەردەشتی بە خوارەزم داناوە. (بڕوانە؛١١٢: ١٢٥– ١٣٦).

٦ – توێژەرە فارسەکان بۆئەوەی دان بەوە دانەنێن کە زەردەشت لە کوردستان لەدایک بووە و تاوتوێی پرسی پەیوەندی زەردەشت بە کوردەوە نەکەن، ڕا و بۆچوونی ئەو توێژەرە ڕۆژئاواییانەیان پەسند کردووە کە زەردەشت بە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کۆن واتا ئەفغانستان و تاجیکستان و تورکستان دەبەستنەوە و بەم پێیە زێدی زەردەشتیان بۆ ئەو دیو سنوورەکانی ئێران بە تایبەتی ئەفغانستان و نزیک سنوورەکانی

لەم ناوەنـدەدا هەنـدێ تـوێژەری تـر هەن کە پێیـانوایە زەردەشـت لە رۆژئـاوای ئێران (کوردسـتان) لەدایک بـووە، بەڵام لە رۆژهەڵاتـی ئێران واتـا خـوارەزم و باکتریـا ئـایینەکەی بڵاوکـردۆتەوە. (زیهـنەر) دەڵێـت: زەردەشـت خەڵکی ماد بووە و دواتر بەرەو خوارەزم کۆچی کردووە، واتا ئەو شـوێنەی دواجار ڤیشتاسپ پشتیوانی لێدەکات.(٤٧: ٣٨) باشە ئەگەر زەردەشت بەهـۆی گوشاری نەیارانی ئایینەکەی بڕیاری کۆچکردن بدات بەرەو کوێ دەڕوات؟ بێگومـان روو لە هـۆزە دراوسـێکانی زێدی خـۆی دەکـات. پەنـا بـۆ خەڵکێک دەبـات کە لێـی نزیـک بـن و زمانەکەیـان بزانێـت و لێیـان تێبگـات و بتـوانێ هۆکـاری کـۆچکردنی خـۆی رابگەینێـت.[1] هەرگیـز زەردەشـت ناتوانێـت لە ناوچەکـانی نزیـک رووبـاری درێـژییە و دەریـای چەئیچەسـت، پتـر لە چەنـد هەزار کیلۆمەتر ببڕێت و بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی ئێران و بەرەو ناوچەی بەڵـخ بـڕوات. باشـە ئەوە هەرچۆنێـک بـوو خـۆی گەیانـدە ئەم شـوێنە، چـۆن تـوانی باسـی خـۆی و ئـایینەکەی بکـات و چـۆن تـوانی گاتـا پیرۆزەکـانی کە بەوپەڕی زمانزانییەوە داڕێژراوە و هەڵگری فەلسەفە و بیروباوەڕێکی قووڵە، بهۆنێتەوە و ئەوانیش لێی تێبگەن و باوەڕی پێ بێنن؟! بێگومان ناکرێت.

زەردەشـت لە ئەیرییەنڤاچ لەدایـک بـووە و ژیـاوە کە بەشـێکی کـۆن و گرنگی خاکی کوردستانی ئەمڕۆیە. کۆچی زەردەشت لە هەرێمی جوگرافیایی

---

نێـوان هیندوسـتان و چـین دوور کـردۆتەوە. ئەم تـوێژەرانە تەنیـا لەبەرئەوەی نەڵـێن زەردەشـت کـوردە، ئامـادەن بـیکەن بە ئەفغـانی و ئویغـوری و تەنـانەت چینـیش. بە رای ئەم تـوێژینەوەیە ریشـەی بۆچـوونی بـاکووری رۆژهەڵات و نـاوچە ناوبراوەکـان بـۆ زانیـاری هەڵەی ئەو زەردەشـتیانەوە دەگەڕێـتەوە کە لە هیندوسـتان نیشـتەجێن. دوای ئەوەی دەوڵەتی ساسـانی لەلایەن سـوپای ئیسـلامەوە رووخـا و لە ئەنجامـدا ئایینی ئیسلام بە ناو نیشتمانی ساسانیدا بڵاوبۆوە، کۆمەڵێکی زۆر لە زەردەشتییەکان بەرەو رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ئێران کۆچیان کرد و بە زۆری روویان دە هیندوستان کرد. بۆ ئەوەی جێگەی خۆیان بکەنەوە رایانگەیاند پێغەمبەرەکەیان لە باکووری وڵاتی ئەوان لەدایک بووە. دواتر کە رۆژهەڵاتناسـان بە مەبەسـتی ناسـینی ئـایینی زەردەشـتی روویـان دە هیندوسـتان کـرد، ئەم بابەتەیـان لە پیـاوانی دینیـی ئـایینی زەردەشتی بیست و بەم جۆرە ئەم هەڵەیە ڕێی کەوتە ناو بازاڕی لێکۆڵینەوەی رۆژئاواییەکان. بۆ زانیـاری زیاتر سەبارەت بە کۆچی زەردەشتییەکان بۆ هیند، بڕوانە؛ (٢٩: ٥٣-٥٥)

١ - بۆ نموونە کاتێک محەمەد (د.خ) ئایینی ئیسلامی ئاشکرا کرد، پاش مـاوەیەک بەهـۆی گوشـاری نەیارەکـانی بڕیاری کۆچکردنی دا. پێغەمـبەری ئیسـلام و هـاوەڵانی بەرەو هـۆزە عەرەبەکـانی نـاوچەی مەدینـە کۆچیـان کرد. بۆ ناو میللەتێک کە لە رووی کولتوور و زمانەوە لێیان نزیک بوون، نەک بەرەو ئێران یان بیزەنت یان شوێنێک کە چەند هەزار کیلۆمەترێک لێیان دوور بێت و شارەزای زمان و دابونەریتیان نەبن.

زێدی خۆی دەرنەچووە و ئەو هۆز و تیرە و دەسەڵاتە بچووکە ناوچەیییەش کە پەنای پێ داوە، سەربە تیرەیەکی هاوزمانی خۆی بووە، چونکە بە تەواوی لە زمان و هزر و گوتاری زەردەشت تێگەیشتوون.

بۆچوونی (کریستن سەن) بەپێچەوانەی بۆچوونی زیهنەرە. ناوبراو پێیوایە ئایینی زەردەشتی پێشتر لەناو هۆزە ئارییەکان بەرلەوەی کۆچ بکەن بڵاوبۆتەوە و دواجار هۆزەکانی ماد و پارسی کاتێک لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی پ.ز بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە، ئەم ئایینەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە.(٤٤: ٣٤) لە راستیدا مادەکان لە هۆزە رەسەنەکانی دانیشتووی زاگرۆسن و لە رۆژهەڵاتەوە بۆ ئەم شوێنە نەهاتوون تاکو ئەم ئایینەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابێت. هۆزەکانی پارسی کە کریستن سەن ئاماژەی پێداون، هەمان ئەو (پەرتوە[1])یانەن کە لە کوردستاندا نیشتەجێبوونە و دواتر بەرەو باشووری کوردستان واتا ناوچەی ئیلام کۆچیان کردووە. ئەم هۆزانە لەگەڵ مادەکان سەر بە یەک کۆمەڵەی زمانین، کە ئەویش زمانی کوردی زاگرۆسییە. کەواتە ئەم هۆزانە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا هیچ کۆچێکیان ئەنجام نەداوە تاکو هیچ دینێکیان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەم ناوچەیە هێنابێت.

بەسەرهات و ژیانی زەردەشت لە ئاڤێستای سەردەمی ساسانییدا لەناو سێ نەسک بەناوی سیپەنت نەسک، چیهردات نەسک و ڤیشتاسپ ساستدا تۆمارکرابوون. ئەم سێ نەسکە لەناوچوونە، بەڵام کورتەی ناوەڕۆکی هەر سێکیان لە کتێبی هەشتەمی دینکەرددا تۆمارکراوە کە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ سەرجەم ئەو کتێبە پەهلەوییانەی سەبارەت بە ژیانی زەردەشت نووسراون.[2]

١ – لە دەوروبەری ٨٤٠ی پ.ز پاشای ئاشووری لە کاتی هێرشکردنە سەر کوردستان ئاماژە بە ناوی دوو هۆز دەکات کە بە مادای و پەرتوی ناوی هێناون. پەرتوی لەلایەن ئێراننناسە بیانییەکانەوە بە هەڵە بە پارسی (فارس) دانراوە، لە راستیدا ئەم ناوە هیچ پەیوەندییەکی بە پارس یان فارسەوە نییە، چونکە فارسەکان لە دوای هاتنی ئیسلام وردەوردە لە تاجیکستانەوە بەرەو دەشتەکانی خوراسان شۆڕبوونەوە و دواتر بەرەو ناوەندی ئێرانی ئێستا بەڕێ کەوتن و پێیدا بڵاوبوونەوە. ئەم (پەرتوی)یانەی ئاماژەی پێدرا هەمان باوباپیرانی کوردە لوڕ و کەڵهوڕەکانن کە دواتر زمانی پەهلەوی باشووری و لەم سەردەمەشدا بەشێک لە زاری خوارووی ئێستای کوردیان پێکهێناوە.

٢ – بۆ خوێندنەوەی کورتەی ئەم سێ نەسکە بڕوانە بەرگی دووەمی نوسخە پەهلەوییەکەی کتێبی دینکەرد کە لەلایەن "مادان"ەوە چاپ کراوە بە ناونیشانی (Pahlavi Dinkard, II, Madan, p 687-690) هەروەها کتێبی (Pahlavi texts, IV, E. W. West, p 23-31) و (The Dinkard VIII, Part I,II, Sanjana)

ژیانی زەردەشت وەکو زۆربەی ناودارانی جیهانی کۆن تێکەڵ بە ئەفسانە بووە، دەکرێ لەناو ئەم ئەفسانانە پەی بە ژیان و سەردەمی زەردەشت ببرێت. لە کتێبی حەوتەمی دینکەرد کە لەسەر بنەمای دەقی ڕەسەنی ئەم سێ نەسکەی سەرەوە ڕێکخراوە، بە درێژی باسی ڕووداوەکانی پێش لەدایکبوون، لەدایکبوون، گەشەکردن، بوون بە پێغەمبەر، کۆچکردن، پەنابردن بۆ کەڤی ڤیشتاسپە و کوژرانی زەردەشت کراوە.

لە دینکەردی حەوتەمدا هاتووە: زەردەشت لە تەمەنی سی ساڵیدا لەلایەن ئەهورامەزدا[1] بە پێغەمبەری هەڵبژێردرا.(١٢٠: ٢٢٨، ٢٣١، ٢٤١) بەپێی کتێبی ریوایەتی پەهلەوی زەردەشت بۆ یەکەمین جار لە ئەیریەنڤاچ لە ئاتورپاتیگان سرووشی بۆ دابەزی و بۆ ماوەی دە ساڵ لەوێدا مایەوە و لەم دە ساڵەدا زۆری ناخۆشی دیت.(١٣٧: ٣٠٩) دواجار پەنای بۆ کۆشکی کەڤی ڤیشتاسپە برد و ئایینەکەی ئاڕاستەکرد. دوو ساڵی خایاند تاکو کەڤی ڤیشتاسپە دانی بە زەردەشت و ئایینەکەی دانا.(١٢١: ٧١) بەپێی ئەم دەقە پەهلەوییانە ئاشکرایە کاتێک کەڤی ڤیشتاسپە دێتە سەر ئایینی زەردەشتی، تەمەنی زەردەشت ٤٢ ساڵە.

لەم توێژینەوەیەدا لە بەشی "مێژووی ئەفسانەیی کورد"دا بەپێی دەقە ئەفسانەییەکانی ئایینی زەردەشتی خشتەیەک سەبارەت بە مێژووی ئەفسانەیی کورد ڕێکخراوە. ساڵانی فەرمانڕەوایەتی کەڤی ڤیشتاسپە بەپێی ئەم خشتەیە دەکەوێتە نێوان (١٠٦٧-٩٤٧)ی پ.ز. هەروەک ئاشکرایە کەڤی ڤیشتاسپە لە سێیەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا دێتە سەر دینی زەردەشت، واتا لە ١٠٣٧ی پ.ز ئایینی زەردەشتی بە شێوەیەکی فەرمی لە کۆشکی کەڤی ڤیشتاسپە پەسند دەکرێت. زەردەشت لەم کاتەدا بەپێی دەقە پەهلەوییەکان تەمەنی ٤٢ ساڵە. بە کۆکردنەوەی تەمەنی زەردەشت (٤٢) و ساڵی پەسندکردنی ئایینی زەردەشتی لە کۆشکی ڤیشتاسپە (١٠٣٧)، ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت (١٠٧٩)ی پ.ز دەستدەکەوێت. لە کتێبی دینکەرددا ئاماژە بەوە دراوە زەردەشت لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا دەکوژرێت.(١٢٠: ٢٤٧) بە

---

١ - ناوی ئەهورامەزدا لە دەقە پەهلەوییەکاندا گۆڕانکاری تێ کەوتووە و بۆتە ئەورمەزد، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەر شێوە ئاڤێستاییەکەی کە هەمان ئەهورامەزدایە بەکاربراوە.

کەمکردنەوەی ژمارەی ٧٧ لە ١٠٧٩ ساڵی کۆچی دوایی زەردەشت دەستەبەر دەکرێت. بەم جۆرە زەردەشت لە ١٠٧٩-١٠٠٢ی پ.ز ژیاوە.

کــۆنترین مێژوونـــووس کە باســـی ســـەردەمی زەردەشـــتی کردبێـــت، (خسانتوســـی لیـــدیای)یە. (هومبـــاخ) دەڵێـــت: ئەم مێژوونووســـە گـــریکییە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە کە زەردەشت شەش سەد ساڵ بەر لە شەڕی هێلسپۆنت ژیاوە.(٢٠٠: ١١) شەڕی هێلسپۆنت لە ٤٨٠ی پ.ز لە نێوان ئێران و یۆنـــان روویـــداوە.(٦: ١١٠) واتـــا ٤٨٠+٦٠٠=١٠٨٠ ئەوە ئەو ژمـــارەیە کە خسانتوسی مێژوونووسی جیهانی کۆن بەدەستەوەی دەدات. جیاوازیی ئەم ژمارەیە لەگەڵ ئەم ساڵەی کە لەم توێژینەوەیەدا لە دوای تاوتوێکردنی دەقە کۆنەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمی زەردەشت دەسکەوتووە، تەنیا یەک ساڵە. هەندێ توێژەری تری وەکو جەکسۆن، کریستن سن، پوورداود و ...هتد کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز بە سەردەمی ژیانی زەردەشت دەزانن کە بۆچوونەکانیان لەم بارەوە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هاوتەریبە.[١]

١ - ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەکو ساڵ و سەردەم و شوێنی ژیانی زەردەشت دیاری کراوە، بەپێی دەقە کۆنە ئەفسانەیی و ئایینییەکانی میللەتی کورد بووە. بۆیە لەم کارەدا تاکرابێت سەرجەم وردەکارییەکانی ناو دەقە ئاڤێستایی و پەهلەوییەکان رەچاوکراون.

## • ئاڤێستا

**مێژووی ئاڤێستاناسی:**

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەمی زایینی ئیتر رۆژهەڵاتناسان کەرەسەیەکی یەکجار زۆریان لەبەر دەستدا بوو لە بواری لێکۆڵینەوە لە دابونەریت و بیروباوەڕ و مێژووی میللەتانی رۆژهەڵات و وردەوردە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەیان بڵاودەکردەوە.

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکان لەو کاتەدا کتێبی "ئایینی ئێرانی" بوو. ئەم کتێبە ((لە ساڵی ١٧٠٠ی ز. لەلایەن تۆماس هاید لە ئۆکسفۆرد بڵاوکراوە.))(٧٨:٤٦٩) لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دراوە زەردەشت مامۆستای فیساغورس بووە و هەروەها پێشبینی پێغەمبەرایەتی (عیسا مەسیح)ی کردووە.(٧٩:١٣) (تۆماس هاید) لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە سوودی لە کۆمەڵە سەرچاوەیەک وەرگرتووە کە لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە نووسراون یان لەلایەن گەڕیدە و توێژەرەکانی تر لە رۆژهەڵاتەوە هێنراون. ((جگە لە بەرهەمی مێژوونووسە کلاسیکە یۆنانی و رۆمییەکان، سوودی لە بەرهەمی مێژوونووسە ئیسلامییەکان و کتێبی سەددەر، ئەرداڤیرازنامەگ و فەرهەنگی جەهانگیری وەرگرتووە.))(٣٩:٢٥) (د.ماری بۆیس) دەڵێت: ئەم کتێبە پتر لە هەفتا ساڵ جێگەی متمانە و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ سەرجەم ئەکادیمییەکان بوو.(٢١٠: ١٩٤)

یەکێک لەو کەسانەی ئەم کتێبەی خوێندەوە و کاری تێکرد، توێژەرێکی لاوی فەڕەنسی بەناوی (ئەنکتیل دوپرۆن) بوو. (دوشن گیمن) دەڵێت: ئەگەر دوپرۆن ئەم کتێبەی نەخوێندبایەوە رەنگە هەرگیز بیری لە دۆزینەوەی دەستنووسەکانی ئاڤێستا نەکردبایەوە.(٧٨: ١٣)

لە راستییدا ئاڤێستاناسی بە شێوازێکی زانستی و بە شێوەیەکی فەرمی لەسەر دەستی (ئەنکتیل دوپرۆن)، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم دەسپێدەکات. (پرۆفیسۆر کای بار) دەڵێت: بۆ یەکەمین جار ئەنکتیل دوپرۆن لە سورات[1]، لە خزمەت (دەستوور داراب) دەقە کۆنەکانی خوێندەوە و لەسەر

---

١ - ناوی شارێکە لە هیندوستان. ئەنێکتیل دوپرۆن لە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٧٥٥ لە فەڕەنساوە بەرەو هیندوستان دەڕوات. لە ساڵی ١٧٥٨ تاکو ١٧٦١ لە سورات دەمێنێتەوە و لەوێ لەسەر دەستی مامۆستاکەی

بنەمای دابونەریتی زەردەشتییەکان ئەم دەقانەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی و لە ساڵی ١٧٧١ لە پاریس بڵاوی کردەوە.(١٠٩: ١٤١) وەرگێڕانی ئاڤێستا و بنداهێش و دانانی فەرهەنگی زەند و پەهلەوی و فارسی لەلایەن دوپرۆن ئەورووپای ورووژاند. (٣٩: ٢٧)

پایەکانی ئاڤێستاناسی لەگەڵ هەوڵەکانی (ئوژێن بورنوف) پتەوتر بوو. ئەم رۆژهەڵاتناسە فەڕەنسییە زانی کە زمانی سەنسکریت زۆر لە زمانی ئاڤێستایی نزیکە و بۆ تێگەیشتن و وەرگێڕانی ئاڤێستا دەبێ پشت بە "ریگ ڤیدا[1]"ی کتێبی هیندییەکان ببەسترێت. (بورنوف) لە ساڵی ١٨٣٣دا (هات)ی یەکەمی (یەسنە)کانی لەسەر بنەمای ریگ ڤیدا وەرگێڕا.(٧٦:٥٠) کاتێک بورنوف لە ساڵی ١٨٥٢دا کۆچی دوایی کرد، دوو کتێبی گرنگ بڵاوکرانەوە. یەکەم ئاڤێستای (وێستێرگارد) و ئەوی تریان ئاڤێستای (شپیگل) بوون. ئاڤێستای شپیگل بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی (یوستی) لە ساڵی ١٨٦٤دا کتێبێک بە مەبەستی فێرکردنی زمانی ئاڤێستایی بنووسێت. (وێست) کە پێشتر لە هیندوستان فێری زمانی ئاڤێستایی، پەهلەوی و سەنسکریت ببوو، لە ساڵی ١٨٧١دا ئاڤێستای وەرگێڕا و چاپی کرد.(٣٩: ٣٨-٤٣) لە ساڵی ١٨٨٠دا (جیمز دارمستەر) کتێبی زەندی ئاڤێستای بڵاوکردەوە.[2] جلیل دوستخواە دەڵێت: دارمستەر لەم بەرهەمەدا لە هەر شوێنێک کە دەقە ئاڤێستاییەکە ئاسان بووە، راستەوخۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و لە هەر شوێنێک دەقە ئاڤێستاییەکە ئاڵۆز بووە، هانای بۆ زەندی ئاڤێستا بردووە کە تەفسیری ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوییە.(٧٦:٥٠) لە ساڵی ١٨٨٦دا (کارڵ گێلدنێر) زیاتر لە ١٥٠ دەسنووسی ئاڤێستای لەگەڵ یەکتردا بەراورد کرد، هیچکام لەم دەسنووسانە بەسەر یەکەوە سەرجەم دەقەکانی ئاڤێستایان لەخۆ نەگرتبوو. واتا هەر یەک لە دەسنووسەکان بەشێک یان چەند بەشێکی ئاڤێستایان لەخۆ

---

بەناوی دەستورداراب فێری زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی دەبێت. ئەنێکتیل ئاڤێستای وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی و لە ساڵی ١٧٧١دا بڵاوی کردەوە.(٥١ :٣٠)

١ - کتێبی ئایینی هیندوسەکان ناوی (ریگ ڤیدا)یە. ڤیدا بەواتای بن، بنەوان، زانست و رووناکی دێت. ریگ ڤیدا لە چوار کتێب پێکهاتووە کە بریتین لە: سامهیتا، براهمانەس، ئارانیاکاس و ئوپانیشید. مێژووی سروودە ئایینییەکانی هیندوسەکان بۆ دەوروبەری ١٢٠٠ی پ.ز دەگەڕێتەوە.(٧٥ :٤٧-٥٢)

2-THE ZAND-AVESTA, part I, II,III, Translated by, JAMES DARMESTETR, Oxford University Press, 1880.

گرتبوو، بۆیە گێڵدنێر لە سەرجەم ئەم دەسنووسانە ئاڤێستایەکی ڕێکخست کە گشت بەشەکانی ئاڤێستا، بەپێی دەسنووسەکان لەخۆ بگرێت.[1]

بەرهەمەکانی (بارتلۆما) وەکو "پێشینەی زمانە ئێرانییەکان لە قۆناغی پێش مێژوو" و "زمانی ئاڤێستایی و پارسی کۆن" لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم، لاپەڕەیەکی نوێی لە بواری توێژینەوەی ئاڤێستادا هەڵدایەوە کە تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، سەرچاوەی باوەڕپێکراون.(٧٦: ٥١) لە سەدەی بیستەمدا ئاڤێستاناسی لەسەر دەستی ژمارەیەک ئاڤێستاناسی مەزن گەشە دەکات. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی هەندێکیان دەکرێت وەکو بینونیست، یونکەر، دومزیێل، هینینگ، هێرتسفێلد، نیوبێرگ، کریستنسن، ئەنکلساریا، کانگا، مۆدای و...هتد.

ئاڤێستاناسی لە ئێراندا لەسەر دەستی (د. ئیبراهیم پووورداود) لە ساڵی ١٩٢٨دا بە وەرگێڕانی ئاڤێستا بۆ سەر زمانی فارسی دەسپێدەکات. ئێستا ساڵانە لە ئێران دەیان کتێب و بەرهەمی نوێ سەبارەت بە ئاڤێستا و زمانی ئاڤێستایی بڵاودەکرێتەوە. لە زانکۆکانی ئێراندا زمانە کۆنەکانی ئێران و ئاڤێستاناسی دەخوێندرێت و بەردەوام نامەی ئەکادیمی لەسەر دەنووسرێت و ساڵانە پۆلێک توێژەر و شارەزا لەم بوارە بڕوانامەی ئەکادیمییان پێدەبەخشرێت.[2]

### سەربردەی ئاڤێستا:

بەپێی دەقە پەهلەوییەکان، لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا ژمارەیەک پاشا هەوڵی کۆکردنەوە و یەکخستنەوە و نووسینەوەی ئاڤێستایان داوە. بۆ

---

1- AVESTA, parts I, II, III, Edited by KARL F. GELDNER, Stuttgart, 1886.

٢ - بەداخەوە کورد کە خاوەنی سەرەکی ئەم میراتە کولتوورییەیە، پشتی تێ کردووە و هیچ جوولەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا بەرچاو ناکەوێت. تەنیا پشتی بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانە بەستووە کە بە زمانی فارسی و جارجارەش زمانێکی ئەورووپی بڵاودەکرێنەوە. توێژینەوە لە زمان، ئەفسانە، فەلسەفە و بیروباوەڕی ئاڤێستایی زانینی ئەم زمانە دەخوازێت و دەبێ کورد راستەوخۆ کار لەسەر خودی دەقەکان بکات، بەم جۆرەیە دەردەکەوێت پشکی راستەقینەی کورد لە زمان و کولتووری ئاڤێستاییدا چەندە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە دەقەکان راستەوخۆ لە زمانی ئاڤێستایی بخاتە بەر سەرنجی لێکۆڵینەوە و لە جۆری خۆیدا ئەوە رەنگە یەکەمین هەوڵی زانستی لەناو زانکۆکانی باشووری کوردستان بێت کە هیوادارین ببێتە سەرەتا و کەسانی تر بێن و راستەوخۆ لە دەقە رەسەنەکانی ئەم میراتە کولتوورییە بکۆڵنەوە.

نموونه له دینکەردی چوارەمدا هاتووە: ڤیشتاسپ ژمارەیەک نێردراوی ڕەوانەی لای حاکمانی ویلایەتەکانی دراوسێی خۆی کرد، تاکو بێنە سەر ئایینی زەردەشتی و هەوڵی دا پەڕاوی ئایینی مەزداپەرستی لەناو ئەم خەڵکەدا بڵاوبکاتەوە. ئینجا لەدوای ئەوە دارای دارایان[1] فەرمان دەدات سەرجەم ئەو ئاڤێستا ڕەسەنەی کە زەردەشت لە ئەهوورامەزدا وەریگرتووە، لەگەڵ تەفسیری ئاڤێستا بە دوو نوسخە لەبەری بگیرێتەوە و یەکێکیان لە گەنجینەی پاشایەتی و ئەوی تریان لە قەراتەنپیست[2] دابنرێن. دوای ئەوەی ئەسکەندەر هێرشی کرد و کاولکارییەکی زۆری کرد. ئاڤێستا پەڕپەڕ بوو و هەر پارچەیەکی بە شار و دێ و وڵاتێکدا بڵاوبۆوە.[3] لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکاندا[4] فەرمانداندرا سەرجەم پەڕاو و بەشەکانی

١ – مەبەست لە دارای دارایان داریوشی سێیەم، دوایین ئیمپراتۆری هەخامەنیشییە.(٤٧: ٢٥٢)

٢ – قەراتەنپیست یان کەراتەنپیست، ناوێکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە. کەرات(قەرات) یان (قەڵا) و (نپیست) واتا نووسین، نڤیسین، بەسەر یەکەوە دەبێتە (قەڵاتی نووسین) واتا ئەو قەڵایەی کە نووسینی تێدا دەپارێزرێت. دەکرێ بە (کتێبخانەی نەتەوەیی)یش دابنرێت. بەداخەوە توێژەرانی فارس لە کاتی وەرگێڕانی دەقە پەهلەوییەکان بۆ سەر زمانی فارسی tFpᥰaTULk (کەراتی نپیست)ی پەهلەوییان بە (دژنبشت) ساغ کردۆتەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری ساغکردنەوەکانیان لەسەر دەقە پەهلەوییەکان بەم شێوازەیە تاکو چەندی دەکرێ لە زمانی فارسی نزیک بکرێتەوە.

٣ – لە کتێبی "ئەرداڤیرازنامەگ"دا هاتووە: ئینجا ئەهریمەنی درۆزنی دوژرەفتار(بەد ڕەفتار) بۆ ئەوەی سەبارەت بەم ئایینە (ئایینی زەردەشتی) گومان بخاتە ناو دڵی خەڵکەوە، ئەسکەندەری لادەری ڕۆمی لە خشتەبرد و (ئەویش) هێرشی کردە سەر نیشتمانی ئارییەکان و پاشای ئارییەکانی کوشت و وڵاتی وێران کرد و سەرپاکی ئاڤێستا و زەندی سووتاند کە بە ئاوی زێڕ لەسەر پێستی خۆشکراوی گا نووسرابۆوە و لە قەراتەنپیست دانرابوو.(بڕوانە: ١٠٧: ٤٢. هەروەها ١٠٤: ١٤٠) سووتاندنی ئاڤێستا لە سەر دەستی ئەسکەندەر چیرۆکێکی هەڵبەستراوە و پێشەوایانی دینی زەردەشتی بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ نەبوونی ئاڤێستایەکی یەکدەست کە سەرجەم دەقە ئاڤێستاییەکانی لەخۆ گرتبێت، ئەم چیرۆکەیان داهێناوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئاڤێستا بە دوو نوسخە پارێزرابێت و ئەسکەندەر یەکێکیانی سووتاندبێت و ئەوی تری بۆ یۆنان ڕەوانە کردبێت، ئەدی چۆن لە سەردەمی ساسانییەکان بەشە بڵاوبووەکانی ئاڤێستا کۆکرانەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە دوای هێرشی ئەسکەندەر کاتێک دینی زەردەشتی و ئاڤێستا کەوتنە مەترسییەوە، پێشەوایانی دین، ئاڤێستای نووسراویان ڕادەستی ئەو بنەماڵانە کرد کە ئەرکیان پاراستنی ئاڤێستا بوو. ئەو کەسانەی لێپرسراوی پاراستنی دەقە ئاڤێستاییەکان بوون لە بنەماڵەی موغان و مەنتەرەخوێن(واتا ئەوانەی ئەرکی لەبەرکردنی ئاڤێستایان لە ئەستۆیە) بوون، ئەوانیش بە مەبەستی پاراستنی ئاڤێستا پەنایان بۆ ناوچە بەرز و شاخاوییەکان برد. دواتر کە بڕیاری کۆکردنەوەی ئاڤێستا درا، ئەم پیر و موغانە ئەو بەشانەی ئاڤێستا کە پشتاوپشت پاراستبوویان، ڕادەستی لیژنەی کۆکەرەوەی ئاڤێستا کرد و بەم جۆرە لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا ئاڤێستایان کۆکردەوە و ڕێکیان خستەوە.

٤ – لە سەردەمی ئەشکانییەکان ولەخش یان بلاشی یەکەم (٥١–٧٨ی زایینی) فەرمانی دا ئەو بەشانەی ئاڤێستا کە بە شێوەی سەرزاری پارێزراون و ئەوانەی کە نووسراونەتەوە و بە شار و دێهاتەکاندا بڵاوبوونە،

ئاڤێستا کە بۆ شار و وڵاتان برابوون، سەرلەنوێ کۆبکرێنەوە. دوای ئەمە ئەردەشێری بابەکان دەستوورێکی[1] بەناوی تۆسەر[2] (تەنسەر) راسپارد سەرجەم ئاڤێستا و زەند (تەفسیری ئاڤێستا) کۆبکاتەوە و لەناو دەسنووسە جۆربەجۆرەکاندا کامەیان باوەڕپێکراوترە، هەڵبژێرێت و ئاڤێستا و زەندی راستەقینە دیاربکات. لە قۆناغی دواتردا شاپوور[3]ی کوڕی ئەردەشێر سەرجەم ئەو بەشانەی تری ئاڤێستای کۆکردەوە کە تایبەت بوون بە پزیشکی، ئەستێرەناسی، جوگرافیا و هی تر کە لە وڵاتانی تری وەکو هیندوستان و رۆم و وڵاتانی تر بڵاوببوونەوە. سەرجەم ئەم بەشانەی خستەوە سەر بەشەکانی تری ئاڤێستا و لەناو گەنجینەی پاشاییدا داینا. ئینجا شاپوور[4]ی کوڕی هۆرمیزد بە مەبەستی ئەوەی هیچ گومانێک لە دەقە کۆکراوەکانی ئاڤێستادا نەمێنێت و کۆتایی بە هەموو مشتومڕێکی ئایینی بێنێت، ئایرپاد میهراسپەندانی[5] راسپارد بە ئاڤێستادا بچێتەوە. دوای ئەوە خوسرەوی کوڕی قوباد گرنگی بە بڵاوبوونەوەی پەروەردە و رێنوێنییەکانی ئاڤێستا لەناو کۆمەڵانی خەڵک دا.(١٩٢: ٤١٢-٤١٥)

بەپێی ئەم دەقە بێت، دەبێ ئاڤێستا لە سەردەمی خودی زەردەشت نووسرابێتەوە، چونکە ڤیشتاسپ دوای ئەوەی دێتە سەر ئایینی زەردەشت

---

کۆبکرێتەوە.(بڕوانە: ٧٦ :١٥) هەندێ توێژەر کۆکردنەوەی ئاڤێستا لە سەردەمی ئەشکانییەکان بۆ ولەخشی سێیەم (١٤٨-١٩١ی زایینی) دەگەڕێننەوە.(بڕوانە: ١٥٤: ٤٠٩)

٢ - وەزیر، راوێژکار.

٢ - توسەر یان (تەنسەر) پلەیەکی بەرزی ئایینی لە سەردەمی ئەردەشێری بابەکان هەبووە و بە هیرپەدانی هیرپەد(سەرۆکی ئەئیترەپەئیتی)یەکانی سەردەمی خۆی دانراوە. لەلایەن ئەردەشێری بابەکان راسپێردرا سەرلەنوێ ئاڤێستا کۆبکاتەوە. پیاوانی ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە سەر سێ توێژ یان پلە دابەش دەبن و ئەمانەش بریتیین لە: ١- مۆپەدان(مۆغو)ەکان ٢- هیرپەدان(ئەئیترەپەئیتی)یەکان ٣- ئاورپەدان(ئاترەڤەن).(بڕوانە:١٥٨: ٤٤،٤٥) مۆپەد بەواتای زانا و پێشەوای ئایینییە و لە ئاڤێستادا بە شێوەی مۆغو uGOm هاتووە. هیرپەد بە واتای مامۆستا و فێرکاری ئایینییە، لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئەئێترەپەئیتی i t i a p a r q e a هاتووە. (ئەئێتریە) واتا قوتابی و (پەئیتی)ش بە واتای پەروەردەکردن دێت و بە سەر یەکەوە واتا ئەو کەسەی کاری پەروەردەکردنی ئایینی لە ئەستۆیە، هەروەها ئەرکی دادوەریشی لە ئەستۆیە. ئاورپەد لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئاترەڤەن $auuar q A هاتووە کە بە واتای پارێزەری ئاگر یان ئاگرەوان دێت.

٣ - شاپووری یەکەم (٢٤١-٢٧١)

٤ - شاپووری دووەم (٣٠٩-٣٧٩ زایینی)

٥ - ئایەرپاد میهراسپەندان یەکێک لە مۆبەدە مەزنەکانی سەردمی ساسانییەکانە کە لە سەردەمی شاپووری دووەم دەستوورانی دەستوور (راوێژکاری مەزن)ی دەوڵەتی ساسانی بووە.(بڕوانە:٨٩: ٤١٤)

هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە لەناو هۆزەکانی دراوسێی خۆی دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش پەڕاوە ئایینییەکانی ئەم ئایینە لەناو خەڵکی بڵاودەکاتەوە؛ ئەگەرچی رای جیاواز هەیە سەبارەت بە قۆناغەکانی نووسینەوەی ئاڤێستا، بەڵام بەشی گاتاکان کە بۆ سەردەمی خودی زەردەشت دەگەڕێتەوە و بە سروودی زەردەشت خۆی دادەنرێت، بە شێوە نووسینێکی تایبەت بە دانیشتووانی سنووری ئەیرییەنڤاچ لە رۆژگاری میرایەتیی کەڤی ڤیشتاسپ نووسراوەتەوە.[1] (هۆمایونی فەرۆخ) لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە مێژووی نووسین دەنووسێت: ((لەو رۆژگارەی کە ئاڤێستا بە زمانی ئاڤێستایی دانراوە، خەت و نووسین هەبووە و هەر لە سەرەتاوە ئاڤێستا نووسراوەتەوە.))(١٥٣: ٢٥١) هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەم خەتەی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە، جۆرە خەتێکی وێنەیی بووە.(١٥٣: ٢٤٦)

هەروەها لەم دەقەی سەرەوەدا خاڵێکی گرنگ بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە دارای دارایان رێک لە دوای ڤیشتاسپ وەکو کەسێک ناوی هاتووە کە فەرمانی کۆکردنەوەی ئاڤێستای داوە. لەم فەرمانەدا دارای دارایان داوای کۆکردنەوەی ئاڤێستای رەسەن و تەفسیری ئاڤێستا دەکات. کەواتە لەم سەردەمەدا بە تەواوی لە دەقی ئاڤێستا تێنەگەیشتوونە بۆیە سروودەکانی ئاڤێستایان شی کردۆتەوە و ئەم شیکردنەوەش بە تەفسیری ئاڤێستا ناسراو بووە. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەو ئاڤێستایەی لە سەردەمی زەردەشت نووسراوەتەوە تەنیا گاتاکان بووە. بێگومان گاتاکانی زەردەشت لە سەدەکانی دوای رۆژگاری زەردەشت شیکردنەوەی بۆ کراوە، چونکە (د. محەمەد موعین) لە کتێبی "مزدیسناوادب پارسی"دا دەڵێت: لە سەردەمە کۆنەکان بەرلەوەی زمانی پەهلەوی باو بێت، بە زمانی ئاڤێستایی تەفسیرێک

---

[1] – هەندێ توێژەر پێیان وایە هیچ دەقێکی ئاڤێستایی تاکو سەردەمی ساسانییەکان نەنووسراوەتەوە و هەر بەشێوەی سەرزاری بووە.(بڕوانە: ١٥٤: ٤١٦،٤١٧) بێگومان ئەزبەرکردنی ئاڤێستا هەر لە سەردەمی خودی زەردەشت بە بابەتێکی گرنگی ئایینی دانراوە، رەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێت کە گرنگی بە دەقی نووسراو نەدراوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو ئاڤێستایەی بە فەرمانی فەرمانڕەواکان نووسراوەتەوە، لە دوو نوسخە هەڵگیراوە و لەناو خەڵکی ئاسایی بە تیراژێکی زۆر لەبەر دەستدا نەبووە، بۆیە هەندێ کەس ئەرکی لەبەرکردنی ئاڤێستایان لە ئەستۆ بووە؛ بەتایبەتی هەندێ لە موغانی ئایینی کە بە مەنتەرەخوێنەکان ناسراون، واتا ئەو کەسانەی سرووده پیرۆزە ئایینییەکان بە لەبەر دەخوێننەوە، ئەرکی لەبەرکردنی ئاڤێستایان لە ئەستۆبووە.

بۆ ئاڤێستا نووسراوەتەوە و ئەم تەفسیرە لەناو ئاڤێستادا وەها لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکە تێکەڵ بووە کە ئاڤێستاخوێنەکان تەفسیر و دەقە ڕەسەنەکەیان لێک نەکردۆتەوە.(١٢٦: ٢٠٩) کەواتە هەر لە سەردەمی خودی زەردەشت دەست بە نووسینەوەی ئاڤێستا کراوە، بەڵام دواتر کە بە باشی لە ئاڤێستا تێنەگەیشتوون، تەفسیریان لەسەر نووسیوە و ئەم تەفسیرەش لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکە پێکەوە نووسراونەتەوە. ئەو کەسانەی ئەرکی لەبەرکردنی دەقە پیرۆزەکانیان لە ئەستۆ بووە بە تێپەڕبوونی کات ئیتر دەقی ڕەسەنی ئاڤێستا و دەقی تەفسیری ئاڤێستایان لێک نەکردۆتەوە. مەبەست ئەوەیە کە تەفسیر لەسەر دەقی نووسراو کراوە نەک لەسەر دەقی سەرزاری، بۆیە دواتر ئەوانەی لەبەریان کردووە و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان گواستوویانەتەوە، دەقی ڕەسەنی ئاڤێستا و تەفسیرەکەیان لێک نەکردۆتەوە. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێت کە ئەو تەفسیرانەی لە سەردەمی ساسانییەکان بۆ ئاڤێستا کران لە دوای قۆناغی کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئاڤێستا بوو نەک لەو کاتەدا کە بە شێوەی سەرزاری لای مۆغەکان و کەسانی تر پارێزرابوون.

## زەند:

تەفسیری ئاڤێستا لە سەردەمی ساسانییەکان بە زەند ناوبراو بووە، بەڵام لەڕاستییدا وشەی زەند وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە. لە ئاڤێستا یەسنای ٥٧، کەرتی ٣ بەندی ٨دا بەشێوەی I t N iazA ئازەیەنتی بەواتای شیکردنەوە و زانین هاتووە.(٢٠٥: ١٩٤) دەقی ئەم بەندەی ئاڤێستا بەم جۆرەیە: ڕێز دەگرین لە ((یەکەمین کەس کە هۆنییەوە، پێنج گاتای سپیتەمانی زەردەشتی پاک، بە بەند و وەرام و شیکردنەوەوە، بە مەبەستی نزاو پاڕانەوە و ڕەزامەندی و ڕێزگرتنی ئەمێشەسپێەنتەکان...))(٥٤: ٥٧) وشەی ئازەیەنتی لێرەدا ڕێک بەواتای شیکردنەوە و تەفسیری ئاڤێستا بە زمانی ئاڤێستایی دێت. واتا ئەو تەفسیرەی بە زمانی ئاڤێستایی بۆ ئاڤێستا کراوە.

دواتر وشەی زەند واتایەکی تایبەتی وەرگرت و بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو وەرگێڕان و شیکردنەوانەی بە زمانی پەهلەوی بۆ ئاڤێستا دەکران بە زەند ناسران. بۆ نموونە (پووررداود) دەنووسێت: ((زەندی ئاڤێستا

واتا ئەو تەفسیرەی کە بە زمانی پەهلەوی، لە سەردەمی ساسانییەکان بۆ ئاڤێستا کراوە.))(٥١: ٤٧) بێگومان نابێ ئەوە پشتگوێ بخرێ کە ((تەفسیری ئاڤێستا لە سەردەمی ئەشکانییەکان، بە شێوەی پەهلەوی ئەشکانی دەستی پێکردووە.))(١٢٦: ٢٠٩) دواتر لە سەردەمی ساسانییەکان پرۆسەی تەفسیرکردنی ئاڤێستا هەر بەردەوام بووە. ((زەند یان ئەو تەفسیرەی ئێستا لەبەر دەستدایە، ئەو تەفسیرەیە کە لە سەردەمی ساسانییەکان ماوەتەوە.))(١٢٦: ٢٠٩) هەر سەبارەت بەمەوە (د. ژالە ئاموزگار) لە کتێبی "زبان پهلوی"دا دەڵێت: وەرگێڕان و تەفسیرکردنی ئاڤێستا بۆ سەر زمانی پەهلەوی "زەند"ی پێدەگوترێت. ئەم وەرگێڕانە لەسەر بنەمای ئەو ئاڤێستایە بووە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا رێکخراوەتەوە؛[1] لەبەرئەوەی زمانی ئاڤێستایی لە رۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکاندا زمانێکی مردوو بووە و تەنیا پیاوانی ئایینی زەردەشتی فێری دەبوون، بۆیە ئاڤێستایان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی پەهلەوی و شیکردنەوەیان بۆ کردووە.(٩٥: ٢٨) ئاشکرایە لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەو تەفسیرانەی بە زمانی پەهلەوی بۆ ئاڤێستا نووسراون، بە زاراوەی زەند لە خودی ئاڤێستا جیا کراونەتەوە.

**پازەند:**

تەفسیری ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی، بە زەند ناسراوە. ئەو خەتەی کە ئەم تەفسیرانەی پێ نووسراوەتەوە، خەتی پەهلەویی پێدەگوترێت. لەبەرئەوەی ((خەتی پەهلەویی وشەی ئارامی تێدا بوو و هەروەها هێمای پێویستی نەبوو بۆ پیشاندانی پیتەکان، بۆیە تەفسیری ئاڤێستایان بە خەتی ئاڤێستایی نووسییەوە و وشەی خۆماڵییان لە شوێن وشە ئارامییەکان دانا و ئەمەش پازەندی پێگوترا.))(٨٩: ٤١٦) پازەند هەمان تەفسیری ئاڤێستایە بە زمانی پەهلەوی کە بە خەتی ئاڤێستایی نووسراوەتەوە، وشە ئارامییەکانی لێ دەرکراوە و زمانەکەی پاراوتر کراوە. (د. محەمەدی موعین) دەڵێت: هەندێ جار دەقی پازەند بە خەتی پارسی (کە لە خەتی عەرەبی وەرگیراوە)

---

١ – کۆکردنەوە و رێکخستنەوەی ئاڤێستا لە سەردەمی ئەشکانییەکان دەستی پێکردوە و تا کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان ئەم پرۆسەیە درێژەی کێشاوە و بەردەوام دەقی ئاڤێستا لەلایەن زانایانی دینییەوە بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن، تەفسیر کراون.

نووســـراوەتەوە، بەڵام ئەوەی بەم شــێوە خەتە نووســـراوەتەوە بـــایەخێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە زۆربەی وشەکان بە خەتی پارسی ناخوێنرێنەوە.(١٢٦: ٢١٦) بە گــــوێرەی ئەو بەرهەمـــــانەی دەســـــکەوتوون، تەنیـــا تەفســــیرە پەهلەوییەکان بە پازەند نەنووسراونەتەوە، بەڵکو هەندێ دەقی پەهلەویش بەم شێوەیە نووسراونەتەوە. بۆ نموونە ((مینووگی خیرەد، ئەرداڤیرازنامەگ و بنداهیش بە پازەند نووسراونەتەوە. هەندێ دەقی پەهلەوی تر وەکو شکێن گومانیک ڤیچار و بەشێکی زۆری یادیگاری جاماسپی تەنیا نووسراوە پازەندەکەیان ماونەتەوە.))(٦٢: ١٢٠) زەند و پازەند تەفسیری ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوین. نابێ زاراوەی زەند یان پازەند لەجیاتی ناوی ئاڤێستای کتێبی ئایینیی زەردەشتییەکان بەکارببرێت، چونکە هەر وەک دەرکەوت لە یەکتر جیان.

## زمان و خەتی ئاڤێستایی:

زانایانی زمانناسی، زمانەکانیان بەسەر چەند گرووپێکی زمانیدا دابەش کردووە. بەپێی ئەم دابەشکردنە زمانی ئاڤێستایی سەربە گرووپی زمانە هیندوئێرانییەکان، لقی زمانە ئێرانییەکانە.(٩١: ٥٩ و ١٧٦: ١٥) (ئۆرانیسکی) زمانە ئێرانییەکانی دابەشی سەر دوو گرووپ کردووە: یەکەم گرووپی زمانی ئێرانی رۆژئاوا، دووەم گرووپی زمانی ئێرانی رۆژهەڵات. گرووپی زمانی ئێرانی رۆژئاواش دابەشی دوو لق دەکات: لقی باشووری رۆژئاوا (پارسی) و لقی باکووری رۆژئاوا (مادی) و پێیوایە سەرجەم شێوەزارەکانی باکووری رۆژئاوا زمانی مادی پێکدێنن.(١٥٦: ٤٩) هەروەها (د. ئیبراهیم پوورداود) دەڵێت: زمانی ئاڤێستایی زمانی رۆژئاوای ئێرانە.(٥١: ٤٩) بەم پێیە زمانی ئاڤێستایی سەربە گرووپی زمانی ئێرانی، لقی باکووری رۆژئاوایە و بە زارێکی سەربە زمانی مادی دادەنرێت.

تەنیا بەرهەمێک کە بە زمانی ئاڤێستایی مابێتەوە، کتێبی ئاڤێستایە؛ بەواتایەکی تر زمانی ئاڤێستایی ئەو زمانەیە کە ئاڤێستای پێ داڕێژراوە. بۆیە باشـــترین ســــەرچاوە بـــۆ لێکـــۆڵینەوە لە زمــــانی ئاڤێســــتایی، خــــودی دەسنووسەکانی ئاڤێستایە. (گێڵدنێر) لە کاتی وەرگێڕان و شیکردنەوەی دەقی ئاڤێستا پتر لە سەدو پەنجا دەسنووسی ئاڤێستای بەسەر کردۆتەوە و لەگەڵ

یەکتریـدا بەراوردی کـردوون. ئەم ئاڤێستاناســە لەم کتێبەیـدا ئامــاژە بەوە دەدات کە هیچکــام لەم دەسنووســانە بە تەنیــایی ســەرجەم بەشــەکانی ئاڤێســتایان لەخــۆ نەگرتــووە، بــۆیە لە کــۆی گشــتی ئەم دەسنووســانە ئاڤێستایەکی چاپ کردووە کە گشت بەشەکانی لەخۆ گرتووە.(٢٠٥: ٢-١٣) ئەم ئاڤێستایەی گێڵدنێر کاملترین ئاڤێستایە کە تاکو ئێستا بە زمان و خەتی ئاڤێستایی چاپ کراوە. هەروەها بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە بواری ئاڤێستاناسیدا، چونکە گێڵدنێر سەرجەم شێوە نووسینەکانی وشە و زاراوە ئاڤێستاییەکانی بەپێی دەسنووسە جۆربەجۆرەکان تۆمارکردووە و لەلایەن زۆربەی ئاڤێستاناسانەوە پەسندکراوە.

زمانی ئاڤێستایی بەسەر دوو دیالێکتی کۆن و نوێ دابەش دەکرێت. دیالێکتی کۆنی ئاڤێستایی کە بەشی گاتاکانی ئاڤێستای پێ داڕێژراوە، زمانی زەردەشت و شوێنکەوتووانی بووە. دیالێکتی نوێ بەشەکانی تری ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە و لە رووی رێزمان، وشەسازی و رستەسازی لەگەڵ دیالێکتی کۆن هەندێ جیاوازە.(١٧٦: ١٦)

ئەو خەتەی کە دەقەکانی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە بە دین دەویری ناسراوە.(٥١: ٤٧) ((دین دەویری بەمانای خەتی قەڵەمییە، واتا ئەو خەتەی بە قەڵەم دەنووسرێت.))(١٥٣: ٢٥٢) لە دەقە پەهلەوییەکاندا خەتی ئاڤێستایی بە دین دەویری ناوبراوە، بە واتای خەتی ئایین یان ئەو خەتەی کە دەقە پیرۆزە ئایینییەکانی پێدەنووسرێت.

بە شێوەیەکی گشتی خەتی ئاڤێستایی یان دین دەویری لە سەردەمی ساســانییەکان داهێنــراوە.(٣٩: ٤٩) لەم ســەردەمەدا واتــا ســەردەمی ساسانییەکان، چەند جۆرە خەتێک بۆ نووسین هەبوون، باوترین جۆری ئەم خەتانە "ئام دەویری" یان "هام دەویری" بوو. لە رووی ئەم هام دەویرییە جۆرە خەتێکیان بۆ نووسینەوەی ئاڤێستا داهێنا کە بە دین دەویری ناوبراوە.(٧٦: ٢٣) بێگومان ئەم خەتە کە تەنیا بۆ نووسینەوەی ئاڤێستا بووە، دەبێ لەلایەن مۆبەدانی زەردەشتییەوە داهێنرابێت. (سوزان گویری) لە کتێبی "زبان و خط اوستایی"دا دەڵێت: ئەم خەتە لەلایەن مۆبەدانی زەردەشتی لە سەدەی سێیەم تا چوارەمی زایینی بۆ نووسینەوەی کتێبە ئایینییەکان

داهێنراوه.[١] ئەلفوبێی ئاڤێستایی یان دین دەویری، لەسەر بنەمای ئەلفوبێی پەهلەوی داهێنراوه.(٩٩: ٦٤)

ئەم خەتە لە راستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت. ژمارەی پیتەکانی ٥٠ پیتە، بەڵام ((بەگوێرەی هەندێ دەسنووس ٥٣ تاکو ٥٨ پیت دەبێت.))(٦٢: ٧٠) لەم خەتەدا هەر پیتێک هێمای یەک دەنگە، بۆیە تۆمارکردن و خوێندنەوەی دەقی پیرۆزی ئایینی بە راستترین شێواز بەڕێوە دەچێت. بەپێی ئەو دەقانەی کە لەبەر دەستدا بوون، لە خشتەی خوارەوەدا ئەلفوبێی ئاڤێستایی پۆلین کراوە کە ژمارەیان دەگاتە پەنجا پیت. هەندێ پیت لە ئەنجامی لێکدانی دوو پیت دروست کراون وەکو (شت، شچ، شە ! ، @ ، # ) کە لێرەدا وەکو پیتی سەربەخۆ هەژمار نەکران، لەبەرئەوەی لە زمانی ئاڤێستاییدا هەر پیتێک هێمای دەنگێکە و توانای گۆکردنی دەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە.

[١] - ژان کلێنز پێیوایە داهێنانی خەتی ئاڤێستایی پێناچێت بۆ پێش سەدەی پێنجەمی زایینی بگەڕێتەوە،(بڕوانە؛ ٩٧: ٤٧) بەڵام بێگومان داهێنانی ئەم خەتە بۆ رۆژگاری ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

١- a ئه
٢- A ئا
٣- I ئاو
٤- L ئای
٥- & ئان
٦- v ئێ(کورت)
٧- V ئێ(درێژ)
٨- e ئێ
٩- E ئێ(له کۆتایی وشه دێت)
١٠- o ئو(کورت)
١١- O ئو(درێژ)
١٢- i ی
١٣- I ی (درێژ)
١٤- u ئو
١٥- U ئوو
١٦- k ک
١٧- x خ
١٨- F خوه
١٩- X خو
٢٠- g گ
٢١- G غ
٢٢- c چ
٢٣- j ج
٢٤- t ت
٢٥- q ث
٢٦- d د
٢٧- D ذ
٢٨- T ت
٢٩- p پ
٣٠- f ف
٣١- b ر
٣٢- B وو
٣٣- $ نهه
٣٤- ? ئەنگ
٣٥- n ن
٣٦- N ئەن
٣٧- m م
٣٨- % ئی(له سەرەتای وشه دێت)
٣٩- W ڤ
٤٠- r ر
٤١- C ش
٤٢- s س
٤٣- z ز
٤٤- S ش
٤٥- Z ژ
٤٦- K ش
٤٧- Y ئی
٤٨- h ه
٤٩- H زد
٥٠- J جی

**بەشەکانی ئاڤێستا:**

لە "دینکەردی هەشت"دا ئاڤێستا بەپێی ناوەڕۆکییەوە دابەشی سەر سێ بەشی گەورە دەبێت کە بریتین لە:

١- **گاسانیک**
٢- **هاتیک مانسریک**
٣- **داتیک**

هەرکام لەم کتێبانە لە حەوت نەسک[١] پێکهاتوونە و هەر یەک لەم نەسکانەش بەسەر چەندین بەش دابەش کراون. کتێبی گاسانیک کە لەسەر بنەمای نیایشی گاتاکان دامەزراوە لەم حەوت نەسکە پێکهاتووە: ستوتیەست، سوتکەر، ڤەرست مەنسەر، بەغۆ، ڤەستەک، هاتوخت، سپەنت.

بەشی هاتیک مانسریک کە بریتییە لە پەیڤی پیرۆز و نزاو پاڕانەوە، لە حەوت نەسک پێکهاتووە: دامدات، ناتەر، پاگەک، راتودان ئایتەگ، باریس، کەیسکین روب، ڤیستاسپ ساستۆ.

بەشی داتیک کە بەشی شەریعەتی ئایینی زەردەشتییە، لە حەوت نەسک پێکهاتووە: نیکایتوم، گەنابا سەر نیگات، هوسپارم، ساکاتوم، ڤەئیودێودات[٢]، چیترادات، بەغان یەست.(١٩٣: ٦٧٧-٦٧٩)

لە کتێبی هەشتەمی دینکەرد کورتەیەکی سەرجەم ئەم بیست و یەک نەسکەی ئاڤێستا هاتووە.[٣] بەم پێیە زانیاریمان سەبارەت بە ئاڤێستای رۆژگاری ساسانی لە رێگەی کتێبی دینکەرد مسۆگەر دەبێت.[٤] هاشم رەزی دەڵێت: زۆربەی نەسک یان کتێبەکانی ئاڤێستا لە دوای رووخانی دەوڵەتی

---

[١] – نەسک واتا کتێب، بەش، بەرگ.

[٢] – ئەم ناوە لە زمانی پەهلەوی بە هەڵە بەم جۆرە خوێنراوەتەوە، شێوە ئاڤێستاییەکەی بەم جۆرەیە: ڤی دەئیڤەدات یان ڤی دەئیوەدات.

[٣] – بۆ زانیاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی کورتەی نەسکەکانی ئاڤێستا کە لە کتێبی دینکەردی هەشت و نۆدا بە درێژی باس کراوە، بڕوانە؛

Dinkard IX, madan,& Pahlavi text, V, west Sanjana

وThe Dinkard IX, Part I,II,III

هەروەها خردەاوستا، ابراهیم پورداود و اوستا، هاشم رضی.

[٤] – ئاڤێستای رۆژگاری ساسانی ٣٤٥٧٠٠ وشە و زەندەکەشی واتا تەفسیری ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی بە ٢٠٩٤٢٠٠ وشە مەزەندە کراوە.(بڕوانە؛ ٧٦: ١٥)

ساسانی لەناوچوون و دواتر کە سەرلەنوێ هەوڵی زیندووکردنەوەی ئاڤێستا درا پتر لە هەشتاو سێ هەزار وشە کۆنەکراوە، کە نزیکەی یەک لەسەر چواری ئاڤێستای رۆژگاری ساسانییەکانە.(١٤٩: ٢٢٠،٢٢٧) کەواتە ئەو ئاڤێستایەی ئێستا لەبەر دەستدایە زۆر بچووکترە لەو ئاڤێستایەی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا رێکخراوەتەوە. ئاڤێستای ئێستا بە گشتی لە پێنج نەسک یان کتێب پێکهاتووە:

یەسنە Y a s na، یەشتە Y a S t a، ڤیسپەرەتو Ouua t ar- W i s p a، خورتەک ئاڤێستاک x o r t a k-a uu i s t A k، ڤیدەئێوداتە W I - d a Y uu O - d a t a.

گاتاکان کە بە کۆنترین بەشی ئاڤێستا و سروودی خودی زەردەشت دادەنرێت، لە نەسکی یەسنەکاندا جێی بۆ کراوەتەوە. ئەو ئاڤێستایەی ئێستا لەبەر دەستدایە و لە پێنج بەش پێکهاتووە و بە هەشتاو سێ هەزار وشە مەزەندە دەکرێ، لە رووی شێوازی زمانی و تێڕوانینی فەلسەفی دەکرێتە دوو بەش: ئاڤێستای کۆن، ئاڤێستای نوێ.

## ئاڤێستای کۆن:

ئاڤێستای کۆن، بەشی گاتاکان و یەسنەی هەپتەنگاهایتی و نزاو پاڕانەوە و وتە کورتەکانی زەردەشت دەگرێتەوە.(٦٦: ١) گاتاکان ناوکی سەرەکی ئاڤێستای کۆن پێکدێنێت و هەروەک (ژان کلێنز) گوتوویەتی: کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی بە زمانی ئارییەکانە.(٩٧: ١٢) ئەم ناوە لە ئاڤێستادا بە شێوەی گاتا g A q A هاتووە و زەردەشت بە دانەری ئەم سروودانە دادەنرێت.(٥١: ٨١) (د. ویلهۆڵم گایگێر) پێیوایە ئاڤێستای کۆن نموونەی بەرزی یەکتاپەرستییە.(١١٣: ١١٩) بۆیە تا رادەیەکی زۆر گاتاکان هەڵگری بیروباوەڕی رەسەنی زەردەشتن و پیشاندەری جیهانی کۆنی کۆمەڵگەی ئارییەکانە.

((گاتاکان بە زمانی شیعر نووسراوە.[1]))(١٢٧: ٣) (جلالی نائینی) دەڵێت: لەرووی بینای شیعرییەوە، شیعری گاتایی لە شیعری ڤیدایی دەچێت.(٧٥: ٥٠) هەرکام لە سرووده گاتانییەکان لە چەندین بەند و هەرکام لە بەندەکانیش لە ژمارەیەک دێرەشیعر پێکهاتوون.(٦٢: ٣٨) (د. محسن ابوالقاسمی) کە لە شێوازی شیعری ئاڤێستای کۆڵیوەتەوە و دەڵێت: گاتاکان لەسەر شێوەی شیعری بڕگەیی هۆنراوەتەوە و لە هەڤدە سروود پێکدێت. ئەم هەڤدە سرووده کراوەتە پێنج بەش و هەرکام لەم بەشانە بە گا یان گات ناسراون.(١١٨: ٨) ناوی هەریەک لەم پێنج (گات)انە لە یەکەمین وشەی هەر یەک لەم گاتانە وەرگیراون[2].(٥١: ٨٤) لە ئاڤێستای ئێستادا گاتاکان لەناو بەشی یەسنەکاندا جێگەی بۆ کراوەتەوە. پێنج سروودی گاتاکان بریتین لە:

**١-ئەهوونەڤەیتی I t i awanuh a بەواتای (سەروەری و گەورەیی)یە. لە حەوت بەش یان هات پێکهاتووە و لە یەسنەی ٢٨ تاکو ٣٤ دەگرێتەوە.**

**٢-ئوشتەڤەیتی I t i awa t Su بەواتای (تەندروستی)یە. لە چوار ها پێکهاتووە و یەسنەی ٤٣ تاکو ٤٦ دەگرێتەوە.**

**٣-سپێەنتا مەینیو UynimA t Nvp s بەواتای (ژیریی پیرۆز)ە. لە چوار ها پێکهاتووە و لە یەسنەی ٤٧ تاکو ٥٠ دەگرێتەوە.**

**٤- ڤووهوخشەترا ar q a C xuh OW بەواتای (دەسەڵاتی چاکە)یە. لە یەک ها پێکهاتووە و یەسنەی ٥١ دەگرێتەوە.**

**٥- ڤەهیشتوئیشتی I t S iO t S ihaW بەواتای (باشترین خواستە یان باشترین سامان)ە. یەسنەی ٥٣ دەگرێتەوە.(٥١: ٨٤-٨٦، ١٢٧: ٦-٨ ، ٢٠٩: ١٤)**

---

١ - گاتاکان کە سرووده ئەهوراییەکانی زەردەشت سەبارەت بە وەسف و ستایشی ئەهورامەزدان، بە شێوەی هۆنراوەیە و بە ئاوازێکی تایبەت دەخوێنرێنەوە. ئەم ئاوازە تایبەتە تاکو ئێستا لە ناوچەی هەورامان ماوەتەوە و بە درێژایی مێژوو لەناو هەگبەی ئاوازی کۆنی کوردیدا دەزرینگێتەوە. ئەم ئاوازە ئێستا (هۆرە)ی پێدەگوترێت. هۆرە لە وشەی (ئەهورا) بە واتای ئاوازی ئەهورایی هاتووە کە مەبەست هەمان گاتاکانە.

٢ - جگە لە ناوی یەکەم گات کە لە ناوی یەکەم وشەی دوا بەندی های ٢٧ی یەسنەکان وەرگیراوە.(بڕوانە؛ ٢٠٥: ٩٨)

## یەسنەی هەپتانگاهایتی:

یـان (یەسـنەی حەوت هـا) کە یەسـنەکانی ٣٥ تـاکو ٤١ دەگـرێتەوە. بە پەخشـان نووسـراوە[١] و لە رووی نـاوەڕۆک و زمـانەوە بەتەواوی لەگەڵ گاتاکـان هـاوتەریبە[٢]، تەنیا لە رووی شێوازەوە هەندێک لێکتر جیان، چونکە گاتاکان پەیڤی نزاو پاڕانەوەی زەردەشت بەرامبەر بە ئەهوورامەزدایە؛ کەچی یەسنی حەوت ها نزاو پاڕانەوەی بە کۆمەڵی زەردەشتییە بەراییەکان، لەناو کـۆڕی بـاوەڕدارانە.(٦٦: ١١) ئەم بەشـەی ئاڤێسـتای کـۆن بـۆ قۆنـاغی دوای زەردەشـت دەگەڕێتەوە(٥٤: ٢٩) و (کلێنز) دەڵێت: یەسنی هەپتەنگاهەیتی لە رووی زمانەوە لە گاتاکان دوور نییە و پێکەوە ئاڤێستای کۆن پێکدێنن.(٩٧: ٥٥) بـۆیە رایشـێڵت پێیـوایە لە دوای زەردەشـت لەلایەن یەکێـک لە جێگرەوەکـانی دانـراوە.(١٥٠: ٣٣٢) بە بەراوردکردنـی دەقـی گاتاکـان و ئەم حەوت یەسـنە لە رووی زمـان و نـاوەڕۆک و شـێوازەوە، راسـتیی ئەم بۆچوونانە ئاشکرا دەبێت و رەنگە هۆنینەوەی یەسنەی هەپتەنگاهایتی، رێک دوای زەردەشـت بـووە و لەلایەن یەکەمـین شـوێنکەوتووەکانییەوە هۆنراوەتەوە.

## نزا و پاڕانەوەی سەرەکی:

نـزا و نیایشـە سـەرەکییەکانی ئـایینی زەردەشـتی واتـا یەتـائەهو ڤەئیـریە (ئەهونەوەر) لە بەندی ١٣، ئەشم ڤەهو لە بەندی ١٤ و ئیەنگەهاتام لە بەندی ١٥ی یەسنی بیست و حەوتدا جێگەیان گرتووە.(٥٠: ٤٥) واتـا بەسـەر یەکەوە سێ بەندی کۆتایی یەسنی ٢٧ پێکدێنن و رێک کۆتـایی ئەم سێ نزا پیرۆزە، سـەرەتای دەسـپێکی گاتاکـانە کە هەمـان یەسـنەی (٢٨)ە. کەواتە گاتاکـان، یەسـنەی هەپتەنگـاهەیتی و سـێ نـزا سـەرەکییەکەی ئـایینی زەردەشـتی بەسـەریەکەوە ئاڤێسـتای کـۆن پێکـدێنن کە لە بەشـی یەسـنەی ئاڤێسـتادا کۆکراونەتەوە.

---

١ - لەگەڵ ئەوەشـدا چەنـد بەنـدێکی بە شـێوەی شـیعرە، بـۆ نمـوونە بەنـدی ٨ لە هـای ٣٥ و بەنـدی ١ لە هـای ٤٠.(بڕوانە؛ ٥٤: ٢٧)

٢ - لە پاش گاتاکان کۆنترین بەشی ئاڤێستایە.(٦٢: ٣٨)

## ئاڤێستای نوێ:

ئاڤێستای نوێ بەشێکی یەسنە[1]، ڤیسپەرەت، خورتەک ئابستاک، یەشتەکان و ڤی دەئێڤەدات لەخۆ دەگرێت.(٦٢: ٣٩) ئاڤێستای کۆن و نوێ لە رووی زمان و هەروەها بەکاربردنی چەمکە ئایینییەکان لە یەکتر جیان.(٩٧: ١٢) (ویلیام جەکسۆن) پێیوایە: هۆی دەسنیشانکردنی ئاڤێستا بۆ کۆن و نوێ بەتایبەتی بۆ شێوازی زمانی بەشەکانی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو زمانەی گاتاکانی پێ داڕێژراوە لەگەڵ ئەو زمانەی بەشەکانی تری ئاڤێستای پێ داڕێژراوە، دوو دیالێکتی جیاوازی سەربە یەک زمانن.(١٧٥: ١٦) بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ئاڤێستایەی لەبەر دەستدایە دەشێ بگوترێت ئەو بەشەی بە ئاڤێستای کۆن ناونراوە، لە روانگەی ئایینییەوە ئایینێکی یەکتاپەرست بەرجەستە دەکات و بە شێوازێکی مەعنەوی لەگەڵ چەمکە ئایینییەکان هەڵسوکەوت دەکات و ئاهورامەزدا خواوەندی تاقانەیە، بەڵام ((لە ئاڤێستای نوێدا ئەهورامەزدا لە پلەی یەکتایی دادەبەزێت و لە بەرامبەر ئەهریمەن رادەوەستێ.))(١٣٢: ٤٤) واتا ئەهورامەزدا دەبێتە هێمای هێزی چاکە و ئەهریمەن دەبێتە هێمای هێزی خراپە و لەگەڵ یەکتر دەکەونە ململانێ و بەم جۆرە یەکتاپەرستی ئاڤێستای کۆن شوێنی خۆی بە دوالیزمی ئاڤێستای نوێ دەدات.

ئیزەدستانی ناو ئاڤێستای نوێ وەکو ئۆلێمپی یۆنانی، پڕە لە ناوی ئیزەدە جۆربەجۆرەکان کە هەرکامیان ئەرکێکیان لە جیهانی مادی لەسەر شانە. سەرجەم ئەو خواوەندانەی زەردەشت لە کاتی خۆی و بە مەبەست لە خواوەندی خستبوونی، پاش چەند سەدەیەک[2] جارێکی تر لە ئاڤێستای نوێدا دەرکەوتنەوە. ((هیچکام لەو ئیزەدانەی لە ئاڤێستای نوێدا ناویان هاتووە، لە گاتاکاندا ناویان نەهاتووە.))(١١٣: ١٠١)

---

١ – جگە لە بەشی گاتاکان، یەسنەی هەپتەنگاهایتی و سێ بەندی کۆتایی یەسنەی بیست و حەوت کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، لە ناو یەسنەکان جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

٢ – کلێنز پێیوایە جیاوازیی چوار سەدە لە نێوان ئاڤێستای کۆن و نوێدا هەیە.(٩٧: ٥١) بەپێی ئەم بۆچوونە ئەگەر سەردەمی ئاڤێستای کۆن بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز بگەڕێتەوە ئەوە ئاڤێستای نوێ لە رۆژگاری مادەکان داڕێژراوە.

یەسنە لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئێەسنە ans a Y و لە پەهلەویدا بە شێوەی یەزشن بەواتای ستایشکردن و پەرستن دێت.[1](٥٤: ٢٣) یەسنەکان کە گرنگترین بەشی ئاڤێستای نوێیە لە هەفتاودوو (هات) یان بەش پێکهاتووە. دوو مۆبەد کە ناوە ئایینییەکانیان بریتین لە: زەوت و راسپی[2]، لە رێورەسمی ئایینیدا یەسنەکان دەخوێننەوە.(٦٢: ٣٠)

ڤیسپەرت یان ڤیسپەرەتو[3] لە دوو بەش پێکهاتووە. (ڤیس) واتا هەموو، گشت، سەرجەم و (رەتو) واتا سەروەر، سەردار، بەم پێیە ڤیسپەرەت بەواتای (گشت سەروەران)ە. ئەم بەشەی ئاڤێستا وەکو یەسنە لە کاتی بەرێوەچوونی رێورەسمی ئایینی و بە تایبەتی لە کاتی جەژنەکان دەخوێندرێتەوە. هەرکام لە بەشەکانی ڤیسپەرەت (کەرت)یان پێدەگوترێت و بە گشتی لە بیست و چوار کەرت[4] پێکهاتووە.[5](٥٣: ١٧-٢٤)

خورتەک ئابیستاک یان خوردە ئاڤێستا واتا ئاڤێستای بچووک، ئەم کتێبە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک نوێژ و نزاو پاڕانەوە کە لە کاتە جیاجیاکانی شەو و رۆژ و هەروەها جەژنە پیرۆزە ئایینییەکان و کۆمەڵێک بۆنەی تر دەخوێندرێتەوە.(٥٠: ٢٤-٢٥)

یەشتەکان، وشەی یەشتە لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئێەشتە a t S a Y هاتووە و لەگەڵ یەسنە لە یەک قەدەوە داتاشراون و بە واتای ستایشکردن و پەرستن دێت. جیاوازی یەسنە و یەشتە لەوە دایە کە یەسنە بەواتای پەرستن دێت بە شێوەیەکی گشتی و یەشتە بەواتای پەرستنی یەزدان و ئیزەدەکانە بە

[1] – لە زمانی کوردیدا (جەژن)ی لێ ماوەتەوە، چونکە جەژن و یەزشن یان پەرستن و نوێژکردن پێکەوە گرێدراون. بۆ نموونە دەکرێ بەم جۆرە وشەی یەسنە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، یەسنە-یەسن-یەژن-جەژن و هەروەها وشەی (ئیزەد)یش پەیوەندی بە یەسنە و یەزشنەوە هەیە و لە یەک ریشەن ئەویش (ئیز)ە.

[2] – زەوت و راسپی دوو پلەی ئایینی لەناو ئایینی زەردەشتین. زەئوتەر ra t o az ئەو مۆبەدەیە کە بە لەبەر یەسنە و ڤیسپەرەت و ڤی دەئێوەدات دەخوێنێتەوە. مۆبەدێکی تر لەکاتی بەرپاکردنی رێورەسمی ئایینی لە بەرامبەر زەئوتەر رادەوەستێ و لە کارەکاندا یارمەتی دەدات و پێی دەگوترێت راسپی یان ئاتەرڤەخشە a C x awvra t A.(بڕوانە؛ ١٦٤: ٥٥٦)

[3] – لە میهریەشت بەندی ١٢٢دا بەمجۆرە هاتووە: ڤیسپەرەتۆ Owa t ar e p s I W .

[4] – لە وشەی کەرێتە (a t vra k)ەی ئاڤێستایی بە واتای کەرتکردن و پارچەکردن دێت.

[5] – لە لایەن هەندێ وەرگێڕ و توێژەری بواری ئاڤێستادا بەسەر ٢٣ یان ٢٦ یان ٢٧ کەرتیش دابەش کراوە. لە ئاڤێستای گێڵدنەردا بەسەر ٢٤ کەرت دابەش کراوە و زۆربەی توێژەران پشت بە ئاڤێستاکەی ئەو دەبەستن.

شێوەیەکی تایبەت. بەشی یەشتەکان لە بیست و یەک یەشت پێکهاتوە.(٥٥: ١-٢) هەرکام لەم یەشتانە بە ناوی ئیزەدێکەوە ناونراون و ناوەڕۆکەکەیان بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ستایشکردن و ڕێزگرتن لە ئیزەدێکەوەیە. لە خوارەوەدا ناوی ٢١ یەشتی ئاڤێستای نوێ پۆلین کراوە.[١]

| | | |
|---|---|---|
| ١- ئەهورامەزدا | adzam,aruh a | هۆرمۆزد یەشت |
| ٢- ئەمێشەسپێەنتە | a t Cvp s,a C vma | هەفتەنیەشت |
| ٣- ئەشەڤەهیشتە | a t S i h aW,a C a | ئۆردیبەهەشت یەشت |
| ٤- هەورڤەتات | T A t awrua h | خۆردات یەشت |
| ٥- ئەرێدڤیسورەئەناهیتە | a t i h Ana,arUs, I wdvra | بە ئابان یەشت ناوبراوە |
| ٦- هوەرێ خشەێتە | a t e a C x ,vrawh | خۆریەشت |
| ٧- ماوەنگە | h$ I m | مانگ یەشت |
| ٨- تیشترییە | a y r t S i t | بە تیریەشت ناسراوە |
| ٩- درڤئاسپا | A p s Awrd | بە گوێش یەشت ناسراوە |
| ١٠- میترە | ar q im | میهریەشت |
| ١١- سرەئوشە | a C o ar s | سروش یەشت |
| ١٢- ڕەشنو | un C ar | ڕەشن یەشت |
| ١٣- فرەڤەشی | i C awar f | فرەڤەردین یەشت |
| ١٤- ڤێرێترەغنە | anGar q vrvW | ڤەهرام یان بەهرام یەشت |
| ١٥- ڤەیو | u y aW | بە رام یەشت ناسراوە |
| ١٦- چیستا | A t s i c | بە دین یەشت ناسراوە |
| ١٧- ئەشی ڤەئەنگوهی | i h u$aW,i C a | ئەردیەشت |
| ١٨- ئیریەنێم خوەرێنۆ | OnvraF,mvna y r i a | بە ئەشتادیەشت ناسراوە |
| ١٩- کەڤەئێنێم خوەرێنۆ | OnvraF,mvn e awak | بە زامیادیەشت[٢] ناسراوە |
| ٢٠- هەومە | amo a h | هەوم یەشت |
| ٢١- ڤەنەئەنت | t N anaW | ڤەنەنت یەشت |

---

١ - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە یەشتەکان و ناوی یەشتەکان، بڕوانە؛ (٥٥، ٥٦). هەروەها (٢٠٦).

٢ - (کەیان یەشت)یشی پێدەگوترێت.

ڤی دەئێڤەدات[١] ناوێکی لێکدراوە و لە سێ بەش پێکهاتووە: (ڤی) پێشگرە، (دەئێڤە) بەواتای دێوە و (دات) بەواتای داد و یاسا دێت. بەسەریەکەوە دەبێتە (یاسای دوورخستنەوی دێو) یان (یاسای دژە دێو).(٧٧: ٦٥٤) ڤی دەئێڤەدات لە ٢٢ بەش پێکهاتووە.[٢] (١٢٥: ٢٦) ئەم کتێبەی ئاڤێستا بە شێوەیەکی گشتی یاسا و شەریعەتی پاکبوونەوە لە گوناهەکان لەخۆ دەگرێت.(١٥٠: ٤٤٧) بەشی یەکەم و دووەمی ڤی دەئێڤەدات لە رووی ناوەرۆکەوە تا رادەیەک لە بەشەکانی تری جیاوازە، چونکە لە بەشی یەکەم هەروەک (هێنری بلەیک) ئاماژەی پێداوە باسێکی گرنگ سەبارەت بە جوگرافیا و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەیرییەنڤاچەکان کراوە و لە بەشی دووەمیشدا لە چوارچێوەی چیرۆکی ئییمە (جەمشید)دا باسی ئەفسانەی تۆفانی زەردەشتی و کۆچی ئارییەکان کراوە.(١٧٩: ٢-٢٠).

## هێزی چاکە و هێزی خراپە لە ئایینی زەردەشتیدا:

بنەما فەلسەفی و ئایینی و ئەفسانەییەکانی ئایینی زەردەشتی خۆی لە پرۆسەی ململانێی نێوان دوو هێزی (چاکە) و (خراپە)دا دەنوێنێ. بەو واتایە کە دوالیزمی چاکی و خراپی، گرنگترین تایبەتمەندیی ئایینی زەردەشتین کە خۆیان لە دوو بەرەی ئەهورایی و ئەهریمەنیدا پۆلین دەکەن. ئەم دوو هێزە دژ بە یەکە وەها لەناو ئەفسانەکانی ئەم ئایینە دێرینەی کورددا نیشتەبوونە کە کاریان کردۆتە سەر شێوازی پۆلینکردنی وشەکان بۆ سەر وشەی ئەهورایی و ئەهریمەنی. بێگومان خودی دەقی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان باشترین سەرچاوەن بۆ خوێندنەوەی تەواو و دروستی ئەم ئەفسانانە و گەشە و گۆڕانیان و هەروەها دیاریکردنی رۆڵی هەر یەکە لە کارەکتەرەکان لە بەرەی تایبەت بە خۆیان کە بە بەرەی هێزی چاکە و خراپە ناسراون.

لە سەرەتادا دەبێ باس لە گرنگترین و ئەهورایی ترین[٣] ناو لە ئایینی زەردەشتیدا بکرێت کە هەمان ئەهورامەزدایە و ناوی خواوەندی تاک و تەنیای مەزداپەرستانە.

---

١ - ڤی دەئێڤەداتە a t A d,aw e a d, I W (بڕوانە؛ ١٦٤: ١٣٤٢)

٢ - هەرکام لە بەشەکانی ڤیندیداد بە پەرگەرد ناسراوە.

٣ - مەبەست لە ئەهورایی ترین، پاکترین و ئاسمانیترین ناوە.

**ئەهورامەزدا:**

ئەهـورامەزدا نـاوی خواوەنـدی مەزنـی ئـاینی زەردەشـتییە. لە یەشـتی یەکەم کە بەناوی ئەهورامەزداوە ناونراوە، ئەهورامەزدا وەسفی خۆی دەکات و یەک یەک نـاو و سـیفاتی خـۆی دەخـاتەڕوو. خواوەندی بەدیهێنەر، زانـا بە هەمـوو شـت، بەخشـندە، پیـرۆز، بەهێـز، نەبەز، دادوەر، پـارێزەر و...هتـد. ئەهـورامەزدا لە بەنـدی ١٢تـاکو ١٦ی یەشـتی یەکەم زۆر بە وردی خـۆی بە باوەڕداران و لە سەرووی هەموویان بە زەردەشت دەناسێنێ و دەڵێت:

((مـنم پشـتیوان و مـنم خـوڵقێنەر و پارێزەر، منم ناسـێنەر و پیرۆزتـرین ژیریی چارەسەرکەر، ناوی من چارەسەرکەرترینە، ناوی من پێشەوایە، نـاوی من باشترین پێشەوایە، ناوی من ئەهورایە، مەزدا نـاومە پاک نـاومە پاکترین ناوی منە، شکۆدار ناوی منە شکۆدارترین نـاوی مـنە، هەمووشـت بـین نـاوی مـنە هەمووشـت بینتـر نـاوی مـنە، دووربڕامێنەر نـاوی مـنە، نـاوی مـن دوور رامێنەرترینە(١٢) پارێزەر ناوی منە، پشتیوان ناوی منە، بەدیهێنەر ناوی مـنە، راگر ناوی منە، ناسێنەر نـاوی مـنە، نـاوی مـن باشـترین ناسـێنەرە، نـاوی مـن پەروەرێنەرە، ناوی من پەیڤی پەروەرێنەرە، ناوی من هیوای فەرمـانڕەوایەتی باشـــییە، نـــاوی مـــن ســـەروەری دادگەرە، دادگەرتـــرین ســـەروەر نـــاوی منە(١٣).))(٥٥: ٥٤،٥٥)

ناوی ئەهورامەزدا لە گاتاکاندا بە چەند شێوە هاتووە. هەندێ جار مەزدا بە تەنیایی و هەندێ جار ئەهـورا بە تەنیـایی هـاتووە. کاتێک ئەم دوو وشـەیە بە لێکـــدراوی هـــاتبن ئەوە مەزدا پـــێش ئەهـــورا کەوتـــووە و بەشـــێوەی مەزداەئەهـورا هـاتووە. لە گاتاکانـدا شـێوەی ئەهـورامەزدا هەرگیـز بەکـار نەهـاتووە و ئەم شـێوەیە لە ئاڤێسـتای نوێدا بـاوە. وشـەی ئەهـورا بەواتـای سـەروەر و سـالار دێت. مەزدا بەواتـای وشـیار و زانـا دێت. بەسـەریەکەوە مانای سەروەری زانا رادەست دەکات. ناوی مەزداەئەهورا یان ئەهـورامەزدا وەکو سەروەری زانـا و خواوەندی تاقانە، داهێنانی خودی زەردەشتە. ئەوە زەردەشـتە کە هـاوار دەکـات: ((مـن وا دەڵێم و ئێوەش گوێ ڕاگرن، گوێتـان لێبێـت ئەی ئەوانەی لە دوور و نزیـک بـۆ زانـین هـاتوون، لە یـاد مەکەن کە مەزدا هـاتووە(دەرکەوتووە) تـاکو نەوەک بـانگخوازی خراپکـار و لایەنگـری

درۆڤەچ[1] بە زمـانی خـۆی، ئـایینی درۆیـین بڵاوبکـاتەوە و دواڕۆژتـان لە جیهانەکەی تر لێ تێک بدات.))(٥١: ٢٠٧) لێرەدا زەردەشت ئاماژە بە هاتن و دەرکەوتنـی خواوەنـدێکی نـوێ دەکـات کە دژ بە پەروەردەی خواوەنـدە درۆیینەکـانی پێشـوو دەوەسـتێتەوە کە درۆکانیـان لەلایەن بانگخوازەکانیـان بڵاودەکـرایەوە. هەر لێـرەوەیە کە ئیتـر ئەم خواوەنـدە وەکـو سـەروەر و خواوەندی خـوڵقێنەر و تاقانە دەردەکەوێت و ئەوەی پێڕەوی لێ نەکات لە دواڕۆژدا پەشێمان دەبێتەوە.

لە گاتاکاندا تەنیا ئەهورامەزدا خواوەندە و هیچ خواوەندێکی تر جگە لە ئەو بـوونی نیـیە، بەڵام بە وردبـوونەوە لە ئاڤێسـتای نوێـدا دەردەکەوێـت ئەهورامەزدا سیما رەسەنەکەی خۆی لە دەست داوە. ئەو سیما رەسەنەی کە زەردەشت لە سەردەمی خۆیدا بە مەزداپەرستانی ناساندبوو. بەر لە هەموو شـتێک -وەک ئەوەی لە یەشـتەکان بەدی دەکرێـت- دەسـەڵات و گەورەیییەکەی لەگەڵ ئیزەدەکانی تر دابەش دەکرێت. میترا، ئاناهیتا و زەرڤان و...هتد جارێکی تر دێنەوە ناو بازنەی خوایەتی و ئەگەرچی لە رووی پلەی خواوەنـدییەوە لە خـوار پـلەی ئەهـورامەزدان، بەڵام بە ئاشـکرایی تـاک و تەنیابوونی ئەم خواوەندە پشتگوێ دەخرێ.

**گیانی پاکی سپێەنتامەینیوو** Uyniam,A t Nvps

**گیانی ناپاکی ئەنگرەمەینیوو** Uyniam,Vrg Na

پـێگەی سـپێەنتامەینیوو لە ئـایینی زەردەشـتیدا زۆر گـرنگە، چـونکە لە گاتاکان یەسنەی ٤٤، بەندی ٧دا زەردەشت دەڵێت: ((...ئەی مەزدا من هەوڵ دەدەم لە رێگەی - سـپێەنتامەینیوو-وە تـۆ بە ئـافرێنەری رەهـا بناسـم.))(٥١: ١٩٩) لەم دێـرەی ئاڤێسـتادا سـپێەنتامەینیوو بەواتـای گیـانی پـاک و ژیریـی پیـرۆز هـاتووە. ئەم زاراوەیە لە ئاڤێسـتادا لە بەرامـبەر ئەنگرەمەینیـوو Uuniam,Vrg Na بەواتای گیانی ناپاک هاتووە. لە گاتاکان یەسنەی ٣٠ بەندی٣دا کە بنەمای بیروباوەڕی فەلسەفی ئایینی زەردەشتی دەخاتەڕوو، لە دیمەنێکی ئەفسانەیی ئاسمانیدا بەم جۆرە باسی دەرکەوتنی ئەم دوو گیانە

---

[1] - لە زۆربەی شوێنەکانی ئاڤێستا ئەو کەسانەی دژی ئایینی زەردەشتن بە درۆڤەچ یان درۆڤەگ و دروڤەنت T N auurd ناویان هاتووە.

کـراوە: ((ئەو دوو گیـانە کە خێـوی یەکتـرین و لە سـەرەتادا لە جیهـانی بـاڵا دەرکەوتـن، یەکێکیـان -چـاکی-یە لە هـزر و گوتـار و کـردار و ئەوی تـر -خراپی-یە لە هزر و گوتار و ڕەفتار، لە نێوان ئەم دووەدا پیاوی زانا دەبێ چاکی هەڵبژێرێ نەک خراپی.))(٥١: ١٤٣) هەروەها لە یەسنەی ٤٥ بەندی ٢دا هـاتووە: ((مـن دەمەوێ باسـی ئەو دوو گیـانە بـکەم کە لە سـەرەتای ژیـان هەبوونە، کە گیانی چاکی بە خراپی گوت بیر و پەروەردە و ژیری و ئاوات و گوتار و ڕەفتار و گیانی ئێمە لەگەڵ یەکتریدا یەکگر و یەکسان نیین.))(٥١: ٢٠٧) لێـرەوە دەردەکەوێ سـپێەنتامەینیوو و ئەنگرەمەینیـوو دوو هێـزی ناچالاکن لە دەروونی ئادەمیزاددا هەر لە سەرەتای بوون و ژیانەوە هەبوونە و مـرۆڤ دەبـێ یەکێـک لەم دووانە هەڵبژێرێـت تـاکو هـزر و گوتـار و کردارەکانی لە سـەر بنەمـای ئەم دوو هێزەوە ڕێک بخـات. بێگومـان ئەوەی ڕێگەی چـاکی و ڕاسـتی هەڵبژێرێت بەپێی دەقـی ئاڤێسـتا کەسێکی زانـا و بەخـتەوەرە و ئەوەی ڕێـگەی چەوت و خراپـی هەڵبژێـرێ، بەرەو هەڵـدێر هەنگاو دەنێت. بەو واتایە سپێەنتامەینیوو، هێزێکی ناچالاکی ناو دەروونی ئـادەمیزادە کە دەبێ بە هەڵبژاردنێکـی ڕاسـت و دروسـت چـالاک بکرێت و ئەنگرەمەینیووش بەهەمان شێوە هێزێکی ناچالاکە و لە دەروونی ئادەمیزاددا هەیە و ئەگەر بە نەزانـی دەسـتی بـۆ ببرێت ئەوە چـالاک دەبێت و مـرۆڤ بەرەو ڕێگەی چەوت و نەهامەتی ڕادەکێشێت. بەم جۆرە دەردەکەوێت ناخ و دەروونی ئادەمیزاد گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزی چاکی و خراپییە. کەواتە دوالیزمی ناو گاتاکان دوالیزمی دوو هێزی ناو دەروونی ئادەمیزادن، بەڵام ئەم دوالیـزمە دواتـر لە ئاڤێسـتای نوێدا سیمایەکی تـر وەردەگرێت ئەویش کاتێـک ئەهـورامەزدا کە خواوەنـدی تـاک و تەنیـای مەزدیسـنییە، لە شـوێن سپێەنتامەینیوو لە دژ ئەنگرەمەینیوو دادەنرێت.

ئاشـکرایە ئەم دووە لە بیروبـاوەڕی زەردەشـتدا لێـک جیـان و سپێەنتامەینیوو جیلوەیەکە لە جیلوەکانی ئاهورامەزدا. لە کێشمەکێشی نێوان هێـزی چـاکی و خراپـی یـان گیـانی پـاکی و گیـانی خراپی، کە لە دەروونـی ئادەمیزاددا ڕوودەدات، ململانێ لە نێوان سپێەنتامەینیوو و ئەنگرەمەینیوویە نەک لە نێوان ئەهورامەزدا و ئەنگرەمەینیوو(ئەهریمەن) کە لە ئاڤێستای نوێدا بەرەو ئەم دۆخە پەل کێش کراوە. لە یەسنەی ٤٧ی گاتاکان کە بەو ناوەوە ناوزەدکراوە، بە ڕاشکاوی گوتراوە کە ئەهورامەزدا باوک واتا بەدیهێنەری

ئەم "سپێەنتامەینیوو"ەیە.(٥١: ٢٢٧) بەپێی یەسنەی ٤٧ سپێەنتامەینیوو پێناوکارێکی مەعنەوی نێوان پەروەردگار و بەندەکانییەتی. واتا گەیشتن بە بەختەوەری لە دوارۆژ و خواپێدایی لە بەهەشتی ئەهورامەزدا، بەندە بە هەڵبژاردنی سپێەنتامەینیوو کە هەمان رێگەی راستییە و دژایەتیکردنی ئەنگرەمەینیوو کە هەمان رێگەی چەوتییە.

**ئەمێشەسپێەنتە** a t N v p s , a C vma:

فریشتەکانی ئایینی زەردەشتی بەو ناوەوە ناوبراون. ئەم ناوە لێکدراوە و لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (ئە/a) ئامرازە و وەکو پێشگر دەکەوێتە سەرەتای وشە و دۆخی نەرێنی پێدەدات. بەشی دووەم (مێش/C vm) واتای مردن دەدات. بەشی سێیەم (سپێەنتە/ a t N v p s) بەواتای پیرۆزە. ئەم ناوە بەسەر یەکەوە واتای (نەمری پیرۆز) رادەست دەکات. بەپێی ئاڤێستا ژمارەی ئەم فریشتانە شەشن، لە ئاڤێستای کۆندا سپێەنتەمەینیوو و لە ئاڤێستای نوێ و دەقە پەهلەوییەکاندا ئەهورامەزدا بە سەروەر و سالاری ئەم ئەمێشەسپێەنتانە دادەنرێن و بەم بۆنەوە دەبنە حەوت ئەمێشەسپێەنتە. ناوی ئەم حەوتەوانە پیرۆزە لە ئاڤێستادا بەم جۆرە تۆمار کراوە: سپێەنتەمەینیوو یان ئەهورامەزدا، ڤەهومەناه[١]، ئەشاڤەهیشتا[٢]، خشەتراڤەئیریە[٣]،

---

[١] – لە ئاڤێستاییدا بە شێوەی ڤەهومەنە و لە زمانی پەهلەویدا بە شێوەی ڤەهومەن دەردەکەوێت. لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ڤەهو بەواتای باش و پاک و بەشی دووەم مەنە لە ریشەی من بە واتای رەفتار هاتووە. بەشی دووەمی ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا لە وشەی دوژمن بە واتای بەد رەفتار یان دژ رەفتار ماوەتەوە. بەسەریەکەوە ڤەهومەنە بە واتای پاک رەفتار دێت. ڤەهومەنە یان رەفتاری پاک، یەکەمین خوڵقێنراوی ئەهورامەزدایە. لە جیهانی مینۆڤی/رۆحیدا هێمای هزری چاک و ژیری و زانایی ئەهورامەزدایە. لە جیهانی مادییدا یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم فریشتەیە ئەوەیە کە ئادەمیزاد فێری گوتاری چاک دەکات. (بڕوانە؛٥٥: ٨٨–٩٠)

[٢] – لە پەهلەویدا ئەشاڤەهیشت، ناوێکی لێکدراوە و لە دوو بەشی ئەشا بە واتای راستی، دروستی، پیرۆز، یاسا، یاسای ئیزەدی و پاکی و ڤەهیشتا بە واتای فەرمانڕەوایەتی و سەروەری پێکهاتووە و بەسەر یەکەوە واتای سەروەری پیرۆز دەدات. ئەشاڤەهیشتا لە جیهانی مینۆڤیدا پیشاندەری سیفەتی راستی، پاکی و پیرۆزی ئەهورامەزدایە و لە جیهانی مادییدا ئەرکی پاراستنی سەرجەم ئاگرە پیرۆزەکانی سەر رووی زەوی پێ سپێردراوە. (بڕوانە؛ ٥٥: ٩١–٩٢)

[٣] – لە پەهلەویدا بە شێوەی خشەتریڤەرە. ناوێکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە واتای نیشتمان، فەرمانڕەوایەتی و بەشی دووەم بە واتای هیواخواستن دێت. بەسەر یەکەوە واتای نیشتمانی

ئارمەیتی[١]، هەورڤەتات[٢]، ئەمێرێتات[٣].

نـــاوی ئەم ئەمێشەســـپێەنتانە لە گشـــت نیـــایش و ســـروود و دەقە پیرۆزەکـانی زەردەشـتیدا، لە ئاڤێسـتاوە تـاکو سـەرجەم دەقە پەهلەوییەکـان هـاتووە. لە گاتاکاندا ئەم ناوانە بەردەوام دووبـارە دەبنەوە و هەرگیز وەکو کۆمەڵەیەک لە ژێر ناونیشانی ئەمێشەسپێەنتە دەرناکەون، بەڵام لە (یەسنەی هەپتەنگایتی)دا کە لەگەڵ گاتاکان ئاڤێستای کۆن پێکدێنن، بۆ یەکەم جار ناوی ئەم حەوتەوانە وەکـــوو کـــۆمەڵەیەک لە ژێـــر ناونیشـــانی ئەمێشەســـپێەنتە دەردەکەوێـت. ((سـتایش دەکەیـن ئەهـورامەزدای پـاک و پێشـەوای پـاکی، سـتایش دەکەیـن ئەمێشەسـپێەنتان، ئەو سـەروەرە چـاکەخوازانە، سـتایش دەکەیـن گشـت بـوونی پـاکی مینـۆڤی و مـادی، بە شـێوەی راسـتی پـاک، بەشـێوەی ئـایینی پـاکی مەزدیسـنایی.))(٥٤: ٣٠) لە یەسـنەی٣٠، بەنـدی ١٠دا نـاوی ئەشاڤەهیشـتا، ڤەهـومەنە، خشەترەسـپێەنتە و ئەهـورامەزدا پـێکەوە هاتووە. لەم بەندەدا دەردەکەوێت، ئەمێشەسپێەنتەکان وەکو کۆمەڵە سیفاتێکی بـاڵا پەیوەسـتن بە زاتـی ئەهـورامەزداوە. بەواتـایەکی تـر ئەم نـاوانە سـیفاتی ئەهـورامەزدان کە دواتـر لە ئاڤێسـتای نوێـدا لە بەرگێکـی تـر دەردەکەون و دۆخێکی مەتریالی وەردەگرن و هەرکامیان وەکو ئیزەدێک چاودێری بەشێک لە پرۆســـەی ئەفرانـــدن دەکەن. بەم جـــۆرە دەردەکەوێ کە هەرکـــام لەم فریشتانە دوو سـیمایان هەیە، سـیمایەکی مینـۆڤی(رۆحی) و سـیمایەکی مـادی

---

هیـواکراو، فەرمـانڕەوایەتی هیـواکراو دەدات. لە بەشـی یەکەمـی ئەم نـاوە وشـەی شـار و لە بەشـی دووەم وشـــەی ڤـار بە واتـای نـاوچە و وڵات لە زمـانی کوردیـدا مـاوەتەوە. ئەم فریشـتەیە لە جیهـانی مینـۆڤی پیشاندەری سەروەری ئیزەدی و شکۆی یەزدانییە و لە جیهانی مادییدا پارێزەری کانزاکانە. (بڕوانە؛ ٥٥: ٩٢-٩٣)

[١] – لە ئاڤێستادا سپێەنتەئارمەئیتی و لە پەهلەویدا سپێندارمەت، سپێەنتە بە واتای پاک و پیرۆز و ئارمەئیتی بە واتای خاکەسار و فیداکارە هەروەهـا بە واتـای زەویـش دێت. لە جیهانی مینۆڤیدا هێمـای خۆشەویسـتی و خاکەساری ئەهورامەزدایە و لە جیهانی مادیدا فریشتەی پارێزەری زەوییە.(بڕوانە؛ ٥٥: ٩٣-٩٤)

[٢] – هەورڤە لە ئاڤێستادا بە واتای تەواو و بێ کەم و کوڕی هاتووە. تات یان دات بە واتـای بەخشـێنەر و پێدەر دێت و بەسەر یەکەوە واتای تەندروستی بەخش دێت. لە جیهانی مینۆڤیدا هێمای بێ کەم و کوڕی و کـامڵی ئەهورامەزدایە و لە جیهانی مادییدا پارێزەری ئاوەکانە. واتاکەی پەیوەستە بە هەور.(بڕوانە؛ ٥٥: ٩٥)

[٣] – بە واتای بێ مەرگ، نەمر دێت. لە جیهانی مینۆڤیدا هێمای نەمـری و هەمیشـەیی بـوونی ئەهـورامەزدایە و لە جیهانی مادییدا پارێزەری رووەکەکانە. نـاوی هەورڤەتـات و ئەمێرێتات لە ئاڤێسـتا و دەقە پەهلەوییەکانـدا بەردەوام پێکەوە هاتووە. (بڕوانە؛ ٥٥: ٩٥-٩٦)

یــان جەســتەیی. لە جیهــانی مادیــدا ئەرکــی پاراســتن و چــاودێریکردنی ئەفرێنراوانــی ئەهورامەزدایــان لە ئەســتۆیە و لە جیهــانی رۆحیشــدا وەکــو سیفەت و جیلوەی ئەهورامەزدا دەردەکەون.

لە دەقە پەهلەوییەکاندا ئەمێشەسپێەنتان بە شێوەیەکی گشتی سیمایەکی تەواو مــادی وەردەگــرن و وەکــو فریشــتە لە بارەگــای یەزدان، ئەرکــی بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان و مرۆڤەکانیان لە سەرەتای ئەفراندنەوە تاکو لێپرسینەوە لە رۆژی دوماهی لە ئەستۆ دەگرن.

لە یەشــتەکاندا ئامــاژە بەوە دراوە کە ســەرجەم ئەم فریشــتانە لەلایەن ئەهــورامەزداوە ئەفرێنــراون. ((ئەمەیە ڤوهــومەنی خــوڵقێنراوی مــن ئەی زەردەشت، ئەمەیە ئەشەڤەهیشتەی خوڵقێنراوی من ئەی زەردەشت، ئەمەیە خشەترەڤەئیریوی خوڵقێنراوی من ئەی زەردەشت، ئەمەیە سپێەنتەئارمەئیتی خــوڵقێنراوی مــن ئەی زەردەشــت، ئەمــانەن هەورڤەتە و ئەمێرێتــاتە، هەر دووکیـان خـوڵقێنراوی مـنن، ئەو کەسـانەی بـۆ جیهـانەکەی تـر کـۆچ دەکەن لەلایەن ئەوانەوە پاداشتەکانیان پێدەدرێت.))(٥٥: ٦٣)

هەروەک پێشــتر ئامــاژەی پێــدراوە، لە ئاڤێســتای نوێــدا ئەهــورامەزدا لەجیـاتی سـپێەنتەمەینیو سـەروەریی ئەمێشەسـپەنتەکانی پێدەسـپێردرێ و ئەنگرەمەینیـو کە لە بەرامـبەر سـپێەنتەمەینیو سـەرۆکایەتی بەرەی هێـزی خراپەی دەکرد، لە بەرامبەر ئەهورامەزدا دانرا. کاتێک ئەهورامەزدا دەست بە ئەفراندن دەکات و شەش ئەمێشەسپێەنتەکان بەدی دێنێت، ئەنگرەمەینیووش دەسـت بە خوڵقانـدن دەکـات و لە بەرامـبەر هەر یەک لەم ئەمێشەسـپێەنتانە، دێوێــک دەخــوڵقێنێ تــاکو دژی کــارە چاکەکــانی ئەم هێــزە ئەهوراییيــانە بوەســتنەوە. لە "بنـداهێش"دا بەم جـۆرەی خـوارەوە باسـی ئەم خوڵقانـدنە ئەهریمەنییە کراوە.

((ئەهــریمەن[١] ســەرەتا ئەک ڤـۆمەنی خوڵقانـد، ئینجـا ئەنـدەر، پاشــان سائورڤە، ناگهیس، تەئورڤی، ئینجا تەریز و زەریز و دواجار دێوەکانی تر، حەوتەم خودی ئەهریمەن بوو.))(١٠٤: ٣٨) ئەم دێوانە لە بەرامبەر هەر یەک لە ڤەهومەنــاە، ئەشاڤەهیشــتا، خشــەتراڤەئیریە، ئــارمەیتی، هەورڤەتــات، ئەمێرێتات و خودی ئەهریمەنیش لە بەرامبەر ئەهورامەزدا وەستان. ئالێرەوە سەرەتای ئەفراندن و ژیان و مەرگ دەسپێدەکات.

[١] – لە زمانی پەهلەویدا ئەنگرەمەینیوو بووە بە ئەهریمەن و ئەهورامەزداش بووە بە هورمزد یان ئەورمەزد.

## • دەقە پەهلەوییەکان

**زمان و خەتی پەهلەوی:**

پـێگەی زمـانی پەهـلەوی لە دابەشـکردنی زمـانە ئێرانییەکـان بەپێـی جـوگرافییەوە بـۆ رۆژئـاوای ئێـران دەگەڕێـتەوە.(٨١: ١٣٤) (محـەمەد تەقـی بەهـار) دەنووسـێت: ((زمـانی پەهـلەوی تـایبەت بە خەڵکـی هەرێـمە شـاخاوییەکانی رۆژئـاوای ئێـران بـووە.(١٥٧: ٤٨٨) بەم جـۆرە نـاوچە شاخاوییەکانی کوردستانی گەورە و دانیشتووانەکەی بە زمانی پەهلەوییەوە گرێ دراون. جگەلەوەش (د. پەرویز ناتل خانلەری) ئاماژە بە نووسراوێکی (بەڵعەمی) دەکات و دەڵێت: فەرمانڕەوایانی ساسانی لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتەکانیان بەم زمانە دواون و هەروەها ناوی پێنج هەرێمی دیاریش دێنێ کە بە پەهلەوی (فەهلەوی) ناونراون و بریتین لە: ئەسفەهان، رێی، هەمەدان، ماهنەهاوەند و ئازەربایجان.(٦٩: ٢٧٢)

هەنـدێ لە تـوێژەرانی بـواری مێـژوو و زمانناسـان پێیـانوایە زمـانی پەهـلەوی درێژەپێـدەری زمـانی پارسـی کـۆنە کە نووسـراوە بەردییەکـانی سـەردەمی هەخامەنیشـییەکانی پـێ نووسـراوە و زمـانی فارسـی نـوێش بە درێژەپێـدەری زمـانی پەهـلەوی دەزانـن. بـۆ نمـوونە (رودریگێـر ئیشـمیت) لە کتێبـی "راهنمـای زبانهـای ایرانـی"دا دەڵێت: زمـانە ئێرانییەکـان دابەشـی سـێ قۆناغ دەکرێن و بریتین لە:

١- زمـانە ئێرانییەکـانی قۆنـاغی کـۆن وەکـو زمـانی ئاڤێسـتایی و پارسـی کۆن

٢- زمـانە ئێرانییەکانی قۆنـاغی ناوەڕاسـت وەکـو زمـانی پـارتی و زمـانی فارسی ناوەڕاست (پەهلەوی)

٣- زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی نوێ وەکو فارسی دەری.(٩١: ٦١-٦٢)

توێژەرانی ئێرانی پشت بەم بۆچوونە دەبەستن و زمانەکانی رۆژئاوای ئێران بەسەر دوو شێوە دابەش دەکەن کە بریتین:

١- پارتی یان پەهلەوی ئەشکانی
٢- فارسی ناوەڕاست یان پەهلەوی ساسانی[١].(٩٥: ١٣)

بەم جۆرە دەردەکەوێت توێژەرانی ئێرانی، زمانی پەهلەوی بە فارسی ناوەڕاست ناودەنێن. بەپێی بەڵگەکان ئێستا ئاشکرایە کە ریشەی زمانی فارسی نوێ بۆ باکووری رۆژهەڵاتی ئێران و تەنانەت سنوورەکانی دەرەوەی خاکی ئێرانی ئێستا دەگەڕێتەوە و لە رووی قۆناغی گەشەی زمانییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی پەهلەوی و رۆژئاوای ئێرانەوە نییە.[٢] (د. پەرویز ناتل خانلەری) دان بەو راستییە دادەنێت و دەڵێت: ناوچە و سنووری بڵاوبوونەوەی فارسی دەری، سەرەتا لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ئێران بووە. زۆربەی نووسەرانی ئێرانی لە (سەدەی چواری کۆچی) سەر بەم هەرێمە بوونە و لە کۆشکی میر و بەگزادەکانی سەفاری، سامانی، غەزنەوی و سەلجووقیدا خزمەتیان کردووە. شاعیرانی ئەم قۆناغە بە زۆری خەڵکی شاری بوخارا، سەمەرقەند، هەرات، تووس، سیستان یان

---

[١] – توێژەرانی فارس زمانی ئێرانی، لە دابەشکردنی زمانە رۆژئاواییەکانی ئێراندا تەنیا لە قۆناغی فارسی نوێدا ناوی زمانی کوردی دێنن و بە جۆرێک باسی زمانی کوردی دەکەن کە وەک بڵێی لەم قۆناغە دەرکەوتبێت و پێشتر هیچ بوونێکی نەبووبێت. هەروەها زۆر بە راشکاوی لە ریزی شێوەزارە جیاجیاکانی فارسی نوێدا پۆلینی دەکەن. جگەلەوەش لەکاتی پۆلینکردنی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەڵێن: زازایی و گۆرانی دوو زاری سەربەخۆن کە بە هەڵە سەر بە زمانی کوردی هەژمارکراون.(بڕوانە؛ ٨١: ١٨١) بێگومان ئەم بۆچوونەشیان بە مەبەستە و دەیانەوێت تاکو دەکرێ مێژووی زمانی کوردی بسڕنەوە و پێشینەی ئەم زمانە بە هیچ شێوەیەک بەلای زمانی پەهلەوی و ئاڤێستاییدا نەڕوات. زمانناسانی کورد دەبێ وریابن و کار لەسەر ریشەی دێرینی زمانی کوردی بکەن، چونکە وا وردەوردە ئەو میراتە لەمێژینەی گەلەکەمان بەهۆی بێخەبەری لە ئاست زمان و مێژووە رەسەنەکەمان لە کیس دەچێت.

[٢] – لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە زمانی فارسی لە رووی قۆناغی گەشە و گۆڕانی زمانییەوە پەیوەندی بە زمانی پەهلەوی نەبووە، بەڵام دواتر کە وەکو زمانی رەسمی لەلایەن دەزگای میری فەرمانڕەوایەتییەکان پەسند دەکرێت، بە مەبەستی خۆ گونجاندن و پرۆسەی گەیاندن لەگەڵ دانیشتوانی ویلایەتە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی ویلایەتەکانی رۆژئاوای ئێران، وشە فارسییەکان بە سوودی وشە پەهلەوییەکان وەلانران ئەمەش سیمایەکی نوێی بە فارسی دەری دا و ئیتر وردەوردە زمانی پەهلەوی لە دوای سەدەی چوارەم و پێنجەم جێگەی خۆی بە فارسی نوێ دا، ئەویش تەنیا لە زمانی نووسیندا چونکە لە کوردستاندا تاکو رۆژی ئەمڕۆ زمانی پەهلەوی قسەی پێدەکرێت، بە تایبەتی لە هەندێ ناوچەی وەکو خانەقین، لوڕستان، هەورامان و گۆران هەروەها فەرهەنگی وشەی گشت شێوەزارەکانی زمانی کوردی پڕیەتی لە وشە و ئیدیۆمی زمانی پەهلەوی.

شاره دوورترەکانی تری باکووری ڕۆژهەڵاتی بانی ئێران بوون.[١] لە سەدەی چوارەم تاکو سەرەتاکانی سەدەی شەشەم زمانی فارسی دەری بەهۆی گرنگی پێدانی لەلایەن فەرمانڕەوا سامانی و غەزنەوی و سەلجووقییەکان[٢] وردەوردە وەکو زمانی ڕەسمی و ئەدەبیی ئێران گەشەی کرد. لەم کاتەدا شاعیرانی ناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران لە زمانی فارسی ئەم قۆناغە تێنەدەگەیشتن[٣]، زۆربەی وشەکانی زمانی فارسی کە لە ناوچەکانی تری ئێران نامۆ بوون وەلانران و شێوە باوەکانی وشەی زمانی ڕەسەنی ناوچەکە کە هەمان زمانی پەهلەوی بوو، لە شوێنیان دانران. بەم جۆرە وشە پەهلەوییەکان جێگەی وشە فارسییە نامۆیەکانیان گرتەوە و زمانی فارسی بەر کاریگەری زمانی پەهلەوی کەوت و لە ئەنجامی ئەم کاریگەری و کارتێکردنەوە، زمانی ڕەسمی فارسیی ئێستا لەدایک بوو؛ ئەگەرچی ئەم زمانە لە زمانی دایکی و ڕەسەنی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئێران جیاواز بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی لەلایەن میر و فەرمانڕەوایەتییەکان بە زمانی فەرمی هەڵبژێردرا و ئەدەب و زانستی ئەو سەردەمی پێدەنووسراوە زانا و شاعیران لە حوجرە و ناوەندەکانی خوێندن فێری بوون و بەرهەمەکانی خۆیان پێ دارێشت.(٧٠: ٩-١١) بەم پێیە زمانی فارسی درێژەپێدەری زمانی

---

١ - (حسن رضائی باغ بیدی) لە کتێبی "تاریخ زبانهای ایرانی"دا ئەمەی دووپات کردۆتەوە و دەنووسێت: ((ئەدەبیاتی فارسی دەری سەرەتا لە ڕۆژهەڵات[ی ئێران] دەرکەوت و تاکو دەوروبەری کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی لە سنووری خوراسان و ماوەراونەهر دەرنەچوو.))(٨١:١٦٣)

٢ - غەزنەوی و سەلجووقی و هەندێ لە حوکمڕانییەتییەکانی ئەوسای ڕۆژهەڵاتی ئێران، لە ڕووی نەژادەوە تورک بوون و زمانی فارسییان بە زمانی فەرمی دەزگای میری خۆیان هەڵبژارد. هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە دەبێ چی بێت؟ بێگومان نیشتمانی تورکەکان دەکەوێتە سنووری دەشتەکانی باکووری تاجیکستان و ئۆزبەکیستان و موغولیستان، کە واتە لە ڕووی جوگرافییەوە دراوسێی یەکتری بوون و شارەزای کولتووری یەکتری بوون، بۆیە تورکەکان دوای ئەوەی بەرەو خوراسان دێن و لەوێدا جێگیر دەبن و دەوڵەت دادەمەزرێنن، زمانی فارسی کە ئەو دەم شاعیران شیعریان پێ دادەنا بە زمانی ڕەسمی دەزگای میری هەڵدەبژێرن. بەم جۆرە تورکەکان گەورەترین خزمەت بە زمانی فارسی و نەتەوەی فارس دەکەن. جگە لەوەش دوای ئەوەی تورکەکان بەرەو ئاسیای بچووک هەڵدەکشێن و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دادەمەزرێنن، زمانی فارسیش لەگەڵ خۆیان دێنن. لەم کاتەدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەهۆی ئەوەی مەزنترین ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی لە جیهان بوو و بە سەر بەشێکی مەزن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا حوکمڕانی دەکرد، پشکێکی سەرەکی هەبوو لە بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی زمانی فارسی بە ناوچەکەدا.

٣ - (محەمەد تەقی بەهار) کە بە (ملک الشعرا) ناسراوە دەڵێت: لەو سەردەمەدا کە زمانی پەهلەوی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران باو بووە، لە خوراسان واتا ڕۆژهەڵاتی ئێران زمانی دەری، بڵاو بووە و زمانی پەهلەوی لەوێدا نامۆ بووە.(١٥٧: ٤٨٦)

پەهـلـەوی نیـیە، بەڵکـو ئەوە زمـانی فارسـییە کە لە دوای سـەدەی سـێیەم و چـوارەمی کـۆچی بەر کـاریگەری زمـانی پەهـلـەوی دەکەوێـت. ئەمە واقیعـی مێـژووی دەرکەوتنـی زمـانی فارسـیی ئێسـتای ئێـرانە کە لە سـەردەمی ساسـانییەکان و پێشـتریش هـیچ پێگەیەکـی لە رۆژئـاوای ئێران نەبـووە[١]، کە مەڵبەندی رەسەنی زمانی پەهلەوییە. زمانی فارسیی ئێستای ئێران لقێک یان شـێوەیەکە لە زمـانی فارسـیی وڵاتـی تاجیکسـتان. بەواتـایەکی تـر مەڵبەنـدی سەرەکی زمانی فارسی وڵاتی تاجیکستانە.[٢]

ئێسـتا پرسـیار ئەوەیە، دەبـێ رەگ و ریشـەی زمـانی پەهـلـەوی کە لە رۆژئـاوای ئێـران و بەواتـایەکی تـر لە کوردسـتانی گەورەدا بـاو بـووە و ژمـارەیەکی زۆر بەرهەمـی ئەدەبـی و ئـایینی و مێژوویـی و جـوگرافی پـێ نووسـراوەتەوە، بـۆ کـام زمـان بگەڕێـتەوە؟ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیارە بـۆ بۆچوونی یوسـیف ئۆرانێسـکی دەگەڕێتەوە. ناوبراو دەڵێت: سـەرجەم زمـانە ئێرانییەکـان سـەرەڕای قۆنـاغی کـۆن، ناوەڕاسـت و نوێیـان، بەسـەر دوو کـۆمەڵەی گەورەی رۆژهەڵاتـی و رۆژئاواییـدا دابەش دەکـرێن. هەرکـام لەم دوو کۆمەڵەیەش بەسەر دوو لقی باکووری و باشووری دابەش دەبن. زمـانە ئێرانییەکانی باکووری رۆژئاوا لە وڵاتی ماددا باو بوونە و زمانی ئاڤێستاییش یەکێک لەم زمانـانەیە. ئەو زمانـانەی کە لە قۆنـاغی ناوەڕاسـت لەم ناوەنـدەدا

---

[١] – ئەوە راسـتییەکە کە تـاکو ئێستاشـی لەگەڵدا بێت هەر بەرچـاوە، بۆ نمـوونە ئەگەر لە ناوەڕاسـتی ئێران لە باکوورەوە بۆ باشوور هێڵێک رابکێشرێت و نەخشەی جوگرافیای ئێستای ئێران بکرێتە دوو بەش، ئەوە بە روونی دیارە کە مەڵبەندی زمانی فارسی دەکەوێتە نیوەی رۆژهەڵاتی ئێران و لە نیوەی رۆژئاوادا زمـانی فارسی نامۆیە و ئەم نیوەیە مەڵبەندی زمانی کوردی بە سەرجەم شێوەزارەکانییەتی.

[٢] – لە کاتی ئێستادا مشتومڕێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەکادیمییەکانی ئێران و تاجیکستان لە بواری لێکۆڵینەوە لە مەڵبەندی دێرینی زمانی فارسی و رەگ و ریشەکانی کە تای تەرازوو بەرەو لای تاجیکییەکاندا شکاوەتەوە. توێژەرانی فـارس زمـانیش جارجـار دان بەم راسـتییە دادەنێن، بۆ نمـوونە (جەلال مەتینی) دەڵێت: ریشـەی زمـانی فارسـی لە ئێـران و تاجیکسـتان یەکە، بەڵام لەکـاتی ئێسـتادا بە زمـانی فارسـی و زمـانی تـاجیکی ناسـراون.(١٦٣:٢٣٥) (محـەمەد جان شـەکوری) دەڵێت: فارسـی تـاجیکی و فارسـی ئێرانـی لە بنەڕەتدا یەک زمـانن.(١٦١: ٢٣٩) (مەجیـد یەکتـایی) دەڵێت: زمـانی فارسـی لە ئێـران و لە تاجیکسـتان جیـاواز نـین، تەنیـا ئەوەندە نەبێت کە زمانی تاجیکی لە سەردەمی روودەکییەوە کە بە باوکی شیعری فارسی دادەنرێت، کەمتر گۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و تـا رادەیەکی زۆر وەک خـۆی مـاوەتەوە.(١٦٠: ٧٣٩) بەم جـۆرە ئاشـکرایە کە زمـانی فارسـی لە ئێران شـێوەیەکە لە زمـانی فارسـیی تـاجیکی کە دوای پەل هاویشـتنی بـۆ هەرێمەکـانی ناوەڕاسـت و رۆژئـاوای ئێران، بەهـۆی تێکەڵبـوون لەگەڵ زمـانی رەسـەنی ئەم هەرێمـانە گۆڕانی بەسـەردا هاتووە و گەشەی کردووە.

باو بوونە، بە زمانی پارتی یان پەهلەوی ناسراون. لە قۆناغی نوێی باکووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، لە کوردستان و ئازەربایجان و کەنارەکانی دەریای قەزوین ژمارەیەکی زۆر لە زمانە ئێرانییەکانی باکووری رۆژئاوا ماونەتەوە، لەوانە زمانی کوردی بە سەرجەم زار و شێوەزارەکانی (وەکو زازایی، گۆران، هەورامی، بادینی و...هتد)، تالیشی و گیلەکی.(١٥٦: ١٦٤-١٦٥) ئەم توێژەرە لە قۆناغی نوێی زمانە ئێرانییەکانی باکووری رۆژئاوا یەکسەر ئاماژە بە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی دەدات. واتا لەو سنوورە جوگرافییەی کە لە قۆناغی کۆن، زمانی مادی و لە قۆناغی ناوەڕاست، زمانی پەهلەوی باو بووە، لە سەردەمی ئێستادا زمانی کوردی و سەرجەم شێوەزارەکانی بەربڵاون.

بەم پێیە هێڵکاری ( ←—— مادی ←—— پەهلەوی کوردی) دێتە ئاراوە.

زمانی مادی یەکێک لە کۆنترین زمانەکانی رۆژئاوای ئێرانە، کە لە رووی وشەسازییەوە لە زمانی ئاڤێستایی زۆر نزیکە.(٩١: ١٥٤-١٥٧) بێگومان زمانی ئاڤێستایی یەکێک لە زارەکانی زمانی مادییە. ویلیام جەکسۆن دەڵێت: زمانی ئاڤێستایی کۆن و نوێ دوو دیالێکتی سەر بە یەک زمانن))(١٧٦: ١٦)، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە سەر بە کام زمانن. لە راستیدا ئەم زمانە، زمانی مادییە.

بێگومان زمانی مادی لەپڕ لەناو نەچووە، بەڵکو دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی مادەکان، ئەم زمانە بە سەرجەم زارەکانییەوە لە ناوچە بەرفراوانەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە درێژەی بە بوونی خۆی داوە. لە سەردەمی ئەشکانییەکان کە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەی هەرێمی سەربەخۆ بوو، هەرکام لە زار و شێوەزارەکانی زمانی مادی، بەپێی ژینگەی تایبەت بە خۆیان گەشەیان کرد. ئەم زار و شێوەزارانە بەسەر یەکەوە زمانی پەهلەوییان پێکهێنا.

لێرەوە دەردەکەوێت زمانی پەهلەوی قۆناغی گەشەکردووی زمانی مادییە، چونکە بە وردبوونەوە لە زمانی پەهلەوی ئاشکرا دەبێت رەگی زۆربەی وشەکانی ئەم زمانە بۆ وشە ئاڤێستاییەکان دەگەڕێتەوە یان هەندێ جار بە کەمە گۆڕانێک لەکاتی گۆکردندا هەر خودی وشە ئاڤێستاییەکانن.

ئەوەندە ماوە بگوترێت زمانی پەهلەوی بە گشت تایبەتمەندییەکانییەوە بەسەر سەرجەم شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا دابەش بووە. بە واتایەکی وردتر زارەکانی زمانی کوردی بڕبڕەی پشتی زمانی پەهلەوی پێکدێنن.[١]

زمانی کوردی لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی زمانی لای نەداوە و لە ئاڤێستایی بۆ پەهلەوی و لە پەهلەوی بۆ شێوەزارەکانی ئێستای کوردی لە گەشەکردندا بووە. بۆیە زمانی کوردی لە کۆنەوە تاکو سەردەمی ئێستا بەسەر سێ قۆناغی خوارەوە دابەش دەکرێت[٢]:

**١- قۆناغی مادی- ئاڤێستایی**

**٢- قۆناغی پەهلەوی**

**٣- قۆناغی کوردی**

زمانی مادی بەسەر دوو شێوەی زمانی ئاڤێستایی کۆن و ئاڤێستایی نوێدا دابەش دەکرێت. زمانی پەهلەوی بۆ شێوەزارە جۆربەجۆر و زۆرەکانی کوردی دابەش دەکرێت و دواجار قۆناغی کوردی ئێستای لێ دەکەوێتەوە. هۆی ناونانی ئەم سێ قۆناغە بە شێوەی سەرەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و سەروەری و یەکگرتوویی خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە. لە قۆناغی مادی- ئاڤێستاییدا کورد خاوەن دەسەڵات و خاکێکی یەکگرتوو بووە. لە قۆناغی پەهلەویدا کورد خاوەن دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ و خاکێکی یەکگرتوو بووە[٣]. لە قۆناغی کوردییدا کورد خاوەن دەسەڵات و خاکێکی یەکگرتوو نییە.

---

[١] - نابێ فەرامۆش بکرێت کە هەندێ زمانی تری وەکو گیلەکی و تاتی و تالێشی و ئاسی لە رووی ریشەی زمانییەوە بۆ گرووپی زمانی مادی کۆن دەگەڕێنەوە بۆیە زۆر لە شێوەزارە جیاجیاکانی کوردی نزیکن و رەگی زۆرێک لە وشەکانیان بۆ زمانی پەهلەوی دەگەڕێتەوە.

[٢] - د. رەفیق شوانی لە کتێبی (زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا) قۆناغەکانی مێژووی زمانی کوردی بەم جۆرە دابەش کردووە: یەکەم، قۆناغی زمانی کوردی کۆن (دێرین) ئەم قۆناغە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانەوە دەست پێدەکات لە نێوان ساڵانی ٧٧٠پ.ز. دووەم، قۆناغی زمانی کوردی ناوەڕاست کە لە سەرەتای دەسەڵاتی هێلینییەکانەوە تا کۆتایی قۆناغی ساسانییەکان دەگرێتەوە. سێیەم، قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی، ئەم قۆناغە سەردەمی هاتنەکایە و بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە.(بڕوانە؛ ٧: ١٢٨و١٢٩)

[٣] - لەم قۆناغەدا بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەشکانییەکان و تا رادەیەکیش لە رۆژگاری ساسانییەکاندا ئەگەرچی کورد خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی بووە، بەڵام هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان لەلایەن حوکمڕان و میرنشینە ناوچەییەکان بەڕێوە دەچوون. بەو مانایە کە شێوەیەکی فیدڕاڵی لە ئارادا بووە و میرنشینەکان لە هەمان کاتدا کە لە ژێر فرمانی حکومەتی ناوەندی بوونە، خاوەن دەسەڵاتی تایبەت بە خۆشیان بوونە بە تایبەتی لە رووی یاسا و شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بۆیە ئەم قۆناغە زەمینەی

**خەتی پەهلەوی:**

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، لە سەردەمی ساسانییەکاندا حەوت شێوەی نووسین هەبووە. بۆ نموونە (ابن ندیم) خاوەنی "الفهرست" لە زمانی (ابن مقفع)ەوە دەگێڕێتەوە کە ئێرانییەکان بۆ مەبەستی کاری نووسین حەوت جۆرە خەتیان هەیە و هەرکام لەم خەتانەش تایبەتن بە کاروبارێکی تایبەتەوە. ئەم خەتانە بریتین لە: دین دەویری، ویش دەویری، کوشتەگ دەویری، نیو کوشتەگ دەویری، میردەویری، هەم دەویری، راز سهریە دەویری.(١١٩: ٢٢-٢٤) بەداخەوە ئێستا تەنیا بەرهەمی سێ جۆر لەم خەتانە لەبەر دەستدان کە ئەمانەن، دین دەویری، هەم دەویری و کوشتەگ دەویری.[١](١٠٦: ٢٤)

ئەلفوبێی زمانی پەهلەوی زۆر ئاڵۆزە، چونکە هەندێ پیت هێمای چەند دەنگێکن و هەندێ جار پیتە دەنگدەرەکان دەنووسرێن و هەندێ جار نانووسرێن.(٩٥: ٥٩) ژمارەی پیتەکانی ئەم خەتە ١٤ پیتن. کە بریتین لە:

r b z h k x a l

n p t C s s

هەندێ لەم پیتانە هێمای چەند دەنگێکن، بۆ نموونە ( a ) پیشاندەری دەنگی (ئا، ئە، هـ ، خ)یە. هەروەها (n) هێمای دەنگی (ن، و، وو، هەندێ جار ر)یە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم خەتە ئەوەیە کە لەکاتی نووسیندا پیتەکان بە یەکتری دەلکێندرێن و لە راستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت.(بڕوانە؛ ١٩٩: ١).

هەموار کردووە بۆ دروستبوونی شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی ئێستای زمانی کوردی کە لە قۆناغی سێیەمدا بە تەواوی بەرجەستە دەبێت.

١ – دین دەویری ئەو خەتەیە کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە و لەگەڵ خەتی پەهلەوی جیاوازە، بەڵام لە سەر بنەمای خەتی پەهلەوی و ئارامی داهێنراوە. هەم دەویری گرنگترین خەتی پەهلەوی بووە، چونکە سەرجەم خەڵکی دەیانتوانی فێری ببن و بەرهەمی پێ بنووسن. هەروەها ئەو دەقە پەهلەوییانەی ئێستا لەبەر دەستدان بەم خەتە نووسراون. کوشتەک دەویری ئەو خەتە پەهلەوییەیە کە بۆ نووسینی سەر بەرد، دراو، قەواڵە بەکاربراوە.

**دەقە پەهلەوییەکان:**

دەقە پەهلەوییەکان پیشاندەری بەشێکی گرنگ لە فەلسەفە، بیروباوەڕ، مێژوو و ئەفسانەی ئایینی زەردەشتین. ئەم دەقانە لە ژێر ڕۆشنایی پەروەردە بنیاتییەکانی ئاڤێستا و زەندی ئاڤێستا نووسراونەتەوە. زۆربەی ئەم دەقانە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانییەکان یان لە سەدە بەراییەکانی سەردەمی ئیسلام نووسراون یان لەسەر نوسخە ڕەسەنەکە لەبەریان گیراوەتەوە. ژمارەی دەقە پەهلەوییەکان وەکو کتێب، وتار و پەندنامە زۆرن، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا ئاوڕ لەو دەق و کتێبە پەهلەوییانە دراوەتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەبووە. ناوی هەر یەک لەم دەقانە و کورتەیەکی ناوەڕۆکی هەرکامیان لە خوارەوە هاتووە:

**١- دینکەرد**
**٢- بنداهیش**
**٣- ئەرتاڤیرازنامەگ**
**٤- مینوگی خیرەت**
**٥- بژاردەکانی زاتیسپەرم**
**٦- ریوایەتی پەهلەوی.**

**<u>دینکەرد</u>**[١]: یەکێک لە سەرەکیترین کتێبە ئایینییەکانی زەردەشتییە کە بە زمانی پەهلەوی نووسراوە و لە ناو زەردەشتییەکاندا بە کتێبێکی پیرۆز

---

[١] – لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە چەند چاپێکی دینکەرد وەرگیراوە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی دینکەرد بڕوانە؛ دینکەردی مادان کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بە زمان و خەتی پەهلەوییە.

-Dinkard, Madan, part I-II, Bombay 1911.

-Pahlavi texts, part IV, E.W.West, Oxford University 1892.

-Pahlavi texts, part V, E.W.West, Oxford University 1897, p 3-133.

-Denkard, the acts of Religion, Book 3,4,5, 6,7,8,9 Edited by Dastur Peshotanji Bahramji Sanjana, Bomby 1876-1907.

-The Wisdom of the Sasanian Sages, (Denkard VI), by Aturpat-i Emetan, Translated by Shaul Shaked, Published 1979 in the U S of America by Westview Press, Inc.

- کتاب سوم دینکرد، آراستاری، ترجمه، فریدون فضیلت، ب١، انتشارات فرهنگ دهخدا، چاپ اول، تهران ١٣٨١.

- کتاب سوم دینکرد، آراستاری، ترجمه، فریدون فضیلت، ب٢، انتشارات مهرآیین، چاپ اول، تهران ١٣٨٤.

هەژمـار دەکرێـت. بەوجـۆرەی کە لە خـودی کتێـبەکەوە دیـارە، ئەم کتێـبە کـۆکراوەیەکە لە بیروبـاوەڕ و دابونەریـت و ئەفسـانە ئایینییەکـانی رۆژگـاری ساسانییەکان کە کتێبی ئاڤێسـتا و زەندی ئاڤێسـتا سـەرچاوەی سـەرەکی ئەم بەرهەمە بـووە. ئەو دیـنکەردەی ئێسـتا لەبەر دەسـتدایە لە سـەدەی سـێیەمی کۆچی (سەدەی نۆیەمی زایینی) لەلایەن دوو کەسـەوە بەنـاوی (ئـادەرفرەنبەغ فەڕوخزادان) و (ئایەرپاد ئیمیدان) کۆکراوەتەوە و ڕێکخـراوەتەوە.[١] دینکەرد بەسەر نۆ کتێب دابەش دەکرێت کە کتێبی یەکەم و دووەم و بەشـێکی کتێبی سێیەم لەناو چووە.

**دینکەردی سێیەم:** گەورەترین کتێبی دینکەردە. لە ٤٢٠ بەش پێکهـاتووە. بەشـەکانی کـورت و بە زۆری سـەبارەت بە دوالیزمـی زەردەشـتی، ئەفرانـدن، رەخنەگـرتن لە بیروبـاوەڕی ئایینەکـانی تـرن و هەروەهـا بەشـێکی گرنگـی تایبەت کراوە بە پەند و ئامۆژگاری.

**دینکەردی چـوارەم:** بچـووکترین کتێبـی دیـنکەردە. بـابەتی سـەرەکی ئەم کتێبە ناسـاندنی ئەمشاسـپەندانی ئـایینی زەردەشـتییە. جگەلەوە کورتەیەک لە سەربردەی ئاڤێستای تێدا باس کراوە.

**دینکەردی پێنجەم:** لە ٣١ بەش پێکهاتووە. سـەرەتا باسـی سـەردەمی پێش هـاتنی ئـایینی زەردەشـتی دەکـات. دوایـی باسـی لەدایکبـوون و ئەفسـانەکانی ژیانی زەردەشت دەکات. هەروەها باسی بەهەشـت و دۆزەخ، سـزاو پاداشـت، تـۆبە و لێبـووردن دەکـات. کۆمەڵێـک پرسـیار و وەڵام سـەبارەت بە پرسـە جۆربەجۆرەکانی وەکو سرووش (ئیلهام)، جیهانی باڵا، پەرستن و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی تێدا هاتووە.

**دینکەردی شەشەم:** ئەم کتێبە پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و جەختکردنەوە لە هزر و بیروباوەڕی ئایینی.

---

– کتاب پنجم دینکرد، آوانویسی، ترجمه، تعلیقات، واژەنامه، متن پهلوی، ژاله آموزگار، احمد تفضلی، نشر معین، چاپ دوم، تهران ١٣٨٨.

– دینکرد هفتم، محمدتقی راشد محصل، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول ١٣٨٩.

[١] – وەک دیارە کۆکردنەوەی بابەتەکانی دینکەرد و نووسین و ڕێکخستنیان بۆ یەکەمین جار هەر لە سـەدەی سـێیەمی کـۆچی بووبێت، نەک لە سـەردەمی ساسـانییەکان، بەڵام ئەوەی گومـانی تـێ نـاکەوێ ئەوەیە کە لەکـاتی ڕێکخسـتنی ئەم کتێـبە ئاڤێسـتای سـەردەمی ساسـانییەکان و وەرگێـڕدراوە پەهلەویـیەکەی لەبەر دەستی ڕێکخەرانی ئەم کتێبەدا بووە.

**دیـــــنكەردی حەوتەم:** لە ١١ بەش پێكهـــاتووە. ئەم كتێـــبە بـــاس لە ڕووداوەكانی ژیانی زەردەشت لە پێش لەدایكبوونەوە تا دەمی مردنی دەكات و لەسەر بنەمای سێ نەسكی ئاڤێستایی، سپێەنتانەسک، چیهردات نەسک و ڤیشتاسپ ساست نووسراوە كە بە درێژی باسی ژیانی پێغەمبەریان كردووە.

**دیـــنكەردی هەشـــتەم:** ئەم كتێـــبە لە ٤٦ بەش پێكهـــاتووە و كـــورتەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانی لەخۆ گرتووە. لە ڕێگەی دینكەردی هەشتەوەیە كە ئێستا دەزانرێت ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەكان لە سێ بەشی گاتانیک، داتیگ و هاتیگ مانتریگ پێكهاتبوو و هەركام لەم سێ بەشەش حەوت نەسک یان كتێبیان لەخۆ گرتبوو.

**دینكەردی نۆیەم:** ئەم كتێبەی دینكەرد كە ٦٩ بەشە، سێ نەسک لە ٢١ نەسـكەكانی ئاڤێسـتای تێـدا شـی كـراووتەوە. ئەم سـێ نەسـكە بـریتین لە سوتگەر نەسک، ڤەرش مانتەر نەسک و بەغ نەسک. ئەم سێ نەسكە سەربە نەسكە گاتانیكەكانن.

**<u>بنداهێش</u>**[1]: دوو نوسخە لە كتێبی بنداهێش لەبەر دەستدایە كە یەكیـان بە بنداهێشی گەورە یان ئێرانی و ئەویتریـان بە بنداهێشـی بچووک یـان هینـدی نـاونراون.[2] بنـداهێش لە ٤٠ بەش پێكهـاتووە. بـابەتی سـەرەكی ئەم كتێـبە سەبارەت بە ئەفراندن، ململانێی نێوان ئەهورامەزدا و ئەهریمەن و هێزەكانی چاكی و خراپی، زانیاری جوگرافی، مێژوویی، ئەستێرەناسی و چەند بابەتێكی ترە. بنداهێش ناوێكی لێكدراوە و لە دوو بەشی (بن) بە واتای بنچینە، بنەوان، ڕیشـە و (داهـێش) بە واتـای ئەفرانـدن و هێنـان، و داهێنـان دێـت. بەم پێـیە بنداهێش واتا ڕیشە و بنیاتی ئەفراندن و داهێنان لە نەبوونەوە.

---

[1] – لەم لێكۆڵینەوەیەدا سوود لەم چاپانەی بنداهێش وەرگیراوە:

-Pahlavi texts, part I, E.W.West, Oxford University 1860. p 1-153.

- بندهش، فرنبغ دادگی، مهرداد بهار، انتشارات توس، چاپ چهارم، ١٣٩٠هەروەها بندهش هندی، رقیه بهزادی، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ دوم، ١٣٨٨.

[2] – چـونكە نوسـخە دەسنووسـەكانی لە ئێـران نووسـراوەتەوە، بـۆیە بە ئێرانـی نـاوزەد كـراوە و نوسـخە هیندییەكەشی لە هیندوستان لەسەر نوسخە ئێرانییەكە لەبەری گراوەتەوە.

**ئەرتاڤیرازنامەگ**[١]: ئەم دەقە پەهلەوییە لە راستیدا گەشتی رۆحیی کەسێکی باوەڕداری ئایینییە بەناوی ڤیراز کە پێدەچێت لە سەردەمی (خەسرەو ئەنوشیڕوان) ژیابێت. بەپێی ئەم کتێبە ڤیراز گەشتێکی رۆحی بۆ جیهانی پاش مردن دەکات و چاوی بە بەهەشت و دۆزەخ دەکەوێت. لەوێدا بە چاوی خۆی دیمەنەکانی پاداشتی چاکەکاران و باوەڕداران و سزای خراپکار و گوناهباران دەبینێت. ئەم گەشتە رۆحییەی ڤیراز بە میعراجنامەی ئایینی زەردەشتی دادەنرێت.

**مینوگی خیرەت**[٢]: لە پێشەکییەک و ٦٢ پرسیار و وەڵام پێکهاتووە. لەم کتێبەدا لە رێگای ئەم پرسیار و وەڵامانە پرسی ئەفراندن و رووداوە ئەفسانەییەکان و رۆژی دوماهی تاوتوێ کراوە. پرسیارەکان لەلایەن کەسێکی خەیاڵییەوە ئاراستەی مینوگی خیرەت واتا (گیانی ژیری) کراوە و ئەویش وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**بژاردەی زاتیسپەرم**[٣]: ئەم کتێبە لەلایەن ئایەرپەد (زاتیسپەرمی جوانجەمان) نووسراوە کە لە سەدەی سێیەمی کۆچی ئایەرپەدی شاری سیرجان بووە. ئەم کتێبە لە ٣٤ بەش پێکهاتووە. لەم کتێبەدا باسی ئەفراندن، دەرکەوتنی ئایین، ئامۆژگاریی ئایینی، دواڕۆژ و زیندووبوونەوە کراوە.

**ریوایەتە پەهلەوییەکان**[٤]: ئەم کتێبە پەهلەوییە لە ٦٥ بەش پێکهاتووە. بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە لە کتێبە ئایینییەکانی زەردەشتی وەکو ئاڤێستا،

---

١ – لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لەم چاپانەی ئەرتاڤیرازنامەگ وەرگیراوە: (ارداویراف نامە، فیلیپ ژینیو، ترجمە ژالە آموزگار، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٩٠. هەروەها؛ ارداویرافنامە، یا بهشت و دوزخ در آیین مزدیسنی، د.رحیم عفیفی، انتشارات توس، چاپ دوم، ١٣٧٢.

Arda Wiraz Namag, the Iranian Divina Commedia, Fereydun Vahman, First Published (1986,corzon press:London).

٢ – بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مینووگی خیرەت بڕوانە؛ (مینوی خرد، احمد تفضلی، انتشارات توس، چاپ پنجم، ١٣٩١) هەروەها بڕوانە؛

-Pahlavi texts, part III, E.W.West, Oxford University 1885, p 3-115.

٣ – بڕوانە؛ وزیدگیهای زاداسپرم، محمدتقی راشد محصل، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ سوم ١٣٩٠. دەسنووسی ژمارە "د٧"ی دەزگای ئاسیایی زانکۆی پەهلەوی شیراز. هەروەها

-Pahlavi texts, part V, E.W.West, Oxford University 1987, p 133-182.

٤ – بڕوانە؛ روایت پهلوی، مهشید میرفخرایی، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، ١٣٩٠. هەروەها

زەند، پازەند و کتێبە پەهلەوییەکانی تر وەرگێراون. بە گشتی لەم کتێبەدا ئەم بابەتانە باس کراون: ئایینی، کۆمەڵایەتی، رەوشت، ئەفسانە و دابونەریتی کۆمەڵایەتی.

---

-The Pahlavi Rivayat, Accompanying the Dadestan I Denig, By A.V. Williams, The Royal Donish Academy, 1990.

-The Pahlavi Rivayat of Athurfranbag And Faranbag-sros, Part I, B.G. Anklesaria, Bombay 1969.

# بەشی دووەم

- تەوەری یەکەم:

  - ئەفسانەی ئەفراندن
  - ئەفراندن لە ئەفسانەی کوردیدا
  - ئەفسانەی تۆفان
  - ئەفسانەی رزگارکەر

## • ئەفسانەی ئەفراندن

**ئەفسانەی ئەفراندن:**

ئەفسانەی ئەفراندن پانتاییەکی بەرفراوانی لە هزر، بیروباوەڕ، فەلسەفە، کولتوور و مێژووی میللەتان گرتۆتەوە کە ئەویش هەڵقوڵاوی جۆری بیرکردنەوە، ژینگە و کولتووری ئەم میللەتانەیە، بۆیە چۆنییەتی گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندن لە ناو میللەتە جیاجیاکاندا جیاوازە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی. بێگومان لەو ناوەندەدا ئەفسانەی ئەفراندن لای میللەتی کورد خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی کە لە ئەفسانەی میللەتانی تر جیای دەکاتەوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەفسانەی ئەفراندنی میللەتی کورد لە تەک ئەفسانەکانی تری وەکو ئەفسانەی ململانێی نێوان هێزی چاکی و هێزی خراپی، ئەفسانەی تۆفان، ئەفسانەی رزگارکەر، ئەفسانەی کۆتایی جیهان و دوارۆژ و بەهەشت و دۆزەخ بەسەر یەکەوە پرۆسەیەکی هاوتەریب دروست دەکەن کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و لۆجیکی بەیەکەوە گرێدراون، تاکو لە ئەنجامدا بینایەکی مەزن و شکۆدار لە ئەفسانەی کوردی پێک بێنن.

(میرچا ئیلیادە) پێیوایە ئەفسانەی بنەچە، بە گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون دەستپێدەکات.(١٤١: ٣٢) ئەوە بەو واتایەیە کە بەر لە هەموو شتێک دەبێ گەردوون ئەفرێنرابێت، کە پێکهاتووە لە ئاسمان و زەوی و ئەستێرە و ...هتد. لە ئەفسانەی ئەفراندنی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، گەردوون لە مەفهوومی زەمەنی بێ سنوور و زەمەنی سنووردار و شوێنی بێ سنوور و شوێنی سنوورداردا خۆی دەنوێنێ. ئەوەش بۆ ریوایەتی ئەفسانەی ئەفراندنی زەرڤانی دەگەڕێتەوە کە دواتر خۆی لە ریوایەتی زەردەشتیدا دۆزییەوە. لە ریوایەتی زەرڤانیدا زەمەن کە هەمان زەرڤانی خواوەندە، واتا و چەمکی زەمەن و شوێن رادەست دەکات. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا زەرڤان خواوەندێکی دوو جەمسەرە واتا لە یەک کاتدا هەم نێر و هەم مێیە. زەمەن نێر و شوێن مێیە. بەم جۆرە لەگەڵ بەیەکگەیشتنی زەمەن و شوێن گەردوون بەدی دێت کە هێمایەکە بۆ جوولە.

ئەم ئەفسانەیە لە قۆناغی زەردەشتییەتی میللەتی کورد درێژەی پێدەدرێت و ئەهورامەزدا لە شوێنی بێ سنوور و لە زەمەنی بێ سنوور کە بارەگای خۆیەتی، زەمەنی سنووردار و شوێنی سنووردار بەدی دێنێت. لە ناو ئەم شوێنە سنووردارە و لە ناو ئەم زەمەنە سنووردارەدا کە ئەفرێنراوی ئەهورامەزدان، ئەفراندنی ئەهورایی و خولْقاندنی ئەهریمەنی بەدی دێن، گەشە دەکەن و ململانێ دەکەن.[1]

هەروەها (میرچا ئیلیادە) دەڵێت: ئەفسانەی ریشە و بنەچەی ئەفرێنراوەکان، درێژە پێدەری ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوونن و دەگێڕنەوە چۆن جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، گەشەی کردووە و بەرەو کۆتا رۆیشتووە.(١٤١: ٣٢) ئەفسانەی ئەفراندنی کوردی رێک بەم رێڕەوەدا گوزەر دەکات و ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکی ئەفسانەی کوردییە. سەرەتا دەگێڕێتەوە چۆن جیهان و دیاردەکانی ناو جیهان ئەفرێنران و ئینجا دەگێڕێتەوە چۆن ئەم جیهانە گەشە دەکات و دواجار بە چ شێوەیەک بەهۆی ململانێ و دژایەتی دوو هێزی چاکە و خراپە، بەرەو لاوازی هەنگاو دەنێت.

لەم توێژینەوەیەدا باوەڕ وایە ئەفسانە گێڕانەوەی سەربردەیەکی پیرۆزە، بۆیە لە ژیانی مرۆڤی رۆژانی زوو دەورێکی گرنگ و کاریگەری بینیوە و وەکو بەشێک لە بنیاتی بینای بیروباوەڕی ئایینیی مرۆڤ خۆی چەسپاندووە. بە تایبەتی پیرۆزیی ئەفسانەی ئەفراندن، پرۆسەی بەردەوامبوون و گەشە و کۆتایی گەردوون و دواجار ئەفسانەی دوارۆژ و گەیشتنەوە بە بەهەشتی ونبوو. سەرپاکی ئەم ئەفسانانە گرنگترین و پیرۆزترین بەشەکانی گشت ئایینێک پێکدێنن. بێگومان ئایینە دێرینەکانی میللەتی کورد بەدەر لەم پرۆسەیە نین. بە تایبەتی ئایینی زەردەشتی کە دەقە ئەفسانەییە رەسەن و دێرینەکانی میللەتی کورد لە رۆژگاری بڵاوبوونەوە و گەشەی ئەم ئایینە شێوەی نووسراویان وەرگرتووە.

[1] – لە ئەفسانەی ئەفراندنی کوردیدا بە پێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، ئەفراندن بەسەر دوو جەمسەری ئەفراندنی ئەهورایی و خولْقاندنی ئەهریمەنیدا دابەش دەکرێت.

## ئەفراندن لە ئەفسانەی کوردییدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان:

ئەفسانەی ئەفراندن و کۆتایی جیهان و دوارۆژ بەشێکی گرنگ لە بیروباوەڕی ئایینی، مرۆڤی کۆن پێکدێنن. ئەفسانە و ئایین وەها لەناو یەکدا تواونەتەوە کە وەکو دوو گیانی ناو جەستەیەکیان لێ هاتووە و رەنگە ((ئایین و ئەفسانە پێکەوە بەرهەم هاتبن.))(١٥: ٧٢) لەلایەکی تریشەوە باوەڕ وایە کە مرۆڤی زوو لە رێگەی ئەفسانەوە بوو ئایینی ناسی؛ چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەفسانەکان بەتایبەتی ئەوانەی سەبارەت بە ئەفراندن و دوارۆژ و جیهانەکەی تر بوون، وەکو بنەمایەکی سەرەکی لە ناو بیروباوەڕی ئایینەکاندا جێگیر بوون. ((بیروباوەڕی مرۆڤی سەرەتایی لە ئەفسانەکانەوە دەسپێدەکات و دواتر لە سەردەمە تازەکاندا، وەکو ئایین دەردەکەون.))(٥٩: ١٤) لە هەمان کاتدا لە ئایینە ئاسمانییەکاندا باوەڕ وایە لەگەڵ دروستبوونی یەکەم مرۆڤ ئایینیش دەرکەوتووە[١]. دەرکەوتنی ئایین لەگەڵ یەکەمین مرۆڤدا بەواتای دەرکەوتنی ئایینێکی فرەڕەهەند و پتەو وەکو ئایینی مەسیحی و ئیسلام نییە، بەڵکو بەواتای دەرکەوتنی ئایینێکی سادە و ساکارە و ئەم ئایینە سادە و ساکارە هەمان ئەفسانەیە. بە واتایەکی تر ئەو ئایینە هەوەڵینەی کە لەلایەن دینە ئاسمانییەکان ئاماژەیان پێدراوە، ئەو بیروباوەڕانەن کە ئەمڕۆ بە ئەفسانە ناسراون و دواتر بوونەتە بناغەیەک بۆ دەرکەوتنی ئایینە مەزنەکان[٢].

---

[١] – لە دەقە ئایینییەکانی دینی زەردەشتیدا ئەم پرسە بەتەواوی باس کراوە و وەکو سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان، بەتایبەتی وەکو ئایینی ئیسلام پێیوایە دین لەگەڵ ئەفراندندا دەرکەوتووە، بۆ نموونە لە (بنداهیش)دا هاتووە: ئەهورامەزدا لە رووناکی، راستگۆیی ئەفراند و لە راستگۆیی پەیڤی پیرۆزی (ئەهونەڤەئیریە)ی ئەفراند کە سەرەتای ئەفراندن و ئەنجامی ئەفرێنراوان بەهۆیەوە ئاشکرادەبێت. ئەم پەیڤە پیرۆزە بە گیانی دین دادەنرێت، چونکە دین لەگەڵ ئەفراندندا بەدی هاتووە.(بڕوانە؛ ١٠٤: ٣٧)

[٢] – لەم تویژینەوەیەدا باوەڕ وایە کە ئەفسانە هەڵگری بارێکی ئایینییە و بۆ تێگەیشتن و درک پێکردن و دۆزینەوەی ئەم بارە ئایینییە، دەبێ وەکو دیاردەیەکی پیرۆز و ئاسمانی لە ئەفسانە رامێنرێت. ئەفسانە چیرۆکێکی درۆیین و دوور لە راستی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی چیرۆکێکی راستە کە لە رۆژگارێکی دووردا رووی داوە و مرۆڤی رۆژانی زوو هەوڵی داوە لە رێگەی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی هۆکاری رووداکەیان بۆ خۆی شی بکاتەوە. ئەم شیکردنەوانەی کە لەلایەن مرۆڤی رۆژانی زوو لە رێگەی هزری ئەفسانەیی کراوە، ئەمڕۆ پێیدەگوترێت ئەفسانە، بۆیە ناکرێ ئەفسانە بە بابەتێکی پەست و بچووک دابنرێت، چونکە ناوەڕۆکەکەی پیشاندەری تێڕوانین و بیروباوەڕی بابوباپیرانمانن.

کـورد وەکـو نەتەوە بە درێژایـی مێـژوو بە چەنـدین قۆنـاغی فیکریـدا تێپەڕیـوە. هەروەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدراوە لە رۆژگـاری کۆنـدا مـرۆڤ بە بیرکردنەوەیەکی ئەفسانەیی لە جیهانی دەوروبەر و خودی خۆی دەڕوانی و دواتر هەر ئەم تێڕوانینە ئەفسانەییانە (ئایینی سـەرەتایی دینە ئاسـمانییەکان) بوونە بنەمایەک بۆ بیروباوەڕی ئاییني و هەر ئەم ئاییناننەش بوونە هۆکارێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و یاساکانی ژیـان، بۆیە ئەدەبیاتی مەزداپەرستی کە بـــریتییە لە ئاڤێســـتا و دەقە پەهلەوییەکـــان هەگبەیەکـــی لەبـــن نەهـــاتووی ئەفسانەکانی میللەتی کوردن.

بێگومـان ئاڤێسـتا لە چەنـد قۆنـاغێکی جیـاوازی مێژووییـدا پەڕش و بـڵاو بووە و دیسان کۆکراوەتەوە و هەرجارە بەشێک و پـارچەیەکی لـێ ون بـووە و هەنـدێ شـتی خـراوەتە سـەر. دواجـار ئاڤێسـتا لە رۆژگـاری ساسـانییەکاندا کـۆکراوە و لە کتێبێکـی مەزنـی بیسـت و یەک نەسـکیدا رێکخـراوە. دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی ساسـانی و جێگیربـوونی ئیسـلام، ئەم ئاڤێسـتایەش پەڕش و بڵاو بۆوە. زۆربەی هەرە زۆری نەسکەکانی ون بوون و تەنیا چەند بەشـێکی لـێ مـاوە کە پێشـتر بە درێـژی بـاس کـراوە. لە کتێبـی هەشـتەمی دیـــنکەرددا کە کـــورتەیەکی ســـەرجەم نەســـکەکانی ئاڤێســـتای ســـەردەمی ساسـانییەکانی تێـدا تۆمـارکراوە، نەسـکێکی ئاڤێسـتایی بە نـاوی (چیهـردات نەسک) تایبەت بووە بە ئەفسانەی ئەفراندن، قۆناغەکانی ئەفراندن، ئەفراندنی ئەهورایی و مینۆڤی و مـادی، خوڵقاندنی ئەهـریمەن و ململانێی نێوان هێزی خراپـی و چـاکی و هەروەهـا ئەنجـامی ئەم ململانێـیە و کۆتـایی جیهـان و بەهەشت و دۆزەخ. ناوەڕۆکی ئەم نەسکە ئاڤێستاییە دەبێتە سـەرچاوەیەکی سـەرەکی بۆ کتێبە پەهلەوییەکانی سـەردەمی ساسـانییەکان کە سـەبارەت بە ئەفراندن و مردن و کۆتایی جیهان بوون. (ئی. و. ڤێست) دەنووسێت: بـابەتی ســـەرەکی کتێـــبە پەهلەوییەکـــانی بنـــداهێش و بژاردەکـــانی زادیســـپەرم، کە سەبارەت بە ئەفراندن و ململانێی هێزی چاکی و خراپین لە چیهردات نەسـکی ئاڤێستا وەرگیراون.(١٩٦: ١٦)

لێرەوە دەردەکەوێت یەکێک لە نەسـکەکانی ئاڤێسـتا بە نـاوی چیهـردات نەسک، بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندن تەرخـان کرابوو و دواتر هەر ئەم نەسـکەش دەبێتە بنـاغەیەک بـۆ نووسـینی کتێبە پەهلەوییەکـانی بنـداهێش و

زادیسپەرم کە باس لە ئەفراندنی گەردوون، ئاسمان، زەوی و مرۆڤ و ...هتد دەکەن.

لە بەشــە جیاجیاکــانی ئاڤێســتادا زۆر بە کــورتی و بە خێرایــی باســی ئەفراندن کراوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئاڤێستادا نەسکێکی تایبەت بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرابوو، بۆیە هەست بەوە کراوە پێویست بە درێژنووسی ناکات و لە هەر شوێنێک پێویست بووبێت تەنها ئاماژەیەکی خێرای پێدراوە و وای کردووە خوێنەر بۆ دەسکەوتنی زانیاریی زیاتر بۆ چیهردات نەسک بگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەکاتی ئێستادا ئەم نەسکە لەبەر دەستدا نییە و چیهردات نەسک یەکێک لە نەسکە ونبووەکانی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانە. لە کاتی نەبوونی ئەم نەسکە، کتێبی بنداهێش و بژاردەکانی زادیسپەرم و کتێبە پەهلەوییەکانی تر یارمەتیدەرێکی چاکن بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرســە گــرنگە کە هەمــان ئەفرانــدن و مــردن لە ئەفســانەی کوردییە.

سەبارەت بە بابەتی ئەفراندن پێویستە سەرەتا بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستا بەسەر بکەینەوە. لە گرنگترین بەشی ئەم کتێبە کە بە گاتاکان ناسراوە و سروودەکانی خودی زەردەشتن، باسی سەرەتای ئەفراندن کراوە. لە بەندی ٣ و ٤ی یەســنەی ٣٠ی گاتاکانــدا ســەرەتای ئەفرانــدن بە دەرکەوتنــی دوو گیانی بەرایی دەسپێدەکات. یەکێک لەم گیانە بەراییانە چاکییە و ئەوی تریان خــراپییە. بە بەریەککەوتــن و رووبەڕووبــوونەوەی ئەم دوو گیــانە، ژیــان و مردن بەدی دێن. لێرەدا ژیان واتا دەرکەوتنی جیهانی بوون و ئاسوودەیی و بەختەوەریی ئەفرێنراوەکان و مردن واتا لەناوبردن و لێکترازانی شیرازەی جیهانی بوون و مەرگ و رەنجەڕۆیی ئەفرێنراوان.

بە وردبــوونەوە لەم ئەفســانەیە دەردەکەوێــت زەردەشــت لەکــاتی گەڵاڵەکردنــی بنەمــای ئەفســانەی ئەفرانــدن، بنەمــا رەســەنەکانی ئەفســانەی ئەفرانــدنی زەرڤــانی بەلاوە پەســند بــووە، بــۆیە ئەفســانەی ئەفرانــدنی مەزداپەرستانی لەسەر بنەمای ئەفسانەی ئەفراندنی ئایینی دێرینی زەرڤانی دارشتووە. لە ئایینی زەرڤانیدا زەرڤان واتا زەمەنی بێ سنوور، خواوەندی تاک و تەنیایە و هەر ئەوە کە لە خودی خۆی، دوو جەمسەری بەدیهێنەری جیهانی بوون بەدی دێنێت کە یەکێکیان تاریکی رەها و ئەوی تریان رووناکی

رەهـــایە.[١] لەم ئەفســـانەیەدا زەرڤـــان تەنیـــا ئەرکـــی بەدیهێنـــانی ئەم دوو جەمسەرەی لە ئەستۆیە، چونکە دوای لەدایکبوونی ئەم دوو هێزە لە زێدانی زەرڤانەوە، ئیتر ئەم خواوەندە پاشەکشێ دەکات و ئەرکی ئەفراندن دەکەوێتە سەر شانی ئەم دوو هێزەوە. یەسنەی ٣٠ی گاتاکان لەدایکبوونی ئەم دوو هێزەمان بیر دێنێتەوە، بەڵام لەم یەسنەیەدا چەمکی لەدایکبوون دەگۆڕێ بۆ دەرکەوتن و هەرگیز باس لە زەرڤان ناکات. لە گاتاکاندا بەم جۆرە ئەفسانەی دەرکەوتنی ئەم دوو هێزە گێڕدراوەتەوە:

,AmVY ,AY ,e iiuruoap ,Uiiniam ,At ,Ta))
,AcihacaW ,Acihanam ,mvt Auursa ,Anvf aX
,Acs I ,Acmvka ,OiihaW ,Ih ,iOnaqoaiik S
,TiOn ,AcAiiC IW ,Svrv ,Oh$ I duh
((,Oh$ I dZud

((ئەو دوو گیانە کە خێوی یەکترین و لە سەرەتادا لە جیهانی باڵا دەرکەوتن، یەکێکیان –چاکی–یە لە هزرو گوتار و کردار و ئەوی تریان –خراپی–یە لە هزر و گوتار و کردار، پیاوی زانا لەناو ئەم دووە دەبێ چاکی هەڵبژێرێت نەک خراپی)).

,mvt E asaj ,Uiiniam ,mVh ,At ,Taiih ,AcTa))
,AcmI tiAiija ,AcmEag ,e Had ,mIuuruoap
,Ot S ica ,Suh$a ,mvmvpa ,Tah$a ,AcAqaY
((,Onam ,mvt S ihaW ,e noaCa ,Ta ,m& tauugvrd

[١] – تاریکی رەها (ئەهریمەن) و رووناکی رەها (ئەهورامەزدا)یە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە بەشی ئایینی کورد، کورتەیەکی ئەفسانەی ئەفراندنی زەرڤانی نووسراوەتەوە. لەم ئەفسانەیەدا ناوی ئەهریمەن و ئەهورامەزدا هاتووە، بەڵام بەکاربردنی ئەم دوو ناوە لەجیاتی تاریکی رەها و رووناکی رەها بۆ دوای دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە. واتا بەکاربردنی ئەم دوو ناوە وەکو دوو رۆڵەی زەرڤان بۆ سەردەمی دوای زەردەشت دەگەڕێتەوە نەک لە سەرەتادا بەم دوو ناوەوە ناوبرابن.

((کاتێـک ئەم دوو گیـان (مەینیـوو)ە بە یەک گەیشـتن، ژیـان و مردنیـان بەدی هێنا، هەر لەبەرئەوەیە لە دوارۆژدا درۆپەرستان لە ناپاکترین شوێن و پەیڕەوانی راستی لە پاکترین و خۆشترین شوێن بەهرەمەند دەبن)).[1]

لەم دەقە ئاڤێستاییەدا ناوی زەرڤان سڕاوەتەوە و ئاماژە بە دەرکەوتنی دوو گیان دەکات. لە یەسنەی ٤٥، بەندی ٢دا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم دوو هێـزە یـان گیـانە بەراییـیە ناویـان (سـپێەنتەمەینیوو) واتـا گیـانی پـاکی و (ئەنگرەمەینیـوو) واتـا گیـانی خـراپییە. لە گاتاکانـدا ئامـاژە بەوە دراوە کە سپێەنتەمەینیوو لەلایەن ئەهـورامەزداوە ئەفرێنـراوە. لەلایەکی ترەوە لە هیچ شـوێنێک ئامـاژە بەوە نەدراوە کە ئەنگرەمەینیـوو لەلایەن ئەهـورامەزداوە ئەفرێنرابێت، بەڵام ئەگەر بەپێی دەقی یەسنەی ٣٠ی بەندی٣، ئەنگرەمەینیوو خێـوی سـپێەنتەمەینیوو بێـت، ئەوە بێگومـان ئەنگرەمەینیـووش لەلایەن ئەهـورامەزداوە ئەفرێنـراوە. بەم جـۆرە دەردەکەوێـت زەردەشـت لە یەکەم هەنگـاودا و لە چوارچێـوەی پرۆسـەی ئەفراندنـدا، ئەهـورامەزدا لە شـوێن زەرڤان دادەنێت. هەر لە خودی گاتاکاندا بە ئاشکرا دەگوترێت ئەهورامەزدا خواوەنـدی تـاک و تەنیـا و سـەروەر و بەدیهێـنەری سـەرجەم بـوون و گەردوونە. لە یەسـنەی ٤٤، بەنـدی (٣و٤و٥)دا ئەم بـابەتە بەم جـۆرەی خوارەوە وروژێنراوە:

((لێت دەپرسـم ئەی ئەهـورا ئاگـادارم بـکەوە، کێیە ئەو کەسـەی کە لە یەکەمـین رۆژی ئەفرانـدنەوە، بـووە بـاوکی راسـتی، کێـیە ئەوەی رێـڕەوی خولانەوەی خۆر و ئەستێرەی دەسنیشان کرد، کێیە ئەو کەسـەی بە هۆیەوە مانـگ هەنـدێ جـار پڕە و هەنـدێ جـار بەتـاڵ؟ مەزدا دەمەوێ ئەوانە و زۆر شتی تریش بزانم.))(٣)

,Aruha ,AcoaW ,iOm ,Svrv ,Asvrvp ,ABq ,Tat))
,Oiiuruoap ,AiihaCa ,Atap ,Aq&z ,Ansak
,Vk ,mvnAwda ,Dad ,AcmVrats ,gNVF ,Ansak
,DaBq ,Itias fvrvn ,ItieiiCxu ,Im ,AY
(٣))( ,e yudIW ,AcAiina ,ImvsaW ,Adzam ,TIcAt

[1] – بڕوانە؛ بەندی ٣و٤ی یەسنەی ٣٠ بەشی گاتاکانی ئاڤێستا بە تایبەتی(٢٠٥: ١٠٥-١-٦) و هەروەها (٢٠٠: ٣٠-٣١) و (٥١: ١٤٣) و (٣٩: ١٧٥-١٨٢)

((لێت دەپرسم ئەی ئەهورا، ئاگادارم بکەوە، کێیە راگری ئەم زەوییە لە خوارەوە و ئاسمان (لە سەرەوە) کە ناکەوێتە خوارەوە، کێیە بەدیهێنەری ئاو و گیا، کێیە ئەوەی با و هەوری فێری تیژڕۆیی کرد، ئەی مەزدای بەدیهێنەری دەروونی پاک.))(٤)

((Tat, ABq, Asvrvp, Svrv, iOm, AcoaW, Aruha,
Ansak, Atvrvk, Acm&z, Vda, Acs I ban,
SiOtsapawa, Vk, Opa, Acs I rawru, Vk, iAtAW,
Acsaybiamn&uud, Y Dvgoay, UsA, Ansak,
SuVh$aW, Adzam, Sim&d, Oh$anam, ))(٤)

((لێت دەپرسم ئەی ئەهورا، ئاگادارم بکەوە، کێیە بەدیهێنەری رووناکی بەسوود و تاریکی، کێیە بەدیهێنەری خەوی ئاسوودەبەخش و وریایی، کێیە بەدیهێنەری بەرەبەیان و نیوەڕۆ و شەو کە بانگەشەی خەڵکی دەکات بۆ نوێژکردن.))(٥)

((Tat, ABq, Asvrvp, Svrv, iOm, AcoaW, Aruha,
Vk, pAuuh I, coar I Acs, Tad, mvt I Acs, Vk,
pAuuh I, faF Acmvn, Tad, AcAmEaz, Vk, Y A,
Cu I, mVra-ABqip, AcApaCx, Y I,
SIrqOanam, Odzac Nawh$, mvt, Aiihaqvra,))(٥)

زەردەشت بە وەڵامێکی کورت و راشکاوانە ئەم پرسە یەکلایی دەکاتەوە و لە بەندی ٧دا دەڵێت: ((...هەوڵ دەدەم ئەی مەزدا بەیارمەتی سپێەنتەمەینیوو تۆ بە داداری هەموو گەردوون بناسم.))(٥١: ١٩٩) هەروەها بە ئاشکرا دەگوترێت: ((ئەی مەزدا تۆی باوکی سپێەنتەمەینیوو، ئەی ئەو کەسەی جیهانی پڕ لە خۆشیت ئەفراند و دوای راوێژ لەگەڵ ڤەهومەنە بەیارمەتی ئارمەیتی ئاسایش و ئاشتیت دامەزراند.))(٥١: ٢٢٧) لەلایەکی تر گوتراوە: ((...تۆی سەرەتا، تۆی ئەنجام، تۆی باوکی ڤەهومەنە، تۆی بەدیهێنەری راستی...))(٥١: ١٥١) بێگومان ئەم دەقانە ئاماژەیەکی راستەوخۆن بۆ ئەوەی بگوترێ، ئەهورامەزدا خواوەندی بەدیهێنەر و تاک و تەنیایە.

## دەوری زەمەن یان کات لە ئەفسانەی ئەفراندنی کوردیدا:

بێگومـــان زەمەن لە ئەفســـانەی ئەفرانـــدنی کوردیـــدا چ لە ئەفســـانەی ئەفرانـــدنی زەرڤانیـــدا و چ لە ئەفســـانەی ئەفرانـــدنی زەردەشـــتیدا دەور و کـاریگەرییەکی یەکجـار زۆری هەیە. لە ئەفرانـدنی زەرڤانیـدا زەمەنـی بـێ سـنوور بەدیهێـنەری دوو هێـزی تـاریکی و رووناکییە و بە دایکـی ئەم دوو هێزە دادەنرێت. لەلایەکی تر لە ئەفسانەی زەردەشتیدا کاتێک ئەهـورامەزدا لە شـوێن زەرڤـان بە خواوەنـدی بەدیهێنەر دادەنرێـت، ئەوە ئەهـورامەزدایە کە زەمەن بەدی دێنێت، چونکە بەرلەوەی بڕیاری ئەفراندنی ئەفرێنراوەکان بدات، سەرەتا زەمەنی بێ سنوور بەدی دێنێت و ئینجا لە زەمەنی بێ سنوورەوە زەمەنی سنووردار کە ئەویش بریتییە لە زەمەنێکی دیاریکراوی دوازدە هەزار ساڵە، دێنێتە کایەوە. لە بنداهیشدا هاتووە:

کـاتێ ئەهـورامەزدا ئەفرێنراوەکـانی بەدی هێنـا، سـەرەتا زەمەنـی بـێ سنووری ئەفراند، چونکە بەرلەوەی دوو هێزی ئەهورایی و ئەهریمەنی بەر یەک بکەون، زەمەن بەتەواوی بێ سنوور بوو و ئەهورامەزدا لەم زەمەنە بێ سـنوورە زەمەنـی سـنووردار ئەفرانـد. لە سـەرەتای ئەفرانـدنەوە کە ئەفرێنراوەکـانی ئەفراند، تـاکو کۆتـایی کە ئەهـریمەن پەکـی دەکەوێ، دوازدە هەزار ساڵە کە سنووردارە.(١٠٤: ٣٦) لە کتێبی دینکەردی سێیەمدا گرنگیی زەمەن بەوە دیاری کراوە کە هەموو ئەفرێنراوێک چ لە کاروکردەوەدا و چ لە (بەبوونهاتن)دا ملکەچی زەمەنە. بەبێ بوونی زەمەن هیچ ئەفراندنێک بەدی نایێت.(٤١: ٥٩) جگە لەوە زەمەن لە خودی خۆیدا، هەرمانە و درەنگژی واتا بێ سنوورە. هەموو جوولە و بەبوونهاتنێک پابەندی زەمەنە.(٤١: ٢٩٧) بەپێی ئەم دەقانە زەمەن رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ئەفراندن و بەردەوامبوونی ئەم پرۆسـەیەدا دەبینێـت. ریشـەی ئەم تێـڕوانینە بە گشـتی بـۆ ئـایینی زەرڤـانی دەگەڕێتەوە.

## دوالیزمی ئەفراندن و خولقاندن:

هەر وەک لە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدرا، لە ئاڤێسـتای کۆنـدا بەتـایبەتی لە بەشی گاتاکاندا ئەهورامەزدا بە خواوەندی تاک و تەنیا و بەدیهێنەری گشت

بـوون دادەنرێت، بەڵام لە (یەسـنەی هەپتەنگـاهەیتی[1])دا وردەوردە رێـگە بـۆ دوالیزمــی ئەفرانــدن خــۆش دەکرێــت. بــۆ نمــوونە: ((ســتایش دەکەیــن ئەو ئەهورامەزدایەی گیانداران و راستی ئەفراند. ئاو و رووەکە پاکەکانی ئەفراند، رووناکی و زەوی و سـەرجەم شـتە باشـەکانی ئەفراند.))(٥٤: ٣٥) لەم دەقەدا ئەهـورامەزدا بە بەدیهێـنەری ئەفرانـدنی پـاک و سـەرجەم شـتە باشـەکان دانـراوە. هەروەهـا لە شـوێنێکی تـر لە بەرامـبەر ئەوەدا، ئامـاژە بە خوڵقانـدنی ئەهریمەنــی دەدرێــت و بــۆ ئەوەی ئەم خوڵقانــدنە لە کــار بخرێــت، وەکــو ئامۆژگاری هاتووە کە دەبێ نیایشی ئەهورامەزدا بکرێت: ((نیـایش دەکەیـن بە مەبەستی لە کارخستن و دوور کردنەوەی ئەهـریمەن بە خوڵقاندنە بۆگەن و پـڕ لە مەترسـییەکەی...))(٥٤: ٧٩) کەواتە ئەهـریمەنیش وەکـو گیـانی ناپـاک، خـاوەنی خوڵقاندنی تـایبەت بە خۆیەتی کە لە ئەفراندنی ئەهـورامەزدا جیایە. ئەم جیـاوازییە لە ئاڤێسـتای نوێـدا زۆر بە ئاشـکرا بەرجەسـتە کـراوە و لە کەرتی ٢٣، بەندی٧٦ی (فەروەردین یەشت)دا هـاتووە: هەر دوو هێزی چـاکی و خراپـی دەسـتیان بە ئەفرانـدن و خوڵقانـدن کـرد.((٥٦: ٧٦) بەم جـۆرە دوو هێــزی بەدیهێــنەر دێــنە گۆڕەپــانی ئەفرانــدنەوە کە خــۆی لە دوالیزمــی ئەهورامەزدا وەکو بەدیهێنەری شتە باشەکان و ئەهـریمەن وەکـو خـوڵقێنەری شـتە خراپەکـان پێناسـە دەکـات. لە دەقە پەهلەوییەکانیشـدا بە پشتبەسـتن بە دەقــی ئاڤێســتای نــوێ ئەم پرســـە تەواو یەکلایـــی بـــۆتەوە هەروەک لە (بژاردەکـانی زادیسـپەرم)دا هـاتووە: ((ئـایینی راسـتی بـریتییە لە دوو (بـن)ی، بەوجۆرە کە ئەهورامەزدا پاکی و باشیی رەهایە و دوور لە خـراپییە، ویسـتی ئەو تەنیـــا چـــاکییە. ئەهـــریمەن خراپیـــی رەهـــایە و دوور لە هەمـــوو چاکییەکە.))(١٢١: ٣٥)

دوالیزم لە ئەفراندندا بە واتای دەرکەوتنی دوو هێزی ئاسـمانی یـان دوو خواوەندە. پرسـی دوالیزمـی ئەفرانـدن و خولقانـدن لە ئاڤێسـتای نوێ و دەقە پەهلەوییەکانــدا بەتەواوی جێگیــر دەبێــت. بەو واتــایە کە تــاک و تەنیــایی ئەهـورامەزدا وەکـو خواوەنـدی بەدیهێـنەر لە گاتاکانـدا، لە ئاڤێسـتای نـوێ و

[1] - یەسنەی هەپتەنگاهەیتی یان (یەسنەی حەوت ها) حەوت ها یان سرووودە و لە بەشی یەسنەکان، یەسنی ٣٥ تاکو ٤١ی بۆ تەرخان کراوە. لە رووی ناوەڕۆک و زمانەوە لە گاتاکان نزیکە و لەگەڵ گاتاکان و سێ نزا سەرەکییەکەی ئایینی زەردەشتی، بەشی ئاڤێستای کۆن پێکدێنن.

دەقە پەهلەوییەکانـدا جێگـای خـۆی بە دوالیزمـی ئەهـورامەزدا و ئەهـریمەن دەدات.

ئیتـر ئەهـورامەزدا خواوەنـدی تـاک و تەنیـا نیـیە و هەمـوو گەردوون بە گشـــت ئەفرێنـــراوە بـــاش و خراپەکـــانییەوە، لەلایەن ئەهـــورامەزداوە بەدی نەهاتوون؛ بەڵکو ئەهورامەزدا تەنیا بەدیهێنەری جیهانی رووناکی و بوونی چـاکە و ئەفرێنـراوە باشـەکانە و ئەنگرەمەینیـوو یـان ئەهـریمەن خـوڵقێنەری جیهانی تـاریکی و بوونی خراپی و خـوڵقێنراوە نەگریس و شـەڕانییەکانە. لە ئاڤێستای نوێ و دەقە پەهلەوییەکاندا دوالیزمی هێزی چـاکی و هێزی خراپی دێتە ئاراوە کە یەکێکیان باشی و رووناکیی رەهایە و بەدیهێنەری ئەفرێنراوە پاکەکانە و ئەوی تر خراپی و تاریکیی رەهایە و خوڵقێنەری گشت خوڵقێنراوە ناپاک و شەڕانییەکانی ناو جیهانی بوونە.

لێرەوەیە کە پرسی دوو خواوەندی و ئەفراندن و خوڵقاندنە تایبەتەکانیان سـەر هەڵـدەدات و ئەهـورامەزدا و ئەهـریمەن دەکەونە نـاو بـازنەی ململانێـی ژیان و مردن، ئەم جیهانەش کە ئەفرێنراوی ئەهورامەزدایە دەبێتە گۆڕەپانی ئەم شـەڕ و ململانێیە و مـرۆڤ تێیـدا سەرپشـک دەکرێـت، تـاکو هەرکـام لەم دوو رێگەیە هەڵبژێرێت کە خۆی ئارەزوو دەکـات. ئەم دوو رێگەیە بریتین لە رێگەی راسـتی ئەهـورایی و رێگەی چەوتـی ئەهریمەنـی. لەم ناوەنـدەدا هەر دوو هێزی چاکی و خراپی هەوڵ دەدەن مرۆڤ بۆخۆیـان کێش بکەن. هێزی چـاکی (ئەهـورایی) هەوڵـی بەختەوەریـی مـرۆڤ و رزگـارکردنی جیهـانی ئەفرێنـراوی خـۆی دەدات و هێزی خراپی (ئەهریمەنی) لە رێگەی خوڵقاندنە نەگـریس و شــەڕانییەکەی، هەوڵـی بە لاڕێـدا بردنـی مـرۆڤ و وێرانکـردن و بـۆگەنکردنی جیهـانی ئەفرێنـراوی ئەهـورایی دەدات. بەم پێـیە ئەفسـانەی ئەفرانـدنی کـوردی دابەشـی دوو جـۆر یـان جەمسـەری جیـاواز و دژیەک دەکرێت:

**١- ئەفراندنی ئەهورایی ٢- خوڵقاندنی ئەهریمەنی**[1]

---

[1] – لە ئاڤێستادا هەروەک چۆن دوو هێزی ئەهورایی و ئەهریمەنی هەیە، وشەی ئەهورایی و ئەهریمەنیش لێک جیان. واتا بەزۆری کردەی ئەهورایی و ئەهریمەنی کە لە شێوەدا یەک شت بن، دوو ناوی جیا یان دوو فرمـانی جیایـان بـۆ بەکـار هـاتووە، بـۆ نمـوونە: ئەفرانـدنی ئەهـورایی لە ئاڤێسـتادا بە شـێوەی ( svra B q , Ar f فراتوەرێس) لە رەگی (رێس) بە واتای رسکاندن هاتووە و لە بەرامبەردا خوڵقاندنی

ئەفرانـدنی ئەهـورایی بـریتییە لە ئەفرانـدنی پـاک و بـێگەرد و راسـت و رەوانـی ئەهـورایی. ئەم ئەفرانـدنە دوورە لە گشـت ناپـاکی و نـاڕێکییەک و تـایبەتە بە ئەهـورامەزدا، ئەم خواوەندە بەدیهێنەری سـەرجەم بـوونی پـاکە و ئەفراندنەکەی روونـاک، رازاوە و راسـتیی رەهـایە. لە بەشـی یەسـنەکان، هـای ١٦، بەنـدی ١ بەم جـۆرە ئامـاژە بە ئەفرانـدنی پـاک و بـێگەردی ئەهـورایی دەکرێـت: ((سـتایش دەکەیـن ئەهـورامەزدای پـاک، رەتوو(سـەروەر)ی پـاک، مەزنترین ئیزەدی پاک، بەهێزترین بەدیهێنەری جیهان، داتار و بەدیهێنەری ئەفرانـدنی پـاک(ی ئەهـورایی).)) هەروەهـا لە یەسـنەکان، هـای ٥، بەنـدی١دا هاتووە: ((ئێستا ستایش دەکەین، سەروەری و مەزنی و ئەفراندنە رازاوەکەی ئەو (ئەهورامەزدا) کە جیهان و ئەشە (راستی و پاکی) ئەفراند. ئاو و رووەکە پاکەکانی ئەفراند، رووناکی و زەوی و سەرجەم شتە باشەکانی ئەفراند.))

خولْقاندنی ئەهریمەنی بریتییە لەو خولْقاندنە بۆگەن و نەگریس و چەوت و ناڕێکەی کە لەلایەن ئەهریمەنەوە خولْقاوە. ئەهـریمەن مەزن و خـولْقێنەری دێو و درنج و گشت بوونەوەرە شەڕانییەکانە و خولْقاندنەکەی تاریک، بۆگەن و درۆی رەهـایە. لە بەشـی ڤیدەئیوەداتا، پەرگەردی ١٩، بەندی ٦ بەم جـۆرە ئامـاژە بەوە دراوە کە ئەهـریمەن خـولْقێنەری جیهـانی ئەهـریمەنییە: ((ئەهریمەنی فێڵبازی خولْقێنەری جیهانی ناپاکی (ئەهریمەنی) دیسـان پێیگوت: خولْقێنراوەکانم لەناو مەبە.))

لە بەشـی یەسـنەکان، هـای ٥٢، بەنـدی ٤دا ئەفرانـدنی ئەهـورایی و خولْقانـدنی ئەهریمەنـی پێکەوە بـاس کـراون: ((ستایشـی ئەمێشەسـپێەنتەکان دەکەیـن و شـادومانیان دەکەیـن و لێیـان دەپـاڕێینەوە تـاکو ئەم خانومـانە بپـارێزن و سـەرجەم ئەفرانـدنی پـاک (ئەهـورایی) بپـارێزن و سـەرجەم خولْقاندنی درۆڤەگ (ئەهریمەنی) لەناو ببەن.)) لە کتێبی بنداهێشـدا بەدرێژی باسـی ئەفرانـدنی ئەهـورایی و خولْقانـدنی ئەهریمەنـی کـراوە. ئەفرانـدنی ئەهورایی هەمووی پاک و بەسوودن و خولْقاندنی ئەهریمەنی هەمووی ناپاک و پڕ زیانن. ئەهریمەن لە بەرامبەر هەر ئەفراندنێکی پاکی ئەهـورایی، دەست

---

ئەهریمەنـی بە شـێوەی ( tvrak,Arf فراکەرێـت) لە رەگـی (کـردن) بە واتـای دروسـتکردن هـاتووە. لەم لێکـۆڵینەوەیەدا بـۆ ئەوەی رەچـاوی دۆخـی واتـایی ئەم دوو پرۆسـەیە کرابێـت، ئەفرانـدنی ئەهـورایی و خولْقاندنی ئەهریمەنی بەکار براوە.

بۆ خولَقاندنێکی ناپاک دەبات، بەم جۆرە ئەفراندنی ئەهورایی و خولَقاندنی ئەهریمەنی دێنە کایەوە. لەم کتێبەدا هاتووە: ئەهورامەزدا لە رووناکیی خۆی، پەیکەری ئەفرێنراوەکانی ئەفراند. سەرەتا زەمەن، ئینجا (ڤەیو[1])ی پاکی ئەفراند تاکو لە ئەفراندندا هاریکاری بێت. ئەهریمەن لە تاریکی خۆی، خولَقێنراوەکانی خولَقاند. سەرەتا (ڤەرەنە[2])ی کاولکاری بۆگەنی خولَقاند. ئەهورامەزدا لە رووناکی، راستگۆیی ئەفراند و لە راستگۆیی پەیڤی پیرۆزی (ئەهونەڤەئیریە[3])ی ئەفراند کە سەرەتای ئەفراندن و ئەنجامی ئەفرێنراوان بەهۆیەوە ئاشکرا دەبێت. ئەم پەیڤە پیرۆزە بە گیانی دین دادەنرێت، چونکە دین لەگەڵ ئەفراندندا بەدی هاتووە. ئینجا ئەهورامەزدا شەش ئەمێشەسپێەنتەکانی ئەفراند کە سەروەری جیهانی بوونن. ئەهریمەن درۆی خولَقاند و لە بەرامبەر ئەمێشەسپەنتەکان، کۆمەڵەی دێوانی خولَقاند.(١٠٤: ٣٦-٣٧)

ئەم دوو جەمسەرە واتا ئەفراندنی ئەهورایی و خولَقاندنی ئەهریمەنی، لەگەڵ یەکدا دەکەونە ناو ململانێ و دواجار ئەوە ئەفراندنی ئەهورایە کە بەیارمەتی مرۆڤە چاکەخوازەکان و ئەفراندنی پاک، بەسەر خولَقاندنی ئەهریمەنی سەردەکەوێت.

## شێوەکانی ئەفراندن

ئەگەر بەوردی دەقە ئەفسانەیییەکانی کوردی بخوێنرێنەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەفراندن لە ئەفسانەی کوردیدا لە جەمسەر و شێواز و قۆناغی جیاواز پێکهاتووە. سەرەتا باسی دوو جەمسەری ئەهورایی و ئەهریمەنی کرا. ئێستا شێوەکانی ئەفراندن لە ئەفسانەی کوردیدا دەخرێنە بەرباس. بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان بەدیار دەکەوێت ئەفراندن بە دوو شێوەی جیاواز بەڕێوە دەچێت کە بریتین لە:

---

[1] – ناوی فریشتەی هەوایە کە بە شێوەی تری وەکو ئەندەرڤەیو و ڤایو بەکاربراوە. بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، دوو ڤەیو هەن؛ یەکێکیان ڤەیوی پاک کە ئیزەدە و ئەوی تر ڤەیوی ناپاک کە دێوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ ٨٩: ٦٣٤.

[2] – ناوی دێوی شەهوەتە و خولَقێنراوی ئەهریمەنە. سینبولی زینایە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە؛ ٨٩: ٦٣٨.

[3] – یەکێک لە سێ نزا سەرەکییەکەی ئایینی زەردەشتییە.

١- **ئەفراندنی مینۆڤی (گیانی) ٢- ئەفراندنی مادی (گێتیایی)**

ئەفراندنی مینۆڤی ئەو ئەفراندنەیە کە تێیدا ئەفرێنراوان بەشێوەی رۆحی و بەبێ جووڵە، دەرهەست، نەبینراو و بێ پەیکەرن. لە سەرەتادا هەم ئەفراندنی ئەهورایی و هەم خوڵقاندنی ئەهریمەنی بەشێوەی مینۆڤی واتا گیانی بوون[1].

ئەفراندنی مادی ئەو ئەفراندنەیە کە تێیدا ئەفرێنراوان خاوەن پەیکەرن، بە چاو دەبینرێن و بە دەست دەگیرێن. هەرکام لە ئەفرێنراوە مادییەکان خاوەن پەیکەر و سیمای تایبەت بەخۆیانن.

بەگوێرەی دەقە ئەفسانەیییەکان ئەفراندن لە سەرەتادا بەشێوەی مینۆڤی بووە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.[2] لەپڕا ئەهریمەن دەردەکەوێت و هەوڵی لەناوبردنی جیهانی مینۆڤی دەدات، بەڵام ئەهورامەزدا ئاگاداری ئەم پەلامارەی ئەهریمەن دەبێت. تەکبیرێک دەکات و ئەهریمەن گێژ و سڕ دەکات. لەم کاتەدا کە ئەهریمەن گێژ و سڕ کەوتووە، ئەهورامەزدا دەست بە ئەفراندنی جیهانی مادی دەکات. کەواتە ئەفراندنی جیهانی مادی پەیوەندی بە جووڵە و پەلاماری ئەهریمەنەوە هەیە.

---

[1] – ئەمە لەگەڵ بۆچوونی ئەفلاتوون یەک دەگرێتەوە کە پێی وایە سەرەتا جیهانی وێنە هەبووە و پاشان لە وێنەوە جیهانی هەستی(بوون) پەیدا بووە. (ئەفلاتوون ئەم تێڕوانینە فەلسەفییەی خۆی لە کتێبی حەوتەمی کۆمارەکەیدا گەڵاڵە کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە جیهانی وێنە و بوون لە تێڕوانینی ئەفلاتووندا (بڕوانە؛ ١٢٢: ١١٢٧-١١٦٩)

[2] – بەپێی دەقە ئەفسانەیییەکان ئەفراندنی (مادی)ش لە سەرەتادا بە شێوەی مینۆڤی بووە، بەڵام دواجار شێوەی مادی وەرگرتووە. واتا سەرەتا ئەفرێنراوە مادییەکان بە شێوەی مینۆڤی ئەفێنرابوون. لە ئاڤێستا، فەرڤەردین یەشت کەرتی ١٥، بەندی ٥٥و٥٦ بە وردی ئاماژە بەم بابەتە کراوە و تێیدا هاتووە لە رابردوودا کاتێک گیا (رووەک) ئەفرێنرا بۆ ماوەیەک لە شوێنی خۆیان بێ جووڵە وەستابوون و نەشونمایان نەدەکرد، بەڵام دواتر هەر ئەم ئەفرێنراوە لە کاتێکدا کە پێشتر دەسنیشان کراوە نەشونما دەکات. ئەفراندنی مینۆڤی ئەفرێنراوە مادییەکان دوای پەلاماری ئەهریمەن بۆ سەر جیهانی رووناکی ئەهورامەزدا لە کۆتایی سێ هەزار ساڵی یەکەمی جیهانی بوون، شێوەی مادی وەردەگرێت. لە کتێبی (بژاردەکانی زادیسپەرم)دا هاتووە: سێ هەزار ساڵی ئەفراندنی مادی، ئەفرێنراوەکان بێ جووڵە بوون. خۆر و مانگ و ئەستێرەکان بێ جووڵە لە سەرەوە وەستابوون. لە کۆتایی سێ هەزار ساڵدا ئەهورامەزدا بیری کردەوە: چ سوودێکی هەیە کە ئەفرێنراوان، بێ جووڵە بن؛ ئینجا بە یارمەتی ئاسمان و زەرڤان ئەفراندنی بە جووڵە خست. (بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی یەکەم، بەندی٢٦و٢٧)

لە یەسنەی هەپتەنگاهەیتی، های ٣٥دا هاتووە: ستایش دەکەین ئەهورامەزدای پاک و رەتوی پاک، ستایش دەکەین ئەمێشەسپێەنتەکان (ئەو) سەروەرە چاکەخوازانە، ستایش دەکەین سەرجەم بوون (جیهان)ی پاکی مینۆڤی(گیانی) و گێتیایی(مادی)، لەسەر شێوازی راستیی پاک و ئایینی پاکی مەزدیسنایی.))(٥٤: ٣٠)

ئەفراندنی مینۆڤی و ئەفراندنی مادی و ململانێی نێوان ئەفراندنی ئەهورایی و ئەهریمەنی بە چەند قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراودا تێپەڕ دەبێت. ئەم زەمەنە دیاریکراوە لە دوازدە هەزار ساڵ پێکهاتووە کە بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵیدا دابەش دەکرێت.

١- **قۆناغی یەکەم:** لەم قۆناغەدا ئەفراندن بەشێوەی مینۆڤییە.

٢- **قۆناغی دووەم:** ئەفراندن لە شێوەی مینۆڤی بۆ شێوەی مادی دەگۆڕێت. لەم قۆناغەدا خوڵقاندنی ئەهریمەنی دەسپێدەکات.

٣- **قۆناغی سێیەم:** ئەفراندنی ئەهورایی و خوڵقاندنی ئەهریمەنی لەم قۆناغەدا دژبەیەک دەوەستنەوە و ململانێی نێوان هێزی چاکی و هێزی خراپی بەدرێژایی ئەم سێ هەزار ساڵە بەردەوام دەبێت.

٤- **قۆناغی چوارەم:** لەم قۆناغەدا ئەفراندنی ئەهورایی بەسەر خوڵقاندنی ئەهریمەنیدا سەردەکەوێت. لە کۆتایی ئەم سێ هەزار ساڵەدا جیهانی بوون بەرەو کۆتایی دەڕوات و ئەوەش بە دەرکەوتنی چەند نیشانەیەک لە چوارچێوەی ئەفسانەی رزگارکەر بەدیار دەکەوێت. لە سەردەمی دوایین رزگارکەر کە بە سەئوسیەنت ناسراوە[1]، سەرجەم هێزە ئەهریمەنییەکان لەناو دەچن و ئەهریمەن لە جیهانی تاریکیدا بەند دەکرێت.

---

١ – ئەفسانەی کوردی بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، بە خولگەیەکی رێک و سیستەماتیکدا دەخولێتەوە کە تێیدا سەرجەم ئەفسانەکان بەیەکەوە گرێ دراون. ئەفسانەی ئەفراندن و ئەفسانەی رزگارکەر و ئەفسانەی تۆفان و دوارۆژ و زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بەسەریەکەوە یەکەیەکی شکۆداری ئەفسانەیی دادەمەزرێنن. ئەفسانەی رزگارکەر پەیوەستە بە سێ هەزار ساڵی کۆتایی جیهان و لەم سێ هەزار ساڵە سێ کەس بە مەودای هەزار ساڵ جارێک بەدوای یەک دەردەکەون و جیهانی بوون لە ناپاکی و هێرشی هێزە ئەهریمەنییەکان پاکژ دەکەنەوە. لە رۆژگاری سێیەمین رزگارکەر کە بە سەئوشیەنت ناسراوە گشت هێزە ئەهریمەنییەکان لەناو دەچن و تەمەنی جیهانی مادی کۆتایی پێدێت. سەرلەنوێ بوونەوەران زیندوو دەبنەوە و دوارۆژ و لێپێچینەوە و بەرێکردنی مرۆڤەکان بۆ ژیانی ناو بەهەشت یان دۆزەخ دەسپێدەکات.

**کورتەی ئەفسانەی ئەفراندنی کوردی بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان:**[1]

سەرەتا ئەهورامەزدا لە بەرزترین شوێن و بەوپەڕی هەمووشتزانییەوە، زەمەنێکی بێ سنوور لە هەرێمی رووناکی بوو. ئەهریمەن لەناو تاریکیدا، نەزان و بێ ئاگا لە نزمترین و پەستترین شوێن بوو. لە نێوان سنووری هەرێمی رووناکیی بێ سنوور کە شوێنی ئەهورامەزدا بوو و سنووری هەرێمی تاریکی کە شوێنی ئەهریمەن بوو، بۆشایی بوو. ئەم بۆشاییە ڤەیو بوو.

ئەهورامەزدا دەیزانی رۆژگارێک ئەهریمەن بەهۆی خووی بۆگەن و کاولکارانە، پەلاماری هەرێمی رووناکی دەدات و هەوڵی تاریککردن و بۆگەنکردنی دەدات. لەم کاتەدا بیری لە ئەفراندن کردەوە، تاکو بە یارمەتی ئەفرێنراوەکانی رووبەڕووی ئەهریمەن ببێتەوە. سەرەتا دەستی بە ئەفراندنی مینۆڤی کرد. لەم قۆناغەدا کە ماوەی سێ هەزار ساڵە، ئەفرێنراوەکان بە شێوەی مینۆڤی (گیانی) بوون، بێ هزر، بێ جوولە و بێ پەیکەر بوون.

ئەهریمەن بەهۆی نەزانی و بێ ئاگایی، ئاگاداری ئەفراندنی مینۆڤی ئەهورامەزدا نەبوو.[2] خولانەوە و دانەسەکانی بەردەوام، سروشتی ئەهریمەن بوو. رۆژگارێک لەو کاتەدا کە لەناو جیهانی تاریکیدا بێ ئامانج دەخولاوە، لە سنووری هەرێمی رووناکی نزیک بۆوە. کە چاوی بە ئەهورامەزدا و جیهانی رووناکی کەوت، ئیرەیی پێ برد و ویستی بە بۆگەنی و تاریکیی رەها کە سروشتی ئەو بوون، ئەم جیهانە جوان و رازاوەیە داگیر بکات. خۆی خزاند و پەلاماری جیهانی رووناکی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و هەستی بە بێ هێزیی خۆی بەرامبەر بەم جیهانە ئەهوراییە کرد. ملی لێ شۆڕ کردەوە و بەرەو جیهانی تاریکی خزی. لەم قووڵاییەدا دەستی بە خوڵقاندنە بۆگەن و

---

١ – کورتەی ئەم ئەفسانەیە لە دەقی (ئاڤێستا، بنداهێش، ریوایەتی پەهلەوی بەشی ٤٦، مینوگی خیرەت بەشی٧، بژاردەکانی زادیسپەرم بەشی١ تاکو٣، زەندی وەهمەن یەسن، هورموزد و خرڤیسپ ئاگاسی) وەرگیراوە.

٢ – یەکێک لە سیفاتە دیارەکانی ئەهریمەن (درەنگ زانی)یە، بەو واتایە کە دوای ئەوەی شتێک روودەدات لێی ئاگادار دەبێت. ئەوەش بەپێچەوانەی سیفەتی (هەمووشتزان)ی ئەهورامەزدایە، چونکە ئەهورامەزدا ئاگاداری رووداني هەمو رووداوێکە و بەو هۆیەوە بەردەوام بەسەر ئەهریمەندا سەردەکەوێت.

نەگریسەکەی خۆی کرد. خوڵقاندنەکەی وەکو خۆی پیس و بۆگەن بوو، دێوێکی یەکجار زۆری خوڵقاند.

ئەهورامەزدا کە دەیزانی ئەهریمەن خەریکی خوڵقاندنی نەگریس و بۆگەنیی خۆیەتی، بیری لەوە کردەوە بە شێوازێک خوڵقاندنی ئەهریمەنی رابگرێت. بۆیە تەگبیرێکی لێ کرد و پێشنیازی ئاشتی ئاراستەی ئەهریمەن کرد. ئەهریمەنی نەزان، وای زانی ئەهورامەزدا لە خوڵقاندن و هێزەکانی ئەو ترساوە، بۆیە ئەم پێشنیازەی پێداوە. نە تەنیا پێشنیازەکەی پەسند نەکرد، بەڵکو هەڕەشەشی لێ کرد و بەڵێنی دا جیهانی رووناکی لەناوبەرێت و سەرجەم ئەفرێنراوەکانی ئەهورامەزدا لە دژی ئەو و دۆستایەتی خۆی هەڵخەڵەتێنێ.

ئەهورامەزدا زانی بە ناچاری ئەم شەڕ و ململانێیە هەر روودەدات، بۆیە دەیزانی ئەگەر زەمەنێکی دیاریکراو بۆ ئەم ململانێیە دەسنیشان نەکات، ئەهریمەن دەتوانێ بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات. ئەهورامەزدا پێشنیازی زەمەنێکی نۆ هەزارساڵی کرد. ئەهریمەنی نەزان ئەم پێشنیازەی پەسند کرد[1]. خواوەندی سەروەر دەیزانی لەم نۆ هەزار ساڵەدا سێ هەزار ساڵی یەکەم بە خواستی ئەهورامەزدا دەبێت، سێ هەزار ساڵی دووەم ململانێ دەکەوێتە نێوان هێزە ئەهورایی و ئەهریمەنییەکان. لە سێ هەزار ساڵی سێیەم ئەهریمەن لاواز دەبێت و خوڵقێنراوەکانی لەناودەچن.

لەم کاتەدا کە ئەهریمەن ماوەی دیاریکراوی پەسند کرد، ئەهورامەزدا ئەهونەڤەئیتی[2] هۆنییەوە. بەهۆی ئەم پەیڤە پیرۆزەوە ئەهریمەن ئەنجامی سەرکەوتنی ئەهورامەزدا و لەناوچوونی هێزەکانی و بەندکردنی خۆی و پاکبوونەوەی ئەفراندنی ئەهورایی دەبینێت. لەپڕا گێژ و سڕ بوو و بەرەو

---

[1] – ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئەهورامەزدا و ئەهریمەن لە کۆتاییەکانی سێ هەزار ساڵی یەکەمی ئەفراندن رووی داوە، بۆیە بەپێی ئەو دوازدە هەزار ساڵەی کە بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵی دابەش کراوە قۆناغی یەکەم کۆتایی پێ هاتووە و سێ قۆناغ ماوەتەوە کە ئەویش نۆ هەزار ساڵە.

[2] – ئەهونەڤەئیتی پەیڤی پیرۆزی ئەهورامەزدایە و یەکێک لە نزا سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتییە کە بەرلە هەموو شتێک لەلایەن ئەهوراوە بەدی هاتووە. لە بەشی یەسنەکان، های ١٩، بەندی ٢دا ئەم بابەتە بەم جۆرە خراوەتە ڕوو کە ئەم پەیڤە پیرۆزە ئەفرێنراوە: ((بەرلە ئەفراندنی ئاسمان، بەرلە ئاو، بەر لە گیاندار، بەرلە گیا، بەر لە ئاگری کوڕی ئەهورامەزدا، بەرلە مرۆی پاک (گەیومەرێتەن)، بەرلە خوڵقاندنی خەرفەستەران (ئەهریمەنی)، بەرلە جیهانی مادی، بەرلە هەموو ئەفرێنراوە پاک و توخمە رەسەنەکان.))

جیهانی تاریکی رووچوو. بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ بەم شێوەیە گێژ و سڕ لە قووڵایی هەرێمی تاریکی کەوت.[1]

بەر لە هەمـوو شـتێک ئەهـورامەزدا زەمەنـی بـێ سـنووری ئەفرانـد. لە زەمەنی بێ سنوور، زەمەنی سنوورداری دوازدە هەزار سـاڵی ئەفراند. بەرلە بەریەککەوتنـی هێـزی ئەهـورایی و هێـزی ئەهریمەنـی، زەمەن بەتەواوی بـێ سـنوور بـوو. لەم زەمەنە بێ سـنوورە زەمەنـی سـنووردار کە هەمـان دوازدە هەزار سـاڵە، بەدی هـات. لە کۆتـایی جیهـانی بووندا ئەم زەمەنە سـنووردارە ســەرلەنوێ بە زەمەنــی بــێ ســنوور دەلکێــتەوە. ئەوەش ئەو کــاتەیە کە ئەفرێنراوانی ئەهورامەزدا پاک دەبنەوە و لە جیهانەکەی تردا بۆ هەتاهەتایە و بە نەمـری، ژیـان بەسـەر دەبەن. ئەهـورامەزدا لە خـودی خـۆی، لە رووناکی مادی، پەیکەری ئەفرێنراوەکانی خۆی خوڵقاند. لە دوای زەمەن، ڤەیوی پـاکی ئەفراند، لە کاتی ئەفراندندا ڤەیو وەکو ئامرازێک یارمەتیدەری ئەهورامەزدایە.

ئەهریمەن لە تاریکیی مادی، خوڵقێنراوەکانی خوڵقاند. بەو کەلەخە رەش و بــۆرەی کە شــیاوی جیهــانی تــاریکییە، بــۆگەنترین و نەگریســترین خەرفەستەر[2] واتا ڤەرەنی دێوی خوڵقاند. لە تاریکیی مادییەوە تاریکیی بێ سنووری خوڵقاند و لە تاریکیی بێ سنوور، قسـەی درۆی خوڵقاند. بەهـۆی ئەم خوڵقاندنەوە خراپیی ئەهریمەن ئاشکرا دەبێت و لە کۆتادا بەهۆیەوە لەناو دەچێت.

ئەهــورامەزدا لە روونــاکیی مــادی، راســتگۆیی ئەفرانــد. لە رێــگەی راستگۆیی، فراوانیی داداری مەزن ئەهـورامەزدا بەدیـار دەکەوێت کە هەمـان ئەفراندنە؛ چونکە ئەو (ئەهورامەزدا)، پەیکەری بێ سـنووری لە روونـاکی بێ سـنوور ئەفرانـد و سـەرجەم ئەفرێنراوەکانیشـی لەنـاو پەیکەری بێ سـنوور ئەفرانــد. لە پەیــکەری بــێ ســنوور ئەهــونەڤەئیتی بەدی هــات. رەوایە

---

[1] – لە ئۆردی ڤەهەشت یەشت، بەندی ١٣دا هـاتووە کە ئەم پەیڤە پیرۆزە: ((...نەگریسـترین دێـو، ئەهریمەنـی کاولکار لە بەرزایی ئاسمانەوە بۆ خـوارەوە تێهەڵدەدات.))(٥٥: ١٤٥) ئەم دەقە ئاڤێسـتاییە لەگەڵ دیمەنـی سڕبوون و کەوتنە خوارەوەی ئەهریمەن بۆ ناو جیهانی تاریکی بەهۆی پەیڤی پیرۆزی ئەهـونەڤەئیتی کە لە کتێبە پەهلەوییەکان باسکراوە رێک دەکەوێت.

[2] – واتا گیانەوەری خشـۆک وەکو مـار، کرم، مـارمێلکە و حەشـەرات وەکو مـێش، مێشـوولە، کێچ و...هتد. ئەم جۆرە گیاندارانە بە خوڵقێنراوی ئەهریمەن دادەنرێن.

مینو(گیـان)ی ئەهـونەڤەئیتی کە سـەرەتای ئەفرانـدن و کۆتـاییيەکەی بەهـۆی ئەوەوە ئاشکرا دەبێت، دینی پێ بگوترێت، چونکە دین لەگەڵ ئەفراندندا بەدی هات. لە ئەهونەڤەئیتییەوە رۆحی ساڵ بەدی هات.

ئەهــورامەزدا ئەفرانــدنی مینــۆڤی بە مینــۆڤی دەهێڵێــتەوە و ســەرەتا ئەفراندنی (مادی)شی بە شێوەی مینۆڤی ئەفراند، ئینجا دواتر شێوەی مادی پێدان. سـەرەتا شـەش ئەمێشەسپێەنتەکانی ئەفراند. دواجار حەوتەمینەکەیان خودی ئەهورامەزدایە. لەدوای ئەفراندنی ڤەیوی پاک، لە ئەمێشەسپێەنتەکان، یەکەم (ڤەهومەنـاه)ی ئەفرانـد، دووەم ئەشـەڤەهیشـتە، سـێیەم خشـەتراڤەئیریە، چــوارەم ســپیەنتەئارمەیتی، پێــنجەم هەورڤەتــات، شەشــەم ئەمێرێتــات و حەوتەمین خـودی ئەهـورامەزدا[1]، هەشـتەم راسـتگۆیی، نۆیەم (سرەئوشـە[2])ی پــاک، دەیەم مارســپەنتە[3]، یــازدەم نەریوســەنگ[4]، دوازدەم رەتــو بەرزیــت[5]، ســێزدەم رەشــنی[6] راســت، چــواردەم میهــر، پــازدەم ئەهریشــوەنگی[7] پــاک، شـازدەم پارەنـدی٨، حەفـدەم خەو، هەژدەم بـا، نـۆزدەم داتومەنـدی[9]، بیسـتەم ململانێ: دادخواستن و بەرگری، ئاشتی و فراوانی.

ئەهریمەن بەوپەڕی کرێتییەوە لە بەرامبەر ئەمێشەسپێەنتەکان، کۆمەڵی دێــوانی خوڵقانــد.[10] یەکەم ئەکــومەن[1] دەخــوڵقێنێ، دووەم ئێنــدەر[2]، ســێیەم

---

[1] – پێشتر باسی ئەمێشەسپێەنتەکان و واتای ناوەکانیان و ئەرکەکانیان کراوە.

[2] – یان سرووش، ناوی یەکێک لە گرنگترین ئیزەدەکانی ئایینی زەردەشتییە. ئیزەدی پەیام و وەحی و ئیلهامی یەزدانییە.

[3] – ئەو ئیزەدەی کە ئەرکی پاراستنی پەیڤی پیرۆزی خواوەندی لە ئەستۆیە.

[4] – ئیزەدێکی شکۆداری ئایینی زەردەشتییە. ئەم ئیزەدەش وەکو پەیام گەیێن لە بارەگای یەزدانیدا ئەرکی پێسپێردراوە. لە جیهانی دوای مردن ئەم ئیزەدە لەگەڵ سرەئوش و ئەشی یان ئەرتی پشتیوانی لە گیانی مردووەکان دەکەن.

٥ – واتا ئەو شەش گاڤ یان کاتەی کە ئەفراندنی ئەهورایی تێیدا بەڕێوەچوو.

[6] – ناوی ئیزەد یان فریشتەی دادپەروەرییە. لە رۆژی دوماهیدا لە تەک میهر و سرەئوش ئەرکی لێپرسینەوە لە گیانی مردووەکانی لە ئەستۆیە.

[7] – ئیزەد یان فریشتەی سامان و بەپیتی و بەرەکەتە.

[8] – فریشتە یان ئیزەدبانوی پارێزەری خەزێنە و سەروەت و سامان و فراوانییە.

[9] – فریشتە یان ئیزەدی چاودێری یاسا و دادپەروەرییە.

[10] – ئەهریمەن لە بەرامبەر شەش ئەمێشەسپێەنتەکان، کۆمەڵەی دێوان دەخوڵقێنێ کە لە شەش دێو پێکدێت و خودی ئەهریمەن خۆی دەبێتە سەرکردەیان و بەم جۆرە دەبنە حەوت. ئەم کۆمەڵەی دێوانە بە پەهلەوی (کۆمەریگان k_}W r kA)ی پێدەگوترێت بە واتای کۆمەڵەی مەرگهێنەران.

ساوور[3]، چوارەم نەهگیس[4]، پێنجەم تارێژ[5]، شەشەم زرێژ[6] و حەوتەم خودی ئەهریمەن. ئەهریمەن هەرگیز بە باشی بیر ناکاتەوە، ناڵێت و ناکات.

لە سێ هەزار ساڵی یەکەمدا تەنیا ئەفراندنی مینۆڤی هاتەکایەوە. ئەفراندنی مینۆڤی بە ئەفراندنی شەش ئەمێشەسپێەنتەکان دەست پێدەکات. ئینجا راستگۆیی، سرووش، مارسپەنت، نەریوسەنگ و...هتد. دوای تەواوبوونی ئەفراندنی مینۆڤی ئەفراندنی مادی دەسپێدەکات.

**ئەفراندنی مادی:**

ئەفراندنی مادی بە ئەفراندنی ئاسمان دەسپێدەکات. یەکەم ئاسمانی روون، دیار، زۆر دوور و هێلکەیی ئەفراند. ئەهورامەزدا سەرجەم ئەفرێنراوانی لەناو ئاسماندا ئەفراند. ئاسمان وەکو قەڵایەکە کە شوورەکانی پتەون و گشت کەلوپەلی پێویست بۆ بەرگریکردن لە ئەفراندنی تێدا دانراوە. ئاسمان ئەوەندە پانە کە درێژە، ئەوەندە درێژە کە بەرزە، ئەوەندە بەرزە کە قووڵە. دووەم ئاوی ئەفراند. لە گەوهەری ئاسمان، ئاوی ئەفراند و بەیارمەتی ئاو هەور، با و باران، بەفر و تەمی ئەفراند. سێیەم لە ئاوەوە گۆی زەوی ئەفراند، بێ هەوراز و نشێو، درێژی و پانی و پانی و قووڵییەکەی یەکسان، رێک لە ناوەڕاستی ئاسمان. لە سەر زەوی چیا و دۆڵ و دەشت و دارستان و دەریاکانی ئەفراند.

چوارەم گیای ئەفراند. سەرەتا لە ناوەڕاستی زەوی روا، بێ لق، بێ پێست، بێ دڕک و تەڕ و شیرین. ئەم رووەکە تۆ و سروشتی سەرجەم

---

[1] – ئەک منە بە واتای هزری ناپاک لە بەرامبەر ڤەهومەنە. هێمای هزری ناپاک و شەڕانی و دووڕوویی و دژی ئاشتییە.

[2] – ئیندەر ناوی دێوی فریوکاری و لە رێبەدەرکردنی مرۆڤە. ئەم دێوە دژی چاکی و رێکوپێکییە. لە بەرامبەر ئەرتەڤەهیشتە دانراوە.

[3] – ساوور rnvF دێوی بشێوی و هێمای بێ سەروبەری و بێ یاسایی و دەسەڵاتی ستەمکارانەیە. لە دژی خشەترەڤەئیرییە خوڵقێنراوە.

[4] – نەهگیس s q DXn دێوی سەرپێچی و یاخیبوون. لە بەرامبەر سپیەنتەئارمەیتی خوڵقێنراوە.

[5] – تارێژ P%R_t دێوی برسێتی و بۆگەنکردنە و مەڕومالات ژەهراوی دەکات. لە بەرامبەر هەورڤەتات خوڵقێنراوە.

[6] – زیرێژP%R_IZ دێوی تینوویەتی و لەناوبردنە هەروەها دروستکەری ژەهرە و بەم جۆرە هاوکاری دێوی تارێژ دەکات و لە دژی ئەمێرێتات خوڵقێنراوە.

رووەکەکـانی دەبەردا بـوو. پێـنجەم گـای ئەفرانـد، ئەویـش لە نیشـتمانی ئەیرییەنڤاچ لە کەناری رووباری دائیتی لە ناوەڕاستی جیهان. ئەم گایە سپی و پڕشنگدار بوو وەکو مانگ. باڵای بەقەد سێ حەیزەران بوو.

شەشـــەم گەیـۆمەرێتەنی ئەفرانـد وەکـو یەکەم مـرۆڤ. وەکـو خـۆر دەترووسکاوە. باڵای بەقەد چوار قەمیش بوو. پانییەکەی بەقەد باڵای بوو. لە کەناری لای راستی رووباری دائیتی. گەیومەرێتەن لەلای راست و گا لەلای چەپی رووبار. بەهۆی تۆی ئەم مرۆڤەوەیە کە نەژادی ئادەمیزاد بەدی هاتن.

ئەم شـەش ئەفراندنە لە شـەش گـاڤ یـان کـاتی جیـادا جێبەجێکـرا کە بە شەش گاڤـان ناسـراوە. کۆی ئەم شـەش گاڤە دەکاتە سێ سـەدو شەست و پێـنج رۆژ کە سـاڵێکی تەواوە. ئەفرانـدنی مـادی لە مـاوەی یەک سـاڵ و لە شەش کاتی جیاوازدا بەڕێوەچوو کە بەم شێوەیە بوو:

ئەهورامەزدا لە رۆژی نەورۆز دەستی بە ئەفراندن کرد. یەکەم ئاسمانی ئەفراند لە مـاوەی چـل رۆژدا، پێنج رۆژ وەسـتا (پشـووی دا). دووەم ئـاوی ئەفراند لە مـاوەی پەنجـاو پێنج رۆژدا. پێنج رۆژ وەسـتا. (پشـوی دا). سـێیەم زەوی ئەفراند لە ماوەی حەفتا رۆژدا. پێنج رۆژ وەستا (پشووی دا). چوارەم گیای ئەفراند لە ماوەی بیست و پێنج رۆژدا. پێنج رۆژ وەسـتا (پشـووی دا). پێنجەم گای ئەفراند لە ماوەی حەفتـاوپێنج رۆژدا. پێنج رۆژ وەستا (پشـووی دا). شەشەم مرۆڤی ئەفراند کە گەیومەرێتەنە و لە ماوەی حەفتا رۆژدا. پێنج رۆژ وەستا (پشووی دا).

لە دوای ئەفرانـدنی جیهـانی مـادی، ئەهـورامەزدا سـەرەتا ئەسـتێرەکان، ئینجا مانگ و خۆری ئەفراند. لە نێوان زەوی و ئاسمان دایمەزراندن و رێڕەو و خـولگەی هەموویـانی دەسنیشـان کـرد، بە چەشـنێک کە هەرگیـز بەریەک نەکەون.

### ئەفراندنی مرۆڤ:

ئەفرانــدنی ســـەرجەم جیهـــانی بـــوون بە مەبەســـتی ئاســـوودەیی و بەختەوەریـی مـرۆڤە، بـۆیە ئەفسـانەی ئەفرانـدنی مـرۆڤ کرۆکـی سـەرەکی پرۆسەی ئەفراندن پێکدێنێت. ئەو ئەفسانانەی سەبارەت بە ئەفراندنی مرۆڤ لەنـاو مـیللەتە جیاجیاکانـدا هەیە، لە ریـزی سەرنجڕاکێشـترین ئەفسـانەکانی

جیهانن. لەم ناوەندەدا ئەفسانەی ئەفراندنی مرۆڤ، لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان خاوەن تایبەتمەندییەکی گرنگە؛ چونکە ئەفراندنی مرۆڤ پەیوەندی بە پەلاماری ئەهریمەن بۆ سەر ئەفراندنی ئەهورایی هەیە. ئەهریمەن لە کۆتایی ئەو سێ هەزار ساڵەی کە سڕ ببوو، بەهۆی بەڵێنی دێوێکی ناپاک بە ناوی جهی[١] بەخۆ هاتەوە[٢]و بڕیاری پەلاماردان بۆ سەر ئەفراندنی ئەهورایی دا. لە بنداهێشدا هاتووە:

ئینجا ئەهریمەن بە گشت دێوەکانییەوە، دژی ئەفراندنی ئەهورایی وەستا. پەلاماری ئاسمانی مادی دا. ئاسمانی بۆ ناو سنووری بۆشایی[٣] ڕاکێشا و تاریکی کرد. وەکو مار ئاسمانی ژێر ئەم زەوییەی کون کرد. ڕێک نیوەڕۆی، ڕۆژی نەورۆز بوو. پەلاماری ئاوی دا کە لە ژێر زەوی بوو. ئینجا ناوەڕاستی زەوی هەڵقەڵەشی و خزییە سەر زەوی. پەلاماری گیای دا و ژەهراوی کرد، نەخۆشی و دەردی بەسەر گا و گەیومەرێتەندا باراند و بەهۆیەوە هەردوویان مردن. ئەهریمەن وەکو مێشێک پەلاماری سەرجەم ئەفراندنی دا. جیهان بە نوێژی نیوەڕۆ وەکو نیوەشەو تاریک داهات. تاریکی ئاسمانی سەرەوە و خوارەوەی زەوی داگرت.

لە ئەنجامی مردن و شێبوونەوەی ئەندامەکانی لەشی گەیومەرێتەن، کۆمەڵە ئەفرێنراوێکی تر بەدی هاتن کە یەکەمین دوو مرۆڤیش لە ڕیزی ئەم ئەفرێنراوانەن. ئەفسانەی ئەفراندنی یەکەمین دوو مرۆڤ بەپێی ئاڤێستا و

[١] – دێوی داوێن پیسی و هێمای ئافرەتی سۆزانییە، کە بەهۆی فریوکارییەوە خەڵکی تووشی تاوانی داوێنپیسی دەکات. لە دژی ئەهورامەزدا یارمەتی ئەهریمەن دەدات بە مەبەستی لەناوبردنی جیهانی ئەفرێنراوی ئەهورایی. دوای بەئاگاهاتنەوەی ئەهریمەن بەهۆی بەڵێنی ئەم دێوە، ئەهریمەن لە خۆشییان نێوچاوانی ئەم دێوە ماچ دەکات و بەم هۆیەوە پیسبوون و سووڕی مانگانەی ئافرەتان بەدی دێت.

[٢] – لە دوای ئەوەی ئەهریمەن بەهۆی پەیڤی پیرۆزی ئەهورایی سڕ بوو و کەوتە ناو قووڵایی جیهانی تاریکی، بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ بەم جۆرە ماوە. لە ماوەی ئەم سێ هەزار ساڵە یەک یەک دێوەکانی کۆمەڵەی دێوان، هاتنە ژوور سەری و داوایان لێ کرد ((هەستەوە باوکە! چونکە پەلاماری ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان دەدەین وەها زیانیان پێدەگەینین کە هەرگیز ڕووی خۆشی نەبیننەوە)). هەر یەک لەم دێوانە باسی بەدفەڕیی خۆیان کرد، بەڵام ئەهریمەن هەر سڕ کەوتبوو. لە کۆتایی ئەم سێ هەزار ساڵە، جهیی بەدفەڕ هات، گوتی: ((هەستەوە باوکە! چونکە (پەلاماری جیهانی ئەفراندنی ئەهورایی دەدەم) لەم پەلامارەدا دەردێکی وەها بە پیاوی باش و گا دەکەم و وەها ئازار بە زەوی، ئاگر، ڕووەک و سەرجەم ئەفراندنی ئەهورایی دەگەینم)) کە تۆ پێتخۆشە. بەڵێنی ئەم دێوە بەدفەڕە، ئەهریمەنی بەخۆ هێناوە.(١٠٤: ٥١)

[٣] – هەمان ئەو سنوورەیە کە دەکەوێتە نێوان سنووری تاریکیی ئەهریمەنی و سنووری ڕووناکیی ئەهورایی.

دەقە پەهلەوییەکـان زۆر سـەرنجراکێش و تایبەتمەنـدە، چـونکە لە ئەنجـامی شـیبوونەوە و تـۆ هاویشـتنی گەیـومەرێتەن گیـایەک دەڕوێـت کە سـێ کەدی هەیە. دوو لەم کەدانە مـرۆڤن لە ڕەگەزی نێـر و مـێ و کەدێکیشـیان فەڕ و شکۆیە. بەپێی ئەم ئەفسـانەیە، مرۆڤ سـەرەتا خـاوەن پەیکەری گیـایی بـووە ئینجـا دواتـر لە گیـاپەیکەری بـۆ مـرۆڤ پەیـکەری گـۆڕاوە. ئەم ئەفسـانەیە لە نەسـکی (چیترەداتـا)ی ئاڤێسـتای سـەردەمی ساسـانییەکاندا هـاتووە و دواتـر نووسـەرانی دەقە پەهلەوییەکان لەبەریان گرتۆتەوە و لەناو کتێبی بنداهێش و بژاردەکـانی زادیسـپەرمدا گێڕاویەتیـانەوە. لە خـوارەوە ئەفسـانەی ئەفرانـدنی مـرۆڤ بەپێـی کتێـبە پەهلەوییەکـان دەنووسـرێتەوە: کاتێـک گەیـومەرێتەن نەخۆش کەوت، بە لای چەپدا کەوت. لە ئەندامەکانی لەشـی کۆمەڵە کانزایەک بەدی هاتن. لە سەری سفر، لە خوێنی ژرێژ[1]، لە مێشک زیو، لە پێ ئاسـن، لە ئێسک مز، لە چەوری ئەڵماس و لە بازوو پۆڵا، لە گیـان زێڕ. لە کـاتی مـردن گەیومەرێتەن تۆ دەردەکات. بۆ ماوەی چل ساڵ ئەم تۆیە لە نـاو دڵـی زەویـدا پارێزرا. دوای تێپەڕینی چل ساڵ، ڕێواسێک کە پازدە گەڵای هەبوو، لە زەوی ڕوا. ئەم ڕێواسـە سێ کەدی هەبوو. کەدێک نێر و کەدێک مێ و نێر مەشـی و مێ مەشیانە بوو.[2] کەدی سێیەم فەڕ یان شکۆی یەزدانییە.[3] ئینجا هەردوویان لە گیـاپەیکەری بـۆ مـرۆڤ پەیـکەری گـۆڕان و فەڕ بە شـێوەی مینـۆڤی بـۆ دەروونیان گواستراوە کە هەمان گیانە. ئەهورامەزدا بە مەشـی و مەشیانەی گـوت: ئێـوە مـرۆڤن، بـاوانی مـرۆڤن. ئێـوەم خـاوەن ژیـری پـاک ئەفرانـد، بەم ژیـرییەوە کارەکانتـان بەرەو پێشـەوە بـبەن. هـزری چـاک، گوتـاری چـاک، کرداری چـاک بکەنە ڕێڕەوی ژیانتـان و ستایشـی دێوەکـان مەکەن. سـەرەتا

---

[1] – قورقوشم، قەڵا، قەڵع.

[2] – ئێسـتاش لەنـاو کۆمەڵی کوردەواریـدا بـاوەڕ وایە، ڕێـواس نێـر و مێی هەیە. سـاڵێک نێرە و سـاڵێک مێیە و ڕەنگە ئەم تێڕوانینە ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەم بیرەباوەڕە بگەڕێتەوە.

[3] – فەڕ یـان شـکۆی یەزدانـی پەیوەنـدی بە نـووری یەزدانییەوە هەیە. هەر کەسـێک لەم فەڕە بەهرەمەنـد بێـت شایستەی سـەروەری و فەرمـانڕەوایەتییە. بەهـۆی ئەم فەڕەوەیە کە فەرمانڕەواکان دەتـوانن فەرمـانڕەوایی بـکەن و لە ڕێگـای ئەم فەڕەوەیە کە کەسـێک بە پێغەمـبەر هەڵـدەبژێردرێت و دەبێـتە ڕێ پیشـاندەر و سەروەری مەعنەوی. هێز و خوڵقێنراوە ئەهریمەنییەکان فەڕیان نییە. لە ئاڤێسـتادا بە شـێوەی خـوەرێنەنگە h$anvraX هـاتووە و دوو جۆرە فەڕی ئەیریەنڤاچ و فەڕی کەڤییەکان. هەمـوو ئەیرییەنڤاچێک خـاوەن فەڕی ئەیرییەنڤاچە و فەڕی کەڤییەکانیش تـایبەتە بە فەرمانڕەواکان و هەمـوو کەسێک ئەم فەڕەی نییە. لە زمانی کوردیدا شێوەی فەڕی لێ ماوەتەوە بۆ نموونە بەدفەڕ بە واتای ئەهریمەنی و ناپاک.

ئەم دووە دەستیان بە بیرکردنەوە کرد. یەکەمین گوتەیان ئەوە بوو کە ئەهورامەزدا ئاو و زەوی و گیا و گیاندار و ئەستێرە و مانگ و خۆر و هەموو ئاوەدانییەکی لە پاکی ئەفراند. لەم کاتەدا ئەهریمەن پەلاماری هزری ئەوانی دا و بۆگەنی کرد و مەشی و مەشیانە گوتیان: ئەهریمەن ئاو و زەوی و گیا و هەموو شتەکانی تری خوڵقاند. ئەمە یەکەمین درۆ بوو کە ئەهریمەن پێی دڵخۆش بوو. بە هۆی ئەم تاوانەوە تاکو رۆژی لێپرسینەوە لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

هەروەها لەم ئەفسانەیەدا باسی شێواز و قۆناغەکانی ژیانی ئەم دوو یەکەمین دوو مرۆڤە کراوە لە رووی شێوەی دابینکردنی خۆراک و پۆشاک و چۆنییەتی گەشەپێدانیان، کە بە شێوەیەکی گشتی پیشاندەری قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە. بەپێی دەقی ئەفسانەی ئەفراندنی مرۆڤ، مەشی و مەشیانە بۆ ماوەی سی رۆژ تەنیا لە رێگەی خۆراکی گیاییەوە خواردنی خۆیان دابین دەکرد. بە گەڵای دار و رووەکەکان لەشی خۆیان داپۆشی. دوای ئەم قۆناغە سی رۆژییە بزنێکی سپی لە بەردەمیان دەردەکەوێت. دەمیان بە گوانی بزنەکەوە نا و تێریان لێ خواردەوە. دوای سی شەو و رۆژی تر مەڕێکی رەش لە سەر رێیان بەدیارکەوت. مەڕە رەشەکەیان سەر بڕی. بە یارمەتی مینۆڤییەکان[1] ئاگریان داگیرساند. داریان خستە سەر و ئاگرەکەیان خۆش کرد. مەڕەکەیان برژاند و دوای جیاکردنەوەی پشکی ئاگر و ئیزەدەکان، گۆشتەکەیان خوارد. مەشی و مەشیانە سەرەتا لەشی خۆیان بە گەڵای دار و رووەکەکان دادەپۆشی، دوایی بە پێست و ئینجا بە رێستنی خوری جلیان دروست کرد و دەبەریان کرد. زەوییان هەڵکەند و ئاسنیان تواندەوە و رێشتیانە ناو قوڵکە (قالب)ەکە و تەوریان دروست کرد و داریان پێ بڕییەوە و پێخۆریان لە دار دروست کرد. مەشی و مەشیانە دەستیان بە پەرستنی دێوان کرد و قوربانییان بۆ کردن. دێوەکان بەهۆی ئەم پەرستنە بەهێز بوون وەها گونی ئەم دووانەیان وشک کرد کە تاکو پەنجا ساڵ ئارەزووی جووتبوونیان نەما. دوای پەنجا ساڵ مەیلیان بۆ جووتبوون وروژا. سەرەتا مەشی و ئینجا مەشیانە. مەشی بە مەشیانەی گوت: ((کاتێک ئەو ناولینگەی

[1] – فریشتەکان.

تۆ دەبینم، ئەوەی من خۆی گەورە دەکات)) و مەشیانەش بە هەمان شێوە مەیلی خۆی ئاشکرا کرد، ئینجا چێژیان لێک وەرگرت. دوای نۆ مانگ، دووانە (کچ و کوڕێک)یان بوو. بەهۆی شیرینییەوە دایک یەکێک و باوک یەکێکی تری خوارد. ئینجا ئەهورامەزدا شیرینیی منداڵی لای باوان بە شیرینیی پەروەردەکردنیان گۆڕی. مەشی و مەشیان شەش جووت نێر و مێیان لێوە لەدایک بوو. برا خوشکی خۆی مارە کرد. بەم جۆرە نەژادی مرۆڤ بە جیهاندا بڵاوبۆوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی ئەفسانەی ئەفراندن، پرۆسەی ئەفراندن بەسەر دوو شێوەی مینۆڤی و مادی و دوو جەمسەری ئەهورایی و ئەهریمەنی و بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵیدا دابەش کراوە. جگەلەوە ئەفسانەی ئەفراندنی مرۆڤ لە ئەفسانەی کوردیدا تایبەتمەندە بەوەی کە سەرەتا مرۆڤ بە شێوەی گیا/رووەک ئەفرێنراوە و دواجار شێوەی مرۆڤ پەیکەری وەرگرتووە. واتا لە گیاپەیکەری گۆڕاوە بۆ مرۆڤ پەیکەری.

# • ئەفسانەی تۆفان

**ئەفسانەی تۆفان:**

تۆفان ئەو ڕووداوە سروشتییە ڕاستەقینەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووی داوە و کاری کردۆتە سەر ژیان و تێڕوانینی مرۆڤەوە. گێڕانەوەی ڕووداوی تۆفان لە قالبی ئەفسانەدا لە ناو نەتەوە جیاجیاکاندا شێوەی جۆراوجۆری هەیە. تۆفان لە ئەفسانەی کورددا خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی کە ئەم تایبەتمەندییە بۆ سروشتی جوگرافی کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە چۆنییەتی گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیە لای کورد و نەتەوەکانی تردا. دەقی ئەفسانەی تۆفانی گەلی کورد لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا بە یادگار ماوەتەوە.

پاڵەوانی سەرەکی ئەفسانەی تۆفانی کورد، ناوی (ییمە)یە کە دواتر ئەم ناوە گۆڕاوە و بوویتە (جەمشید) یان (جەمشیر). لە بەشی مێژووی ئەفسانەیی کورددا ئاماژە بەو کەسایەتییە کراوە و مێژوو و سەردەمەکەی دیاری کراوە. مێژووی ڕوودانی ئەم تۆفانە بۆ ڕۆژگارێکی یەکجار دوور دەگەڕێتەوە و ئەفسانەی چۆنییەتی ئەم تۆفانە و شێوەی بەرەنگاربوونەوەی بە درێژایی مێژوو بە شێوەی سەرزاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە و دواجار لە کتێبی ئاڤێستادا تۆمارکراوە. هەروەها لەم ئەفسانەیەدا ییمە ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکی پێسپێردراوە و دواتر ئەم ئەفسانەیە بەجۆرێک بە ڕۆژگاری ڕزگارکەرانی سێ هەزار ساڵی کۆتایی جیهان گرێدراوە.

لە سەردەمی ییمەدا سەهۆڵبەندانێکی گەورە ڕوودەدات و ئەهورامەزدا ییمە لەم کارەساتە سروشتییە ئاگادار دەکاتەوە. کەواتە تۆفان لە ئەفسانەی کورددا بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر و ڕوودانی سەهۆڵبەندانە، بەپێچەوانەی ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری و یەهوودی کە تۆفانەکە بەهۆی ڕودانی لافاوەوەیە. لەم ئەفسانەیەدا ئەهورامەزدا ییمە ڕادەسپێرێ لە ژێر زەوی ئەشکەوت یان بینایەک دروست بکات و سەرجەم مرۆڤە باش و تەندروست و گیاندارە بە سوود و ڕووەکە پێویستەکان بۆ ئەو شوێنە بگوازێتەوە، تاکو

بەر زیانی سەهۆڵبەندان و سەرماوسۆڵی ئەم تۆفانە سروشتییە نەکەونەوە. ئەم بینا ژێر زەوییە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا ناوی (ڤەر)ە. (ڤەر) بە واتای نیشتمان و وڵات تاکو ئێستاش لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە و بە شێوەی (ڤار) یان (وار) بەکاردەبرێت. بە پێچەوانەی ئەفسانەی سۆمەری و یەهوودی و ئەفسانەکانی میللەتانی تر کە سەبارەت بە تۆفانن، مرۆڤی کورد لە ژێر زەوی و لەم ڤەرەدا بەرەنگاری تۆفان دەبێتەوە[١]، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە چۆنییەتی رووبەرووبوونەوەی تۆفان هاوتەریب بێت لەگەڵ چۆنییەتی تۆفانەکە کە بەهۆی بارینی بەفرەوەیە.

لە ئاڤێستادا لە زۆر شوێن باسی ییمە کراوە، کۆمەڵە رووداو و بەسەرهاتێک دراونەتە پاڵ ییمەوە. سەرنجراکێش ترین رووداوی سەردەمی ییمە، تۆفانە. لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا جارجار هەندێ رووداوی ئەم ئەفسانەیە گێڕدراونەتەوە، بەڵام لە بەشی (ڤی دەئیودات)دا بەشێک لە پەرگەردێک بە تەواوی بۆ گێڕانەوەی دەقی ئەفسانەی تۆفان تەرخان کراوە. بەپێی ئەم ئەفسانەیە سەرماوسۆڵێکی یەکجار سەخت باڵ بە سەر وڵاتدا دەکێشێت و بەفرێکی یەکجار زۆر دەبارێت کە بەهۆیەوە ئەگەری لەناوچوونی سەرجەم مرۆڤ و گیاندار و رووەکەکان دێتە ئاراوە. لە ئەفسانەی کوردیدا ئەم تۆفانە تەنیا کارەساتێکی سروشتییە، لەکاتێکدا لە ئەفسانەی میللەتانی تردا خواوەندەکان لە مرۆڤەکان تووڕە دەبن و بۆ ئەوەی سزایان بدەن تۆفانێکی گەورە دەخەنەوە.

لە دوای ئەوەی ئەهورامەزدا ییمە رادەسپێرێ تاکو ڤەر دروست بکات و مرۆڤ و گیاندار و رووەکەکانی تێدا پەنابدات، لە چۆنییەتی گوڵبژێرکردنی مرۆڤ، گیاندار و رووەکەکانیش ئاگاداری دەکاتەوە کە زۆر سەرنجراکێشە و بە یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی تۆفان لە ناو میللەتی کورد دادەنرێت. ئەهورامەزدا بە ییمە رادەگەیەنێت مرۆڤی نەخۆش، کەم ئەندام، گڕو، دڵڕەش و ئەهریمەنی بۆ ناو ئەم ڤەرە نەگوازێتەوە. هەروەها باشترین

---

[١] – لە ئەفسانەی میللەتانی تردا پاڵەوانی ئەفسانەی تۆفان بە مەبەستی رزگارکردنی مرۆڤ لە مەترسیی ئەم تۆفانە تۆقێنەرە، کەشتییەک دروست دەکات و سەرجەم بوونەوەران و مرۆڤەکان دەخاتە ناو کەشتییەکە و دوای هێوربوونەوەی تۆفان سەرلەنوێ لە سەر زەوی دادەنیشێتەوە و مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ بەم جۆرە لە مەترسی لەناوچوون رزگار دەبێت.

و به سوودترین و به هێزترین جۆرەکانی گیاندار و رووەک هەڵبژێرێت و له ناو ڤەردا جێیان بکاتەوە، تاکو به درێژایی ئەو ساڵانەی مرۆڤەکان له ناو (ڤەری ییمەکردی)[1]دا ژیان بەسەر دەبەن، له رووی خواردن و پێویستییەکانی ژیان تووشی کەموکوڕی نەبن.

جگەلەوە ئەهورامەزدا چۆنییەتی دروستکردنی ئەم ڤەرە و شێوازە ئەندازەییەکەشی بۆ ییمە دەسنیشان دەکات. ییمە به ئامۆژگاری ئەهورامەزدا ئەم ڤەرە دروست دەکات و بەپێی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە مرۆڤە تەندروستەکان و گیانداره به سوودەکان و رووەکە پێویستەکان بۆ ناو ڤەری ییمەکردی دەگوازێتەوە. ئەفسانەی تۆفانی گەلی کورد له ئاڤێستادا له بەشی ڤی دەئیوەدات، پەرگەردی دووەم، بەندی ٢١-٤٣دا بەم جۆرەی خوارەوە گێڕدراوەتەوە:

ئەهورامەزدا و ئیزەدەکانی تر له ئەیریەنڤاچ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ییمە و رێنوێنیکردنی به مەبەستی بەرەنگاربوونەوە له بەرامبەر تۆفان و بەفر کۆبوونەوە.

ئەهورامەزدای داداری مەزن لەگەڵ ئیزەدە مینۆڤییەکان بۆ ئەیریەنڤاچی بەناوبانگ و کەناری رووباری دائیتی دابەزی. ییمەی مێگەل خاس[2] لەگەڵ باشترین مرۆڤەکان بەرەو رووباری دائیتی له ئەیریەنڤاچی بەناوبانگ بەڕێکەوت.(٢١)

لەوێدا ئەهورامەزدا به ییمەی گوت: ئەی ییمەی جوان، کوڕی ڤیڤەنگهان! زستانێکی سارد ئەم جیهانە مادییە دادەگرێت که زستانێکی یەکجار سەختە. ئەم جیهانە بەر هێرشی زستانێکی سارد دەکەوێت. هەوری بەفرداری یەکجار زۆر دەست به بارین دەکەن له بەرزترین چیاکان تاکوو قووڵایی ئەرێدوی ئاو[3].(٢٢)

---

[1] – ڤەری ییمەکردی (T o aฑvrvk,Omi Y ,vraW ڤەری ییمەکێرینەوت) واتا ئەو ڤەر یان شارەی ییمە له ژێر زەوی دروستی کرد. له کتێبی (بنداهێش) بەشی ٢٩دا هاتووە: ییمە له ژێر زەوی به نهێنی خانووێکی دروست کرد. سەرنجڕاکێش ئەوەیە که هاوین و زستان کاری تێ ناکات. هەموو ئەفرێنراوێکی سەر رووی زەوی تێدا پارێزراوە.

[2] – نازناوێکە بۆ ییمە به واتای ئەو کەسەی خاوەن مەڕوماڵاتی زۆر و به بەرەکەتە.

[3] – ئەرێدوێئاو I i iudvra لێرەدا تا رادەیەک واتاکەی لێڵە. هەندێ توێژەر وەکو دارمستەر به یەکەی پێوان دایدەنێن و هەندێکی تر وەکو بارتلۆمە پێیانوایە هەمان رووباری (ئەردەڤی)یە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە به واتای (ئاوە پاکەکان) یان (تا لێوی ئاوەکان)ە.

له سـێ لاوه چوارپێیـان ئەی یـیمه، هەڵـدێن. ئەوەی له مەترسـیدارترین شـوێنەکانه، ئەوەی له بەرزاییيەکـان لەسـەر چیاکـان و ئەوەی له قـووڵایی دۆڵەکان و له ناو گوندەکانه.(٢٣)

بەر لەم تۆفان و زستانه، لەم نیشتمانەدا گیا به بەر دەهات (بەڵام دوای زستان) دوای ئەوەی بەفرەکان توانەوە، ئەگەر شوێن پێی رانێک ده جیهانی ئەستومەندا بینرا، سەرسوڕهێنەر دەبێت[١].(٢٤)

کەواته ئەم ڤەره بەکەرەوە (دروست بـکه)[٢] یەک چەرتـو درێـژ[٣] بێـت له هەر چـوار لاوه. نەژادی چـوارپێ، مـرۆڤ، سـەگ و باڵنـده و ئـاگره سـووره داگیرساوەکان بـۆ ئەوێ بگوازەوە. ئەی ییمه ئەم ڤەره دروست بکه که هەر گۆشەیەکی بەقەد چوار چەرتو بێت تاکو ببێته واری مرۆڤەکان. یەک چەرتـو درێژ بێت له هەر چوار لاوه تاکو ببێته تەویلەی چوارپێیان.(٢٥)

ئاوی بۆ رادەکێشی به جۆگەیەک که درێژییەکەی یەک هەترەیه[٤]. لەوێدا کێڵگه دادەمەزرێنـی. لەوێدا خـۆراک بەردەوام تەڕو تـازەیه و هەرگیـز تەواو نابێت. لەوێدا خانوو دروست دەکەی فرەستون، فره بنمیچ و فره دیوار.(٢٦)

لەوێـدا نەژادی سـەرجەم پیـاو و گشـت ژنـان که له سـەر رووی زەوی مەزنتـرین، باشـترین و جـوانترینن، جێگیـر دەکەی. لەوێـدا نەژادی گشـت جۆرەکـانی چـوارپێ که له سـەر رووی زەوی گەورەتـرین، باشـترین و جوانترینن، جێگیر دەکەی.(٢٧)

لەوێـدا تـۆی سـەرجەم گیاکـان که له رووی زەوی بەرزتـرین و بـۆن خۆشـترینن، جێگیـر دەکەی. ئەم تۆیـانه به بەر دێنـی تـاکو بـۆ ئەو مـاوەیەی مرۆڤەکان له ڤەردا دەمێننەوە، بمێننەوە.(٢٨)

---

١ – ئەوەی لەم بەنـدەدا مەبەسـته ئەوەیه که دوای هێوربـوونەوەی تۆفـان ئەو شـوێنانەی پێشـتر واتـا پـێش هەڵکردنی تۆفان و سەرماوسۆڵ لەوەڕگای مالات بوون، ئیتر چۆلن و هیچ گیانداریکی تێدا ناژیت و شوێن پێی مەڕ و مالاتی تێدا بەدی ناکرێت.

٢ – له دەقـی ئاڤێسـتادا (ڤەره دروسـت بـکه) بەم جـۆره هـاتووه: ( awanvrvk ,mvraW, ڤەرێ کێـرێنەڤه) واتـا ڤەرەکه بکەرەوە، ڤەرەکه دروست بکه.

٣ – به درێـژی یەک چەرتـو، چەرتـو یەکەی پێـوانه بەرامـبەر گۆڕەپـانێکی ئەسـپ سـوارییه. له دەقدا بەم جـۆره هـاتووه: Oj Ard,ut vrac, چەرێتـودراژو واتـا بەقەد یەک چەرتـو درێـژ. ئەم جـۆره پێـوانی مەودا یـان قەباره له زمانی کوردیدا تـاکو ئێسـتاش هەر مـاوه؛ بـۆ نمـوونه جگەرەکێشـێک، بەردهاوێژێک، رۆژه رێیێک و...هتد.

٤ – هەتره یان هەثره Or q a h یەکەی پێوانه بەواتای نیوەی گۆڕەپانێکی ئەسپ سواری.

نه مرۆڤی سینگ دەرپەڕیو نە کووڕ، نە ئەپاڤەیە، نە شێت، نە ئەوەی نەخۆشی سکماکی هەیە، نە دەویش، نە کەسڤیش، نە گۆجە، نە ددان رزیو، نە گوڕی بۆ ناو ئەم ڤەرە نابەی.[1] (٢٩)

لە بەرزترین شوێن نۆ پرد (دەروازە)[2] بکەرەوە، لە ناوەڕاست شەش دەروازە و لە خوارەوە سێ. هەزار پیاو و ژن بە دەروازەکانی سەرەوە، شەش سەد بە دەروازەکانی ناوەڕاست و سێ سەد بە دەروازەکانی خوارەوە بۆ ڤەر بگوازەوە. ئەوان بۆ ناو سوئوڕیەی زێڕین[3] بپێچە (ببە) و لە ناو ئەم ڤەرەدا کڵاوڕۆژنەیەک دەفرێک دابمەزرێنە کە لە خودی خۆی رووناکی دەربکات.[4] (٣٠)

ئینجا ییمە وەستا (بیری کردەوە)[5]: من کو[6] ئەم ڤەرە بکەمەوە (دروست بکەم)؟

ئەهورامەزدا بە ییمەی گوت:

ئەی ییمەی جوان، کوڕی ڤیڤەنگهان!

---

[1] – لەم بەندەی ڤی دەئیوەداتدا ناوی کۆمەڵێک نەخۆشی هاتووە کە هەندێکیان نەزانراوە چین و ناوەکانیان وەک خۆیان نووسرانەوە.

[2] – دەروازە یان دەرگای چوونە ناو ڤەر لە دەقی ئاڤێستادا بە پێرێتو O B qvrvp بە واتای پرد هاتووە. لەبەرئەوەی دەرگای ئەم ڤەرە جیهانی مادی لە جیهانی ناو ڤەر جیادەکاتەوە، بۆیە وشەی پردیان بۆ بەکاربردووە.

[3] – سوئوڕیەی زەرەنەئینیە aiin E anaraz,airbus, واتا رێگا بەسوودە زێڕینەکە و مەبەست هەمان ڤەرە کە رێگای رزگاربوون لە تۆفانەکەیە.

[4] – لێرەدا ئاماژە بەوە کراوە کە چۆن رووناکی پێویستی ناو ڤەر دابین بکرێت. لە دەقەکەدا بە زمانی ئاڤێستایی بەم جۆرە هاتووە: ( mvnacoar ,mvrauud ,azvram ,mvraW ,mvt, تێم ڤەرێ مەرێزە دڤەری رەئوچەنێ) واتا (تۆ دامەزرێنە لە ناو ڤەر دەفرێکی رووناکیدەر) ئەم دەفرە رووناکیدەرە لە خودی خۆی رووناکی دەردەکات. بەپێی زانیارییەکانی ناو بەندی ٤٠ی ئەم پەرگەردەدا کە هەر سەبارەت بە چۆنییەتی ئەم رووناکییە دەدوێت هاتووە کە (ئەم رووناکییە خۆرسک و خۆداتە.) هەروەها ئاماژە بەوە دراوە کە (ساڵی یەک جار دەرکەوتن و ونبوونی مانگ و خۆر و ئەستێرە لەم ڤەرەدا دەبینرێن.) بەگوێرەی دەقی بەندی ٣٠ و ٤٠ی ئەم پەرگەردە، ئەو وزە و رووناکییەی کە ساڵی جارێک بەهۆی دەرکەوتنی خۆر و مانگ و ئەستێرە بەدی دێت، لە ناو ڤەردا بەهۆی ئامرازێک دادەکرێت و بەدرێژایی ساڵ ناو ڤەری ییمەکردی پێ رووناک دەکرێتەوە.

[5] – بیری کردەوە یان وەستا بەو واتایەی کە وچانێکی کرد و تێی ڕاما لە ئاڤێستادا بە شێوەی (a t s L m مێئێستە) هاتووە. لە زمانی کوردیدا هەر بەو واتایە بەکاردەبرێت.

[6] – (کو) بە واتای (چۆن) لە زمانی ئاڤێستاییدا بەم شێوەیە دێت: (a q uk کوثە یان کوڤە) کە هەمان (کو یان چۆن)ی ئێستای زمانی کوردییە.

ئەم زەوییە بە پیٚ هەڵکەنە و بە دەست بیشێلە؛ بە هەمان ئەو شێوەیەی ئێستا خەڵکی قوڕ دەشێلن.(٣١)

یـیمە ئەوەی کـرد کە ئەهـورامەزدا لێـی ویسـت: ئەم زەوییـەی بە پـیٚ هەڵکەند و بە دەست شێلای. هەر بەوجۆرەی کە ئێستا خەڵکی قوڕ دەگرنەوە و دەیشێلن.(٣٢)

یـیمە ڤەرەی چـیٚ کـرد، هەر لایەکـی یەک چەرتـو درێـژ، تـۆی مـاڵات و چوارپیٚ و مرۆڤ و سەگ و باڵندە و ئاگرە سوورە داگیرساوەکانی بۆ ئەویٚ برد. ئینجا ییمە ڤەرەکەی کردەوە، هەر لایەکی یەک چەرتو درێژ بۆ پەنادانی مرۆڤەکان. هەر لایەکی یەک چەرتو درێژ بۆ ئاخوڕی مەڕوماڵات.(٣٣)

ئاوی بۆ ئەویٚ راکێشا جۆگەلەیەک کە یەک هاترۆ درێژە. لەوێدا کێڵگەی دامەزرانـد بەردەوام سـەوز و زێـڕین، بەرهەمەکـان بەردەوام گەیشـتوو و فراوان. لەوێدا خـانوویکی زۆری دروست کرد. ئەو خانووانەی فرە بنمیچ و فرەهەیوان و فرەدیواریان هەیە.[١](٣٤)

مەزنتـرین و بەرزتـرین و جـوانترین جۆرەکـانی نەژادی مرۆڤـی (نێـر و میٚ)ی سـەر رووی زەوی بۆ ئەویٚ برد. مەزنترین و بەرزترین و جوانترین جۆرەکانی توخمی چوارپیٚ جیاجیاکانی سەر رووی زەوی بۆ ئەویٚ برد.(٣٥)

تـۆی سـەرجەم ئەو رووەکـانەی کە لە سـەر رووی زەوی، بەرزتـرین و بۆن خۆشـترینن، بۆ ئەویٚ بـرد. تـۆی سـەرجەم ئەو خواردنانەی کە لە سـەر

---

[١] – بەپێی دەقی ئاڤێستا دەبیٚ ئەم ڤەرە ئەشکەوتێکی یەکجار گەورە بێت کە ییمە بە رێنوێنی ئەهورامەزدا بۆ پەنادانی مرۆڤ و گیاندار و رووەک خۆشی کردووە. لە زستانی سارد و بەفرانباردا ئەشکەوت شوێنێکی یەکجار لەبارە بۆ خۆ پاراستن لە سەرمای سەخت، چونکە ناو ئەشکەوتە گەورە و قووڵەکان لەکاتی زستاندا گەرمن. کوردستان بەهۆی سروشتە شاخاوییەکەی خاوەن ئەشکەوتی یەکجار زۆر و گەورەیە، زۆر ئەشکەوتی ئەم کوردستانە دەکریٚ وەکو شوێنی ئەم ڤەرە دەسنیشان بکرێت. بۆ نموونە لە کرماشان ئەشکەوتێکی گەورە هەیە کە شوێنی هەزاران مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێتەوە و بۆ ژیانکردن لەبارە. لە باکووری کوردستان ئەشکەوتێکی مەزن بەم دواییانە دۆزراوە لە ناوچەی کاپادوکییە کە ناو ئەشکەوتەکە بەسەر خانوو و ئاخوڕ و بەشی جیاجیادا دابەش کراوە. لە رۆژئاوای کوردستان لە دەوروبەری قەزای سۆران ئەشـکەوتێکی گەورە هەیە کە جێـی هەزاران کەس و هەزاران سـەر مەڕومـاڵات دەبێـتەوە. تۆفـان و دروستکردنی ڤەر لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، تەنیا دەتوانێت لە ناوچە شاخاوی و پڕ ئەشکەوتەکانی کوردستاندا رووی دابێت. رووداوی ئەم تۆفانە بۆ رۆژگارێکی یەکجار دوور دەگەڕێتەوە کە ئەفسانەکەی بە شێوەیەکی سەرزاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە و دواجار لەتەک زۆربەی ئەفسانە رەسەنە دێرینەکانی تر لەگەڵ دەرکەوتن و جێگیربوونی ئایینی زەردەشتی لە ریزی ئەفسانەکانی ئەم ئایینە نووسرانەوە.

رووی زەوی، خۆشترین و بۆن خۆشترینن، بۆ ئەویّ برد. ئەوانەی بۆ مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا جووت کرد و بەرەکانیان بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبن، بۆ ئەوان کە مرۆڤی ناو ئەم ڤەرەن.(٣٦)

بۆ ئەویّ کوور، سینگ دەرپەڕیو، ئەپاڤەیو نەبران، گێژ نەبرا، دری ویش نەبرا، دەیوەش نەبرا، کەسڤیش نەبرا، ڤیزباریش نەبرا، دان رزیو نەبرا، پیس و گڕوی ناتەندروست و هیچ یەک لەوانەی تر کە نیشانی ئەهریمەنیان پێوە دیارە، نەبران.(٣٧)

لە لای سەرەوە نۆ پرد (دەروازەی) کردەوە، لە ناوەڕاست شەش، لە خوارەوە سیّ. هەزار پیاو و ژن لە دەروازەی سەرەوە و شەش سەد لە ناوەڕاست و سیّ سەد لە خوارەوە، لە ڤەردا جێگیر کران. ئەوانی بۆ سئوریای زێڕین بۆ ئەم ڤەرە برد و لە ناو ڤەردا دەفر و کڵاوڕۆژنەیەکی دانا کە رووناکییەکەی خۆڕسک بوو.(٣٨)

ئەی داداری جیهانی مادی، ئەی ئەشەوەن!

ئەم رووناکییە لە چییەوەیە کەوا لە ناو خانووەکانی ناو ڤەری ییمەکردی دا پرشنگ دەدات، ئەی ئەهورامەزدای ئەشەوەن.(٣٩)

ئەهورامەزدا گوتی: رووناکی خۆدات (خۆڕسک) و (ستی دات)ە. لەم ڤەرەدا ساڵی یەک جار دەرکەوتن و ونبوونی ئەستێرە و مانگ و خۆر، دەبینرێن.[١](٤٠)

یەک رۆژ بۆ ئەوان یەک ساڵە. لە ئەنجامی سەرسەرینی ژن و مێردێک لە ماوەی چل ساڵدا، دوانەیەک (کچ و کوڕێک) لەدایک دەبن، هەروەها چوارپێیەکانیش هەر بەم شێوەیەن. ئەم مرۆڤانەی لەم خانووانەی ڤەری ییمەکردیدا دەژین، خۆش ژیانترین گیانلەبەرانن.(٤١)

ئەی داداری جیهانی مادی، ئەی ئەشەوەن!

کیّ ئایینی زەردەشتی بۆ ناو ڤەری ییمەکردی دەبات؟ ئینجا ئەهورامەزدا گوتی: مەلی کەرشیپتە[٢]، ئەی سپیتەمە زەردەشت.(٤٢)

ئەی داداری جیهانی مادی، ئەی ئەشەوەن!

کیّ سەروەر و سالارە؟

---

[١] – لە بەندی ٣٠ ئەم پەرگەردەدا ئەم بابەتە روون کراوەتەوە.

[٢] – لە کتێبی (بندەهیش) بەشی ١٩دا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم مەلە توانای ئاخاوتنی هەیە و دینی مەزداپەرستی بۆ ناو ڤەری ییمەکردی برد.

ئینجا ئەهورامەزدا گوتی:

ئەی زەردەشت (ئورڤەتە نەرۆ)[1]ی کوڕی زەردەشت و تۆ کە زەردەشتی.(٤٣)

ئەفسانەی تۆفان لە دەقە پەهلەوییەکاندا بە ئەفسانەی رزگارکەرەوە گرێدراوە. هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا دوای هەزارەی زەردەشت سێ کەس لە سەرەتای هەر هەزارەیەکی کۆتایی جیهان دەردەکەون و جیهان لە ناپاکییەکان پاکژ دەکەنەوە. بەپێی دەقی بنداهێش لە رۆژگاری یەکەم رزگارکەر دەرگاکانی ڤەری ییمەکردی دەکرێنەوە و مرۆڤ و گیانلەبەر و رووەکەکانی ناو ڤەر دێنە دەرەوە و جیهان نوێ دەبێتەوە. ئەم ئەفسانەیە بەم جۆرە لە کتێبی بنداهێشدا هاتووە: لە هەزارەی ئەوشیدەر دێوی مەرکوش ئەفسوونێک دەکات و زستانێکی سەخت بەسەر جیهان و مرۆڤ و سەرجەم گیانلەبەراندا دەسەپێنێ کە بەهۆیەوە ژیان بەرەو لەناوچوون دەڕوات. ئەوشیدەر ئەم دێوە لەناو دەبات و دەرگاکانی ڤەری ییمەکردی دەبنەوە و مرۆڤ و گیاندار و رووەکەکانی ناو ئەم ڤەرە دەردەکەون و جارێکی تر جیهان ئاوەدان دەبێتەوە.[2] هەروەها لە کتێبی (دادستێنی دینیگ)دا ئەم بابەتە دووپات کراوەتەوە و هاتووە: لەگەڵ ئەو سەرماوسۆڵەی مەرکوشی دێوی کاولکار لەگەڵ خۆیدا دێنێت، زۆربەی مرۆڤەکان بەهۆی بەفربارینی زۆر، سەرمای رادەبەدەر و وشکبوونی زەوی دەمرن؛ بەڵام ئەهورامەزدای بەتوانا کە دەیزانی لە داهاتوودا ئەمە روودەدات، لە رۆژگارێکی زوودا ییمەی راسپارد تاکو ڤەر دروست بکات و باشترین نەژادەکانی ئادەمیزاد، چوارپێ بەسوودەکان و رووەکە باش و بەرهەمدارەکان لەوێدا پەنا بدات. ئەم مرۆڤ و گیاندار و رووەکانە پاش کۆتا هاتنی سەرمای مەرکوشان، لەم ڤەرە دەردەکەون و جیهان ئاوەدان دەبێتەوە

[1] – لە کتێبی (بنداهێش) بەشی ٢٦دا هاتووە: سەردارێک لە ڤەردا سەرووەری دەکات. (ئورڤەتەنەرۆ)ی کوڕی زەردەشت، سەرووەری نەمری ڤەری ییمەکردییە. هەروەها لە بەشی ٣٢دا ئورڤەتەنەرۆ بە سەرووەری وەرزێرانی ناو ڤەری ییمەکردی دادەنرێت. لێرەدا بە تەواوی رێگا خۆش کراوە بۆ ئەوەی تا ئەفسانەی تۆفان بە سێ هەزارساڵی کۆتایی جیهانی بوون و سەردەمی ئەوشیدەر گرێ بدرێت، چونکە لە دێرەکانی دوای ئەوە هاتووە: ئورڤەتەنەرۆ، توس، گیو و بەئیرزەد لە کۆتادا بە مەبەستی پاککردنەوەی جیهان لە سێ هەزار ساڵی کۆتایی تەمەنی جیهان، لە ناپاکییەکان یارمەتی رزگارکەر دەدەن.

[2] – بڕوانە؛ بەشی سی کتێبی بنداهێش.

و ئەمەش جۆرێک زیندووبوونەوەیە.[1] لە کتێبی (مینوگی خیرەت)یشدا هاتووە: ییمە ڤەری ییمەکردی دروست کرد. کاتێک سەرمای مەرکوشان روودەدات هەروەک لە دینـدا هـاتووە زۆربەی مرۆڤەکـان و ئەفرێنراوانـی تـری ئەهورامەزدا لەناودەچن، ئینجا دەرگاکانی ئەم ڤەرە ییمەکردییە دەکرێنەوە و مـرۆڤ و مـاڵات و ئەفرێنراوەکـانی تـری ئەهـورایی لەم ڤەرە دەردەکەون و سـەرلەنوێ جیهـان نـوێ دەکەنەوە.[2]هەروەهـا لەم کتێـبەدا سـەبارەت بە ئەفسانەی تۆفان و ڤەری ییمەکردیدا هاتووە: ڤەری ییمەکردی لە ئەیرییەنڤاچ لە ژێـر زەوی دروسـت کـراوە و هەمـوو جـۆرە ئەفرێنراوێکـی ئەهـورایی لە مـرۆڤ، مەڕومـاڵات و باڵنـدە کامەیـان باشـترین و هەڵبژاردەتـرینن، لەوێـدا جێیان بۆ کراوەتەوە. هەموو چل ساڵ جارێک لە پیاو و ژنێک کە لەم ڤەرەدا نیشتەجێن، منداڵێک لەدایک دەبێت و تەمەنیان سێ سەد ساڵە. نەخۆشـی زۆر بە کەمـی روویـان تـێ دەکـات.[3] لە کتێبـی حەوتەمـی دینکەرددا هـاتوە: بەپێـی فەرمـانی داداری هەمووشـتزان، ییمە بە مەبەسـتی پاراسـتنی ئەفرێنـراوان لە مەترسییەکانی زسـتانی مەرکوشـان ڤەری دروسـتکرد. دوای هێوربـوونەوەی سـەرمای مەرکوشـان لە هەزارەی ئەوشـیدەر، دەرگاکـانی ڤەری ییمەکـردی کرانەوە و مرۆڤ و مەڕومـاڵات بە سـەر زەویدا بڵاوبـوونەوە و جـارێکی تـر جیهانیان ئاوەدان کردەوە.[4]

[1] – بڕوانە؛ دادستێنی دینیگ، بەندی٩٤-٩٦، وێست.

[2] – بڕوانە؛ مینوگی خیرەت، بەشی ٢٦، بەندی ٢٧-٣١.

[3] – بڕوانە؛ مینوگی خیرەت، بەشی ٦١، بەندی ١٥-١٩. سەبارەت بە شێوەی ژیان لەناو ڤەردا پێشتر ئاماژە پێدراوە کە لە ئاڤێستادا هاتووە: هەر چل ساڵ جارێک ژن و مێرد دووانە (کوڕوکچێکیان) دەبێت، بەڵام لێرەدا گوتراوە یەک منداڵ لە ژن و پیاوێک لەدایک دەبن. جگە لەوەش ئەو تەمەنە سێ سەد ساڵییەی لە مینوگی خیرەتدا دەسنیشانکراوە لە ئاڤێستادا ئاماژەی پێ نەدراوە.

[4] – بڕوانە؛ کتێبی حەوتەمی دینکەرد، بەشی دەروازە، بەندی ٢٤ و بەشی ٩، بەندی ٤.

# • ئەفسانەی رزگارکەر

**ئەفسانەی رزگارکەر:**

لەناو زۆربەی ئەفسانەی میللەتانی جیهاندا باوەڕ بە رزگارکەر، واتا ئەو کەسەی رۆژگارێک دێت و جیهان لە ناپاکی و خراپییەکان پاک دەکاتەوە، رەگ و ریشەیەکی پتەوی هەیە. مرۆڤ لە دێرزەمانەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەردەوام چاوەڕوانی رزگارکەرێک بووە؛ تاکو لە کۆتایی جیهاندا بێت و رزگاری بکات. بەهۆی ئەوەی ئەفسانەی رزگارکەر پەیوەندی بە دواڕۆژ و کۆتایی جیهان هەیە، وەکو بەشێکی گرنگ لە بیروباوەڕی ئایینی لێ هاتووە.

ئەفسانەی رزگارکەر لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە ئەفسانەی رزگارکەری میللەتانی تر هەندێ جیاوازە. جیاوازییەکەشی بۆ ژمارەی ئەم رزگارکەرانە و رۆژگاری دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە زۆربەی ئەو میللەتانەی خاوەن ئەفسانەی لەم چەشنەن، چاوەڕوانی دەرکەوتنی یەک رزگارکەرن. هەروەها ئەگەر ژمارەکانیشیان پتر لە یەک بێت لە یەک کات و سەردەم دەردەکەون، کەچی لە ئەفسانەی رزگارکەری زەردەشتیدا چاوەڕوانی سێ رزگارکەر دەکرێت و هەرکام لەو رزگارکەرانە لە سەردەمێک و بە ماوەی هەزار ساڵ لەدوای یەکتری دەردەکەون. لە سەردەمی هەر یەک لەم رزگارکەرانە دەسەڵات و هێزی ئەهریمەنی بەرەو کزی و لەناوچوون هەنگاو دەنێت، بەڵام لە رۆژگاری دوایین رزگارکەر کە بە سوشیانت ناسراوە، جیهان بە یەکجاری لە ئەهریمەن و دێوەکان پاک دەبێتەوە و کرداری رابوونەوە و رۆژی دوماهی روودەدات.

تەمەنی جیهان لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵیدا دابەش کراوە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە زەردەشت لە سەرەتای قۆناغی چوارەم لەدایک بووە. لە کۆتایی هەر هەزار ساڵی دوای سەردەمی زەردەشت واتا لە کۆتایی هەر

یەک لە هەزارەکـــانی ئەم قۆنـــاغە، رزگارکەرێـــک دەردەکەوێـــت. لەدوای دەرکەوتنی دوا رزگارکەر، تەمەنی جیهانی مـادی کۆتـایی پێدێت و سـەرەتای جیهانی دوایی دەسپێدەکات.

هۆکاری دەرکەوتنی ئەم سێ رزگارکەرە لە دینکەردی حەوت بەشـی ٨-١٠دا بەم جۆرە روون کراوەتەوە کە رۆژگارێک دادێت جیهـان و جیهانییـان، لە بێ بـاوەڕی و تـاریکی و ناپاکی و درۆ و خراپیدا دەژیـن و بە مەبەسـتی لەناوبردنی ناپاکی و پاککردنەوە و رزگارکردنی جیهانی ئەهـورایی لە چەنگ ناپـــاکییە ئەهریمەنییەکـــان، ئەم رزگـــارکەرانە دەردەکەون و جیهـــان نـــوێ دەکەنەوە و گشت ناپاکییەک لەنـاو دەبەن. ئەفسـانەی رزگـارکەر و رۆژگـاری دەرکەوتنـی و پـاککردنەوەی جیهـان و لەنـاوبردنی هێـزە ئەهریمەنییەکـان، لە دوایـین سـێ هەزار سـاڵی قۆنـاغی دوازدە هەزار سـاڵی تەمەنـی گەردوون روودەدات.

## ئەفسانەی رزگارکەر لە ئاڤێستا:

لە ئاڤێستادا وشەی (سەئوشیەئەنتە) بەواتـای سـوودگەیێن چەنـدین جـار بەکارهاتووە. لە گاتاکاندا زەردەشت بە سوشیانت نـاوی هـاتووە. بەو واتـایە کە بەهـۆی بـوونییەوە جیهـان سـوودمەند بـووە. بـۆ نمـوونە لە یەسـنەی ٤٥، بەنـدی ١١دا زەردەشـت بە O t N a i i S o a s سەئوشـیەنتو بە واتـای سـوودگەیێن نـاوبراوە. هەر لە بەشـی گاتاکانـدا یەسـنەی ٤٨، بەنـدی٩دا سەئوشیەنس رێک بە واتای رزگارکەر هـاتووە: ((ئەی مەزدا و ئەی ئەشـا کە ئێـوە باڵادەسـتن لەسـەر ئەو کەسـەی هەوڵـی لەنـاوبردنی مـن دەدات، کەی ئاگـادار دەبـم لەو پاداشـتەی کە بـۆ دەروونـی پـاک دەسنیشـان کـراوە. دەبێ بەباشی لێی ئاگادار بم چونکە، رزگارکەر ئاواتی ئەوەیە بزانێت چارەنووسـی چ دەبێت.)) لەم بەندەی یەسنەی ٤٨دا زەردەشت بە رزگارکەر وەسف کراوە. لە یەسنەی ٣٤، بەندی١٣دا زەردەشت خـۆی و یاوەرەکانی بە سەئوشـیەنتۆم m& t N a i i C o a s سوودگەیێن و رزگـارکەر نـاو دەبـات. هەروەهـا لە یەسـنەی ٤٦، بەنـدی ٣دا هـاتووە: ((کەی ئەی مەزدا بەرەبەیـان دادێـت و ئـادەمیزاد روو دە راسـتی دەکـات، کەی رزگـارکەری مەزن بە پەیـڤە پـڕ حـیکمەتەکەی دەگـاتە ئامـانج؟..)) و لە یەسـنەی ٤٨، بەنـدی ١٢دا

سەئوشــیەنتەکان بە پشــتیوانی ئــاوایی[1] و لەنــاوبەری هێــزی تــووڕەیی و ئەهریمەنی دادەنرێن: ((ئەی ڤەهومەنە و ئەی ئەشا، ئەو کەسانە بە پشتیوانی دێ و گوندەکان دادەنرێن کە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی مەزدا تێدەکۆشن و بە کردەوەکانیــان ئەرکەکانیــان ئەنجــام دەدەن. ئەوان ئەو کەســانەن کە بــۆ تێکشکاندنی تووڕەیی هەڵبژێردران.))

بەم جـۆرە دەردەکەوێـت لە گاتاکانـدا سەئوشـیەنتە یـان سوشـیانت بە سـوودگەیێن، پشـتیوانی ئـاوایی، رزگـارکەر و لەنـاوبەری ناپـاکی دادەنرێـت. ئەمەش سیفەتێکە بۆ زەردەشت و هاوەڵەکانی و تەنیا ئەو ئەرکە بەرجەستە دەکات و ئەو واتایەی کە دواتر لە ئاڤێستای نوێ و دەقە پەهلەوییەکاندا بۆ ئەم چەمکە دێتە ئاراوە، بە هیچ شێوەیەک لە گاتاکان بەر دەست نییە.

لە ئاڤێسـتای نوێـدا چەمکـی سوشـیانت خـاوەن دوو سـیمای گشـتی و تایبەتە. سیما گشتییەکەی واتـای پێشـەوا و جێگرەوانی زەردەشت رادەست دەکــات. ئەو پێشــەوا و جێگــرەوانەی کە لە هەمـــوو ســـەردەمێکدا بـــۆ بڵاوکـردنەوەی پەروەردەکـانی زەردەشـت تێدەکۆشـن و رێنـوێنیی خەڵکـی دەکەن. سیما تـایبەتەکەی، خـۆی لە ئەفسانەی رزگارکەر دەبینێتەوە. کە ئەم ئەفسانەیە بە تـایبەتی لە فەرڤەردین یەشت و زامیـاد یەشتدا بـاس کراوە. لە یەسنەکانیشــدا جارجــار بەشــێکی ئەم ئەفســانەیە هــاتووە. بــۆ نمــوونە لە یەســنەی ٢٤، بەنــدی٥دا ئامــاژە بە هــاتنی سوشــیانت لە کۆتــایی جیهــان و نـوێکردنەوەی جیهـان دراوە: ((...ستایشـی فرەڤەشـی(گیانی) سـەرجەم پاکـان دەکەین، ئەو پاکانەی کە مردوون و ئەو پاکانەی کە زیندوون و ئەو پیاوانەی کە هێشتا لەدایک نەبوونە، ئەو سوشیانتانەی کە نوێکەرەوەن.))

لە یەسـنەی ٢٦، بەنـدی١٠دا بەم جـۆرە ستایشـی فرەڤەشـی پیاوچاکـان کـراوە: ((سـەرجەم فرەڤەشـی پـاکی بە توانـای پیـرۆزی پیاوچاکـان سـتایش دەکەین. لەوانە (فرەڤەشی) گەیومەرێتەن تـاکو سەئوشیەنتەی سـەرکەوتوو.)) ئەم بـابەتە لە یەسـنەی ٥٩، بەنـدی٢٨یشـدا دووبـارە دەبێـتەوە. هەروەهـا لە فەرڤەردین یەشت کەرتی١، بەندی١٧دا بەم جۆرە دووپـات کـراوەتەوە: ((ئەی

[1] - مەبەست دێ و گوندە، چونکە لە بەشی گاتاکان باسی دێ و ژیانی دێ کراوە و هەرگیز باسی شار و تایبەتمەندییەکانی ژیانی شاری تێدا نەکراوە.

سپیتامەن، فرەڤەشی یەکەمین پەروەردەکارانی دین و فرەڤەشی ئەو پیاوانەی هێشتا لەدایک نەبوونە و سوشیانتی نوێکەرەوەی جیهانن، لە فرەڤەشی خەڵکانی تر بەهێزترە.))

لە ڤیدەئیوەداتا پەرگەردی ١٩، بەندی٥دا زەردەشت بە ئەهریمەن دەڵێت: ((ئەی ئەهریمەنی بەدفەڕ، من خوڵقاندنی ئەهریمەنی لەناو دەبەم، دێوی نەسو[1] لەناو دەبەم، پەری خەنتائیتی لەناو دەبەم، تاکو ئەو کاتەی سەئوشیەنتە سەرکەوتووانە لە کانیاو[2] لە رۆژهەلات لەدایک بێت.))(٧٧: ٨٦٣)

دەکرێ لە زامیادیەشتدا لە بەندی٨٨-٩٠ و ٩٢-٩٦ پەیکەرەی سەرەکی ئەفسانەی سوشیانت دەسنیشان بکرێت. لەم یەشتەدا ئەم ئەفسانەیە بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە:

((ستایش دەکەین فەڕی کیانی بەهێزی مەزداداد ئەو فەڕە زۆرە ستایش کراوە، چالاک، پاک و کاریگەرەی کە لە سەرووی ئەفریێنراوەکانی ترە.(٨٨)

کە بۆ سەئوشیەنتەی نەبەز و زۆربەی هاوەڵەکانی دەبێت لەو کاتەدا کە جیهان نوێ دەکەنەوە، جیهانێکی پیر نەبوو، هەمیشەیی، بۆگەن نەبوو، نەمری هەتاهەتایی، نەمری گەشەسێن و بەختەوەر، لەو کاتەدا مردووەکان دووبارە زیندوو دەبنەوە و زیندووەکان نەمرییان دەس دەکەوێ، ئینجا ئەو (سەئوشیەنتە) دەردەکەوێت و بە ویستی خۆی جیهان نوێ دەکاتەوە.(٨٩)

دواجار ئەو جیهانەی ملکەچی راستییە، نەمر دەبێت. درۆ جارێکی تر بۆ ئەو شوێنە رادەگوازرێتەوە کە لێیەوە بۆ زیان گەیاندن بە راستی پەرستان و نەژاد و بوونییەوە هاتبوو. (هێزی) کاولکار لەناودەچێت، فریوکار دور دەخرێتەوە.(٩٠)

لەو کاتەدا کە ئەستوەت ئێرێتە، نێردراوی ئەهورامەزدا، کوڕی ڤیسپە تەئوروئیری لە کانیاو دەردەکەوێت، گورزە گرانە ئاژەنراوەکەی، ئەو گورزەی کە فەرەیدوونی دلێر لە کاتی لەناوبردنی ئەژیدەهاکە پێی بوو.(٩٢)

[1] – دێوی مردوو و مردارەوەبوو.

[2] – ناوی ئەو کانیاوەیە کە سێ رزگارکەری ئاییینی زەردەشتی لەوێوە دەردەکەون. لە ئاڤێستادا ناوی ئەم کانییە بەم جۆرە نووسراوە: (کانسەئۆڤە awoas & k)، کانسە واتا کانی و ئەوڤە واتا ئاو و بەسەر یەکەوە دەبێتە کانیاو. هەندێ جاریش بە زەریا(hairz) واتا زەریای کانیاو ناوی هاتووە. بەپێی ئەو وەسفانەی سەبارەت بەم کانیاوە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان هاتووە، ئەم کانیاوە هەمان زرێبارە کە دەکەوێتە شاری مەریوان لە رۆژهەلاتی کوردستان.

که ئەفراسیاوی تۆرانی لەکاتی کوشتنی زەنگیابی درۆزن پێی بوو، که کەڤی خەسرەو له کاتی کوشتنی ئەفراسیاوی تۆرانی پێی بوو، که کەڤی ڤیشتاسپە ئەو مامۆستایەی ڕێگای ڕاستی بۆ سوپاکەی پێی بوو، بەو (گوورزەوە) ئەو (ئەستەوەت ئێرێتە) درۆ لێرە، له جیهانی ڕاستی دەردەکات.(٩٣)

ئەو (ئەستەوەت ئێرێتە) به چاوی ژیرییەوە دەڕوانێ، له سەرجەم ئەفرێنراوان دەڕوانێ تەنانەت ئەوەی بەدنەژادە. ئەو به چاوی لێبوردەیی له گشت جیهانی مادی دەڕوانێ و ڕامانی ئەو نەمری و هەمیشەیی به سەرجەم جیهان دەبەخشێ.(٩٤)

هاوەڵانی ئەستەوەت ئێرێتەی نەبەز دەردەکەون، به هزری چاک، گوتاری چاک، کردەوەی چاک و دین پاکن و هەرگیز درۆ ناکەن. تووڕەیی بەدفەڕی چەک به خوێن، له بەرامبەر ئەوان خۆی ڕاناگرێ و هەڵدێت، ڕاستی بەسەر درۆی ناپاک و ڕەش و بەدنەژاددا سەردەکەوێت.(٩٥)

هزری خراپ ژێر دەکەوێت، هزری چاک بەسەریدا سەردەکەوێت. (قسەی) درۆ گوتراو ژێر دەکەوێت، قسەی ڕاست گوتراو بەسەریدا سەردەکەوێت. هەورەتات و ئەمێرتات، برسێتی و تینوویەتی لەناو دەبەن. ئەهریمەنی بێ دەسەڵاتی بەدکردار هەڵدێت.))(٩٦)

(ئەستەوەت ئێرێتە) یەکێک له سێ ڕزگارکەرەکەی ئەفسانەی سوشیانتە. له فەرڤەردین یەشت بەندی ١٢٨و١٢٩دا ناوی هەر سێ ڕزگارکەر هاتووە و ئەستەوەت ئێرێتە به دوایین ڕزگارکەر دادەنرێت و به سوشیانتی نەبەز ناوی هاتووە:

((ستایشی گیانی پاکی ئوخشیت ئێرێتەنگە[١] دەکەین. ستایشی گیانی پاکی ئوخشیت نێمەنگهە[٢] دەکەین. ستایشی گیانی پاکی ئەستڤەت ئێرێتە[٣] دەکەین.

[١] - a tvrv,TaiiC xu بەواتای پەروەردێری یاسای پیرۆزە. له زمانی پەهلەویدا ئەوشیدەربامی پێدەگوترێت.

[٢] - h$amvn,TaiiC xu به واتای پەروەردێری نوێژ و نیایش دێت. له زمانی پەهلەویدا بوویتە ئەوشیدەرمانگ.

[٣] - a tvrv,Tauut sa واتا ئەو کەسەی که هێما و پەیکەری یاسای پیرۆزە.

ئەو کەسەی بە سوشیانتی مەزن ناوبراوە و بە ئەستەڤەت ئێرێتە ناوی دەبرێت. بۆیە سوشیانت، چونکە سوود بە هەموو جیهانی مادی دەگەیێنێت. بۆیە ئەستەڤەت ئێرێتە، چونکە ئەوەی جەستە و گیانی هەبێت پەیکەری هەمیشەیی و نەمرانەی پێدەبەخشێت.))

لە فەرڤەردین یەشت بەندی ١٤١و١٤٢دا ناوی دایکی ئەم سێ رزگارکەرە هاتووە: ((ستایش دەکەین گیانی پاکی کەنیشک[١](کیژ) سروتەت فێذریو[٢]. ستایش دەکەین گیانی پاکی کەنیشک ڤەنگهوفێذریو[٣]. ستایش دەکەین گیانی پاکی ئێرێدەت فێذریو[٤] ئەو کەسەی کە بە (ڤیسپەتەئوڤەیریە[٥])ش ناودەبرێت. لەبەرئەوە ڤیسپەتەئوڤەیریە، چونکە کەسێک لێیەوە لەدایک دەبێت کە گشت ئازاری دێوەکان و خەڵکی دوور دەکاتەوە بۆ وەستان لە دژی ئەو ئازارەی لەلایەن (جەهی[٦])یەوە دەردەکەوێت.))

## ئەفسانەی رزگارکەر لە دەقی پەهلەویدا:

بەپێی دەقە پەهلەوییەکان[٧]ئەم سێ رزگارکەرە کوڕی زەردەشتن. ئەفسانەی چۆنییەتی لەدایکبوون و دەرکەوتنی ئەم سێ رزگارکەرە لە دەقە

---

[١] – ئەم وشەیە لە دەقدا بەشێوەی (A iinak کەنیا)یە، بە واتای کیژ، کەنیشک، کەنیچک.

[٢] – OiirDvf,TatUrs واتا ئەو کەسەی کە باوکی ناودارە و دایکی یەکەمین رزگارکەرە.

[٣] – OiirDvf,uh$aW واتا ئەو کەسەی کە باوکی باش و بەڕێزە. دایکی دووەمین رزگارکەرە.

[٤] – OiirDvf,Tadvrv واتا ئەو کەسەی کە مایەی سەربەرزی باوکییەتی و ناوی دایکی سوشیانتی دوایین رزگارکەرە.

[٥] – airiauuruat,apsIW واتا ئەوەی هەمووان دەبەزێنێت. ئەوە سیفەتێکە بۆ ئێرێتەفێذریوی دایکی دوایین رزگارکەر.

[٦] – e haG جەهی ناوی دێوی شەهوەتە کە بە سۆزانییش دەگوترێت.

[٧] – بابەتی سەرەکی ئەفسانەی رزگارکەر لە دەقە پەهلەوییەکاندا تاڕادەیەکی زۆر سیمایەکی یەکگرتوو وەردەگرێت، تەنیا لە هەندێ بابەتی لاوەکی نەبێت کە گێڕانەوەکانیان لە دەقێکی تر بۆ دەقێکی تر جیاوازە؛ بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە رووی ناوەڕۆکەوە یەکسانن. ئەم ئەفسانەیە لەم کتێبە پەهلەوییانەی خوارەوەدا گێڕدراونەتەوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەلکیان لێ وەرگیراوە:

– دینکەردی پێنجەم، بەشی ٨.
– دینکەردی حەوتەم، بەشی ٨، ٩، ١٠.
– بنداهێش، بەشی ٣٣.
– ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٤٨.
– بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٣٤، ٣٥
– مینوگی خیرەت، بەشی یەکەم.

پەهلەوییەکاندا لە کتێبی دینکەرد، بنداهێش، ریوایەتی پەهلەوی و زادیسپەرم و چەند کتێبێکی تردا گواستراوەتەوە کە بە لە تەک یەکتر دانانی ئەو بەشانەی لەم بابەتە دەدوێن، پەیکەرەی گشتی ئەم ئەفسانەیە دەخرێتەڕوو. بەپێی ناوەڕۆکی دەقە پەهلەوییەکان، ئەوشیدەر، ئەوشیدەرمانگ و سوشیانت سێ کوڕی زەردەشتن کە لە تۆی زەردەشتەوە کە لەناو کانیاوێکدا رژاوە و لەلایەن ئیزەدەکانەوە پارێزراوە و لە سێ هەزار ساڵی کۆتایی تەمەنی جیهانی بوون، لەدایک دەبن. لە کۆتایی هەر هەزار ساڵێک تۆی زەردەشت رێگەی دەکەوێتە ناو زێدانی کچێکی پازدە ساڵی و ئەم سێ رزگارکەرە لەدایک دەبن.[1] چۆنییەتی لەدایکبوون و دەرکەوتنی ئەم سێ رزگارکەرە، ناوەڕۆکی ئەفسانەیەکی سەرنجڕاکێش پێکدێنێت کە بە ئەفسانەی رزگارکەر ناسراوە.

بەپێی ئەفسانەکان زەردەشت سێ جار لەگەڵ هاوسەرەکەی سەرجێیی دەکات و ئینجا لە ناو کانییەک خۆی دەشوات. بەم هۆیەوە تۆی زەردەشت دەرژێتە ناو کانییەکە. نەریوسەنگ کە ئیزەدی ڕووناکییە، ئەم تۆیە هەڵدەگرێت و بە ئاناهیتای دەسپێرێ تاکو لە کاتی خۆی لەگەڵ هێلکەی کیژۆڵەکان ئاوێتە بێت. هەروەها ٩٩٩٩٩ فرەڤەشی پاسەوانی لەم تۆیە دەکەن کە لە ناو کانییەکەدا پارێزراوە.[2]

### ئەوشیدەر[3]:

یەکەمین رزگارکەر لە ئەفسانەی ئەفراندنی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان ناوی (ئەوشیدەر[4])ە. ئەم ناوە لە ئاڤێستادا بە شێوەی

[1] – ئەوشیدەر و ئەوشیدەرمانگ و سوشیانت بە جیا لە کۆتایی هەر هەزارەیەک دەردەکەون و جیهان لە ناپاکی پاک دەکەنەوە و پەیڕەوانی درۆ و بتپەرستان لە ناو دەبەن.(بڕوانە؛ مینوگی خیرەت، بەشی یەکەم، پرسیار و وەڵامی ٩٥)

[2] – لە ئاڤێستا، فرەڤەردین یەشت، کەرتی٢٠، بەندی ٦٢دا هاتووە: ((ستایشی گیانی پاک و بە هێزی پیاوچاکان دەکەین کە بە نۆ و نەوەد و نۆسەد و نۆ هەزار و نۆجار دەهەزار لەم گیانانە، پاسەوانی لە تۆی سپیتامە زەردەشتی پیرۆز دەکەن.))

[3] – بڕوانە؛ دینکەردی حەوتەم، بەشی٨، بەندی٥٠-٦١ و بەشی٩، بەندی١-١٤ و بنداهێش، بەشی٣٣ و ریوایەتی پەهلەوی، بەشی٤٨، بەندی١-٢١.

[4] – ئەوشیدەر واتای (ئەو کەسەی لە ئاوەوە دەرکەوتووە) دەدات.

(ئوخشـیت ئێـرێتەنگە) هـاتووە و نـاوی دایکیشـی (سـروەتەت فێـذریو)ەیە بە واتای ئەو کەسەی کە بـاوکی نـاودارە. سـی سـاڵ مـابیٚ بـۆ کۆتـایی هەزارەی زەردەشت[1] کچێک بە ناوی سـروەتەت فێذەریو لە نـاو ئەو کانییەیدا کە تۆی زەردەشـتی تێـدا پـارێزراوە، خـۆی دەشـوات. لەم کـاتەدا تـۆی زەردەشـت دەخـزێتە نـاو زێدانی ئەم کیـژۆڵەوە و جەسـتەی ئەم یەکەمـین رزگـارکەرەی تێدا دروسـت دەبێـت. ئەم کیـژۆڵەیە هەرگیـز لەگەڵ هـیچ پیاوێکدا سـەرجێیی نەکـردووە. ئەوشـیدەر لەدایـک دەبێـت. کاتێـک ئەم لاوە دەگـاتە تەمەنـی سـی ساڵی، خۆر بۆ مـاوەی دە شـەو و رۆژ بە تـاقی ئاسـمانەوە رادەوەسـتیٚ. بەم چەشــنە ئیمانــداران دەزانــن هەزارەی زەردەشــت کۆتــایی هــاتووە و بــیٚ بـاوەڕانیش دەزانـن جیهـان گـۆڕانی تـیٚ کەوتـووە. لەم کـاتەدا ئەوشـیدەر سروشی بۆ دادەبەزێت و لەگەڵ ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان گفتوگۆ دەکات. لە رۆژی دواییدا رووناکە و پاشان باران دەبارێت.

لە هەزارەی ئەوشــیدەر کــۆمەڵە رووداوێــک روودەدەن. بــۆ نمــوونە راوەســتانی ئیــزەدی میهـر و خـۆر بـۆ مـاوەی دە شـەو و رۆژ بە تـاقی ئاسـمانەوە. بـۆ مـاوەی سـیٚ سـاڵ هـیچ رووەکێک وشـک نابێـت. سـەرجەم جۆرەکـانی گـورگ لە شـوێنێک کۆدەبنەوە و گشـتیان پەیکەری یەک گـورگی گەورە دروست دەکەن کە پانییەکەی چوار سـەدو پازدە گەز و درێژییەکەی چوار سەدو سی و سیٚ گەزە. بە فەرمانی ئەوشیدەر ئیمانداران روبەڕووی ئەم درنـدەیە دەبـنەوە، نـزا و پاڕانەوەکانیـان بـۆ لەنـاوبردنی ئەم درنـدەیە ئەنجـامی نابێـت. ئینجـا ئەوشـیدەر فەرمـان دەدات بە برشـتترین و پـانترین شمشێر ئەم دێوە بکوژن. دواجار بە شمشێر و قامچی و چەقۆ و گورز و رم و تیر و چەکی تر ئەم درندەیان کوشت. لە ناوەڕاستی ئەم هەزارەیەدا دیووە مەزنەکان لەناو دەبات. زێدەڕۆیی و درۆ و ستەمکاری لاواز دەبێت.

یەکێکـی تـر لە رووداوەکـانی هەزارەی ئەوشـیدەر دەرکەوتنـی دێـوی (مەرکـوش)[2]ە. ئەو دێـوەی کە بە جـادووگەری سـەرما و سـۆڵ و بـارانێکی بەخوڕ دەخوڵقێنیٚ. بەرلە روودانی تۆفان ئامۆژگاری خەڵکی دەکرێت تفاقێکی

---

[1] – زەردەشت لە سـەرەتای هەزارەی یەکەمـی دوا قۆنـاغی سـیٚ هەزار سـاڵی تەمەنـی جیهـانی بـوون لەدایـک بووە.(بڕوانە؛ سەردەم و ژیانی زەردەشت لەم لێکۆڵینەوەیەدا).

[2] – ناوی ئەم دێوە لە دوو بەشی (مەر) بە واتای مرۆڤ و (کوش) بە واتای کوشتن پێکهاتووە.

زۆر دابکەن تاکو خۆیان لە قاتی و قڕی دەرباز بکەن. چەند ساڵ تێدەپەڕێ و ئەم سەرما و سۆڵەی چاوەڕوان دەکرا، دەرناکەوێت. بێ باوەڕان واز لە داکردنی خۆراک دێنن. ئینجا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بەفر و باران دەبارێت. زۆربەی خەڵکی و چوارپێکان لەم چوار زستانەدا دەمرن. لە دوایین زستان بەهۆی نزاو پاڕانەوەی مەزدیسناکان مەرکوشی دێوی وشکساڵی دەتۆپێ. ئینجا ئەو خەڵک و چوارپێیانەی لە (ڤەری ییمەکردی)[1] کە قەڵایەکە و ییمە بە مەبەستی پاراستنی خەڵکی لە سەرماوسۆڵ دروستی کردووە، دێنە دەرەوە. بە رووی زەویـــدا بڵاودەبـــنەوە و وەچە دەخەنەوە. لە کۆتاییـــدا مەڕومالاّت شیریان زیاد دەکات. ئاژەڵە کێوی و دەشتییەکان روو دە خەڵکی دەکەن تاکو خەڵکی بیانگرنە خۆ و پەنایان بدەن. ئەرتەڤەهیشتە کوشتنی گیانداران بۆ خەڵکی بە مەبەستی خواردنیان، بە شێوەی راست و دروست بە رەوا دەزانێت. لە دوای ئەم رووداوانە دوو لە سێی خەڵکی سەر گۆی زەوی ئیماندار و پاکن و یەک لە سێی خەڵکی خراپکار و ناپاکن. بەم جۆرەیە کە یەکەمین قۆناغی پاکژبوونەوەی جیهانی بوون لە ناپاکییەکان لە رۆژگاری یەکەمین رزگارکەر کۆتایی پێدێت.

### ئەوشیدەر مانگ:[2]

دووەمین رزگارکەر لە ئەفسانەدا ناوی (ئەوشیدەرمانگ)ە. ئەم ناوە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (ئوخشیت نێمەنگهە)یە و ناوی دایکی لە ئاڤێستادا بە (ڤەنگهوفێذریو) تۆمارکراوە. لە ئەفسانەی دووەمین رزگارکەردا هاتووە کە سی ساڵ مابێ بۆ کۆتایی هەزارەی ئەوشیدەر، کیژۆڵەیەکی پازدە ساڵی لە ناو ئەو کانییەدا کە تۆی زەردەشتی تێدا پارێزراوە، خۆی دەشوات و ئاو دەخواتەوە. تۆی زەردەشت دەخزێتە ناو زێدانی ئەم کیژۆڵەیە و لە ئەنجامدا ئەوشیدەرمانگ لەدایک دەبێت. ئەم کچە هەرگیز لەگەڵ هیچ پیاوێکدا جووت نەبووە.

---

[1] – ڤەری ئییمەکردی پەناگەیەکە کە ئییمە لەناو ئەشکەوتێکی گەورەدا دروستی کردووە و باشترین جۆری ئەفرێنراوە جۆربەجۆرەکانی تێدا دانراوە تاکو لە تۆفانە گەورەکەی کە لە هەزارەی ئەوشیدەر روودەدات، جۆرەکانی نەژادی ئەفرێنراوان لەناو نەچن.(بڕوانە؛ مینوگی خیرەت، بەشی٦١، بەندی ١٥)

[2] – بڕوانە؛ دینکەردی حەوتەم، بەشی ٩، بەندی ١٦-٢٣ و بەشی١٠، بەندی١-١٤ و بنداهێش، بەشی ٣٣ و ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٤٨، بەندی٢٢-٣٦.

کاتێک ئەوشیدەرمانگ دەگاتە تەمەنی سی ساڵی، خۆر بۆ ماوەی بیست شەو و رۆژ بە تاقی ئاسمانەوە رادەوەستێ. ئیمانداران دەزانن هەزارەی ئەوشیدەر کۆتایی پێهاتووە و بێ باوەڕانیش دەزانن جیهان گۆڕاوە. لەو کاتەدا ئەوشیدەرمانگ سرووشی بۆ دادەبەزێت و لەگەڵ ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپەندەکان گفتوگۆ دەکات. رۆژی دوایی، رووناکە و باران دەبارێت.

لە هەزارەی ئەوشیدەرمانگدا کۆمەڵە رووداوێک روودەدەن. لەوانە: خۆر بۆ ماوەی بیست شەو و رۆژ بە تاقی ئاسمانەوە رادەوەستێ. بۆ ماوەی شەش ساڵ هیچ گیایەک وشک نابێت. ئەوشیدەرمانگ دادگەری بڵاودەکاتەوە. لەم هەزارەیەدا جۆرەکانی مار لە شوێنێک کۆدەبنەوە و تێکەڵ بە یەکتری دەبن و مارێک بە پانی ٨٣٣ گەز و درێژی ١٦٥٦ گەز دەخوڵقێت. مەزدیسنەکان بە فەرمانی ئەوشیدەرمانگ سوپایەک پێکدێنن و دژی ئەو مارە ریز دەبن و یەزیشن (نوێژی بەکۆمەڵ) بەرپا دەکەن. لە ئەنجامدا ئەم دێوە دەکوژرێت و بەهۆی ئەو ژەهرەوە کە لێی دەڕژێت، بە مەودای یەک فەرسەنگ زەوی و گیاکان دەسووتێن.

لە هەزارەی ئەوشیدەرمانگ، ئەژیدەهاکە لە بەند رادەکات و دیسان بە ستەمکارییەوە بەسەر خەڵکیدا فەرمانڕەوایەتی دەکات. رادەگەینێت هەر کەس ئازاری ئاو، ئاگر و گیا نەدات، دەگیرێت و دەکوژرێت. ئاو و ئاگر و گیا لە دەست ئازاری خەڵکی سکاڵا بۆ بارەگای یەزدان دەبەن. داوا دەکەن فەرەیدوون زیندوو بێتەوە تاکو ئەژیدەهاکە لە ناو ببات، ئەگینا هەموومان لەناو دەچین. ئەهورامەزدا و شەش یاریدەرەکەی دەچنە لای فەرەیدوون و پێی رادەگەیێنن هەستە و بە پشتیوانی ئەوشیدەرمانگ، ئەژیدەهاکە لە ناو ببە. گیانی فەرەیدوون دەڵێت من ناتوانم ئەوە بکەم و دەبێ گەرشاسپە ئەم کارە بکات. ئینجا ئەم بابەتە بە گەرشاسپە رادەگەینرێت و ئەویش رادەبێت و ئەژیدەهاکە لە ناو دەبات. لەو ماوەیەدا ئەژیدەهاکەی ناپاک چارێگەکی چوارپێکانی نیشتمانی ئەیریەنڤاچ لە ناو دەبات.

ئینجا سەرلەنوێ شیری مەڕوماڵات یەکجار زیاد دەکات، بەچەشنێک کە شیری یەک مانگا بەشی هەزار کەس دەکات. دێوی برسێتی و تینوویەتی لاواز دەبن. خەڵکی بە خواردنی یەک ژەم، بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ تێر دەبن. پیری کەم دەبێت و تەمەن درێژ دەبێت. برادەرایەتی و ئاشتی و فراوانی و خۆشی لە جیهاندا زۆر دەبێت. لەم هەزارەیەدا کەس نامرێت

مەگەر بە چەک بکوژرێت یان بەهۆی پیریی زۆرەوە بمرێت. پەنجاو سێ ساڵ بۆ کۆتایی ئەم هەزارەیە مابێت شیرینی و چەوری لە ناو شیر و گیا وەها زۆر دەبێت کە خەڵکی بەهۆی ئەوە، روو دە خواردنی گیایی و شیر دەکەن و خواردنی گۆشت فەرامۆش دەکرێت. دواجار تەنیا خۆراکی مرۆڤ، خواردنە گیاییەکان دەبێت. لێرەوە دووەمین قۆناغی ئەفسانەی رزگارکەر و پاکژبوونەوەی جیهانی مادی لە ناپاکییەکان کۆتایی پێدێت.

**سوشیانت:**[١]

دوایین و سەرەکیترین رزگارکەر ناوی (سوشیانت)ە کە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (سەئوشیەنتە)یە. دایکی ئەم رزگارکەرە ناوی (ئێرێدەت فێذەرو)یە. لە دەقە پەهلەوییەکاندا هاتووە، سێ ساڵ مابێ بۆ کۆتایی هەزارەی ئەوشیدەرمانگ، کیژۆڵەیەکی پازدە ساڵی لە ناو ئەو کانییەی کە تۆی زەردەشتی تێدا پارێزراوە، خۆی دەشوات و ئاو دەخواتەوە. ئەم کچە کە هەرگیز لەگەڵ هیچ پیاوێک جووت نەبووە، لە تۆی زەردەشت دووگیان دەبێت و سوشیانت لەدایک دەبێت. سوشیانت وەکو خۆر دەدرەوشێتەوە و خاوەن فەری کیانییە. سەردەمی ئەو تەنیا پەنجاو حەوت ساڵە. کە دەگاتە سی ساڵی سرووشی بۆ دادەبەزێت و لەگەڵ ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان گفتوگۆ دەکات. لەم کاتەدا خۆر بۆ ماوەی سی شەو و رۆژ بە تاقی ئاسمانەوە رادەوەستێ.

کە سوشیانت دەردەکەوێت، کەڤی هەوسرەو (کەیخەسرەو) پێشوازی لێ دەکات. باسی قارەمانێتی خۆی بۆ دەکات وەکو تێکدانی بوتخانەی نزیک دەریای چەئیچەستە و کوشتنی ئەفراسیاوی تورانی. ئینجا سوشیانت داوا لە کەیخەسرەو دەکات دان بە دینی زەردەشتیدا بنێت، کەیخەسرەو وا دەکات. لە ماوەی ئەم پەنجاو حەوت ساڵەدا کەیخەسرەو فەرمانڕەوا و سوشیانت مۆبەدانی مۆبەدە.[٢]

---

[١] - بڕوانە؛ دینکەردی حەوتەم، بەشی١٠، بەندی١٤-١٩ و بەشی ١١، بەندی١-١١ و بنداهێش، بەشی٣٣ و ریوایەتی پەهلەوی، بەشی٤٨، بەندی٣٧-١٠٧ و بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی٣٤، بەندی٤٦-٥٤ و بەشی٣٥، بەندی١-٥٩ و دینکەردی پێنجەم، بەشی٨، بەندی٩-١١.

[٢] - کەیخەسرەو ئەم قارەمانێتییانەی هەیە وەکو کوشتنی ئەفراسیاو، تێکدانی بوتخانەی کەناری دەریای چەئیچەستە، دروستکردنی گەنگدز و سوشیانتی نەبەز کە نوێکەرەوی جیهانە لە دواڕۆژدا بە یارمەتی ئەو باشتر دەتوانێ کارەکانی بەڕێوەببات.(بڕوانە؛ مینوگی خیرەت، بەشی ٢٦، پرسیار و وەڵامی ٥٩-٦٤)

بەرلە رۆژی دومـــاهی و زینـــدووبوونەوەی مردووەکـــان، سوشـــیانت سـوپایەک ڕێکـدەخات و لە دژی دێـو و خراپکـاران شـەڕ دەکـات. یەشـتێک دەخوێنێتەوە و دێوی بیدعە ئاسمان و زەوی لێ تەنگ دەبێت و لە ئەنجامدا خـۆی دە کـونێکی نـاو زەوی دەپەسـتێت. (خشـەترەڤەئیرییە) ئەمە بە هەل دەزانێ و کانزای تواوە دەڕژێنێتە ناو کونەکەوە و ئەم دێوە بەند دەکرێ و بەرەو دۆزەخ دەڕوات.

سوشیانت دوای سزادانی ناپاکـان، یەشـتێک دەخـوێنێتەوە و دوای پێنج جار یەشت کردن سەرجەم دێوەکان لە ناو دەچن. سەرەتا دێوی چاوچنۆکی، دێـوی تـووڕەیی و دێوەکـانی تـر هەڵدەلووشـیت و ئینجـا سـرووش دێـوی چـاوچنۆکی لە نـاو دەبـات. ئەهـورامەزدا، ئەهـریمەن بە گشـت تـاریکی و ناپاکییەکانییەوە لەو کونەوە لە ئاسمان دەردەکات کە لە سـەرەتای ئەفراندندا ئەهریمەن دە ئاسمانی کردبوو. ئەهریمەن و ناپاکییەکانی وەها لەم کونەوە دەردەکرێن و بەرەو دۆزەخ راپێچ دەکرێن کە هەرگیـز جـارێکی تـر نـاتوانێ سـەر دەربێنێـتەوە. ئەمە کۆتـایی ئەهـریمەنە و لە قـووڵایی دۆزەخـدا بـۆ هەتاهەتایە سزای ناپاکییەکانی دەبینێت.

سەردەمی پەنجاوحەوت ساڵەی سوشیانت قۆناغی گەشەی ئەفرێنراوانی ئەهـوراییە. جیهـان بەهـۆی بـوونی سوشـیانت لە گشـت ناپـاکییەک پـاک دەبێتەوە. گشت دێوە دوو پێ و چوارپێیەکان لەناو دەچن. نەخۆشی و پیری و ئازار و ستەم و سەرجەم خراپییەکان دواییان دێت. ڕووەکەکان بەردەوام سـەوزن و لە گەشـەدا دەبن و ئەفرێنراوەکـان لە خۆشیدا بەسـەر دەبەن. بۆ ماوەی هەفدە ساڵ خواردنی خەڵکی گیایە، سی ساڵ تەنها ئاو دەخۆنەوە و لە دە ساڵی کۆتاییدا خۆراکیـان بە شێوەی مینۆڤییە. ئینجا جیهانی بوون بە کۆتـا دەگـات. سـەرجەم بـوونەوەران دەمـرن و قۆنـاغی دوازدە هەزار سـاڵی جیهانی مادی کۆتـایی پێدێت. لێرەوە ئەفسـانەی سوشـیانت کۆتـایی پێدێت و ئەفسانەی زیندووبوونەوە و پەڕینەوە لە پردی چینڤەت و بەهەشت و دۆزەخ دەسپێدەکات.

شـــایەنی ئامـــاژە پێـــدانە کە ئەفســـانەی ڕزگـــارکەر بە ئەفســـانەی زینـدووبوونەوە و دواڕۆژەوە گرێـدراوە، چـونکە کۆتـایی سـەردەمی پەنجـاو حەوت ســـاڵەی دوایـــین ڕزگـــارکەر کە هەمـــان سوشـــیانتە، ســـەرەتای

زیندووبوونەوەی مردووەکانە و هەرکام لە مردووەکان دوای لێپرسینەوە لە دادگای ئەهورایی کە سێ ئیزەدی میهر و سرەئوش و رەشن لێی ئەندامن، لە پردی چینڤەت دەپەڕنەوە. ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەفسانەی سوشیانت و ئەفسانەی کۆتایی جیهان و زیندووبوونەوە و پردی چینڤەت و بەهەشت و دۆزەخدا هەیە. خودی سوشیانت لە پرۆسەی زیندووبوونەوە و بە کۆتاهاتنی جیهانی بوون دەورێکی کارا دەبینێت، چونکە لە پێنج رۆژی پێش بە کۆتاهاتنی جیهان سوشیانت دەست بە نزا و پاڕانەوە دەکات تاکو لە ئەنجامی ئەم نزا و پاڕانەوانە مردووەکان زیندوو دەبنەوە. لەم کاتەدا سوشیانت گای هەدەیوش دەکاتە قوربانی و بە ئاوێتەکردنی چەوری ئەم گیاندارە لەگەڵ شیرەی گیای هەئومە، خواردنەوەیەک دروست دەکات و پێشکەش بە زیندووبووەکان دەکات و بەهۆیەوە نەمری و ژیانی هەتاهەتاییان پێدەبەخشێ.

لێرەوە دەردەکەوێت ئەفسانەی ئەفراندن بەهۆی ململانێ و شەڕی نێوان هێزە ئەهورایی و ئەهریمەنییەکان بە ئەفسانەی رزگارکەر و کۆتایی جیهان گرێ دەدرێت و لەلایەکی تریشەوە ئەفسانەی رزگارکەر و کۆتایی جیهانیش بە ئەفسانەی زیندووبوونەوە و دواڕۆژ و بەهەشت و دۆزەخ گرێ دەدرێت. لە ئەنجامدا زەمەنی سنووردار بە زەمەنی بێ سنوور دەلکێتەوە و مرۆڤەکان بە گوێرەی هزر، رەفتار و کرداریان لە بەهەشت یان لە دۆزەخدا بۆ هەتاهەتایە دەمێننەوە.

# بەشی دووەم

- **تەوەری دووەم :**

- **ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان**
- **مردن و کۆتایی جیهان لە ئەفسانەی کوردیدا**
- **بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی کوردیدا**
- **گەشتی رۆح ( میعراج ) لە ئەفسانەی کوردیدا**

# • ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان

**ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان:**

مەبەست لە ئەفسانەی مردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا مردنی مرۆڤ لەلایەک و کۆتایی جیهان لەلایەکی ترە. مردن تراژیدیایەکی تاڵی ژیانی مرۆڤە کە هەر لە دوای لەدایکبوونییەوە بەردەوام لەگەڵیدایە و هەرگیز لێی دوور ناکەوێتەوە و کۆتاییهاتنی جیهان بە مانای کۆتاییهاتنی بەردەوامی مردنی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ وەکو بەشێکی گرنگ لە جیهانی بوون لە چەقی جیهاندا وەستاوە. بێگومان هەموو دەسپێکێک کۆتاییەکی هەیە و جیهان وەکو ئەفرێنراوێکی یەزدانی بەدەر لەم یاسایە نییە. جیهان لە زەمەنێکی ئەفسانەییدا لەلایەن خواوەندێکەوە ئەفرێنراوە و لە زەمەنێکی ئەفسانەییشدا کۆتایی پێدێت. بە شێوەیەکی روونتر جیهان خاوەن سەرەتا و کۆتاییە.

مردن ترسناکترین رووداوی ژیانی مرۆڤە کە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ سێبەرە تاریکەکەی بەسەر ژیانیدا بار گرانی دەکات. مردن ترسی خستۆتە ناو دڵی مرۆڤی رۆژانی زوو، بۆیە هەوڵی داوە لەم رووداوە تۆقێنەرە تێبگات و چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی ئەمەی سەلماندووە کە هەرگیز هیچ چارەسەرێکی بۆ نییە. کەس ناتوانێت لێی رابکات و کەس نییە دواجار مەرگ بەرۆکی نەگرێت.

لێرەوەیە ئەفسانە جارێکی تر بە هانای مرۆڤەوە دێت و ئەم گرێ کوێرەشی بۆ دەکاتەوە. ئەفسانە ئەو گۆڕەپانە رووبەرفراوانەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای مێژووەوە بەردەوام بە ئاسوودەیی ئەسپی خەیاڵی خۆی تێیدا تاو داوە و هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکانی داوەتەوە. زۆر ئەفسانەی جوان و سەرنجراکێش سەبارەت بە مردن و کۆتایی جیهان و زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی جیهان لەناو میللەتە جیاجیاکان بەدیدەکرێن کە پیشاندەری تێڕوانینی جیاوازی ئەم میللەتانەیە سەبارەت بە پرسێکی هاوشێوە کە هەمان ترسی مردن و کۆتاییهاتنی جیهانە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا مردن کۆتاییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە وای لە مرۆڤ کردووە بە درێژایی مێژوو رێگەچارەیەک بۆ گەیشتن بە

نەمریی بدۆزێتەوە. گەڕان بە دوای نەمریدا ئەو چیرۆکە (تراژیدی-کۆمێدی[١])یەیە کە مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا هەرگیز نەیتوانیوە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر و سەرکەوتووانە بۆ خۆی تۆمار بکات، بۆیە بیری لە قۆناغی دوای مردن کردۆتەوە. لە خۆی پرسیوە باشە ناکرێ لە دوای مردن ئەم ئاواتە بێتەدی؟! بێگومان لە رێگەی ئەفسانەوە مرۆڤ بەشێکی گرنگ لە بارگرژییەکانی دەروونی خۆی هەموار دەکات و بەهۆیەوە بەڵێنی جۆرە ئاسوودەییەک بە خۆی دەدات. ئەگەر مردن سەرەتای ژیانێکی نەمرانە بێت، ئایا بارودۆخی ناهەموار و شڵەژاوی دەروونی مرۆڤ تا رادەیەک ئارام ناگرێت؟ هەر لێرەوەیە کە ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان و دووبارە زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی جیهان مانا و مەفهوومێک وەردەگرێت. (دەیڤید چایدستەر) لە کتێبی (خۆشی نەمری)دا ئاماژە بە رۆڵی ئەفسانە لە گەیشتن بە نەمری کردووە و دەڵێت: گەیشتن بە نەمری لە رێگەی ئەفسانەوە سەر دەگرێت، چونکە نەمریی لە چوارچێوەی ئەفسانەدا بە زۆری لە دوای قۆناغی مردن دەستەبەر دەکرێت.(٨٥: ٥٨) رەنگە لە هەندێ ئەفسانەدا هەندێک کەس بەهۆی ئەو خزمەتانەی کە بە خواوەندەکانیان کردووە، هەر لە سەر ئەم جیهانە نەمرییان پێ بەخشرابێت، بەڵام ئەوە تەنیا لە سەر ئاستی تاکە نەک سەرجەم مرۆڤەکان کە لایەنی باسی ئەم توێژینەوەیە.

پرسی مردن بە ناخی مرۆڤدا رووچووە و کاری کردۆتە سەر گشت لایەنەکانی ژیانییەوە. هەر لە سەرەتای ژیانەوە بیر و هۆش و خەیاڵی بەشێکی زۆری مرۆڤەکانی بە خۆیەوە خەریک کردووە و ئادەمیزاد بەردەوام هەوڵی داوە بزانێت دوای مردن چی بە سەر دێت و چارەنووسی چۆن دەبێت.

ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان و زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی جیهان و بەردەوامی ژیانێکی نەمرانە لە شوێنێکی تایبەت، لای نەتەوە جیاجیاکان بە هێڵ و سنووری جیاوازدا گوزەر دەکات کە رەگەکەی بۆ بیروباوەڕ و تێڕوانینی ئایینی ئەو میللەتانە دەگەڕێتەوە. لە ئەفسانەی

[١] – مردن دیاردەیەکی تاڵ و ناخۆشی ژیانی مرۆڤایەتییە و بە واتایەکی گشتی تراژیدییەکە کە چیرۆکی ژیانی مرۆڤ بەوەوە کۆتایی پێدێت. لە هەمان کاتدا گەڕان بەدوای نەمریدا لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ئەوەی لە دەستی رابکات کۆمێدییە، چونکە بە درێژایی مێژوو کەس نەیتوانیوە لەم چارەنووسە خۆی رزگار بکات.

میللەتاندا چەند جۆرێکی نەمری و بەردەوامی ژیان لە شوێنە تایبەتەکاندا بەدی دەکرێن کە بریتین لە:

- بەردەوامیی گیان بەدەر لە جەستە: لەم شێوەیەدا مرۆڤ دوای مردن سیما جەستەییەکەی لە دەست دەدات، بەڵام بە شێوەی شەوە، تارمایی یان گیان (رۆح) لە سەر زەوی درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. بۆ نموونە لە ئەفسانە (چینی)یەکاندا گیانی ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان دەکوژن یان بەدڕەوشت و ناپاکن، وەکو گیانی ناپاک و خێو و شەوە بە جیهاندا بڵاودەبنەوە.(٤٨: ١٩٠)
- دۆنایدۆن: گیانی مرۆڤ دوای مردن بەپێی کردەوەکانی دووبارە دەچێتە ناو پەیکەری مرۆڤێکی تر یان دەچێتە بەر لەشی گیاندارێکی تر و لە چوارچێوەی ئەم پەیکەرە نوێیەی درێژە بە ژیانی خۆی لە سەر زەوی دەدات. بۆ نموونە بەشێک لە ئەفسانەی مردنی هیندی سەبارەت بە چارەنووسی گیانی مرۆڤ دوای مردن، باوەڕی بە دۆنایدۆن هەیە.(١٤٦: ٦٠)
- بەردەوامیی گیان لە جیهانی مردووەکان: گیانی مرۆڤی مردوو لە جیهانی مردووەکاندا بۆ هەتاهەتایە بە نەمری درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. وەکو ئەفسانەی مردن و بەردەوامیی گیان لە ئەفسانەی میسریدا.(١٤٥: ٢٢٠-٢٢٢)
- زیندووبوونەوە: نەمری و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ لە دوای مردندا بەو جۆرە دەبێت کە جارێکی تر گیانی دەچێتەوە ناو هەمان جەستەی خۆی لە سنوورێکی تایبەت کە تێیدا مرۆڤ بە هۆی کردەوەکانی لە ژیانێکی خۆش یان ناخۆشدا بۆ ماوەیەک دەژیت. وەکو ئەفسانەی مردن و زیندووبوونەوە لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان.

### مردن و کۆتایی جیهان لە ئەفسانەی کوردیدا:

مـردن و کۆتـایی جیهـان لە ئەفسـانەی کوردیـدا بەپێـی ئاڤێسـتا و دەقە پەهلەوییەکـان تەواوکەری پرۆسـەی سـووڕی گەردوونە و بەشـێک لە یەکەی مەزن و شـکۆداری ئەفسـانەی کـوردی پێکـدێنێت کە بە ئەفسـانەی ئەفرانـدن دەسپێدەکات و بە ئەفسانەی ململانێی نێوان هێزی چاکە و خراپە و دواجار لەناوچوونی هێزی خراپە، بەرەو پێشـەوە دەڕوات و بە ئەفسـانەی کۆتاهـاتنی جیهانی مادی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جیهان و زیندووبوونەوەی مرۆڤ و بەردەوامیی ژیانی نەمرانە لە بەهەشت و دۆزەخ دەگاتە لووتکە.

بابەتی مردن وەک دیاردەیەکی ترسناکی جیهانی بوون و چارەنووسی لێڵی مرۆڤ دوای مردن، بۆتە هەوێنی ئەفسانەیەکی سـەرنجڕاکێش سـەبارەت بەم پرسە کە پیشاندەری تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ ئەم بابەتەیە. لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا گرنگییەکی زۆر بە گێڕانەوەی ئەو رووداوانە دراوە کە دوای مردنــی مــرۆڤ روودەدەن. بەپێــی ئەفســانەکان مــردن دیــاردەیەکی ئەهــریمەنییە و لەلایەن ئەهــریمەنەوە بــۆ دژایەتیکردنــی ئەهــورامەزدا و لەنـاوبردنی ئەفرێنراوەکـانی خـوڵقێنراوە. لە گاتاکانـدا هـاتووە: گیـانی پـاکی (سپێەنتەمەینیو)، ژیانی ئەفراند و گیانی ناپاکی کە هەمـان ئەهریمەنە مردنی خوڵقانـد. هەروەهـا لە (ڤـی دەئێـوەدات) پەرگەردی١٩، بەنـدی ١دا هـاتووە: ئەهریمەنـی خـوڵقێنەری مەرگ، مەزنـی دێـوان لە هەرێمـی بـاکوور هێـرش دەکـات[١]. لەم دەقە ئاڤێسـتاییانەدا بە ئاشـکرا دەرکەوتنـی دیـاردەی مـردن دراوەتە پاڵ ئەهریمەن تاکو ناپاکی و بەدفەڕی ئەم گیانە ناپاکە کاولکارە کە دژی ئەفراندنی ئەهوراییە، بە تەواوی پیشان بدەن[٢].

چیرۆکی مردن و چارەنووسی مرۆڤ دوای مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بە درێـژی لە ئاڤێسـتا و دەقە پەهلەوییەکانـدا بـاس کـراوە. بەپێـی ئەم دەقـانە

---

١ – بەپێی دەقە ئەفسانەییەکانی ناو ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، باکوور مۆڵگەی ئەهریمەن و دێوەکانە و دۆزەخ دەکەوێتە باکوور و بەپێچەوانەوە بەهەشت لە باشوورە. بۆ نموونە لە هەڤورتات یەشت، بەندی٨دا هاتووە: زەردەشت بەرەنگاری دێوی نەسو دەبێتەوە و بەرەو باکوور رەپێی دەنێت تاکو ئەم ناپاکە بەرەو شوێنە دۆزەخییەکەی بکشێنێتەوە.(بڕوانە؛ ٥٥: ١٥٥)

٢ – میرچا ئیلیادە دوای توێژینەوەیەکی زۆر لەناو دەقی ئەفسانەیی میللەتە جیاجیاکان گەیشتۆتە ئەم بەرەنجامە و دەڵێت: لە زۆربەی ئەفسانەکاندا مردن لەلایەن بوونەوەرێکی دڵڕەقی ئەهریمەنییەوە دێتەئاراوە و بابەتی مردن لە سەر دەستی یەکێک لە دوژمنەکانی خواوەندی بەدیهێنەر، لە جیهاندا دەرکەوتووە.(٧٤: ٩٣)

مردن بریتییە لە جیابوونەوەی گیان لە جەستە[١]. گیان بەشی نەمری پەیکەرەی مرۆڤ پێکدێنێت و کاتێک کەسێک دەمرێت، گیان یەکسەر جەستەکە بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو بەوجۆرەی کە لە کتێبی (بنداهێش)دا هاتووە، گیان دوای جیابوونەوە لە جەستە بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ لە سەر سەرینی جەستە دەمێنێتەوە و نزاو پاڕانەوە دەکات.(١٠٤: ١٢٩) بەپێی دەقە ئەفسانەییەکان لەم کاتەدا کە لە ژوور سەری جەستەی خۆی دانیشتووە، گیانی سەرگەردان، بەر هێرش و دەستدرێژی دێوە ناپاکەکان دەکەوێت و لە (ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی٧، بەندی٢ و پەرگەردی١٩، بەندی٢٨)دا ئاماژە بەوە کراوە کە جەستەی بێ گیان خێرا بەر هێرشی هێزی ناپاکی ئەهریمەنی و دێوە دۆزەخییەکان دەکەوێت. هەر رێک دوای مردن دێوی نەسو(دێوی مردارەوەبوو) بە شێوەی مێش، بەوپەڕی پیسی و بۆگەنییەوە هێرش دەکاتە سەر جەستەی بێ گیان و پیسی دەکات. ئینجا ئەم پیسییە هەڵدەگرێ و بۆ هەموو ئەو شوێنانە دەگوازێتەوە کە پێیاندا تێدەپەڕێت.[٢] دوای مردن گیان بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ لە ژوور سەری جەستە دەمێنێتەوە و بەجێی ناهێڵێ. لە بەرەبەیانی چوارەمین رۆژ بە شێوەیەکی تایبەت پێشوازی لەم گیانە دەکرێت. ئەگەر گیانەکە هی مرۆڤێکی چاکەکار بێت، لەگەڵ هەڵکردنی شنەبایەکی خۆش و بۆندار لە باشوورەوە کچێکی باڵابەرزی شۆخ و شەنگ بەرەوپیلی دێت. دوای گفتوگۆیەکی کورت دەستی گیانەکە دەگرێت و بەرەو شوێنی مەبەست رێنوێنی دەکات. لەلایەکی تر ئەگەر هات و گیانی مرۆڤێکی ناپاک و خراپکار و درۆپەرست بێت، ئەوە لەگەڵ هەڵکردنی رەشەبایەکی بۆگەن لە باکوورەوە پیرەژنێکی دارزاوی پیس و بۆگەن بەرەو پیلی دێت. دوای گفتوگۆیەکی کورت دەستی گیانەکە دەگرێت و بەرەو شوێنی مەبەست

---

[١] – لە یەسنەی ٥٥، بەندی٢دا هاتووە: گاتاکان پشتیوان و پارێزەرمانن و توێشووی مینۆڤی بۆ گیانی ئێمەن...لە جیهانەکەی تردا دوای جیابوونەوەی لەش و گیان لە یەکتری.(بڕوانە؛ ٥٤: ٥٣) لەم دەقەدا بە راشکاوی ئاماژە بە تێڕوانینی ئاڤێستا بۆ واتای مەرگ کراوە کە ئەویش جیابوونەوەی گیان لە جەستەیە.

[٢] – تەنیا کاتێک جەستەی بێ گیان لە دەستدرێژیی دێوی ناپاکی بە ناوی نەسو پارێزراو دەبێت کە رێوڕەسمی (سەگ دیتن) جێبەجێ بکرێت. بەپێی ئەم رێوڕەسمە سەگێک لە سەر لاشەی مردوو و ئەو رێیەی مردووەکەی پێدا دەبەن، تێدەپەڕێنن و بەم جۆرە پێیانوایە نەسوی دێوی ناپاکی و مردارەوەبوو لەوێ نامێنێت و هەموو پیسییەکان لەوێ پاکژ دەبنەوە.(بڕوانە؛ ٧٧: ٧٢٩-٧٣١)

ڕێنوێنی دەکات.(٦٣: ٢٤-٢٨) لە خوارەوە کورتەی چیرۆکی مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان دەنووسرێتەوە[١]:

زەردەشت لە ئەهورامەزدای پرسی: ئەی ئەهورامەزدا، ئەی سپێەنتەمەینیو، ئەی بەدیهێنەری جیهانی مادی! کاتێک پیاوچاکێک دەمرێت، لەم شەوەدا گیانی لە کوێ ئارام دەگرێ[٢]؟

ئەهورامەزدا گوتی: لە دەرەوەی جەستە، لە ژوور سەری دادەنیشێت، دەست بە نزا و پاڕانەوە دەکات و داوای لێخۆشبوون لە یەزدان دەکات. لەم کاتەدا ئەم گیانە هەست بە خۆشییەکی یەکجار زۆر دەکات.

دیسانەوە دەپرسێت: دووەمین شەو گیانی لە کوێ ئارام دەگرێ؟ ئەهورامەزدا گوتی: لە دەرەوەی جەستە، لە ژوور سەری دادەنیشێت، دەست بە نزا و پاڕانەوە دەکات و داوای لێخۆشبوون لە یەزدان دەکات. لەم کاتەدا ئەم گیانە هەست بە خۆشییەکی یەکجار زۆر دەکات.

دیسانەوە دەپرسێ سێیەمین شەو گیانی لە کوێ ئارام دەگرێ؟ ئەهورامەزدا گوتی: لە دەرەوەی جەستە، لە ژوور سەری دادەنیشێت، دەست بە نزا و پاڕانەوە دەکات و داوای لێخۆشبوون لە یەزدان دەکات. لەم کاتەدا ئەم گیانە هەست بە خۆشییەکی یەکجار زۆر دەکات[٣].

---

[١] – مردن و چارەنووسی گیانی مرۆڤ دوای مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان لەم دەقانەوە وەرگیراوە: (ئاڤێستا، یەسنەکان، یەسنەی ٢٦، ٥٥، ٥٧. گاتاکان، یەسنەی ٤٩. هادوخت نەسک، پەرگەردی ٢و٣. ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی ٤، ٥، ٧، ١٣، ١٩. مینوگی خیرەت، بەشی یەکەم، بەندی ١١٠-١٩٨. بنداهیێش، بەشی ٣٠. بنداهیێشی هیندی، بەشی٢٤)

[٢] — لێرەدا تەنیا باسی چارەنووسی گیان دوای جیابوونەوە لە لەش کراوە لە کاتێکدا جەستەش لەو شوێنەی کە گیان لێی جیابۆتەوە کەوتووە و دەبێ چارەنووسی ئەو چی بێت؟ دواتر لە ئاڤێستا، بەشی ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی٧، بەندی٢و٣دا بە تەواوی و بەم جۆرە باسی چارەنووسی جەستە کراوە: بەر لەوەی گیانی مرۆڤ بەرەو چینڤەت بەڕێ کەوێت و لە بەهەشت یان دۆزەخدا جێگیر بێت. خێرا لە دوای مردن، هەر کە گیان لە جەستە جیابۆوە، دێوی نەسو لە شێوەی مێش بە وزەوز و بە پێی لە پێشەوە دەرپەڕیو و کلکی لە پشتەوە دەرپەڕیو، گشت لەشی بە پیسی داپۆشراو، وەکو ناپاکترین خرەفستەران لە هەرێمەکانی باکوور دێت و هێرش دەکاتە سەر لەشی مرۆڤی مردوو.

ئەو لەسەر تەرمەکە دادەنیشێت تاکو سەگ لێی رادەمینێت یان بیخوات یان باڵندە مردارخۆرەکان رووی تێ بکەن. کاتێک سەگ لێی رامێنێت یان بیخوات یان باڵندە مردارخۆرەکان رووی تێبکەن، دێوی نەسو بە شێوەی مێش بە وزەوزەوە بە پێی لە پێشەوە دەرپەڕیو و کلکی لە پشتەوە دەرپەڕیو، گشت لەشی بە پیسی داپۆشراو، وەک ناپاکترین خرەفستەران بەرەو هەرێمەکانی باکوور دوور دەکەوێتەوە.(٧٧: ٧٢٨-٧٢٩)

[٣] – لە کتێبی بنداهیێش لە بەشی٣٠دا هۆی مانەوەی گیان لە ژوور سەری جەستە بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە گیانی سەرگەردان هیوا دەخوازێت جارێکی تر بۆ ناو جەستە بگەڕێتەوە و دەڵێت:

کاتێک سێیەمین شەو ڕووناک دەبێتەوە، گیانی مرۆڤی چاکەکار هەست بە گەشانەوە دەکات[١] و هەست دەکات بە ناو گوڵ و گوڵزاردا تێدەپەڕێت. شنەبایەکی فێنک لە باشوورەوە هەڵدەکات و بەرەو ڕووی دێت، شنەبایەکی بۆن خۆش، بۆن خۆشتر لە هەموو شنەبایەک.

ئینجا لەگەڵ خۆیدا دەڵێت: ئەم شنەبایە لە کوێوە دێت، لە کوێوە دێت ئەو خۆشترین بۆنەی کە تاکو ئێستا هەستم پێی کردبێت؟ لە ئەنجامی هەڵکردنی ئەم شنەبایە ویژدان(دەئێنا)[٢]یەکەی لە بەردەمی بەدیار دەکەوێت. لە شێوەی کچێکی جوان، شۆخ، باڵابەرز، مەمک قیت، بەناز، شکۆدار، پازدە ساڵان، جوانتر لە گشت ئەفرێنراوێک.[٣]

---

((بەڵکو خوێن بە گەڕ بکەوێتەوە و جەستە بە جووڵە بکەوێتەوە و بتوانم جارێکی تر بۆ ناو جەستە بگەڕێمەوە.))(١٠٤: ١٢٩)

١ – لە بنداهێشدا هاتووە: دوای تێپەڕبوونی شەوی سێیەم، لە بەرەبەیانی چوارەمین ڕۆژدا ئەگەر گیان لە ریزی ئیمانداران بێت دەڵێت: بەخت یاری ئەو کەسەیە کە خەڵکی سوود لە چاکەکانی ببینن، من چاکەکار و ئیماندارم، هەموو کەس باشی لە من بینیوە و ئەهورامەزدا پاداشتی چاکەکانم دەداتەوە.(بڕوانە؛ ١٠٤: ١٣٠) بەم جۆرە دەردەکەوێت دوای ئەوەی گیانی مردووەکە بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لە ژوور سەری جەستە دەمێنێتەوە و بۆی دەردەکەوێت کە هیچ گەڕانەوەیەک نییە و ئیتر دەبێ بەرەو جیهانەکەی تر بڕوات، دڵخۆش دەبێت چونکە دەزانێت لە جیهانی مادی تەنیا چاکەی کردووە و کەسێکی باوەڕدارە، بۆیە بە هیوای دەستەبەرکردنی پاداشتی کردەوە چاکەکانی ڕوو دە جیهانی مردووەکان دەکات و خۆی بە چارەنووس دەسپێرێت.

٢ – وشەی دەئێنا Anȇ ad لە ڕەگی دا A d بە واتای ناسین و زانین دێت. لە ئاڤێستادا لە هەندێ شوێن بە واتای ئایین و لە هەندێ شوێنیش بە واتای ویژدان هاتووە. ویژدان یەکێک لەو پێنج هێزە دەروونییەی مرۆڤە. لە یەسنەی ٢٦، بەندی٤دا پێنج هێزی دەروونی مرۆڤ ناویان هاتووە کە بریتین لە: یەکەم، ئەهو uha شێوە پەهلەوییەکەی (ئەخو)ە لە زمانی ئێستای کوردی (خدوو)ی لێ ماوەتەوە. ئەهو یان خدوو هێزی ژیانە و ئەرکی ڕێکخستنی خواستە دەروونییەکانی ئادەمیزادە. ئەم هێزە لەگەڵ دروستبوونی جەستە لەدایک دەبێت و لەگەڵ مردنیش لە ناو دەچێت. دووەم، دەئێنا بە واتای ویژدان و هەستی ئیزەدییانەی مرۆڤە. ئەم هێزە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ناو جەستەدا هەیە و دوای مردنیش هەر دەمێنێ. ئەرکی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە لەو کردەوە چاک و خراپانەی دەیانکات. سێیەم، بەئوذە aDoab کە هێزی درک پێکردن و تێگەیشتنە. ئەرکی چاودێریکردنی یادگە و هزرە تاکو هەرکامیان ئەرکی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن. بەوذە لەگەڵ جەستە بەدی هاتووە، بەڵام دوای مردن هەر دەمێنێتەوە چونکە لەگەڵ دەرووندا بەرەو جیهانی مردووەکان دەڕوات و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. چوارەم، ئورڤەن nawru یان ئوروەن بە واتای دەروونە. لە کردەوەی مرۆڤ بەرپرسیارە، چونکە هەڵبژاردنی چاکی یان خراپی ئەرکی ئەوە. دوای مردنی مرۆڤ لەگەڵ گیاندا بە نەمری لە بەهەشت یان دۆزەخدا بەسەر دەبەن. پێنجەم، فرەڤەشی یان فرەڤەهر بە واتای گیانە. سەرجەم ئەفرێنراوانی ئەهورایی خاوەن فرەڤەشین.

٣ – لە بنداهێشدا بەر لە دەرکەوتنی ئەم کچە جوانە، گایەک پێشوازی لێ دەکات، گایەکی بە گۆشت و پڕ شیر کە گیانەکە بەهۆیەوە دڵگەرم و ئاسوودە دەبێت، دوای دەرکەوتنی ئەم کچە شۆخ و شەنگە، دەگاتە

لەم کاتەدا گیانی مرۆی چاکەکار لێی دەپرسێ: تۆ کێی خاتوون، کە لە تۆ جوانترم هەرگیز نەدیوە؟ دەئێناکەی پێیدەڵێت: بێگومان ئەی لاوی پاک هزری، پاک گوتاری، پاک رەفتاری، پاک دین، من دەئێنای خودی تۆم. جوانی و رازاوەیی من لە ئەنجامی چاکە و پەرستن و نزاکانی تۆوە بەدی هاتووە. کاتێک خەڵکی خەریکی کاری خراپ بوون، تۆ گاتاکانت دەخوێندەوە، ئاوە پاکەکانت ستایش دەکرد و ئاگری ئەهورامەزدا و پیاوی ئیماندارت دڵشاد دەکرد، چ ئەوانەی لە نزیک و چ ئەوانەی لە دوورەوە دەهاتن.

تۆ بەو هزرە باشەت، بەو گوتارە باشەت، بەو رەفتارە باشەت، من کە بەرێز بووم، بەرێزترت کردم، جوان بووم، جوانترت کردم، خۆشەویست بووم، خۆشەویستترت کردم، پایەبەرز بووم پایەبەرزترت کردم.

ئینجا ئەم کچە جوانە، کە هەمان سیمای کردەوەی چاکی مرۆی چاکەکارە، ئەم گیانە بەختەوەرە بەرەو شوێنی مەبەست رێنوێنی دەکات. گیانی چاکەکار یەکەم هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی هزری پاک دەبێت. دووەمین هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی گوتاری پاک دەبێت. سێیەمین هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی رەفتاری پاک دەبێت[1]. گیانی چاکەکار چوارەمین هەنگاوی هەڵدەبڕی و لە مەنزڵگەی رووناکیی بێ سنووردا کە هەمان بەهەشتە ئارام دەگرێت.

مرۆڤە ئیماندارەکانی تر کە پێشتر بەرەو ئەم بەهەشتە هەنگاویان هەڵبڕیبوو، لێی دەپرسن: ئەی ئیماندار چۆن مردی؟ ئەی ئیماندار چۆن لەو شوێنەی کە پڕە لە مەڕوماڵات و باڵندە و پڕە لە خۆشی دوور کەوتیەوە، لە جیهانی مادییەوە بۆ جیهانی مینۆڤی، لە جیهانی پڕ مەترسی بۆ جیهانی ئاسوودەیی، چۆن بوویە خاوەن بەختەوەری هەتاهەتایی؟

---

بێستانێکی بە بەروبووم، ئاوەدان، کە بەهۆیەوە گیانەکە شادومان دەبێت.(بڕوانە؛ ١٠٤:١٣٥) ئەم گا و بێستانە هێمان بۆ کردەوە چاکەکانی مرۆڤی باشکردار کە لە جیهانی مردووەکاندا بەم شێوەیە بە دیاردەکەونەوە.

[1] – لە ئاڤێستادا سێ پلە یان مەنزڵ یان پەیژە بۆ گەیشتن بە بەهەشت جیاکراوەتەوە. بەر لەوەی گیانی مرۆڤی باشکردار لە بەهەشتدا ئارام بگرێت، پێویستە سەر ئەم سێ پەیژەیە بکەوێت کە بریتین لە: هومەتە a t amuh واتا هزری باش، هوختە a t x Uh واتا گوتاری باش، هوەرشتە a t S rawh واتا کردار باش. بۆ نموونە لە یەسنەی ٥٥، بەندی ٤دا بەم جۆرە باسی ئەم سێ پلەیە کراوە: ((هەر پاکدینێک کە بە بەجێهێنانی ئەم نوێژە (خوێندنەوەی گاتاکان) رەزامەندی سەروەران (ئەمێشەسپێەنتەکان) بۆ لێخۆشبوونی خۆی فراهەم بکات، تۆ(ئەهورامەزدا) ئەو بە هومەتە هوختە و هوەرشتە شاد دەکەی.))(٥٤: ٥٣)

ئینجا ئەهورامەزدا دەڵێت: ئەوانەی لێ مەپرسن، چونکە لە ڕێگای سەخت و پڕ مەترسی و سامناکیی جیابوونەوەی گیان لە جەستە هاتووە.

ڕۆنی بەهاری[١] وەکو خۆراک پێدەدرێت. ئەوەیە خواردنی لاوی خاوەن هزری پاک، گوتاری پاک، ڕەفتاری پاک، دینی پاک، لە دوای مردندا. ئەوەیە خواردنی ژنی خاوەن هزری پاک، گوتاری پاک، ڕەفتاری پاک، باش پەروەردەکراو، گوێڕایەڵی سەروەری خۆی لە دوای مردندا. زەردەشت لە ئەهورامەزدای پرسی: ئەی ئەهورامەزدا، ئەی سپێەنتەمەینیوو، ئەی بەدیهێنەری جیهانی مادی! کاتێک گوناهبارێک دەمرێت، لەو شەوەدا گیانی لە کوێ ئارام دەگرێت؟

ئەهورامەزدا گوتی: بێگومان لە دەرەوەی جەستە لە ژوور سەری دادەنیشێت، ڕاکەڕاکە دەکات، ئەم پەیڤە گاتانیکە دەڵێتەوە: ڕوو دە کام نیشتمان کەم، ئەی ئەهورامەزدا، بۆ کوێ هەڵێم؟ لەم شەوەدا ئەم گیانە بەقەد گشت گیانلەبەران هەست بە ناخۆشی دەکات.

لە دووەمین شەودا لە کوێ ئارام دەگرێت؟ ئەهورامەزدا گوتی: بێگومان لە دەرەوەی جەستە لە ژوور سەری دادەنیشێت، ڕاکەڕاکە دەکات، ئەم پەیڤە گاتانیکە دەڵێتەوە: ڕوو دە کام نیشتمان کەم، ئەی ئەهورامەزدا، بۆ کوێ هەڵێم؟ لەم شەوەدا ئەم گیانە بەقەد گشت گیانلەبەران هەست بە ناخۆشی دەکات.

لە سێیەمین شەودا لە کوێ ئارام دەگرێت؟ ئەهورامەزدا گوتی: بێگومان لە دەرەوەی جەستە لە ژوور سەری دادەنیشێت، ڕاکەڕاکە دەکات، ئەم پەیڤە گاتانیکە دەڵێتەوە: ڕوو دە کام نیشتمان کەم، ئەی ئەهورامەزدا، بۆ کوێ هەڵێم؟ لەم شەوەدا ئەم گیانە بەقەد گشت گیانلەبەران هەست بە ناخۆشی دەکات.

کاتێک سێیەمین شەو ڕووناک بۆوە، ئەی زەردەشتی چاکەکار، گیانی مرۆی خراپکار هەست دەکات لە ناو بەفر و سەرماوسۆڵ و قوڕ و لیتاوی

---

[١] – ڕۆنی بەهاری لەم دەقەی ئاڤێستادا بە شێوەی زەرێمەیە ڕەئۆنەهی e hanGoar ,aiiamvraz هاتووە. زەرێمە واتا بەهار بە وەرگرتنی پاشگری (یە) دۆخی ئاوەڵناو وەردەگرێت و وەکو سیفەت بۆ ڕەئۆنەهی واتا ڕۆن بەکاربراوە. ڕەئۆنەهی بە واتای (کەرە)یە. ڕۆنی زەرێمەیە کەرەیەکە کە لەو شیرە بەرهەم هاتبێت کە لە بەهاراندا دۆشرابێت. خواردنی ئەو گیانانەی لە بەهەشتدا ئارام دەگرن ئەم ڕۆنە بەهارییەیە.

بۆگەندا تێدەپەڕێت. ڕەشەبایەک لە باکوورەوە هەڵدەکات، بۆگەن، بۆگەنتر لە هەموو بایەک. لەگەڵ خۆیدا دەڵێت: ئەم بایە لە کوێوە دێت، ئەو بۆگەنترین بایەی کە تاکو ئێستا هەستم پێی کردبێت؟!

لەگەڵ ئەم ڕەشەبایە ویژدان(دەئێنا)یەکەی لەبەردەمی دەردەکەوێت لە شێوەی پیرەژنێکی داڕزاو، بۆگەن، ناشیرین، پشت کووڕ کە لە گشت بوونەوەرێکی ناشیرین، ناشیرینترە.[1]

گیانی مرۆی خراپکار لێی دەپرسێ: تۆ کێی کە هەرگیز لە تۆ ناشیرینتر و بۆگەنترم نەبینیوە؟ ئینجا دەئێناکەی پێی دەڵێت: بێگومان ئەی لاوی ناپاک هزری، ناپاک گوتاری، ناپاک ڕەفتاری، ناپاک دین، من ویژدان(دەئێنا)ی خودی تۆم. من لە ئەنجامی تاوان و ناپاکی و خراپی و دێوپەرستی تۆوە ئاوهام لێ هاتووە. کاتێک کەسانی تر خەریکی چاکەکردن و مەزداپەرستی بوون، تۆ دێوت دەپەرستی، کاری خراپت دەکرد. ئەهریمەن و دێوەکانت شادومان دەکرد. کەواتە بەو هزرە ناپاکە، بەو گوتارە ناپاکە، بەو رفتارە ناپاکە، منت بێ ڕێز، ناشیرین و بۆگەن کرد. ئینجا ئەم پیرەژنە ناشرینە، کە هەمان سیمای کردەوەی خراپی مرۆی خراپکارە، ئەم گیانە بەخت ڕەشە بەرەو شوێنی مەبەست ڕێنوێنی دەکات. گیانی خراپکار یەکەم هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی هزری ناپاکە. دووەمین هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی گوتاری ناپاکە. سێیەمین هەنگاوی بۆ مەنزڵگەی ڕەفتاری ناپاکە.[2] گیانی خراپکار چوارەمین هەنگاو هەڵدەبڕی و لە مەنزڵگەی تاریکیی بێ سنوور دەمێنێتەوە کە دۆزەخە. گیانە ناپاکەکانی ناو دۆزەخ لێی کۆدەبنەوە و یەکێک دەپرسی: ئەی گوناهکار چۆن مردی؟ ئەی درۆزن چۆن لەو شوێنانەی پڕە لە مەڕوماڵات، پڕە لە بەختەوەری دوور کەوتیتەوە؟ لە جیهانی مادی بۆ جیهانی مینۆڤی، لە جیهانی پڕ لە مەترسی بۆ جیهانی پڕ لە ئاسوودەیی، چۆن چارەڕەشی و نەهامەتی

---

[1] – لە بنداهێشدا ئەم ئەفسانەیە بەم جۆرەیە کە بەر لە پێشوازیکردنی دەئێنای مرۆڤی گوناهکار لە گیانەکە، گایەک لە بەردەمی بەدیار دەکەوێت. گایەکی لەڕولاواز، بێ گوان کە دەبێتە هۆی بێ هیوایی گیانەکە. دوای دەرکەوتنی پیرەژنە بۆگەن و ناشرینەکە، گیانەکە خۆی لە بەردەم بێستانێکی وشک و بێ ئاو و بەرهەم دەبینێتەوە، بەهۆی ئەوە نائاسوودە و دڵنیگەران دەبێت.(بڕوانە؛١٠٤: ١٣٠)

[2] – لە مینوگی خیرەتدا هاتووە: گیانی مرۆڤی خراپکار لە دوای مردن بەرلەوەی بەرەو دۆزەخ ببرێت، بە سەر سێ پەیژە یان بە سێ پلەی هزری خراپ، گوتاری خراپ و کردەوەی خراپدا تێدەپەڕێت.(بڕوانە؛ ٦٣: ٣٠). شێوە ئاڤێستاییەکەی ئەم سێ پلەیە بریتین لە: یەکەم دوژمەتە a t am S ud واتا هزری خراپ، دووەم دوژوختە a t x UZud واتا گوتاری خراپ، سێیەم دوژوەرشتە a t S rawZud واتا کردەوەی خراپ.

هەتاهەتایە بوو بە بەشت؟ ئەهریمەن دەڵێت: ئەوانەی لێ مەپرسە، چونکە لە ڕێگای سامناک و تۆقێنەری جیابوونەوەی گیان لە جەستە هاتووە. خواردنی ژەهر و پیسابییە.[1] ئەوەیە خواردنی لاوی ناپاک هزری، ناپاک گوتاری ناپاک ڕەفتاری بێ دین لە دوای مردندا. ئەوەیە خواردنی ژنی ناپاک هزری، ناپاک گوتاری، ناپاک ڕەفتاری بەدپەروەردەی لاسار لە دوای مردندا. لەو کاتەدا کە تەمەنی کەسێک کۆتایی دێت و دەمرێت و دێوە ناپاکە دۆزەخییەکان هێرشی بۆ دەبەن[2] و ئینجا سێیەمین شەو کۆتایی هات و سپێدەی دەم کەل بەدیار کەوت و لەو کاتەدا کە ئیزەدی میهری خاوەن باشترین چەک و ڕەخت، کوێستانە سەرسەوزەکانی گەشاندەوە و خۆر بەدیارکەوت، دێوێک کە ناوی (ڤیزەرێش[3])ە، گیانی مرۆڤە ناپاکەکان کە لەناو گوناه و ناپاکیدا ژیاون رادەپێچێ و دەیانبات. گیانی درۆپەرستانی ناپاک و مرۆڤە چاکەکارەکان، بە ڕێگایەکدا کە بەرەو چینڤەت پرەتو[4] دەڕوات، ڕێنوێنی دەکرێن. لە سەر ئەم پردە ئەنجامی کردەوە چاک و خراپەکانی خۆیان دەبیننەوە کە لە جیهانی مادیدا ئەنجامیان داوە.

---

[1] – لە گاتاکان، یەسنەی ٤٩، بەندی١١دا جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە کە گیانە دۆزەخییەکان بە خۆراکی دۆزەخییەوە پێشوازی لە گیانی تازە هاتوو دەکەن: ((ئەوانەی پێڕەوی لە فەرمانڕەوایانی ناپاک دەکەن کردەوە و خەیاڵ و ئیمانیان ڕەش و بۆگەنە، گیانەکان بە خواردنی دۆزەخی پێشوازی لە درۆپەرست دەکەن ئەوان لە هەرێمی درۆدا لەلای سەرەوە دادەنیشن.)) خواردن و خواردنەوەی دۆزەخی بۆگەن و ژەهراوی و تاڵن.

[2] – لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا ئاماژە بەوە دراوە کە مردن لەلایەن ئەهریمەن و دێوە خوڵقێنراوەکانی ئەوە کە بە سەر جیهانی مادیدا دەدات. بۆ نموونە لە یەسنەی ٥٧، بەندی٢٥دا هاتووە: دێوی تووڕەیی و ڤیذوتوو(دێوی مەرگ) هێرش دەکەنە سەر جیهانی مادی و مرۆڤ. لە ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی ٥، بەندی ٨و٩دا هاتووە: ئەستوڤیذوتووە کە مرۆڤ دەخاتە ناو داو و پەتکەکەی رادەکێشێت و دەیکوژێت. هەروەها لە پەرگەردی ٤، بەندی ٢٥یش ئاماژە بە ناوی دێوی مەرگ دراوە. بەپێی ئەم دەقە ئاڤێستاییانە، ئەستوڤیذوتو t O D I W,O t s a لا دێوی مەرگە و هێرش دەکاتە سەر ئادەمیزاد و دەیخاتە ناو داوی مەرگ و تۆماری ژیانی تێک دەپێچێتەوە و راپێچی دەکات و دەیبات. لەلایەکی تر هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا لە پەرگەردی ٥دا باس لەوە دەکرێت کە هەموو مرۆڤێک پەتکێکی لە ملدایە و دوای مردن ئەگەر چاکەکار بێت لە ملی دەبێتەوە و ئەگەر تاوانبار بێت، هێزە ئەهریمەنییەکان بەو پەتەوە بەرەو دۆزەخ رایدەپێچن.

[3] – یەکێک لە دێوەکانی هاوکاری دێوی مەرگە. ئەرکی ئەوەیە کە پەتی ملی بەدکردەوەکان توند بکات و بەرەو قووڵایی دۆزەخ راپێچیان بکات.

[4] – چینڤەت پرەتو یان پردی چینڤەت کە هەمان پردی سیڕاتە. دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکرێت.

لەم کاتەدا کچێکی[١] باڵابەرز، جوان، لێهاتوو، چالاک و ژیر، کە دوو سەگ[٢] هاوڕێیەتی دەکەن، بەدیاردەکەوێت. ئەو گیانی چاکەکاران لە چیای هەرەبەرزەئیتی[٣] و چینڤەت پرەتو دەپەڕێنێتەوە و بەرەو ئیزەدە مینۆڤییەکان ڕێنوێنیان دەکات.

ڤەهومەنە لە سەر تەختی خۆی هەڵدەستێت و دەڵێت: ئەی ئەشەوەن[٤]! چۆن لەو جیهانە پڕ زیانە بەرەو ئەم جیهانە هەتاهەتاییە هاتوی و بەرەو پیلی دێ؟

گیانی چاکەکاران بەوپەڕی شادومانییەوە بەرەو تەختی زێڕینی ئەهورامەزدا و تەختی زێڕینی ئەمێشەسپێەنتەکان هەنگاودەنێن، لە گەردومان[٥] لە بارەگای ئەهورامەزدا، لە بارەگای ئەمێشەسپێەنتەکان، لە بارەگای گشت مینوڤە ئەشەوەنەکان ئارام دەگرن.

دێوە کاولکارە ناپاکەکان دوای مردنی پیاوچاکێک کە خۆی لە ناپاکییەکان پاکژکردبێتەوە[٦]، وەها لە بۆنی خۆشی گیانی ئەو، دووردەکەونەوە و دەپسێن وەکوو ئەوە وایە کە مەڕ چاوی بە گورگ کەوتبێت.

گیانی مرۆی باش و پاک لەوێدا لەگەڵ ئیزەدی نەریوسەنگی هاودەمی ئەهورامەزدا، هاودەم دەبێت.

---

[١] – ئەم کچە لەگەڵ دەئێنا جیاوازە و فریشتەی ڕێگاپیشاندەری گیانەکانە بۆ بەهەشت یان دۆزەخ، چونکە بۆ سەرجەم گیانەکان دەردەکەوێت و پێشوازییان لێ دەکات. گیانە پاکەکان بەرەو بەهەشت و گیانە ناپاکەکان بەرەو دۆزەخ ڕێنوێنی دەکات.

[٢] – بەپێی پەرگەردی ١٣، بەندی٩ ئەم دوو سەگە پاسەوانی (پردی چینڤەت)ن. ((سەگی پاسەوانی پردی چینڤەت لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژی دێوەکان، یارمەتی ئەو (گیانە) نادات کە تاوانبارە.))

[٣] – هەرەبەرزەئێتی وەکو سیفەت بۆ چیایەک هاتووە کە سەرێکی پردی چینڤەت لەوێوەیە. هەربەرزەئێتی لە زمانی ئاڤێستاییدا بە واتای هەرەبەرز دێت.

[٤] – ئەشەوەن بە واتای (پاک)ە و لە زمانی ئێستای کوردیدا لە ناوی (ئەردەوان) بە واتای (پاکژ و پاک ڕەفتار) و (ئەردەلان=ئەردئەران) بە واتای (ئەیرییەنی پاک)دا بەرچاو دەکەوێت.

[٥] – بارەگای یەزدان یان بەهەشتی باڵا، کە ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان لەوێدا نیشتەجێن.

[٦] – مەبەست لەوەی کە پیاوچاکێک دوای مردن لە ناپاکییەکان پاکژکرابێتەوە، ئەوەیە کە دوای هێرشی دێوی نەسو بۆ سەر جەستەی بێ گیان، لەلایەن مۆبەدانەوە بە جێبەجێکردنی چەند ڕێوڕەسمێک پاکژکرابێتەوە. دێوی نەسو بە مەبەستی پیسکردنی تەرمی مردوو هێرش دەکاتە سەر تەرمی مردوو و هەوڵی بۆگەنکردن و پیسکردنی دەدات.

## کۆتایی جیهان:

له بیروباوەڕی ئەفسانەیی زۆربەی میللەتە جیاجیاکاندا جیهان وەکو ئەفرێنراوێک لە لایەن خواوەندەوە ئەفرێنراوە و ئەم جیهانە وەکو گشت ئەفرێنراوێک خاوەن سەرەتا و کۆتاییێکە. ئەفراندنی جیهان بە واتای سەرەتای جیهانە کە لە ئەفسانە جیاجیاکاندا بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. کۆتایی جیهان بریتییە لە مردنی گشت گیاندارەکانی سەر رووی زەوی و لەبار یەک هەڵوەشانەوەی جیهان. کەواتا جیهان وەکوو گشت ئەفرێنراوێک دوای ماوەیەک ژیان، لەناودەچێت؛ بەڵام دوای ئەم لەناوچوونە دەسپێکی تر هەیە و سووڕی ژیان بە شێوەیەکی رازاوەتر، سەرلەنوێ بەگەڕ دەکەوێتەوە. رێک وەکو چارەنووسی خودی مرۆڤ کە رۆژێک لەدایک دەبێت و رۆژێکیش دەمرێت و دوای مردن جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.

باوەڕ بە کۆتاییهاتنی ژیان و جیهانی بوون لە ناو میللەتی کورددا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بیری ئەفسانەیی ئەم میللەتە پێکدێنێت کە بەشێکی لە ناو ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا تۆمار کراوە. بێگومان ئەفسانەی کۆتایی جیهان تەواوکەری ئەفسانەی ئەفراندنە، چونکە کۆتاییهاتنی تەمەنی جیهانی مادی بە واتای سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و زیندوکردنەوەی جیهانی پاکی ئەهوراییيە. ئەو جیهانەی کە هیچ هێزێکی ئەهریمەنی تێدا بەدی ناکرێت. ئەوەش کاتێک سەر دەگرێت کە هێزە ئەهوراییيەکان لە دوایین شەڕی دژ بە ئەهریمەن و دێوەکانی، سەرکەوتن تۆمار بکەن. ئەم شەڕە چارەنووسسازە لە دوایین هەزارەی قۆناغی چوارەمی تەمەنی جیهانی مادی روودەدات[1] کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژگاری دەرکەوتنی سوشیانت.[2]

---

[1] – پێشتر ئاماژەی پێدراوە کە لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئەدەبیاتی مەزداپەرستی جیهان بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵیدا دابەش دەبێت. سێ هەزار ساڵی یەکەم ئەفراندن بە شێوەی مینۆڤییە. لە سێ هەزار ساڵی دووەمدا ئەهریمەن بە ئەفراندنی مینۆڤی دەزانێ و هەوڵی لەناوبردنی دەدات. ئەهورامەزدا پێشی پێدەگرێت و ئەهریمەن گێژ و مەنگ بەرەو دۆزەخ تێهەڵدەدرێت و لە کۆتاییيەکانی ئەم قۆناغە بەئاگا دێتەوە و دەست بە خوڵقاندنە نەگریسەکەی دەکات. لە سێ هەزار ساڵی سێیەمدا ئەفراندنی ئەهورایی و خوڵقاندنی ئەهریمەنی لە جیهانی مادیدا تێکەڵ بە یەک دەبن و شەڕ و ململانێ لە نێوانیاندا روودەدات. لە سێ هەزار ساڵی کۆتاییدا بە خواستی ئەهورامەزدا زەردەشت دەردەکەوێت و هێزی ئەهریمەنی بەرەبەرە لاواز دەبێت و تاکو لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا بەیەکجاری لەناو دەچێت.

[2] – لە کتێبی دینکەردی حەوتەم، بەشی ١١، بەندی ١-١١ و کتێبی زەندی وەهمەن یەسن، بەشی ٩، بەندی٢٣،٢٤دا ئەم بابەتە بەم جۆرە باس کراوە: بە درێژایی ماوەی پەنجاوحەوت ساڵەی دەسەڵاتداریەتی

به پێی دەقی ئەفسانەکان ئەهریمەن و دێوەکانی لەسەر دەستی سوشیانت و یاوەرەکانی و بە خواستی ئەهورامەزدا لەناو دەبرێن. هەر دوابەدوای لەناوچوونی هێزە ئەهریمەنییەکان، کرداری (فەرشکرد)[1] واتا زیندووکردنەوەی مردووەکان و نوێکردنەوەی جیهان دەسپێدەکرێت.[2] بەم

سوشیانت و یاوەرەکانی، سەرجەم هێزە ئەهریمەنییەکان واتا دێوەکان، درۆ، نەخۆشی، پیری، مردن، ئازار و گشت خراپییەکان لە ناو دەچن. گشت مرۆڤەکان لە ژێر ئالآی سوشیانت و یاوەرانی یەکدەگرن و تەنیا دینی مەزداپەرستی لەسەر جیهاندا دەمێنێت. لە کۆتایی پەنجاوحەوتەمین ساڵدا ئەهریمەنی ناپاک لە ناودەچێت و لەم کاتەدا جیهان کۆتایی پێدێت و کرداری نوێبوونەوەی جیهان و زیندووکردنەوەی مردووەکان دەسپێدەکات. هەروەها لە کتێبی زەندی وەهمەن یەسن دا پرسی کۆتایی هاتنی هێزە ئەهریمەنییەکان و لەناوچوونیان باس کراوە.

[1] – فرەشکرد بە واتای نوێکردنەوە، زیندووکردنەوە و نۆژەنکردنەوە و پاکژکردنەوەی جیهانە. لە ئاڤێستادا بە شێوەی (فرەشوکێرێتی iO tvrvk,O C ar f) هاتووە. (فرەشو) بە واتای تازە و نوێ و (کێرێتی) بە واتای کردن دێت کە بەسەریەکەوە دەبێتە نوێکردنەوە. نوێکردنەوەی جیهان و دووبارە زیندووکردنەوەی مردووەکان لە دوای کۆتاییهاتنی تەمەنی جیهانی مادی، فرەشکەردی پێدەگوترێت. لە کتێبی پەهلەوی (بژاردەکانی زادیسپەرم) بەشی٣٤، بەندی ٢٧–٢٨دا فرەشکەرد لە سووڕی وەرزەکانی ساڵ چوێنراوە بەم جۆرە کە ((لە بەهاراندا دارەکان پشکۆ دەدەن. لە هاویندا بەر دەدەن. لە پاییزدا بەرەکانیان لێدەبێتەوە. لە زستاندا وشک دەبن و وەکو مردوو رەق دەبنەوە. کاتێک بەم چەشنە خولی ساڵانە کۆتایی هات و جارێکی تر خۆر گەیشتەوە جێگای یەکەمی خۆی و درێژی شەو و رۆژ گەیشتەوە یەک ئاست، ئەم کاتە سەرەتای بەهارە. فرەشکەردیش رێک وەکو ئەوە وایە کە دارودرەختان پشکۆ و گەڵای نوێ دەربکەن.))

[2] – لە کتێبی ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٣٥، بەندی ١٩دا بەم جۆرە ئاماژە بەم رووداوە کراوە: ((لە مانگی رەشەمێ رۆژی ئەشتاد، لە کاتی ئوزەرینگاودا سوشیانت بە خوێندنەوەی نزایەک و بە یاوەری شەش یاریدەرەکەی هەوڵی رابوونەوەی سەرجەم ئەفرێنراوانی ئەهورایی دەدات و نزا و سروودی فەرشکرداری دەخوێننەوە.)) بەم جۆرە سەرجەم مردووەکان زیندوو دەبنەوە، لە پێنج کاتی دیاریکراوی رۆژدا و بە پێنج سروودی زیندووکردنەوە کە لەلایەن سوشیانت و یاوەرانی دەخوێنرێتەوە. رۆژی ئەشتاد بەپێی رۆژمێری زەردەشتی دەبێتە رۆژی بیست و شەشەمی مانگی رەشەمێ. بەپێی دەمژمێری زەردەشتی، کاتەکانی رۆژ بە سەر پێنج کات یان (گاو)دا دابەش دەکرێن کە بریتین لە: یەکەم هاوەنگاو لە ئاڤێستادا بە شێوەی (هاوەنی) واتا بەرەبەیان هاتووە. دووەم رەپیوینگاو لە ئاڤێستادا بە شێوەی راپیت وین بە واتای نیوەڕۆ هاتووە. سێیەم ئوزەریێن گاو لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئوزەیرینا بە واتای دوای نیوەڕۆ هاتووە. چوارەم ئەبی سەروسەرمگاو لە ئاڤێستادا ئەیبی سروتریما بە واتای ئێوارە هاتووە. پێنجەم ئەشهینگاو لە ئاڤێستادا بە شێوەی ئوشاهینا بە واتای شێوان هاتووە. ئەگەر بە وردی لە دەقی ئەفسانەیی پرسی زیندووبوونەوەی مرۆڤەکان و نوێبوونەوەی جیهان بڕوانین، دەردەکەوێت کە ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەی پێنج رۆژ و لە رۆژی بیست و شەشەمی مانگی رەشەمێ و لە کاتە جیاوازەکانی ئەم پێنج رۆژەی کۆتایی دوایین مانگدا روودەدات و لەگەڵ ئاوابوونی خۆر لە دوایین رۆژدا و دەرکەوتنەوەی لە رۆژەکەی دوایی، سپێدەی یەکەم رۆژی مانگی ساڵی نوێ واتا رۆژی نەورۆز دەسپێدەکات. کەواتە لە رۆژی نەورۆزدا سەرجەم مرۆڤەکان زیندوو بوونەتەوە و جیهانیش بە یەکجاری نوێ بۆتەوە. لێرەوە گرنگیی رۆژی نەورۆز لە ئەفسانەی کوردیدا بەدیار دەکەوێت. سەبارەت بەم بابەتەوە میرچا ئیلیادە پێیوایە: ((لە هەر شوێنێکدا کە باوەڕیان بە نوێبوونەوەی جیهان و زیندووبوونەوە لە قالبی جەستەی خودی مرۆڤ خۆیدا هەبێت، باوەڕیان بەوەش

پێیە کۆتایی جیهان، بە واتای لەناوچوونی یەکجارەکی هێزە ئەهریمەنییەکانە. ئەو هێزە خراپەی کە هەر دوابەدوای ئەفراندنی پاکی ئەهورایی هێرش دەکاتە سەری و ناپاکی دەکات و دیاردەی مەرگی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەم هێرشە درێژەی دەبێت تاکو دوایین قۆناغ کە هەمان سێ هەزارساڵی کۆتایی تەمەنی جیهانی مادییە.

لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە وردەوردە ئەم هێزە ئەهریمەنییانە بەهۆی توانست و هەمووشتزانی ئەهورامەزداوە لاواز دەبن و لە دوایین ساڵانی ئەم قۆناغە لەگەڵ دەرکەوتنی دوایین رزگارکەر بە یەکجاری لەناو دەچن و ئەفراندنی ئەهورایی لە گشت ناپاکییەک پاکژ دەبێتەوە و بەرەو دۆخە مینۆڤی و ئەزەلییەکەی دەگەڕێتەوە و بە خواستی ئەهورامەزدا و هەوڵی سوشیانت جیهان نوێ دەبێتەوە و سەرجەم مردووەکان زیندوو دەکرێنەوە.(٤١: ٢٢٠) بەپێی دەقە پەهلەوییەکان ئەم ئەفسانەیە بە شێوەی خوارەوەیە[١]:

نیشانەکانی کۆتاییهاتنی جیهان یەک بە دوای یەک دەردەکەون. بێ سەروبەری گەردوون دادەگرێت و خۆر و مانگ چیتر وەک پێویست نادرەوشێنەوە. تاریکی، بومەلەرزە، وشکەساڵی سەرجەم زەوی دادەگرێت. شەڕ و شۆڕ بە جیهاندا بڵاودەبێتەوە. دواجار ئاسمان لێک هەڵدەوەشێتەوە و ئەستێرەکان دەڕژێن و چیاکان دادەدەپێن و دەریاکان هەڵم دەکەن. تۆفانێکی مەزن روودەدات. ئاگر بە گوڕ لە دەروونی زەوییەوە هەڵدەقوڵێ و جیهان دادەگرێت. ئەوەی ئەهورامەزدا بە ئاو ئەفراندبووی بە ئاگر لەناو دەچێت.

دێو و هێزە ئەهریمەنییەکان هێرش دەکەنە سەر جیهانی مادی. درۆ و ناپاکی شوێن راستی و پاکی دەگرێتەوە. لەم کاتەدا بە خواستی ئەهورامەزدا سوشیانت دەردەکەوێت. سەرەتا لەشکرێک رێکدەخات و لە بەرامبەر سوپای ئەهریمەن رادەوەستێت. شەڕێکی گەورە روودەدات. شەڕی نێوان ئەهورامەزدا و هێزەکانی بە سەرکردایەتی سوشیانت لە دژ ئەهریمەن و هێزەکانی نەوەد رۆژ دەخایێنێت.

---

هەیە کە ئەم زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی جیهانە لە نەورۆزدا و لە رۆژی سەرەتای دەورانێکی نوێ روودەدات.))(١٤٠: ٧٦)

[١] – ئەفسانەی کۆتایی جیهان و ئەو رووداوانەی لە کۆتایی جیهاندا روودەدەن و هەروەها دووبارە نوێبوونەوەی جیهان و زیندووبوونەوەی مردووەکان بەپێی ئەم دەقانەوە نووسراوەتەوە: ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٤٨، بەندی ٧٣-١٠٧. بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٣٤ و ٣٥. زەندی وەهمەن یەسن، بەشی٤-٩. دینکەردی٣، بەشی١١٤، ١٧٧.

سوشیانت سەرەتا ڕووبەڕووی دێوی شیرک دەبێتەوە و داوای لێ دەکات تۆبە بکات و خۆی بەدەستەوە بدات. ئەم دێوە دەڵێت: من خوڵقێنراوی دەستی ئەهریمەنم، کاتێک ئەو تۆبە نەکات من هەرگیز ئەوە ناکەم. سوشیانت نزایەک دەکات، دێوی شیرک بەرگە ناگرێ و دەخزێتە ناو قووڵایی زەوی. زەوی هاوار دەکات: بەرگەی ئەم دێوە ژەهراوییە ناگرم. ئەی مەزداپەرستان چارەیەک بکەن. لەشکری سوشیانت بۆی دەچن و بەدەم نزا و چڕینی گاتاکان هێرشی بۆ دەبەن. ئەم دێوە بەرەو قووڵتر شۆڕ دەبێتەوە و زۆر نەماوە زەوی بەهۆی تەوژم و ژەهری ئەم دێوەوە هەڵبتروکێ، بۆیە دیسان لە هاوار دەدات. لەشکری سوشیانت هیچیان بۆ ناکرێت. لەم کاتەدا ئیزەدی خشەترەڤەئیریو بەدەم هاواریان دەچێ. کانزای تواوە دەڕژێنێتە ناو ئەو کونەوە کە ئەم دێوە و دەستوپێوەندەکانی بۆ ناو ئەوێ خزیبوون. بە هۆی ئەوە ئەم دێوانە لەم زەوییەوە بەرەو قووڵایی دۆزەخ تێهەڵدەدرێن.

کە سوپای دوژمن بێ سەرکردە ماوەتەوە، لەشکری سوشیانت هێرش دەکات. لە کۆتادا سوشیانت بەشێکی گاتاکان دەچڕێ و بەهۆیەوە یەک لە پێنجی دێوپەرستان لەناو دەچن. بەم جۆرە چوار بەشی تری گاتاکان یەک بەدوای یەک دەچڕێت و لە ئەنجامدا گشت دێوپەرستان لەناو دەچن.

لەم کاتەدا گشت دێوەکان و سەرجەم مرۆڤە دێوپەرستەکان لەناو چووبوون، جگە لە دێوی تووڕەیی و چاوچنۆکی و خودی ئەهریمەن. هەرکام لەم دوو دێوە چەند خوڵقێنراوێکی ئەهریمەنیان لەبەر دەستدا بوو کە لە بۆگەنکردن و کاولکردندا یاریدەری سەروەرەکانیان بوون. ئەم دوو دێوە دەچنە لای ئەهریمەن و پێی رادەگەینن: ئەی ئەهریمەنی نەزان، گشت خوڵقێنراو و هێزەکانت لەناو براون، ئێستا ئێمە چۆن شەڕ بکەین؟ چۆن خۆمان تێر بکەین؟

شەڕ لە نێوان دێوەکان هەڵدەگیرسێ و دێوی چاوچنۆکی، سەرجەم دێوە خزمەتکارەکانی دێوی تووڕەیی و خودی ئەم دێوەش دەخوات و لەناویان دەبات. ئەهریمەن و دێوی چاوچنۆکی دوایین هێزەکانی خراپین کە دەبێ ڕووبەڕووی ئەهورامەزدا و هێزەکانی ببنەوە.

ئەهورامەزدا و ئیزەدی سرووش ئەم دوو ناپاکترین دێوە گەمارۆ دەدەن. سەرەتا هەوڵی لەناوبردنی دێوی چاوچنۆکی دەدەن، چونکە

ئەهریمەن بە پشتبەستن بەم دێوەیە کە بەهێزە. سرووش هێرش دەکاتە سەر دێوی چاوچنۆکی و خێرا لەناوی دەبات.[1] ئەهورامەزدا، ئەهریمەن دەگرێت و لە ڕێگەی ئەو کونەوە کە خودی ئەهریمەن لە سەرەتای ئەفراندندا لە ئاسماندا دروستی کردبوو و بەهۆیەوە لە دۆزەخەوە خزیبووە ناو ئاسمان، بەرەو قووڵایی دۆزەخ تێهەڵدا. ئەهریمەن ئەمجارەیان بۆ هەتاهەتایە لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە و هەرگیز جارێکی تر ناتوانێ لێی دەرکەوێتەوە.

بەم جۆرە ئەهریمەن و خوڵقێنراوە ناپاک و پڕ درۆیەکەی بۆ هەتاهەتا لە ئەفراندنی ئەهورایی دوور دەخرێنەوە و جیهان لە ناپاکیی ئەوانەوە پاکژ دەکرێتەوە.[2] ئەو مرۆڤانەی کە ئیمانیان بە سوشیانت وەکو دوایین ڕزگارکەر هێنابوو و وەکو سەرباز لەناو لەشکری ئەودا خزمەتیان دەکرد، ئیتر نامرن.[3] گشت ئەو مرۆڤانەی کە لە سەرەتای ئەفراندنی مادییەوە تاکو پێش دەرکەوتنی سوشیانت مردبوون، بە خواستی ئەهورامەزدا و لەسەر دەستی سوشیانت زیندوو دەکرێنەوە. لە ئێوارەی ڕۆژی بیست و شەشی ڕەشەمێ، سوشیانت و شەش سەروەری هاوەڵی کە لە کرداری فرەشکرددا یارمەتی

---

[1] – ئیزەدی سروش دژی دێوی چاوچنۆکییە.

[2] – لە گاتاکان، یەسنەی ۳۰، بەندی۱۰دا هاتووە: ((ئینجا خۆشی جیهانی درۆ کۆتایی پێدێت و کاتی لێپێچینەوە دەگات...)) هەروەها یەسنەی ٤٧، بەندی٤دا هاتووە: ((بەهۆی سپێەنتەئارمەیتی(گیانی پاکی)یەوە، درۆپەرستان لە ناودەچن...))

[3] – لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە چەند کەسێک لە کاتی فرەشکرددا یارمەتیدەر و هاریکاری سوشیانت بوونە. بۆ نموونە لە گاتاکان، یەسنەی٤٨، بەندی١٢دا هاتووە: ((ئەی ڤەهومەن و ئەی ئەشا! چەند کەسێک لە ریزی پشتیوانانی هەرێمەکان دادەنرێن کە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی مەزدا تێدەکۆشن و بە کردەوە ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکەن، ئەوان ئەو کەسانەن کە بۆ تێکشکاندنی دێوی تووڕەیی راسپێردراون.)) لە زامیاد یەشت بەندی ۸۹دا هاتووە: سوشیانتی نەبەز و یاوەرەکانی خاوەن شکۆی یەزدانین. لەو کاتەدا کە جیهان نوێ دەکەنەوە. هەروەها لە کتێبی پەهلەوی (بژاردەکانی زادیسپەرم)دا هاتووە: بۆ بەدیهاتنی کرداری فرەشکرد، ژمارەیەک سەرکردەی نەمرمان لەسەر رووی زەویدا دەسنیشان کرد. تاکو بە خواستی یەزدان دوای دەرکەوتنی سوشیانت، بە مەبەستی لەناوبردنی ئەهریمەن یارمەتیدەری ئەم دەربازکەرە بن. کە بریتین لە: ڤەنجودبیش، ئوشت، یوشت فەریان، گوبەدشا، ئەشەوەزدات، فەرهیختی خەمبیگان، پشوتەن، توس، گیو، گەرشاسپ، کەیخەسرەو. هەروەها لەگەڵ ئەوانەدا سوشیانت و شەش کەسی تر بەسەر حەوت هەرێمی جیهاندا فەرمانڕەوایەتی دەکەن و هەرکام لەم فەرمانڕەوایانە لە ریزی نەمرەکانن و سەرکردایەتی بەرەی دژ بە هێزە ئەهریمەنییەکانی ناو هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆیانیان لە ئەستۆیە. سوشیانت سەروەری هەرێمی (خوێن ئەیریە)ی لە ئەستۆیە کە ئەیریەنڤاچ لەو هەرێمەدایە. (بڕوانە؛ بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ۳۵، بەندی۳-٦)

ئەو دەدەن، نزای فرەشکرد بەجێ دەگەینن. لەم کاتەدا کە نزا و یەشتی فەرشکرد تەواو بوو، سوشیانت دەڵێت: رابنەوە! ئێوە ئێستا زیندوون.

ئەهورامەزدا ئێسکبەندی مرۆڤ لە زەوی، خوێن لە ئاو، موو لە گیا و گیان لە با دەخوازێتەوە[1] کە بە ئەمانەت پێی سپاردبوون. ئەمانە ئاوێتەی یەکتری دەکات و هەموو مرۆڤەکان لەسەر شێوە و رواڵەتی خۆیان زیندوو دەبنەوە. سوشیانت لە پێنج کاتدا گاتاکان دەخوێنێتەوە. لەگەڵ تەواوبوونی هەر بەشێک، یەک لە پێنجی مرۆڤەکان زیندوو دەبنەوە. لە ئەنجامدا لەگەڵ کۆتاییهاتنی دوایین بەش گشت مرۆڤەکان بەو جۆرەی کە خواستی ئەهورامەزدایە لە جەستەی مادیی خۆیان دەردەکەونەوە. سەرەتا گەیومەرێتەن، دوایێ مەشی و مەشیانە و دواجار مرۆڤەکانی تر رادەبنەوە. هەر کەسە لەو شوێنە زیندوو دەبێتەوە کە لەوێدا مردووە. مرۆڤەکان یەکتر دەناسنەوە و دایک و باوک بە رۆڵە، شوو بە هاوسەر و کەسوکاری خۆیان شاد دەبنەوە. تام و چێژی خواردنەکان وەکو ئەو کاتەی لێدێتەوە کە ئەهورامەزدا ئەفراندبووی.

ئەهورامەزدا ئەم زەوییە دوو جار لەوەی ئێستا هەیە، درێژتر و پانتر دەکات. مرۆڤەکان تێیدا بڵاودەبنەوە. ئەو ژن و پیاوانەی لە جیهانی مادیدا

[1] – لە کتێبی (بژاردەکانی زادیسپەرم)دا دیمەنی گفتوگۆی نێوان زەردەشت و ئەهورامەزدا سەبارەت بە چۆنییەتی زیندووبوونەوەی مردووەکان گواستراوەتەوە کە تێیدا زەردەشت لە ئەهورامەزدا دەپرسێ: مرۆڤ لە دوای ئەوەی دەمرێت و جارێکی تر زیندوو دەکرێتەوە، ئایا لەم کاتەدا تەنیا جەستە زیندوو دەبێتەوە یان تەنیا گیان؟ ئەهورامەزدا دەڵێت: خاوەن جەستەیە و دەجووڵێتەوە. زەردەشت دەپرسێ: باشە ئەو کەسەی کە دەمرێت و جەستەی شی دەبێتەوە و هەر بەشێک لە ئەندامەکانی جەستەی بەرەو شوێنێک بڵاو دەبێتەوە، چۆن جارێکی تر کۆ دەکرێتەوە و دەبێتەوە مرۆڤی جاران؟ ئەهورامەزدا دەڵێت: کاتێک کە تۆ بتەوێت لە نەبوونەوە شتێک دروست بکەی پێت ئاسانترە یان کاتێک شتێک هەڵوەشابێتەوە و سەرلەنوێ لێکیان ببەستییەوە؟ زەردەشت گوتی: شتێک هەڵوەشابێتەوە و دواجار لێک ببەسترێتەوە ئاسانترە نەک لە نەبوونەوە بەدی بێنی. ئەهورامەزدا گوتی: فرەشکرد و زیندووکردنەوەش ئاوهایە. زۆر ئاسانترە لەوەی کە لە سەرەتای ئەفراندندا گشت ئەمانەم ئەفراند. من کە ئەهورامەزدام پێنج کۆگام بۆ داکردنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دوای مردن دابین کردووە. یەکەم زەوی کە گۆشت، ئێسک و چەوری مرۆڤەکان دەگرێتە خۆی. دووەم ئاو کە پارێزەری خوێنە. سێیەم گیا کە پارێزەری مووی سەر و لەشە. چوارەم رووناکی کە پارێزەری گەرمی و ئاگری لەشە. پێنجەم گیان کە پارێزەری گیانە. ئەو کاتەی دەمی زیندووکردنەوە بگات، بەهۆی هەمووشتزانیی خۆمەوە دەزانم کامە ئێسک و گۆشت و موو و گیانی کامە مرۆڤە، بۆیە سەرجەم ئەم ئەمانەتانە لە پارێزەرەکانیان دەخوازمەوە و هەر یەک لە مرۆڤەکان بە جەستەی خۆیان و لە سەر شێوە و رواڵەتی خۆیان زیندوودەبنەوە. (بڕوانە؛ بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٣٤، بەندی ١-١٦).

هاوسەری یەکتری بوون بە یەک شاد دەبنەوە. ئەوەی ژنی نەبوویێت، هاوسەرێکی بۆ دەسنیشان دەکرێت. هەروەها ئەو ژنەی شووی نەکردبێت، هاوسەرێکی بۆ دەسنیشان دەکرێت.

گشت مرۆڤە خراپ و دێوپەرست و بێ ئیمانەکانیش زیندوو دەکرێنەوە. ئینجا دوای ئەوەی سەرجەم جیهانی مادی بە شێوەی خۆی دامەزراوە و رێکخراوە. دواجار ئەنجومەنی ئەیەستوئەستەران رێک دەخرێت. لەم ئەنجومەنەدا لێپێچینەوە لەگەڵ گشت مرۆڤەکان دەکرێت و هەر کەس کە لەوێ بێت، بەچاوی خۆی کردەوەی باش و خراپی خۆی دەبینێت. لەم ئەنجومەنەدا ئەهورامەزدا سەروەری مەزن و چاودێرە.[1] مرۆڤی مەزداپەرست لە بەرامبەر مرۆڤی دێوپەرستدا وەکو مەڕی سپی لە بەرامبەر مەڕی رەش بەدیار دەکەوێت[2]. لەم کاتەدا ئەم دوو پۆلە لێک جیا دەکرێنەوە. مەزداپەرستەکان بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن و دێوپەرستان بەرەو دۆزەخ.[3] بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ لەوێدا دەمێننەوە. مرۆڤی چاکەکار لەم سێ شەو و رۆژەدا کە بەرامبەر نۆ هەزار ساڵە تەنیا لە خۆشی و کامەرانیدا دەمێنێتەوە. مرۆڤی دێوپەرستی ناپاکی بەدڕەوشت، لەم سێ شەو و رۆژەدا کە بەرامبەر نۆ هەزار ساڵە لەناو دۆزەخدا سزای کردەوە خراپەکانی وەردەگرێت و لەوپەڕی ناخۆشی و تەنگەتاویدا بەسەر دەبات.[4]

لە بەرەبەیانی شەوی سێیەمدا سپێەنتەئارمەیتی بانگەواز دەکات: سزا بۆ هەموو مرۆڤەکان! لەم کاتەدا خشەترەڤەئیریو کانزای ناو دڵی سەرجەم

---

[1] – لە گاتاکان، یەسنەی٤٣، بەندی ٦دا ئاماژە بەم گۆڕەپانە و سەروەری ئەهورامەزدا کراوە: ((لە رۆژی کۆتاییدا تۆ بە (گیانی پاکی) خۆت ئەی مەزدا لەگەڵ ڤەهومەنە و خشەترا کە ئەم گۆڕەپانە بەهۆی ئەوانەوە دامەزراوە، بەرەو ئەوێ دێن. لەم کاتەدا ئارمەیتی دادوەریی تۆ رادەگەینێت و لەم رۆژەدا کەس ناتوانێ تۆ فریو بدات.))

[2] – لە کتێبی (بژاردەکانی زادیسپەرم)دا لە جیاتی مەڕی سپی و رەش، ئەسپی سپی و رەش هاتووە.(بڕوانە؛ بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی٣٥، بەندی٣١)

[3] – لە گاتاکان، یەسنەی٥١، بەندی٦دا بەم جۆرە باسی کۆتایی جیهان و زیندووبوونەوە و پێدانی سزا و پاداشتی مرۆڤەکان دەکات: ((مەزدا دوای کۆتاییهاتنی ژیان، لە رۆژی کۆتایی لە هەرێمی نەمریی خۆیدا ئەوەی باش و رازاوەیە بەو کەسە دەدات کە ئەوی رازی کردبێت و هەروەها ئەو ناپاکانەی کە نافەرمانیان کردووە سزا دەدات.))

[4] – لە گاتاکان، یەسنەی٥٣، بەندی٧دا سەبارەت بەم بابەتە هاتووە: ((...ئەگەر لە کۆڕی ئیمانداران دوور کەونەوە، لەو کاتەدا کە دووبارە زیندوو دەبنەوە، هاوار و رۆڕۆتان لێوە هەڵدەستێت.))

چیاکان دەتوێنێتەوە. ئەم ئاسنە تواوە سەرجەم زەوی بە بەژنی پیاوێک دادەگرێت. گشت مرۆڤەکان دەبێ لەم ئاسنە تواوە بپەڕنەوە. بۆ ئیمانداران وەکو ئەوە وایە شیری گەرمیان بەسەردا بدۆشن و بۆ بێ باوەڕان وەکو ئەوە وایە ئاسنی تواوەیان بەسەردا بڕێژن. لە ئەنجامدا بەهۆی ئەوە ناپاکان و خراپکاران لە تاوانەکانیان پاکژ دەبنەوە.[١]

[١] – لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان زۆرجار پرسی تواندنەوەی کانزا بە مەبەستی تاقیکردنەوە و جیاکردنەوەی پاک لە ناپاک و بە مەبەستی پاکژبوونەوە لە ناپاکییەکان باس کراوە. بۆ نموونە سەبارەت بەم رووبارەی ئاسنی تواوە لە گاتاکان، یەسنەی ٥١، بەندی ٩دا هاتووە: ((چ دەسکەوتێک ئەی ئەهورامەزدا بۆ لایەنگرانی هەر دوو رێ، بەهۆی ئاگری سوور و کانزای تواوە دەسنیشان دەکەی؟ بۆ دڵپەشێوانی ئەم رێگایە نیشانەیەک دابنێ، واتا زیان بۆ درۆپەرستان و سوود بۆ پەیڕەوانی راستی.)) هەروەها لە یەسنەی ٢٩، بەندی٧دا دەڵێت: ((...دوای ئەو تاقیکردنەوەی بە کانزای تواوە دەکرێت، ئەنجامی تاوان ئاشکرا دەبێت و تۆ لە هەمووان باشتر دەزانی ئەی ئەهورامەزدا.)) رووباری کانزای تواوە دوای زیندووکردنەوەی مردووەکان بە مەبەستی جیاکردنەوەی پاک و ناپاک لە یەکترییە، چونکە دوای ئەو سێ شەو و رۆژەی مرۆڤەکان لە بەهەشت یان لە دۆزەخدا دەمێننەوە پاداشت و سزاکانیان وەردەگرن. لەم کاتەدا جارێکی تر گشتیان دەبێ لە رووباری ئاگر بپەڕنەوە تاکو بە یەکجاری لە گوناهەکانیان پاکژببنەوە و بۆ دواجار لە بەهەشتی پان و بەرین و هەتاهەتاییدا ئارام بگرن.

# • بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی کوردیدا

**بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی کوردیدا:**

بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان زۆر بایەخی پێدراوە و بەشێکی گرنگ لە پەیکەرەی ئەفسانەی کوردی پێکدێنێت و پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ چۆنییەتی ژیانی مرۆڤ لە جیهانی مادیدا هەیە. سەرپشک بوونی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی رێگەی راستی ئەهورایی یان هەڵبژاردنی رێگەی چەوتی ئەهریمەنی، ئەنجامەکەی دەسکەوتی بەهەشت یان دۆزەخ دەبێت. بیرۆکەی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ دوای مردن لەناو میللەتی کورد بۆ رۆژگارە زووەکان دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی ئەشکەوتەوە ئەم بیرۆکەیە هەر هەبووە و لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بە شێوازی جۆراوجۆر مردووەکانیان ناشتووە؛ بە چەشنێک کە بیری بەردەوامبوونی ژیان لە جیهانی بن زەوی بەرجەستە دەکات.[1] دواتر ئەم بیروباوەڕە گەشە دەکات و لە قۆناغی (سۆمەرستانی مێژوو[2])دا گۆڕانی بەسەردا دێت و دواجار لە قۆناغی مەزداپەرستیی کوردستاندا بەم شێوەیەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس دەکرێت دەگاتە لووتکە[3].

---

[1] – لە ئەشکەوتی (شانەدەر)دا مردووەکانیان هەر لە ناو ئەشکەوت ناشتووە و هەروەها لە گوندی (چەرمو)ش مردووەکانیان لە ناو ژووری خانووەکاندا ناشتووە.(بۆ زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی ناشتنی مردوو لە ئەشکەوتی شانەدەر و چەرمو، بڕوانە؛ (٨٢: ٧٥) و (١٦: ١٠١-١٠٤). هەروەها سۆمەرییەکانیش مردووەکانیان لە ناو ژوورەکاندا دەناشت. بۆ زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی ناشتنی مردوو لەلایەن سۆمەرییەکان، بڕوانە؛ (١٥١: ١٣٥، ١٥٨) پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان کولتووری مرۆڤەکانی ناو ئەشکەوتی شانەدەر و زەڤیاچەمیَ و سۆمەرییەکان کە دواتر شارە گرنگەکانی جیهانی کۆن وەکو هەولێر، ئوور، ئووروک و...هتد دروست کرد. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ئاشکرایە کە سۆمەرییەکان لە کوردستانەوە بەرەو باشوور دابەزیون. بێگومان کاتێک بۆ خوارەوە رۆیشتن کولتوور و شارستانییەتی خۆشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، (١٧: ٣٠-٣٣) و هەروەها (١٦: ٣٦-٤١)

[2] – واتا کوردستانی رۆژگاری سۆمەرییەکان، ئەم زاراوەیە لەلایەن (د. مەولود ئیبراهیم حەسەن) لە کتێبی (نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ بە جیهانی بوون) لاپەڕە (٦٢) بەکاربراوە. ئەم زاراوەیە رەنگە بتوانیَ باری مێژوویی ئەم قۆناغە گرنگەی مێژووی کۆنی کورد هەڵبگرێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارمان بردووە.

[3] – لە دەقێکی کۆنی سۆمەریدا باسی بن دنیا و دۆزەخ کراوە. لەم دەقەدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەسفی دۆزەخ کراوە و لە هەمان کاتدا ئاماژە بە جیاوازیی شوێنی مرۆڤە باش و خراپەکان لە جیهانەکەی تر

له زۆر شـوێنی ئاڤێسـتا و بە تـایبەتی لە گاتاکانـدا باسـی بەهەشـت و دۆزەخ کـراوە. بەهەشـت بە (ڤەهیشـتێم مەنـو Onam,mv t S i h aW)[1] بە واتـــای خۆشـــترین شـــوێن و هەروەهـــا (ئـــارمەئیتی ڤەهیشـــتا A t S i h aW, I t i amr A)[2] بە واتای وڵاتی هەرمان ناوی هـاتووە. بـۆ دۆزەخ بە زۆری وشەی (درۆگو دێمانای i AnAmvd,O j Ur d) بە واتـای (مـاڵی درۆ) و (خـانەی درۆ) بەکـاربراوە. جـگە لەوانە زۆر نـاو و زاراوەی تـریش بـۆ بەهەشـت و دۆزەخ بەکـاربراون وەکـو، (باشـترین جیهـان)، (وڵاتـی نەمـرانەی مەزدا)، (خـانەی پـاکی)، (بـاغی خـۆش و رازاوە). لە بەرامـبەردا بـۆ دۆزەخ زاراوەی وەکو، (دژوارترین شوێن)، (تاریکترین شوێن) بەکاربراوە. لە بەشەکانی تری ئاڤێستا و لە دەقە پەهلەوییەکاندا بە درێژی باسی بەهەشت و دۆزەخ و شوێن و تەبەقات و تایبەتمەندییەکانیان کراوە.

---

دەکـات. نـاوەڕۆکی ئەم دەقە سـەرچاوەیەکی مەزنە بـۆ بیروبـاوەڕی زەردەشـتی سـەبارەت بە بەهەشـت و دۆزەخ و زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ قۆناغەکانی گەشەی هزری مرۆڤی کورد لە سـەردەمی سۆمەرستانەوە بۆ سەردەمی مەزداپەرستی دەستنیشان بکرێت. ئەم دەقە بەم جۆرە دەسپێدەکات:

خانوویێک لەبن کێوی جیهانە
ڕێگایەک بەرەو خوارەوە دەڕوات، کێوەکە دایدەپۆشێ
و هیچ مرۆڤێک ئەم ڕێگایە پێنازانێ.
خانوویێکە
کە ناپاکان تێیدا بە پەت قۆڵبەست کراون
و لە شوێنێکی تەنگدا بەندکراون.
خانوویێکە کە پاک و ناپاکان لێک جیا دەکاتەوە.
ئەوە ئەو خانووەیە کە کەس ناتوانێ لێی رابکات،
بەڵام دادگەران بەرلە دادوەرگرتنەوە ناترسن
چونکە لەم ڕووبارەی گیانی مردووەکانی پێدا دەڕوات،
پاکان و ڕاستکرداران هەرگیز نامرن
ئەگەرچی ناپاکان لەناو دەچن.(بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە؛ ١٤٢: ١٥٣)

[1] – گاتاکـان یەسـنەی ٣٠، بەنـدی٤دا هـاتووە: ((کاتێک ئەم دوو مەینوە بە یەک گەیشـتن ژیـان و مردنیـان بەدی هێنـا، هەر لەبەر ئەوەیە کە لە ڕۆژی کۆتاییـدا درۆپەرسـتان لە ناخۆشـترین شـوێن گرفتـار و پەیرەوانـی ڕاستی لە خۆشترین شوێن سوودمەند دەبن.))

[2] – یەسنەی ٣١، بەندی ٤دا هاتووە: ((کاتێک بە ڕاسـتی پـاڕاینەوە و داوای یارمەتیمـان لە مەزدا و فریشـتەکانی کرد لە ئەشا و ئارمەیتی، لەو کاتەدا ئەی ڤەهـومەن دەتـوانم ئاواتەخوازی وڵاتـی هەرمـان بـم و بەهـۆیەوە بەسەر درۆدا سەرکەوم.))

**بەهەشت:**[١]

لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان[٢] شوێنی بەهەشت لە ئاسمانە و تەبەقاتی بەهەشت لەگەڵ ژمارەی تەبەقاتی ئاسماندا یەکسانە. مرۆڤەکان بەپێی رادەی کردەوە باشەکانیان بەسەر تەبەقە جیاجیاکانی بەهەشتدا دابەش دەکرێن. ئاسمان لە چوار تەبەقە پێکهاتووە: یەکەم، لە زەوییەوە تاکو پەیژەی ئەستێرە کە شوێنی ئەستێرەکانە. دووەم، لە پەیژەی ئەستێرەوە تاکو پەیژەی مانگ کە شوێنی مانگە. سێیەم، لە پەیژەی مانگەوە تاکو پەیژەی خۆر کە شوێنی هەڵکەوتنی خۆرە. چوارەم، لە پەیژەی خۆرەوە تاکو گەرودمان کە بەرزترین پەیژەی ئاسمان و عەرشی باڵایە.[٣] بەهەشت لە تەبەقەی ئەستێرە دەسپێدەکات و بە گەردومان کە دەکەوێتە ناو هەرێمی رووناکیی بێ سنوورەوە و بارەگای یەزدانە، کۆتایی پێدێت.[٤]

دابەشکردنی گیانی مرۆڤەکان دوای مردن بەسەر تەبەقەکانی بەهەشتدا، بەپێی کردەوەی باشیی مرۆڤەکان لە جیهانی مادی دەبێت. لە تەبەقەی ئەستێرەدا گیانی ئەو مرۆڤە باشانە ئارامیان گرتووە کە ئەگەرچی پەیڤی پیرۆزی ئەهورایییان نەخوێندۆتەوە و ستایش و نیایشی یەزدانیان نەکردووە، بەڵام کردەوەکانیان باش بووە. لە تەبەقەی مانگدا گیانی ئەو مرۆڤە باشانە ئارامی گرتووە کە کردەوەی باشیان لە گیانەکانی ناو تەبەقەی ئەستێرە پترە.

---

[١] – بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە بەهەشت بڕوانە؛ ریوایەتی پەهلەوی، بەشی٢٤، بەندی١ ،٢ و بەشی ٤٨، بەندی، ٩٨-١٠٧ و بەشی ٦٥، بەندی١، ٢، ٦، ١٠، ١٤. مینوگی خیرەت، پرسیاری٦، بەندی٨-١٧ و بنداهێش، بەشی ٢٧، بەشی ٣٠ و بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٣٥، بەندی٤٣، ٤٥، ٤٩، ٥٤-٥٥ و ئەرداڤیرازنامەگ، پەرگەردی ٧-٩، ١٢.

[٢] – ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخ بەپێی ئەم سەرچاوانە نووسراوەتەوە: (ریوایەتی پەهلەوی، بەشی٤٨، ٦٥. مینوی خیرەت، پرسیاری ١، ٦، ١١. ئەرداڤیراف، پەرگەردی ٧-١٥، پەرگەردی ١٧-١٩. بنداهێش، بەشی ٥، ١١، ١٢، ١٥. بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٢. بنداهێشی هیندی، بەشی٩، ٢٤)

[٣] – لە کتێبی (بنداهێش)دا ئاسمان بۆ حەوت تەبەقە دابەش کراوە کە بریتین لە: یەکەم تەبەقەی هەور، دووەم تەبەقەی ئەختەران (حەسارە)، سێیەم تەبەقەی ئەستێرەکان، چوارەم تەبەقەی مانگ کە بەهەشت لەوێیە، پێنجەم گەردومان کە هەرێمی رووناکیی بێ سنوورە، شەشەم تەبەقەی ئەمێشەسپێنتەکان، حەوتەم شوێنی ئەهورامەزدا.(بڕوانە؛ بنداهێش، بەشی چوارەم)

[٤] – بەپێی دەقێکی تر کە لە (ریوایەتی پەهلەوی)دا ئاماژەی پێدراوە، گەردومان دەکەوێتە تەبەقەی (خۆر)ەوە. (بڕوانە؛ ریوایەتی پەهلەوی، بەشی٦٥) هەروەها لە پەیژەی ئەستێرەوە تاکو پەیژەی مانگ (بەهەشتی یەکەم)ی پێدەگوترێت و لە پەیژەی مانگ تاکو پەیژەی خۆر (بەهەشتی دووەم)ی پێدەگوترێت و لە پەیژەی خۆر تاکو گەردومان (بەهەشتی سێیەم)ی پێدەگوترێت. ئەم سێ بەهەشتە بە دوای یەکدا شوێنی (هزری باش، گوتاری باش و کرداری باش)ن. (بڕوانە؛ مینوگی خیرەت پرسیاری ٦، بەندی٨-١٢)

له تەبەقەی خۆردا گیانی ئەو پاشا، سەروەر و سەرۆکانە ئارامیان گرتووە کە ئەرکەکانیان بە باشی جێبەجێ کردووە و دادپەروەر بوونە. لە گەردوماندا کە رووناکترین شوێنە و بارەگای ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێنتەکانە، بەرزترین و پاکترین گیانەکان تێیدا ئارام دەگرن. گیانی پاک و بە توانای بەخشندەکان لە بەرزترین شوێنی ئەم تەبەقەیە ئارام دەگرێت. گیانەکانی تر لە شوێنەکانی تری ئەم تەبەقەیە خاوەن شوێن و مەنزڵی تایبەت بە خۆیانن. گیانی مرۆڤە خێرخوازەکان، ئەوانەی گاتا و پەیڤە پیرۆزەکانیان خوێندۆتەوە، گیانی راستگۆکان و دەسپاکان و داوێن پاکان، گیانی ئەو ژنانەی لە جیهانی مادیدا گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بوونە، گیانی مۆبەد و ئایرپەدان، گیانی سەربازانی گیانفیدای خاک و نیشتمان و ...هتد لەم تەبەقەیەدا ئارامیان گرتووە و بە جلوبەرگی رازاوە و پڕشنگدار لە فراوانی و بەروبوومی بەهەشت سوود وەردەگرن.

دوای زیندووبوونەوە و نوێکردنەوەی جیهان لەلایەن ئەهورامەزداوە لە رێگەی سوشیانت و هاواڵەکانی، لەشی سەرجەم مردووەکان بنیات دەنرێتەوە و گیان بە بەر جەستەکان دێتەوە و هەروەها دوای لێپرسینەوە و دەسنیشانکردنی چاکە و خراپەی هەر کەسێک، بۆ ماوەی سێ رۆژ[1] بە گوێرەی کردەوەکانیان سزا دەدرێن یان پاداشت دەکرێن. ئینجا پاکژبوونەوە لە رێگەی کانزای تواوە دەسپێدەکات و دوای ئەوەی سەرجەم تاوانباران لە تاوان و گوناهەکانیان پاکژ بوونەوە، گشت مرۆڤەکان پێکەوە بە بەهەشتی هەتاهەتایی شاد دەبن و بۆ هەمیشە لە ناو خۆشییەکانی بەهەشتدا دەمێننەوە[2].

دوای پاداشت و سزای سێ رۆژی، سپێنتەئارمەیتی لە یەزدانی مەزن دەخوازێت مرۆڤەکان بە بەهەشتی بەرین و هەتاهەتایی و رازاوە شاد بکات[3].

[1] – پێشتر ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم سێ رۆژە بۆ ئەم مرۆڤانە وەکو نۆ هەزارساڵە.

[2] – لە ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٤٨، بەندی٧٠و٧١دا هاتووە: خشەترەڤەئیریو کانزای گشت کانەکانی جیهان دەتوێنێتەوە، سەرجەم زەوی بە کانزای تواوە دادەپۆشرێت و بەقەد بەژنی پیاوێک بەرز دەبێتەوە. گشت مرۆڤەکان دوای ئەوەی زیندوودەبنەوە و گیانەکان دەچێتەوە بەر جەستەی خۆیان، لەم کانزا تواوە دەپەڕنەوە و بەم هۆیەوە ناپاک و گوناهباران لە تاوان و گوناهەکانیان پاکژدەبنەوە.

[3] – ئەو بەهەشتەی لە سەرەوە باس کرا، ئەو شوێنەیە کە گیانە پاکەکان دوای مردن و جیابوونەوە لە جەستە تاکو رۆژی فرەشکرد و دووبارە زیندووبوونەوە بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ کە بەرامبەر بە نۆ هەزار

لەم کـــاتەدا زەوی بەرەو ئاســـمان ســـەر دەکەوێـــت و دەگـــاتە تەبەقەی ئەستێرەکان و (گەرودمان)یش بەرەو تەبەقەی ئەستێرەکان دادەبەزێت. گشت تەبەقـاتی بەهەشـت لێکـدەدرێن و بەهەشـتێکی پـان و بەریـن و بـێ تەبەقە و بەهەشتی هەتاهەتایی بەدی دێت. لەوێدا ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان و ئیـزەد و مرۆڤەکـان ئـارام دەگـرن. کەس لەم بەهەشـتەدا تـامی ناخۆشـی و نەهـامەتی ناچێژێت. مرۆڤەکـان پیـر نـابن و نەمـر دەبـن، بەردەوام ستایشـی ئەهورامەزدا دەکەن. ئەوەندە جوانن کە وەسف ناکرێن. گشت مەڕ و گیاندارە بە ســوودەکان زینـدوودەکرێنەوە تـاکو دەگـاتە ئەو گـا هەوەڵیـنەی لەگەڵ گەیـۆمەرێتەن ئەفرێنـرا. ئینجـا کەلەشـی مـادی ئەم گـایە شـێوەی مینـۆڤی وەردەگرێـت و لەنـاو جەســتەی مرۆڤـدا دەتــوێتەوە. تـام و بـۆی گشــت گۆشتەکان لە ناو لەشی مرۆڤەکاندا جێگیر دەبێت و ئەم تامە بەردەوام لە ناو دەمدا دەمێنێتەوە. لە بەهەشتدا مرۆڤەکان زاوزێ ناکەن. رووەکەکان دووبارە شـین دەبـنەوە و هەرگیـز وشـک نـابن و گـوڵ و گـوڵزاری ئەبەدی هەرگیـز رەنگی سیسی و ژاکاوی بە خۆیانەوە نابینن.

لە بەرامبەر بەهەشـتدا لە بەشـی گاتاکانـدا زاراوەی جیاجیـا بـۆ چەمکـی دۆزەخ بەکاربراوە، بۆ نموونە (بارەگای کردەوەی نەشیاو)[1]، (خانووی درۆ)[2]، (خانومـــانی دێـــو)[3]، (هەواری بـــۆگەن)[1] و...هتـــد. لە چەنـــد شوێنێکیشـــدا بە

سـاڵە لەوێدا بە سـەر دەبەن و سـوود لە گشـت بەروبـووم و خۆشـییەکانی دەبیـنن، بەڵام لە راسـتیدا ئەم بەهەشتە کاتییە و بەهەشتی هەتاهەتایی دوای پاکژبوونەوە بەهۆی کانزای تواوە دەستەبەر دەکرێت.

[1] – لە گاتاکـان، یەسـنەی٣٢، بەندی١٣دا دۆزەخ بە شـێوەی (ئەچیشـتەهی دێمـانێ enAmvd,iihat Sica) هاتووە: ((گرێهمو– سەرکردەیەکی دێوپەرستانە– و ئەم تێکدەرانەی ژیان، لە جیهانەکەی تر بەرەو بارەگای کردەوەی نەشیاو رەوانە دەکرێن...))

[2] – لە گاتاکـان، یەسـنەی٤٦، بەنـدی١١دا دۆزەخ بە (درۆگـو دێمـانی iAnAmvd,OjUrd) نـاوی هـاتووە: ((کەرەپەنو و کاڤەیەکان بەهۆی دەستڕۆیشتوویییان، خەڵکی بۆ خراپە رێنوێنی دەکەن تاکو ژیانی هەرمـانی دوارۆژیـان لـێ تێکبـدەن. گیـان و دەئێنـای ئەوانە کاتێک لە پـردی چینڤەت نزیـک بێـتەوە، دەترسـێن و بـۆ هەتاهەتـایە لە خـانەی درۆ (دۆزەخ)دا دەمێننەوە.)) وەک لە دەقەکانی ئاڤێستا بە تـایبەتی لە گاتاکانـدا بەدی دەکرێت، (کەرەپەنو) و (کاڤەیەکان) دوو پۆلی دەسـەڵاتدار و سـەرکردە بەهێزەکانی رۆژگـاری زەردەشـتن کە دوژمن و نەیاری سەرسەختی ئەم پێغەمبەرە بوونە. هەروەها لە یەسـنەی ٤٩، بەندی ١١دا جـارێکی تر بە (درێگو دێمانێ) واتا خانووی درۆ ئاماژە بە دۆزەخ کراوە.

[3] – لە گاتاکـــان، یەســـنەی ٤٩، بەنـــدی٤دا دۆزەخ بە (دەئیڤـــیەن دئەن n&d,g NVwEad) نـــاوبراوە: ((ئەو کەسانەی بە زمانی خۆیان لەناو هەڤاڵانیاندا توورەیی و ستەم بڵاوبکەنەوە و دژی بەخێوکردنی مـاڵات بن،

شێوەیەکی گشتی وەسفی دۆزەخ کراوە کە دۆزەخ شوێنێکی تاریک و بۆگەن و ناخۆشە کە پڕە لە دێو و دڕنج و خۆراکی بۆگەن. گیانە دۆزەخییەکان لەوێدا لەم کەشە نالەبارەدا سزای تاوانەکانی جیهانی مادی وەردەگرنەوە و هەرگیز ئارامی و ئاسوودەیی بە رووی خۆیاندا نابینن و بەردەوام شین و رۆڕۆ دەکەن و ئاخی پەشیمانی هەڵدەکێشنەوە.

**دۆزەخ[٢]:**

لە دەقە پەهلەوییەکاندا بە شێوەیەکی روونتر باسی دۆزەخ کراوە. بەپێی ئەم دەقانە دۆزەخ دەکەوێتە ناوکی زەویەوە. دەرگای دۆزەخ هەمان ئەو کونەیە کە ئەهریمەن لەوێوە دەردەکەوێت و هێرش دەکاتە سەر ئەفراندنی ئەهورایی و جیهانی ئەفرێنراوی ئەهورامەزدا بۆگەن دەکات. دێو و هێزە ناپاکە ئەهریمەنییەکان لە رێگەی ئەم دەروازەیەوە هاموشۆ دەکەن. دێوی ڤیزەرەش کە لە کاتی مردنی مرۆڤدا گیانی مردوو ئازار دەدات، لە بەردەم دەرگای دۆزەخ وەستاوە. کێوی ئەرزڤەرگرێوە وەک قەڵایەک دەڕوانێتە سەر دەرگای دۆزەخ و دێوەکان لە ناو ئەم کێوەدا پشوو دەدەن. دۆزەخ پڕە لە خرەفستەر و گیاندارە ژەهراوییەکان کە لەلایەن ئەهریمەنەوە خوڵقێنراون. گیانە دۆزەخییەکان لەلایەن ئەم ژەهرداره تۆقێنەرانە بەردەوام ئەشکەنجە دەدرێن.

دۆزەخیش وەکو بەهەشت لە چوار پلە یان تەبەقە پێکهاتووە. پلەی یەکەم پەیوەستە بە هزری خراپ، پلەی دووەم پەیوەستە بە گوتاری خراپ، پلەی سێیەم پەیوەستە بە رەفتاری خراپ و چوارەمین پلە یان تەبەقە تاریکترین شوێنی دۆزەخە. گیانی گوناهباران کە لە هزر و گوتار و رەفتاردا

بێگومان- لەلای ئەوان کردەوەی چاک نا، بەڵکو کردەوەی خراپ زاڵە و بەهۆی باوەڕی ناڕاست (درۆیین)یان لە خانووی دێو(دۆزەخ)دا گرفتار دەبن.))

[١] - لە گاتاکان، یەسنەی٥٣، بەندی٩دا دۆزەخ بە (دوژڤەرێنا AnvrawZud) واتا هەوار(وار)ی پیس و بۆگەن دانراوە: ((هەواری بۆگەن و پیس شوێنی ئەو کەسەیە کە پەیڕەوی ئاییني درۆیینە...))

[٢] - بۆ خوێندنەوەی دەقەکان سەبارەت بە دۆزەخ بڕوانە؛ ریوایەتی پەهلەوی بەشی ٤٨، بەندی ٦٩-٧١ و بەشی ٥٠، بەندی ١. و پرسیاری ١، بەندی ١٨٢-١٩٤ و پرسیاری ٦، بەندی ٢٠-٣١. ئەرداڤیرافنامەگ، پەرگەردی١٥، ١٧-١٩. بنداهێش، بەشی ٢٧، بەشی ٣٠. بژاردەکانی زادیسپەرم، بەشی ٢، بەندی١-٥ و بەشی٣٥، بەندی ٤٠-٤٢، ٤٤، ٤٩. بنداهێشی هیندی، بەشی ٩، بەندی٣ و بەشی ٢٦، بەندی٢١.

خـراپن، له چینـڤەت پـردەوە لەگەڵ یەکەم هەنگـاو بەرەو دۆزەخــی هـزری خـراپ، و بە هەنگـاوی دووەم بەرەو دۆزەخـی گوتـاری خـراپ، بە هەنگـاوی سێیەم بەرەو دۆزەخی رەفتاری خراپ و بە چوارەمین هەنگاو بەرەو دوایین تەبەقە و قووڵایی دۆزەخ شۆڕ دەبنەوە.

دۆزەخ یەکجـار تاریـک و بـۆگەنە، رادەی تـاریکییەکەی وەهـا زۆرە کە دەکرێ بە دەست بگیرێت. بـۆنەکەی وەهـا خەسـتە کە دەکرێ بە کـارتەک ببردرێت. وەهـا گەورەیە کە ئەگەر هەزاران کەس لە یەک کاتـدا ئەشـکەنجە بدرێن، کەس ئاگای لەوانی تر نییە. ئەم هەستکردن بە تەنیاییيە ئازارەکانیان قـووڵتر دەکـات. سـەرمای دۆزەخ وەکـو سـەرمای ئەسـتێرەی کەیـوان[1] لە نزمترین ئاستدایە و گوڕ و تینی گەرمییەکەی وەکو ئەستێرەی بەهـرام[2] وایە. خواردنی دۆزەخییەکان خۆراکی بۆگەن و پیسایی خرەفستەرەکانە.

دۆزەخ قـــووڵ و تـــۆقێنەرە. لە ســـامناکترین چاڵەکـــان تەســـکتر و مەترسیدارترە. بۆگەنی ئەم شـوێنە بگاتە لووتی هەر کەسێک، لووتی شـەق دەبـات. هەر کەس رێـگەی بکەوێـتە دۆزەخ وادەزانــێ بەس تەنیـا ئەو لەم ناخۆشترین شوێنەیە و سێ شەو و رۆژ بۆ ئەم تووشبووە وەکو نۆ هەزار ساڵە. دۆزەخ پڕە لە گیانداری ژەهراوی کە بە سەر یەکتری کەوتوون و بە بەژنی چیایەک بەرز بوونەتەوە و وەکو سەگ پەلاماری گیانە دۆزەخییەکان دەدەن و لە باڵ یەک هەڵیاندەوەشێننەوە. گیانە دۆزەخییەکان لە ناو دۆزەخی تەنگ و تاریک و سامناکدا هاوار دەکەن و داوای یارمەتی دەکەن، بەڵام بێ سوودە کەس بە هانایانەوە ناچێت. بەردەوام بە سەختی ئەشکەنجە دەدرێن. دێو، مار، دووپشک، گورگ، سەگ، مێش و هەزاران جۆر گیانەوەری تر تێیان بەربـوونە و لێکیـان هەڵدەوەشـێننەوە. هەر یەک لە گیـانە دۆزەخییەکـان بە گوێرەی تاوانەکانیان سزا دەدرێن و ئازار دەدرێن. یەکێک خوێن و زووخـاو و میز و پیسایی دەرخوارد دەدرێت. یەکێک لاشەی مردارەوەبوو و مێشـک و گۆشتی خۆی دەلێسێتەوە و دەیخوات. یەکێک بە مەمکییەوە هەڵواسراوە و زمـانی لە ملـی ئـاڵاوەتەوە. یەکێـک چیـایەک بە پشـت بـۆ ئەولاو ئەولا

[1] – هەمان حەسارەی (زوحەل)ە کە زۆر ساردە.

[2] – هەمان حەسارەی (مریخ)ە. لە کۆندا پێیان وابووە مەریخ زۆر گەرمە.

دەگێڕێت...هتد. هەزاران جۆر ئەشکەنجە و ئازاری بەردەوام. لە هەمووی ئەو ئازارانە ناخۆشتر، گاڵتە پێکردنی ئەهریمەنە کە لە ناو دۆزەخدا فشە بە گیانەکان دەکات و پێیان دەڵێت: نیعمەتەکانی ئەهورامەزداتان دەخوارد، بەڵام ملکەچی من بوون و بیرتان لە پەروەردیگاری خۆتان نەکردەوە و خواستی منتان جێبەجێ کرد.

رادەی ئازار و ئەشکەنجەدانی دۆزەخییەکان لەلایەن ئیزەدی ئەرتەڤەهیشتە چاودێری دەکرێت و لێناگەڕێت دێوەکان لە رادەبەدەر، ئەم گیانانە سزا بدەن.

لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، دۆزەخ هەتاهەتایی نییە. ئەم دۆزەخەی کە باس کرا تەنیا تاکو ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە سەرلەنوێ مردووەکان لە ناو جەستەی مادیی خۆیاندا زیندوو دەبنەوە. گیانی مرۆڤی ناپاک دوای مردن بەرەو دۆزەخ شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام لە کۆتایی جیهاندا و لە کاتی زیندووبوونەوەی مردووەکان و هاتنەوەی گیان بە بەر جەستەی گیتیایی و دوای لێپرسینەوە و دەسنیشانکردنی سزای تاوانەکان، بۆ ماوەی سێ رۆژ لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە. دواجار لە رووباری کانزای تواوە و ئاگری سوور دەپەڕێتەوە و لە ئەنجامدا لە گشت تاوانەکانی پاکژ دەبێتەوە و بەرەو بەهەشتی پان و بەرین و هەمیشەیی بەڕێ دەکەوێت. لە یەسنەی ٦٢، بەندی ٣دا زۆر بە ئاشکرایی دیارە کە بەر لەوەی مرۆڤەکان دووبارە زیندووبکرێنەوە و گیانیان بچێتەوە بەر جەستەی مادیی خۆیان، بۆ ماوەیەکی کاتی لە بەهەشت یان دۆزەخدا دەمێننەوە و سزا یان پاداشتی کردەوەکانیان وەردەگرنەوە و پاشان لەگەڵ فرەشکرد یان زیندووبوونەوەی مردووەکان کۆتایی بەم بەهەشت و دۆزەخە دێت. دەقی ئەم بەندەی یەسنەی ٦٢ بەم جۆرەیە: ((تاکو لە ناو ئەم شوێنەدا بسووتێی، لە ناو ئەم خانومانەدا گڕ بگری، تاکو لە ناو ئەم خانومانە لە خۆشی و رووناکیدا بیت، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، تا کاتی زیندووبوونەوەی سەرکەوتوو...)) هەر لە دوای ئەوە لە بەندی ٦٣دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دراوە کە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی زیندووبونەوەی مردووەکان، مرۆڤەکان لە شوێنی خۆشیی هەرماندا ئارام دەگرن. ئیتر چیتر باسی دۆزەخ ناکرێتەوە و

کەس ناخرێتەوە ناو دۆزەخ و کۆتایی بە ئازار و ئەشکەنجەی تاوانباران لە دۆزەخدا دێت.

بەم جۆرە دەردەکەوێت لە ئەفسانەی کوردیدا دوو جۆر بەهەشت و یەک جۆر دۆزەخ هەیە. یان بە واتایەکی تر دەشێ بگوترێت بەهەشت دوو جۆرە: یەکەم بەهەشتی کاتی. دووەم بەهەشتی هەمیشەیی. بەهەشتی کاتی ئەو بەهەشتەیە کە گیانی پیاوچاک دوای جیابوونەوە لە جەستە و دوای تێپەڕینی سێ شەو و رۆژ، لەوێدا ئارام دەگرێت تا ئەو کاتەی کە گشت مردووەکان زیندوو دەبنەوە و گیانەکان دەچنەوە ناو جەستەی خۆیان و دوای پەڕینەوە لە رووباری ئاگری سوور و کانزای تواوە، بە یەکجاری بەرەو بەهەشتی هەمیشەیی دەبرێن و ئیتر بۆ هەتاهەتایە لەوێدا بەوپەڕی خۆشی و کامەرانی دەژین.

بەهەشتی کاتی و هەمیشەیی لە رووی بنیاتەوە تا رادەیەک لێک جیان. بەهەشتی کاتی لە چوار پلە یان تەبەقە پێکهاتووە، بەڵام بەهەشتی هەمیشەیی هیچ پلە و تەبەقەیەکی نییە و هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی لە بەرهەمەکانی سوودمەندن. بەهەشتی کاتی بەرامبەر بە دۆزەخ دانراوە. ئەم دۆزەخەش لە چوار پلە یان تەبەقە پێکهاتووە، بەڵام لە بەرامبەر بەهەشتی هەمیشەیی هیچ دۆزەخێک نییە. بە واتایەکی وردتر، بەهەشتی هەمیشەیی کۆتایی بە دۆزەخ دێنێت. سەرجەم مرۆڤە ناپاکەکان دوای پەڕینەوە لە کانزای تواوە لە تاوانەکانیان دادەماڵرێن و بە یەکجاری پاکژ دەبنەوە و لەگەڵ گشت مرۆڤەکانی تر لە بەهەشتی هەمیشەیی ئەهوراییدا بە خۆشی و کامەرانی بۆ هەتاهەتایە ئارام دەگرن.

بێگومان دوای مردن، گیانی مرۆڤی باش بەرەو بەهەشت دەڕوات و گیانی مرۆڤی خراپیش بەرەو دۆزەخ، بەڵام ئەوانەی باشە و خراپەیان هاوسان بێت چیان بە سەر دێت و بەرەو کوێ دەبرێن؟ چارەنووسیان چی دەبێت؟ لە گاتاکاندا سێ جۆر مرۆڤ لە رووی کردەوەکانیان لێک جیا کراونەتەوە کە بریتین لە:

یەکەم ئەو کەسانەی رێگەی راستیان هەڵبژاردووە و بەردەوام خاوەن هزری باش، گوتاری باش و رەفتاری باشن، ئەمانە بەهەشتین. دەستەی دووەم ئەو کەسانەی رێگەی چەوت و درۆیان هەڵبژاردووە و خاوەن هزر،

گوتار و رەفتاری خراپن. ئەمانە دۆزەخین. دەستەی سێیەم ئەو کەسانەی سەر بۆ هەواوهەوەس دادەنوێنن و هەندێ جار ڕێگەی ڕاست هەڵدەبژێرن و هەندێ جار بەرەو ڕێگەی چەوت لار دەبنەوە و کردەوەی باش و خراپیان ئـاوێتەی یەکتـری بـووە. گیـانی ئەوانە دوای مـردن لەلایەن ئەهـورامەزدای دادگەری بە توانا، جیا دەکرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت.[1] لە گاتاکاندا بە هـیچ شـێوەیەک وەسـفی چۆنییەتی ڕێ و شوێنی جیاواز و چارەنووسی دەستەی سێیەم نەکراوە، بەڵام لە ئاڤێستای نوێدا ناوی شوێنی سێیەمین پۆلی ناو دابەشکردنەکەی گاتاکان بە شێوەی (میســڤانەگاتو ut A g ,anws im) بە واتــای (جێگــای ئــاوێتە) بەرچــاو دەکەوێت.[2]

### هەمی وێسیاو (بەرزەخ)[3]:

بەپێی دەقە پەهلەوییەکان شوێنی میسڤانەگاتو دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخ، بە واتــایەکی تــر ســنوری نێــوان زەوی و تەبەقەی ئەســتێرە (میســڤانەگاتو)یە. لە وێـدا نە خۆشـییەکانی بەهەشــت و نە ناخۆشـییەکانی دۆزەخ بەدی ناکرێن. لەم شوێنەدا گیانی ئەو مرۆڤانە ئارام دەگرێت کە چاکە

---

١ – لە گاتاکـان، یەسـنەی٣٣، بەنـدی ١دا هـاتووە: ((هەروەک لە بەڵێنـی ڕۆژی یەکەم بڕیـاردرا، یەزدان بە دادگەرییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ درۆپەرست و پەیڕەوی ڕاستی ڕەفتار دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسەی کردەوەی لەگەڵ باشی و خراپی ئاوێتەیە.)) هەروەها لە یەسنەی ٤٨، بەندی ٤دا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر ڕوون کراوەتەوە: ((ئەو کەسەی هەندێ جار هزری باش و هەندێ جار هزری خراپە، و دەئێنای خۆی بە ڕەفتار و کرداری خراپ بە هەوای نەفس و خواستی دەروون سپاردووە، ئەم کەسە بەپێی بڕیاری ئەزەلیی تۆ لە ڕۆژی دوماهی تاک دەمێنێتەوە.)) واتا لە بەهەشتی و دۆزەخییەکان جیادەکرێتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی گاتاکاندا ئاماژە بەوە نەدراوە کە ئەم جۆرە کەسانە لە کوێ دەمێننەوە.

[2] – لە ڤی دەئێوەدات، پەرگەردی ١٩، بەندی٣٦دا هاتووە: ((ستایشی بەهەشتی باوەڕداران دەکەین کە پڕە لە ڕووناکی و ئاسوودەیی، ستایش دەکەین گەردومان کە بارەگای ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان و پیاوچاکانە. ستایش دەکەین مێسڤانەگاتو (بەرزەخ) و چینڤەت پردی مەزدا داو.)) مێسڤانەگاتو واتا ئەو شوێنەی کە ئەو کەسانەی باشی و خراپییەکانیان وەکو یەکە، تێیدا وەستاون. ئەم ناوە لە پەهلەویدا باشتر بەر هەست دەبێت چونکە لە پەهلەویدا بۆتە (هەمی وێسیا) واتا (هەموو وەستاو) ئەو شوێنەی هەموو تێیدا وەستاون و چاوەڕێن.

[3] – بڕوانە؛ ڕیوایەتی پەهلەوی، بەشی ٦٥، بەندی ٢. مینوگی خیرەت، پرسیاری ٦، بەندی١٦و١٧. بنداهێش، بەشی ٣٠.

و خراپەیان یەکسانە. دانیشتوانی ئەم شوێنە لە خۆشییەکانی بەهەشت بێ بەش و لە ئازارەکانی دۆزەخ دوورن، تەنیا شتێک کە ئازاریان دەدات یان وەکو پاداشت بەریان دەکەوێت، سەرما و گەرمای ئەم شوێنەیە. هەروەها ئەم شوێنە لە چەند پلەیەک پێکهاتووە کە دانیشتووانەکەی بەپێی جۆری باشییەکانیان لەوێدا بڵاودەبنەوە.

گیانی مرۆڤ دوای مردن، لە دوای ئەوەی لەلایەن دەئێنایەکەی پێشوازی لێ دەکرێت بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ بەڕێ دەکرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە چ شتێک سنووری نێوان جیهانی مادی و جیهانەکەی تر پێکەوە دەبەستێتەوە؟ ئەم گیانە چۆن بەرەو جیهانەکەی تر دەڕوات؟ لە ئەفسانەی کوردیدا چارەسەری ئەم بابەتە بە پردێک کراوە کە سەرێکی لە بەرزایی چیا و سەرێکی بە دەروازەی بەهەشتەوە لکاوە. ئەم پردە سنووری نێوان جیهانی زیندوو و جیهانی مردووەکان لێک جیادەکاتەوە و لە ڕێگەی ئەم پردەوەیە کە گیانی مرۆڤی مردوو بەرەو جیهانی مردووەکان دەگوازرێتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەم پردەشە کە گیانی مرۆڤی باش و مرۆڤی خراپ لێک جیادەکرێتەوە.

## پردی چینڤەت (سیڕات)

ئەم پردە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (چینڤەت پێرێتو utvrvp,Tawnic) ناوی هاتووە. بە واتای (پردی چینڤەت[1]) ئەو پردەی کە باش و خراپ لێک جیا دەکاتەوە. بژارکردنی گیانە باش و خراپەکان و ڕەوانەکردنیان بۆ بەهەشت یان دۆزەخ لە ڕێگەی ئەم پردەوە جێبەجێ دەکرێت. بە واتایەکی تر دادوەری و لێپرسینەوەی بەرایی لە کردەوەی گیانی مرۆڤەکان لە سەر ئەم پردە بەڕێوە دەچێت. گیانی مرۆڤە باشەکان بە خۆشی و بە ئاسوودەیی لێی دەپەڕنەوە و بەرەو بەهەشت دەچن. گیانی مرۆڤە تاوانبارەکان لە کاتی پەڕینەوە شڵەژاو و تۆقاو بەرەو دۆزەخ شۆڕ دەبنەوە. ئەوانەی چاکە و

[1] – لە پەهلەویدا بۆتە (چینوەت پوەر) بە هەمان واتای پردی جیاکەرەوە. (پوەر) هەمان پردە کە لە زمانی کوردیدا بە شێوەی (پر)یش گۆ دەکرێت.

خراپەیان یەکسان بێت هەر لە ڕێگەی ئەم پردەوە بەرەو بەرزەخ ڕێنوێنی دەکرێن.[1] (٦٣: ٨٢)

لە گاتاکاندا چەند جارێک باسی چینڤەت پرد کراوە. ئەم پردە ڕێڕەوێکە بۆ پەڕینەوەی گیان بەرەو بەهەشت، دۆزەخ یان بەرزەخ. لە یەسنەی ٤٦، بەندی ١٠و١١دا هاتووە:

((ئەی مەزدائەهورا ئەو کەسەی چ ژن چ پیاو، جێبەجێ بکات ئەوەی تۆ گوتت باشترینە لە جیهاندا، بۆ پاداشتی ڕاستبوونی ئەو، بە بەهەشتی پاک شادی بکە و لەگەڵ گشت ئەو کەسانەی من پەرستنی تۆم فێرکردن، لە پردی چینڤەت بمان پەڕێنەوە.

کەرەپەن و کاڤییەکان بەهۆی زۆرداری، خەڵکی بەرەو بەدڕەوشتی و خراپی دەبەن تاکو ژیانی هەتاهەتایی جیهانەکەی تریان لەناو ببەن، گیان و دەئێنای ئەوانە کاتێک لە پردی چینڤەت نزیک بێتەوە ترس و تۆقان دایان دەگرێت و خانومانی درۆ شوێنی هەتاهەتایی ئەوانە.))

لە یەسنەی ٥٠، بەندی ٤دا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەمێشەسپێەنتەکان لە کاتی پەڕینەوە لە چینڤەت پرددا ڕێنوێنی و هاوکاری گیانە باشەکان دەکەن. ((...ڤەهیشتەمەنەنگها و خشەترا لە سەر پردی چینڤەت و لە سەر ڕێگەی ئەو بەهەشتەی ئاواتی گشت باوەڕدارێکە، چاوەڕوانی پیاوچاکانن.)) لە یەسنەی ٥١، بەندی١٣دا ئاماژە بەوە دراوە کە ((ترس و تۆقان گیانی درۆپەرستان دادەگرێت لەو کاتەدا کە کردەوەکانیان لە سەر چینڤەت پرێتو بەدەر دەکەوێت، چونکە بەهۆی کردەوەکانی لە ڕێگەی ڕاست دوور کەوتوونەتەوە.)) لە کاتی پەڕینەوە ترس گیان و دەئێنای مرۆڤە ناپاکەکان لە سەر پردی چینڤەت دادەگرێت و ناتوانن بپەڕنەوە و لە ئەنجامدا بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن.

[1] – لە ئەفسانەی مردندا ئاماژە بە دەوری دەئێنا لە دوای مردنی مرۆڤ و شێوازی دەرکەوتنی بۆ گیانی مرۆڤی مردوو کراوە. بۆ نموونە بە درێژی باسی شێوازی دەرکەوتن و چۆنییەتی پێشوازیکردنی دەئێنا لە گیانی مرۆڤی باش و خراپ لە دوای مردن کراوە، بەڵام لە هیچ دەقێکی کۆندا باسی بارودۆخ و چۆنییەتی شێوازی پێشوازیکردنی گیانی ئەو مرۆڤانە نەکراوە کە چاکە و خراپەکانیان یەکسانە و لە میسڤانگەدا جێیان دەکەنەوە.

بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان[١]، پردی چینڤەت لە چیای دائیتیک کە دەکەوێتە ئەیرییەنڤاچ، بەرەو چیای هەرەبەرز راکێشراوە. سەرێکی ئەم پردە لە جیهانی مادی و سەرەکەی تری بە دەروازەی بەهەشت لکاوە. ناوەڕاستی ئەم پردە بە رووی خوارەوە دەڕوانێتە سەر دەروازەی دۆزەخ.

گیانی مرۆڤەکان دوای ئەوەی سێ شەو و رۆژ لە سەر جەستەی بێ جووڵە دەمێنێتەوە لە بەرەبەیانی رۆژی چوارەم بەرەو جیهانەکەی تر بەڕێ دەکەوێت و خۆی لەبەردەم ئەم پردەدا دەبینێتەوە. گشت گیانە پاک و ناپاکەکان دەبێ پێ بخەنە سەر ئەم پردەوە، چونکە ئیزەدی میهر و رەشن و ئەشتاد لەوێدا ئاماری کردەوەی باش و خراپەکانی سەرجەم مرۆڤەکان هەژمار دەکەن. لەسەر ئەم پردە گیانی مرۆڤی چاکەکار و گیانی مرۆڤی خراپکار لێک جیادەکرێنەوە و هەر یەکەیان بەرەو چارەنووسی دەسنیشانکراوی خۆیان دەڕۆن.

ئەم پردە بۆ ئەو کەسانەی کە کردەوەی باشیان پترە، هێندەی نۆ رم کە هەر رمەی بەقەد سێ حەیزەران درێژ بێت، بەرفراوان دەبێت و ئەم گیانە بەوپەڕی ئاسوودەیی دەپەڕێتەوە و دەروازەی بەهەشتی بە روودا دەکرێتەوە؛ بەڵام ئەوانەی کردەوەی خراپیان پتر بێت، ئەم پردە لە لێوی شمشێرێک کە لە موو باریکترە باریکتر دەبێت، گیانی بەدڕەوشت و دێوپەرستەکان لەسەر ئەم پردە هەرگیز ناتوانێ بە ئاسوودەیی بپەڕێتەوە و لەسەر پردەکە دەکەوێتە خوارەوە و دەروازەی دۆزەخی بۆ دەکرێتەوە[٢]. ئەوانەی کردەوەی باش و خراپیان لە یەک ئاستدا بێت، بەرەو بەرزەخ رەوانە دەکرێن. ئەم پردە مەترسیدارترین و ناخۆشترین رێگەیە و هەموو کەس دەبێ پێیدا تێپەڕێت.

---

١ - ئەم گێڕانەوەیە بەپێی ئەم سەرچاوانە رێکخراوەتەوە: (گاتاکان، یەسنەی٥٠و٥١. ڤی دەئیوەدات، پەرگەردی ١٩، بەندی٢٩. بنداهێش، بەشی٣٠. مینوگی خیرەت، پرسیاری١، بەندی١١٥-١٢٥. )

٢ - لێکچوونی زۆر هەیە لەنێوان (پردی چینڤەت)ی زەردەشتی و (پردی سیڕات)ی ئیسلامدا، بۆ نموونە خالد السید محمد غانم لە کتێبی (الزرادشتية)دا ئەم بابەتەی ورووژاندووە و پێیوایە ئەوەی کە لە زەردەشتیدا سەبارەت بە درێژی و پانی و چۆنییەتی پردی چینڤەت گوتراوە، لە قورئان و سونەتدا باس نەکراوە، بەڵام لە کولتووری ئیسلامیدا ئاماژە بەوە کراوە کە پردی سیڕات لە موو باریکتر و لە شمشێر بڕشتترە.(بڕوانە؛ ٣٢: ٣٠٦)

## • گەشتی رۆح (میعراج) لە ئەفسانەی کوردیدا

### گەشتی رۆح لە ئەفسانەی کوردیدا

گەشتی رۆح بەرەو جیهانەکەی تر بە مەبەستی ئاگاداربوون لە چارەنووسی مرۆڤ دوای مردن، لە دێرزەمانەوە بەشێکی گرنگ لە تێڕوانین و بیروباوەڕی مرۆڤی کۆنی پێکهێناوە. ئەم ئەفسانەیە لە ناو کورددا تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە و لە قۆناغە کولتوورییە جیاوازەکانیدا بە شێوازی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە. بۆ نموونە لە سەردەمی سۆمەریدا بە شێوەی گەشتێک بۆ دۆزەخ[1]، لە سەردەمی میترایيدا بە شێوەی هەڵکشان بەرەو ئاسمانی بالا[2]، لە رۆژگاری زەردەشتیدا بە شێوەی گەشتی رۆح بەرەو بەهەشت و دۆزەخ دەردەکەوێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەفسانەی (گەشتی رۆح) بەپێی ئەدەبیاتی مەزداپەرستییە کە لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا تۆمار کراوە.

---

[1] – ئەفسانەی گەشتی ئینانا و دوموزی بۆ دۆزەخ یان بن دنیا لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئەفسانەیەکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە و کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی لە قۆناغەکانی دواتر و سەرەتایەک بووە بۆ بیری رۆیشتن بۆ دۆزەخ و بەهەشت و بابەتی سڕدۆزی و ئاشکراکردنی جیهانی دوای مردن. بەپێی ئەفسانەی سۆمەری، ئینانا کە هاوسەری دوموزییە لە بەرزاييیەکانی ئاسمانەوە بەرەو دۆزەخ دادەبەزێت و حەوت نیشانی تايبەتی خۆی لەبەر دەکات و لە حەوت دەروازەی دۆزەخ تێدەپەڕێت. لە هەر یەک لە دەروازەکان یەکێک لە نیشانەکانی لێ دەستێنرێت و لە کۆتاییدا بە ڕووتی لە دەروازەی حەوتەم تێدەپەڕێت و لەم کاتەدا بەهۆی ئەوەی نیشانەکانی هێز و دەسەڵاتی لێ داماڵراوە، مەرگ دەستی بەسەردا دەگرێت. دوای روودانی چەند پێشهاتێک ئینانا زیندوو دەبێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە دۆزەخ رزگاری ببێت، دەبێ یەکێک لەجێی خۆی بەجێ بێڵێت. ئەو کەسە دوموزی دەبێت و دواتر دوموزیش بەرەو جیهانی زیندووەکان دەگەڕێتەوە. لەم ئەفسانەیەدا دیمەنە سەخت و تاریک و پڕتەم و تۆزو غوباری دۆزەخی سۆمەری وەسف کراوە.(بڕوانە؛ ١٤٢: ١٨٣-٢٢٧) هەروەها (٣٣: ١٠٩-١٥٠) بیرۆکەی گەشتی رۆح لە ئەفسانەی کوردیدا لە کوردستانی رۆژگاری سۆمەرییەکان بەم جۆرە سەری هەڵداوە و دواتر گەشەی کردووە. بەتايبەتی شێوازی وەسفکردنی دیمەنەکانی دۆزەخ لە ئەفسانەی تۆمارکراوی ناو ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان زۆر لە ئەفسانەی سۆمەری نزیکە.

[2] – بەپێی ئەفسانەکانی ئایینی میترایی، لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی پڕ نەهامەتی و ناخۆشییەکان ئەرک و پەیمانی زەمینی میتراش کۆتایی پێدێت و میعراج یان گەشتی ئاسمانی میترا دەسپێدەکات. میتراپەرستان هەموو ساڵێک لە رۆژی میعراجی میترادا جەژنیان بەرپا دەکرد. (بڕوانە؛ ٩: ١٤٨)

له راستیدا چیرۆکی گەشتی رۆح بەرەو جیهانەکەی تر له ئەفسانەی کوردیدا پێشکەش کردنی شانۆیەکە بە زمانی ئەفسانەیی لە گۆشەنیگای گێڕەرەوە. لەم شانۆیەدا دیمەنەکانی ژیانی دوای مردنی مرۆڤ بە وێنا کێشراوە. بە چەشنێک کە هەر لە سەرەتای دەسپێکی ئەم ئەفسانەیە، پەردە لە سەر دیمەنی دەرکەوتنی گیانی مرۆڤ لەو کاتەوە کە دەئێنایەکەی پێشوازی لێ دەکات و تا پەڕینەوەی لە پردی چینڤەت و رۆیشتنی بۆ بەهەشت، دۆزەخ و بەرزەخ و وەرگرتنی پاداشت و سزاکانی، لادەدرێت.

بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان دەردەکەوێت گەشتی رۆح بەرەو جیهانەکەی تر لە ناو ئەدەبیاتی مەزدیسنایيدا پێشینەیەکی مێژوویی هەبووە. بۆ نموونە لە کتێبی (زەندی وەهمەن یەسن)دا ئاماژە بە گەشتی رۆحی خودی زەردەشت بۆ جیهانەکەی تر کراوە.[1] بەپێی ئەم دەقە زەردەشت دوای خواردنەوەی ئاوێکی پیرۆز کە لە لایەن ئەهورامەزداوە بۆی دابەزیوە، بۆ ماوەی حەوت شەو و رۆژ خەو دەیباتەوە. دوای ئەوەی زەردەشت لە خەو هەڵدەستێتەوە، ئەهورامەزدا لێی دەپرسێت: ((لە خەوی خۆشی ئەهوراییدا چیت بینی؟ زەردەشت وەڵام دەداتەوە: ئەی ئەهورامزدا، ئەی بەدیهێنەری جیهان، خەڵکێکی سامانداری یەکجار زۆرم بینی کە بەوپەڕی ناخۆشییەوە، لاواز و بێ چارە لە دۆزەخدا ئازاریان دەچێشت و خەڵکێکی هەژاریشم بینی کە لە بەهەشتدا لە خۆشیدا بوون.))(٢١٨: ٢-٣) هەروەها لە کتێبی (زەرادەشت نامە)دا ئەفسانەی گەشتی رۆحی (کەڤی ڤیشتاسپە)ی پاشای پشتیوانی زەردەشت گێڕدراوەتەوە. لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە کراوە کە

[1] – لە کتێبی ریوایەتی پەهلەوی، بەشی ٣٦یشدا ئەفسانەی گەشتی رۆحی زەردەشت بۆ جیهانەکەی تر گێڕدراوەتەوە. لە راستیدا چیرۆکی ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ ئەوەی لە (زەندی وەهمەن یەسن)دا گێڕدراوەتەوە جیاوازە. بەپێی گێڕانەوەی ریوایەتی پەهلەوی، زەردەشت داوای نەمری لە ئەهورامەزدا دەکات. ئەهورامەزدا خیرەت(ژیری) هەمووشتزانی ئاڕاستەی زەردەشت کرد. بەهۆیەوە پێش چاوی زەردەشت روون بۆوە و خۆی لە جیهانەکەی تر بینییەوە و بە بەهەشت و دۆزەخدا تێپەڕی. لەوێدا خەڵکانێکی بینی کە دڵخۆش و شادومان بوون و بە نەمری بەوپەڕی خۆشی دەژیان و کەسانێکی تری بینی بەو پەڕی ناخۆشی دەژیان و بەردەوام شینیان دەگێڕا. پۆلی یەکەم ئەو کەسانە بوون کە لە جیهاندا خاوەن ماڵ و منداڵ بوون و پۆلی دووەم ئەو کەسانە بوون کە منداڵیان نەبوو. زەردەشت کە لەم گەشتە گەڕایەوە بە ئەهورامەزدای گوت: بێ منداڵی واتا مردن. پێم باشە وەچە بخەمەوە و لەو رێگەیەوە نەمریم دەسکەوێت نەک تەنیا خۆم بە نەمری بمێنمەوە و هیچ وەچەیەکم نەبێ. ئەگەرچی ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانەیە تاڕادەیەک سادە و ساکارە، بەڵام پیشاندەری گەشتی رۆحی زەردەشتە.

زەردەشت خواردنەوەیەک پێشکەش بە کەڤی ڤیشتاسپە دەکات کە بە (مەنگی ڤیشتاسپی) ناسراوە. کەڤی ڤیشتاسپە دوای خواردنەوەی ئەم شەرابە کە لە مەی، شیر و هەنار پێکهاتووە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خەو دەیباتەوە. گیانی بەرەو جیهانەکەی تر دەڕوات و لەوێدا ڕێ و شوێنی پیاوچاکان و پلە و پایەی هەر یەک لە باوەڕداران لە بەهەشتدا دەبینێت.(١١١: ٧٦، ٧٧) دیارە کە ئەم گەشتە ڕۆحییەی زەردەشت و کەڤی ڤیشتاسپە بە مەبەستی بینینی ڕازی نهێنی و سرِدۆزی بووە و لە هەر دوویاندا ئامرازی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە، شەراب و خواردنەوەیەکی تایبەت بووە.

لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا بابەتی گەشتی ڕۆح و هێنانەوەی هەواڵی بارودۆخی جیهانی پاش مەرگ، پتر برەوی پێدرا و کۆنترین بەڵگە بۆ ئەم پرسە، نووسراوە بەردییەکانی (کەردێر[1])ن. ئەم پێشەوا ئایینییە سەرجەم چالاکییەکانی خۆی لە سەر تەختە بەرد تۆمار دەکرد. یەکێک لە گرنگترین بابەتە تۆمارکراوەکانی ئەم پێشەوایە، ڕووداوی گەشتی ڕۆحی کەردێرە کە لە سەر دوو تەختە بەرد هەڵکەنراوە. کەردێر لەم نووسراوە بەردییانەدا چیرۆکی گەشتی ڕۆحی خۆی بۆ جیهانەکەی تر گێڕاوەتەوە و لەوێدا سەردانی بەهەشت و دۆزەخ دەکات و سەرجەم دیمەنەکانی جیهانی دوای مردن بە چاوی خۆی دەبینێت.(٨٤: ٧٦-٧٩، ١٠٧-١١١)

بێگومان ئەم جۆرە گەشتانە واتا ڕۆیشتن بەرەو جیهانەکەی تر لە رووی مێژووییەوە زۆر پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی لە کوردستاندا هەر هەبووە. بۆ نموونە گەشتی (ئینانا) بۆ جیهانی ژێر زەوی لە ئەفسانەی سۆمەریدا نموونەیەکی بالایە بۆ ئەم جۆرە ئەفسانەیە. ئەفسانە دێرینەکانی سۆمەری بە درێژایی مێژوو لە کوردستاندا درێژەیان بە ژیانی خۆیان داوە و لە قۆناغە جیاجیاکاندا کاریان لە بیروباوەڕی ئەفسانەیی کردووە، بۆیە چیرۆکی گەشتی ڕۆح لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە

---

[1] – کەردێر پێشەوای ئایینی مەزداپەرستی و مۆبەدانی مۆبەدی ڕۆژگاری ساسانییەکان لە سەدەی سێیەمی زایینی بووە. کەردێر نازناوی ئەم پێشەوا مەزنە بووە و بە واتای چالاک و بەکار و کارا دێت. ئەم پێشەوایە پاکسازی و چاکسازییەکی بنەڕەتی لە ئایینی مەزداپەرستی کرد و گشت ئایینەکانی تری رەت کردەوە و لە دژی ئایینی مانەوی و مەسیحی و مەزدەکی فتوای دەرکرد و بە توندی لە دژیان وەستاوە.(بڕوانە؛ ٨٤: ٢٤)

پەهلەوییەکان نموونەیەکی گەشە کردووی ئەفسانەی سۆمەری دابەزین بەرەو دۆزەخ یان بۆ جیهانەکەی تره کە لە قۆناغی زەردەشتییەتی کوردستاندا بە شێوەیەکی تۆکمەتر بەرجەستە کراوە.

گەشتی رۆحیی خودی زەردەشت و کەڤی ڤیشتاسپ و (کەردێر)ی پێشەوای ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بنەمایەک بووە بۆ ئەو ئەفسانەیەی لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت. ئەو ئەفسانەیەی لێرەدا دەگوازرێتەوە و دەخرێتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە، ئەفسانەی گەشتی رۆحی کەسێکە بە ناوی (ڤیراز[1]) کە یەکێک لە کەسێتییە ناودارەکانی ئایینی زەردەشتییە و لە سەردەمی ساسانییەکاندا ژیاوە.

بەپێی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ڤیراز پیاوچاک و باوەڕدارێکی زەردەشتییە کە لەلایەن پێشەوایانی دین بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشتێکی رۆحی بەرەو جیهانەکەی تر دەسنیشان دەکرێت. ئەم گەشتە رۆحییە لە ژێر چاودێری پێشەوایانی دین و لە پەرستگەی (فەرن بەغ[2])دا دەسپێدەکات. ڤیراز دوای ئەوەی هەڵدەبژێردرێت، چەند رێوڕەسمێکی تایبەت بەجێ دێنێت و دوای خۆشۆردن و دەبەرکردنی جلوبەرگی پاک و تازە، لە سەر پێخەڤی پاک کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە دادەنیشێت. سێ جام لە مەی و بەنگی ڤیشتاسپی دەنۆشێت و خەو دەیباتەوە. بۆ ماوەی حەوت شەو و رۆژ لەم خەوە قووڵەدا دەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا سەردانی تەبەقاتی بەهەشت و دۆزەخ و بارەگای یەزدان دەکات و لە نزیکەوە ئاگاداری چارەنووس و بارودۆخی گیانە باش و خراپەکان لە بەهەشت و دۆزەخ دەبێتەوە. دوای ئەوەی لە بارەگای یەزدان لە (گەردومان)دا گفتوگۆ لەگەڵ یەزداندا دەکات، لە رۆژی حەوتەم لە خەوە پیرۆزەکەی بە ئاگا دێتەوە و سەرجەم ئەو شتانەی

[1] – ڤیراز نازناوە و لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (ڤی) پێشگرە و بە واتای دژ و (راز) واتای نهێنی یان سڕ دەدات کە بەسەریەکەوە دەبێتە دۆزەرەوەی راز یان ئاشکراکەری نهێنی.

[2] – مەزداپەرستان سێ پەرستگەی گرنگیان هەیە کە بریتین لە: ١- (ئاگرگەشن ئەسپ) بە واتای (ئاگری گەش) و ئەم (ئەسپ)ە وەکو سیفەت بۆ ئەم ئاگرە گەشە بەکار هاتووە واتا (ئەو ئاگرە گەشەی بڵێسەکانی وەکو ئەسپ خۆ داوێن). ٢- (ئاگر بەرزین میهر) بە واتای (ئاگری پەروەردەکراوی میهر) لێرەدا (بەرزین) بەواتای (بژیناندن، پەروەردەکردن) دێت. ٣- (ئاگر فەرن بەغ) بە واتای (ئاگری شکۆی یەزدانی)یە. وشەی (فەرن) بە واتای فەڕ و شکۆیە. (بەغ) بە واتای خواوەند و یەزدانە وەکو لە وشەی (بەغداد) کە بەواتای (خواداو)ە.(بۆ زانیاری پتر لە سەر سێ پەرستگەی پیرۆزی زەردەشتییەکان بڕوانە؛ (١٢٦: ٣٠٨-٣٤٠)

له ئەنجامی ئەم گەشتەدا له جیهانەکەی تردا بینیبووی، بۆ هاوئایینەکانی دەگێڕێتەوە و داوا دەکات دەویر(نووسەر)ێکی زانا و بە توانا بێت و گشت ڕووداوەکان وەک خۆی تۆمار بکات. ئەم کتێبەی کە ئەنجامی گەشتی ڕۆحی ڤیرازی تێدا تۆمارکرا، بە (ئەردای ڤیرازنامەگ)[١] ناسراوە و لە سەدو یەک پەرگەرد پێکهاتووە.[٢]

لەم گەشتە دوو ئیزەد وەکو ڕێبەر پێشوازی لە ڤیراز دەکەن و وەکو ڕێ پیشاندەر بۆ شوێنە جیاجیاکان ڕێنوێنی دەکەن.[٣] ئەم دوو ئیزەدە (سرووش) و (ئاتور[٤])ن. هەروەها ڤیراز لە جیهانەکەی تردا چاوی بە پۆلی ئیزەد و

---

[١] – لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لەم چاپانەی ئەرتاڤیراز نامەگ وەرگیراوە: (ارداویراف نامه، فیلیپ ژینیو، ترجمه ژاله آموزگار، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٩٠. هەروەها؛ ارداویرافنامه، یا بهشت و دوزخ در آیین مزدیسنی، د.رحیم عفیفی، انتشارات توس، چاپ دوم، ١٣٧٢.

Arda Wiraz Namag, the Iranian Divina Commedia, Fereydun Vahman, First Published (1986,corzon press:London)

[٢] – له پەرگەردی یەکەم تاکو پەرگەردی سێیەم باسی بارودۆخی نیشتمانی ئەیرییەکان و ئەو کارەساتانە دەکات کە لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەقدونی تاکو ڕۆژگاری ساسانییەکان بە سەر شار و دێ و پەرستگەکان و ئایینی زەردەشتیدا هات. هەروەها باسی چۆنییەتی هەڵبژاردنی ڤیراز و هۆکاری ئەنجامدانی ئەم گەشتە ڕۆحییە و ئامادەکارییە پێویستەکان بۆ ئەم گەشتە بەرەو جیهانەکەی تر کراوە. لە سەرەتای پەرگەردی چوارەم تاکو کۆتایی پەرگەردی ١٥ باسی گەشتی ڕۆحی ڤیراز بۆ جیهانەکەی تر و سەردانی بەهەشت، دۆزەخ، بەرزەخ و بارەگای یەزدان و بارودۆخی گیانی ئەو مرۆڤانە کراوە کە لەم بەهەشتەدا جێگیرن. لە پەرگەردی ١٦ تاکو کۆتایی پەرگەردی ١٠١دا بە تێر و تەسەلی باسی دۆزەخ و تەبەقاتی دۆزەخ و چۆنییەتی سزادانی گشت ئەو گیانە ناپاکانە کراوە کە لە جیهانی مادیدا ڕێگای ڕاستی ئەهوراییان هەڵنەبژاردووە و ملکەچی ئەهریمەن بوونە. هەروەها لە دوایین دیمەنی ئەم ئەفسانەیەدا ئاماژە بە ئەهریمەن کراوە کە لە قووڵایی دۆزەخدا کەوتووە.

[٣] – لە ئەفسانەی گەشتی ڕۆحی ڤیراز کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراوەتەوە، ئاماژە بە ناوی دوو ئیزەد دەدرێت کە لە کاتی گەشتی ڤیراز بۆ بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ ڕێگاپیشاندەری دەبن. پتر لە هەزار ساڵ دوای نووسینەوەی ئەم ئەفسانەیە، لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا کەسێک بە ناوی (ئەلیگری دانتی) کتێبێکی سێ بەرگی بە شیعر دانا بە ناوی (کۆمیدیای خواوەندی) لەم کتێبەدا گەشتی ڕۆحی دانتی بۆ جیهانەکەی تر و بۆ تەبەقاتی بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ گێڕدراوەتەوە. لە میانەی ئەم گەشتەدا دوو ڕێپیشاندەر یان ڕێنوێن دەستی دانتی دەگرن و لەم گەشتەدا یارمەتی ئەو دەدەن. لێرەدا نزیکی و لێکچوونێکی زۆر لە نێوان گەشتی ڕۆحی ڤیراز و دانتیدا بەدی دەکرێت. نەک تەنیا لەبەر ئەم ڕێنوێنانە، بەڵکو دیمەنەکانی بەهەشت و دۆزەخ لەم دوو ئەفسانە ڕۆحییەدا یەکجار لێکدەچن؛ ئەگەرچی پێناچێت هیچ کاریگەری و کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆ لە ئارادابێت.

[٤] – (ئاتور rntA یان ئاور یان ئاگر) ناوی ئیزەدی ئاگرە کە یەکێک لە فریشتە گرنگەکانی ئایینی زەردەشتییە و هۆکاری نزیکبوونەوەی بەندە لە پەروەردیگارە. لە ئەفسانەی گەشتی ڕۆحدا بە هاوڕێتی ئیزەدی سرووش ئەرکی ڕێنوێنیکردنی ڤیراز بۆ گەڕان بە تەبەقاتی بەهەشت و دۆزەخ و هەروەها بەرزەخی لە ئەستۆیە.

فریشـــتەکان دەکەوێـت و لە بارەگـای یەزدانیـدا خـۆی لەبەردەم یەزدانـدا دەبینێتەوە و قسـەی لەگەڵدا دەکات. بە گشتی لەم ئەفسانەیەدا چارەنووسی مرۆڤەکان لە دوای مردن و ئەنجامی خواپەرستی و دێوپەرستی ئاشکراکراوە کە هاوتەرییە لەگەڵ بنەما سـەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتی و هۆکارێکە بۆ سەلماندنی راستیی ئەم ئایینە بۆ باوەڕداران و سڕینەوەی گومان لە بەرۆکی ئایینی زەردەشتی کە بە گرنگترین هۆکاری ئەم گەشتە دادەنرێت.

لە پەرگەردی یەکەمـی ئەم کتێبەدا باسـی بـارودۆخی نـاهەمواری دوای هێرشی ئەسکەندەر بۆ نیشتمانی ئەیرییەکان و ئەو کاولکارییـانە کراوە کە لە سـەرجەم هەرێمەکـانی ئەم نیشـتمانە رووی داوە و باسـی لاواز بـوونی بیروبـاوەڕی ئـایینی بەهـۆی مـردن و کـوژرانی پێشـەوایانی دیـن و هەروەهـا دەرکەوتنـی کـۆمەڵە ئـایینێکی نـامۆ و بڵاوبوونەوەیـان لە وڵاتـدا کـراوە. سەرەڕای ئەوە بەهۆی راڤەی جیاجیا لەلایەن کەسـانێکی نەشـارەزا لە بـواری ئایینـدا، بـۆ بنەماکـانی دینـی زەردەشـتی، گومـان و شـپرزەیی بەرۆکـی دەقە ئایینییەکان دەگرێت. دواتر لە رۆژگاری ساسانییەکاندا پێشـەوایێکی ئـایینی بە نـاوی (ماراسـپەند[1]) دەردەکەوێـت و دەقە ئایینییەکـان کـۆ دەکـاتەوە و بە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت راڤەیـان دەکـات و ئاڤێسـتایەکی یەکدەسـت پێکـدێنێت و بـڵاوی دەکـاتەوە. لەم کـاتەدا پێشـەوایانی دیـن بڕیـار دەدەن بـۆ ئەوەی راستی و دروستی ئـایینی مەزدیسـنایی بسـەلمێنن، کەسـێک هەڵبژێـرن تـاکو بەرەو جیهـانەکەی تـر گەشـتێکی رۆحـی بکـات و راسـتییەکان بە چـاوی خـۆی ببینێـت و بـۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. ئەو کەسـەی هەڵـدەبژێردرێت ڤیـرازی ئیماندارە[2].(١٠٧: ٤١-٤٦)

لە بەنـدی ٩ی پەرگەردی دووەمـدا تـا کۆتـایی ئەم پـەرگەردە باسـی چـۆنییەتی هەڵبژاردنـی ڤیـراز و ئامادەکارییەکـانی ئەم گەشـتە کـراوە. دوای

---

[1] – ئایەرپاد میهراسپەند یان ماراسپەند، یەکێک لە گەورەترین پێشـەوایانی دینی زەردەشتی کە لە رۆژگاری ساسانییەکاندا ژیاوە. ئایەرپاد ماراسپەند ئەو پیاوە مەزنەیە کە دەقە جیاجیاکانی ئاڤێستای کۆکردەوە و دوای خوێندنەوە و راڤەکردنیان ئاڤێستای رێکخستەوە و ئەو دەقانەی سڕییەوە کە لەگەڵ دینی زەردەشتی و بنەماکانی باوەڕی زەردەشتدا نەدەگونجان.

[2] – بەپێی نـاوەڕۆکی ئەم ئەفسـانەیە، ئەو کەسـەی کە کـارەکتەری (گەشـتی رۆحـی)یە کەسـێکی ئیمانـدارە کە لەلایەن پێشەوایانی ئایینییەوە هەڵدەبژێردرێت، نەک لەلایەن خواوەندەوە هەڵبژێردرابێت. وەکو پێغەمبەری ئیسلام محمد(د.خ) کە لەلایەن خوداوە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە.

ئەوەی ڤیراز لە سەر پێخەڤە تایبەتەکە دادەنیشێت نزاو پاڕانەوە دەکات. ئینجا خواردنی بۆ ئامادە دەکرێت و پاش خواردن، سێ جامی زەردی زێڕینی پڕ لە مەی ڤیشتاسپی لە بەردەم دادەنرێت، جامێک بۆ هزری پاک، جامی دووەم بۆ گوتاری پاک و جامی سێیەم بۆ کرداری پاک، ڤیراز یەک بە دوای یەک جامە مەیەکان دەنۆشێت و لە ئەنجامدا خەو دەیباتەوە. بۆ ماوەی حەوت شەو و رۆژ پێشەوایانی دین و حەوت خوشکەکەی لە ژوور سەری ڤیراز دادەنیشن و نوێژ دەکەن و گاتا دەچڕن.(١٠٧: ٤٧–٤٨)

لە پەرگەردی سێیەمدا باسی رۆیشتن و هاتنەوەی رۆحی ڤیراز بۆ جیهانەکەی تر کراوە. دوای حەوت شەو و رۆژ ڤیراز لە خەو هەڵدەستێتەوە و خوشکەکانی و پێشەوایانی دین دڵخۆش دەبن و دوای بەخێرهاتنەوە و ستایشکردنی داوای لێدەکەن ئەو شتانەی بینیویەتی بۆیان بگێڕێتەوە.(١٠٧: ٤٩–٥٠)

چیرۆکی سەرەکی ئەم ئەفسانەیە لە پەرگەردی چوارەمدا تاکو کۆتایی دوایین پەرگەرد، لە لایەن ڤیرازەوە دەگێڕدرێتەوە. سەرەتا باسی دەرکەوتنی لە جیهانەکەی تر و پێشوازی لێکردنی لەلایەن دوو ئیزەد و پەڕینەوە لە پردی چینڤەت و رۆیشتن بۆ تەبەقاتی بەهەشت و بارەگای یەزدان دەکات. ئینجا گەیشتن بە شوێنێک کە بەرزەخی ناوە و دواجار شۆڕبوونەوەی بۆ ناو دۆزەخ و باسی بارودۆخ و رووداوەکانی ئەوێ دەکات.

### کورتەی گەشتی رۆح (میعراج) لە ئەفسانەی کوردیدا:

ڤیراز دەگێڕێتەوە: لە یەکەم شەودا ئیزەدی سرووش و ئاتور پێشوازییان لێ کردم[١] و گوتیان: بەخێربێیت ئەی ئەردای ڤیراز[٢]، کە هێشتا

[١] – بەپێی ئەدەبیاتی مەزداپەرستی سرووش لە رۆژی دوماهیدا لە کاروباری هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپەی مرۆڤەکاندا رۆڵ دەبینێت، بۆ نموونە لە گاتاکان، یەسنەی ٤٣، بەندی ١٢دا هاتووە: ((ئەو کاتەی فەرمووت کە روو لە راستی بکە، تاکو بە باشی پەروەردە ببی، سەرپێچیم لە فەرمانەکەت نەکرد. ئەو کاتەی فەرمووت هەستە و خێراکە بەرلەوەی سرووش لەگەڵ ئەشا، پاشکەوت و سامانی هەر یەک لە پۆلی پەیڕەوانی راستی و درۆپەرستان وەکو پاداشت و سزا دیاربکەن.))(٥١: ٦٧) لێرەدا دەبینین سرووش وەکو فریشتە ئەرکی پێشوازیکردن لە گیانی مردووەکان و هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی لە ئەستۆیە. بۆیە لەتەک فریشتەی ئاتور بەرەو پیلی گیانی ڤیراز دەڕۆن.

[٢] – ئەرت یان ئەرد بە واتای پیرۆزە. لە پەرگەردی چوارەمدا کاتێک گیانی ڤیراز بۆ جیهانەکەی تر رۆیشتووە بۆ یەکەم جار ناوی ڤیراز لەگەڵ (ئەرد) هاتووە و بە ئەردایڤیراز واتا ڤیرازی پیرۆز ناوبراوە.

کاتی هاتنی تۆ بۆ ئەم جیهانە دانەهاتووە. گوتم: من بۆ سرِدۆزی هاتووم سرووش و ئاتور دەستیان گرتم و لەگەڵیان بەرِێکەوتم. یەکەم هەنگاو بۆ هزری پاک، دووەم هەنگاو بۆ گوتاری پاک، سێیەم هەنگاو بۆ کرداری پاک و لەم کاتەدا خۆم لە بەردەم پردی چینڤەتدا بینییەوە. کاتێک گەیشتمە سەر پردی چینڤەت چاوم بە گیانی ئەو مردووانە کەوت کە یان بە ئاسوودەیی لە پردەکە دەپەرِینەوە یان بەوپەرِی چارەرِەشی دەکەوتنە ناو قووڵایی دۆزەخ یان بە سەرگەردانی بەرەو بەرزەخ رەوانە دەکران.[١]

پردی چینڤەت بەقەد نۆ رم پان و بەرین بوو[٢] و من بە هاورِێیەتی سرووش و ئاتور بە ئاسانی و سەرکەوتووانە لە پردەکە پەرِیمەوە. لەم کاتەدا ئیزەدی میهر، رەشنی دادپەروەر، ڤەیوی پاک، وەهرام، ئەشتاد،[٣] فەرِ و شکۆی ئایینی زەردەشتی و گیانی پیاوچاکان بەخێرهاتنیان لێ کردم. بینیم رەشنی دادپەروەر تەرازوویێکی زێرِینی لە دەستدا بوو و کردەوەی گیانە پاک و ناپاکەکانی پێ هەڵدەسەنگاند[٤]. ئینجا سرووش و ئیزەدی ئاتور دەستی منیان گرت و گوتیان: وەرە تاکو خۆشی و ئاسوودەیی بەهەشت و تاریکی و ناخۆشی و ئازار و بۆگەنی دۆزەخ و بارودۆخی بەهەشتی و دۆزەخییەکانت پێ پیشان بدەین.

---

[١] – لێرەدا ئەفسانەی مردن کە پێشتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کراوە، دەگێرِدرێتەوە، کە چۆن گیانی مردوو دوای جیابوونەوە لە جەستە پاش سێ شەو و رۆژ بەرەو جیهانەکەی تر دەرِوات و دەئێنایەکەی پێشوازی لێدەکات و لە سەر پردی چینڤەت چارەنووسی بۆ گەیشتن بە بەهەشت یان دۆزەخ یان بەرزەخ دیاردەکرێت.

[٢] – لە کتێبی نۆیەمی دینکەرد، پەرگەردی ١٩، بەندی٤دا هاتووە: ((پردی چینڤەت پردێکە کە سەرجەم گیانە باش و خراپەکان دەبێ بە سەریدا تێپەرِن، ئەم پردە بۆ مرۆڤە باشەکان بەقەد نۆ رم کە هەر رمێک بەقەد سێ قەمیش درێژ بێت، پان دەبێت، بەڵام بۆ خراپەکان وەکو دەمی ئوسترک (کارتەک)ی لێدێت.))(١٨٩: ٤٧)

[٣] – ئیزەدی میهر، رەشنی دادپەروەر، ڤەیوی پاک، وەهرام و ئەشتاد ئەو ئیزەد و فریشتانەن کە لە سەر پردی چینڤەت و لە رۆژی دوماهیدا ئەرکی جیاکردنەوە و رێنوێنیکردن و چاودێریکردنی گیانی مردووەکانیان لە ئەستۆیە.

[٤] – لە کتێبی (مینوگی خیرەت)دا بەم جۆرە وەسفی رەشنی دادوەر و تەرازووەکەی کراوە: ((رەشنی دادوەر کردەوەکان دەخاتە تای تەرازووە ئاسمانییەکەی کە بۆ هەمووان وەکو یەک وایە و هەرگیز لای کەس ناگرێت، نە بۆ باوەرِداران و نە بۆ کافران، نە بۆ سەروەران و نە بۆ فەرمانرِەوایان، و هەندی داوە موویێک بە نارِاست لار نابێتەوە و رەچاوی کەس ناکات و لە کاتی دادوەریدا بە یەکسانی رەفتار لەگەڵ شا و گەدادا دەکات.))(٦٣: ٢٥) لە گاتاکان یەسنەی٣٣، بەندی١دا هاتووە: ((هەروەک لە رۆژی ئەزەلەوە برِیار درا، دادوەر لە رووی راستییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ درۆپەرست و پێرِەوانی راستی دەکات هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەی کردەوەی چاک و خراپیان ئاوێتە و یەکسانە.))(٥١: ١٦٩)

له یه‌كه‌م ویستگه گه‌یشتینه شوێنێک كه تێیدا سه‌رجه‌م گیانه‌كان بێ جووڵه وه‌ستابوون. له سرووش و ئاتورم پرسی: ئه‌مانه كێن و بۆ لێره وه‌ستاون؟ گوتیان: ئێره ناوی هه‌مێ ڤیسیاو[1] (به‌رزه‌خ)ه. ئه‌م گیانانه تاكو رۆژی دوماهی كه ده‌چنه‌وه به‌ر جه‌سته‌ی مادیی خۆیان، به‌م جۆره لێره‌دا ده‌مێننه‌وه. ئێره شوێنی گیانی ئه‌و كه‌سانه‌یه كه كرده‌وه‌ی باش و خراپیان وه‌كو یه‌ک وایه. كه گه‌ڕایه‌وه به خه‌ڵكی بڵێ تاكو ده‌كرێ له ئه‌نجامدانی بچوكترین كاری باش خۆتان مه‌پارێزن، چونكه ئه‌م كرده‌وه چاكه ده‌توانێت له‌م شوێنه رزگارتان بكات. گه‌وره‌ترین سزای ئه‌وانه له‌م شوێنه‌دا تاكو رۆژی دوماهی، ته‌نیا ساردی و گه‌رمیی هه‌وایه و هیچ ئازارێكی تر به‌ده‌ر له‌وه به‌رۆكیان ناگرێت.

دواجار به ته‌به‌قاتی به‌هه‌شتدا سه‌ركه‌وتین، یه‌كه‌م هه‌نگاوم له سه‌ر په‌یژه‌ی ئه‌ستێره دانا كه شوێنی هزری پاكه، له‌وێدا چاوم به گیانی پیاوچاكان كه‌وت كه وه‌كو ئه‌ستێره ده‌ترووسكانه‌وه. شوێنێكی رووناک و شكۆدار و به‌رفره بوو. پرسیارم له سروش و ئیزه‌دی ئاتور كرد: ئێره كوێیه و ئه‌مانه كێن؟ گوتیان: ئێره ته‌به‌قه‌ی ئه‌ستێره‌كانه و ئه‌وانه‌ش گیانی ئه‌و كه‌سانه‌ن كه له جیهاندا ناپاكییان نه‌كردووه و كاری باشیان كردووه.

دووه‌مین هه‌نگاوم له سه‌ر په‌یژه‌ی مانگ دانا كه شوێنی گوتاری پاكه. له‌م ته‌به‌قه‌یه‌شدا چاوم به پۆلی پیاوچاكان كه‌وت. وه‌كوو تریفه‌ی مانگ ده‌تروسكانه‌وه.

سێیه‌مین هه‌نگاوم له سه‌ر په‌یژه‌ی خۆر دانا كه شوێنی كرداری پاكه. رووناكترینی رووناكییه‌كان له‌م ته‌به‌قه‌یه‌دا به‌رچاو ده‌كه‌ون. خانوو و ته‌ختی پیاوچاكان له زێڕ دروست كرابوو. وه‌كو خۆر تیشكیان ده‌دایه‌وه. پرسیارم له سرووش و ئیزه‌دی ئاتور كرد: ئێره كوێیه و ئه‌مانه كێن؟ گوتیان: ئێره ته‌به‌قه‌ی خۆره و ئه‌مانه گیانی ئه‌و كه‌سانه‌ن كه له جیهاندا سه‌روه‌ر و پاشایه‌كی باش بوون.

---

[1] – یان (مێسڤانه‌گاتو) واتا ئه‌و شوێنه‌ی كه ئه‌و كه‌سانه‌ی باشی و خراپییه‌كانیان وه‌كو یه‌كه، تێیدا وه‌ستاون. ئه‌م ناوه له په‌هله‌ویدا بۆته (هه‌مێ وێسیا) واتا (هه‌مو وه‌ستاو) ئه‌و شوێنه‌ی هه‌مو تێیدا وه‌ستاون و چاوه‌ڕێن. ئه‌م شوێنه ده‌كه‌وێته سنووری نێوان به‌هه‌شت و دۆزه‌خ.

چوارەمین هەنگاوم بۆ گەردومان[١] بوو. گیانی مردووەکان بەرەو پیلمان هاتن، لەکاتێکدا ستایشیان دەکردم و دەیانگوت: چۆن تۆ ئەی پیاوچاک، لەو جیهانە پڕمەینەت و ئازارە بەرەو ئەم جیهانە بێ زیانە هاتی؟ شەربەتی نەمریی[٢] بنۆشە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لێرەدا ئاسوودەیی و خۆشی دەبینی. لەم کاتەدا ئاگری ئەهورایی، بەرەو رووم هات و گوتی: بەخێرهاتی ئەی ئەرداڤیراز خاوەن داری تەڕ و بۆن خۆشکراو. وەرە تاکو پیشانت بدەم ئەو دەریایەی لە ئەنجامی ئاوی ئەو دارە تەڕ و بۆن خۆشانە دروست بووە کە تۆ خستووتە ناو ئاگردان.

ئینجا ڤەهومەنی ئەمێشەسپێەنتە[٣] لە سەر تەختە زێڕینەکەی هەستا و دەستی منی گرت بە هزری پاک، گوتاری پاک و کرداری پاک، منی بۆ دیداری بارەگای ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان و پیاوچاکانی تر و گیانی زەردەشت و کەڤی ڤیشتاسپە، جاماسپ و پێشەواکانی تر برد.[٤] هەرگیز کەسم لەمانە رازاوەتر و پڕشنگدارتر نەبینیوە. ڤەهومەن گوتی: ئەوە ئەهورامەزدایە. ویستم کڕنۆشی بۆ ببەم، ئەو پێی گوتم: سڵاو لە تۆ ئەی ئەردای ڤیراز، بەخێر بێیت لەو جیهانە پڕئازارە بۆ ئەم شوێنە پاک و رووناکە. بە سرووش و ئیزەدی ئاتوری فەرموو: ئەو ببەن و شوێن و

[١] – گەردومان لە ئاڤێستادا بە شێوەی (گەرونمان یان گەرودومان mvnAmn,Orag) هاتووە کە بارەگا و عەرشی خوای پەروەردیگارە. لە ئەرتەڤەهیشت یەشت، بەندی ٤دا سەرەڕای ئەوەی کە بە بارەگای ئەهورامەزدا دانراوە، ئاماژە بەوەش دراوە کە باوەڕداران لە گەردوماندا بە دیداری ئەهورامەزدا شاد دەبن: ((گەردومان بۆ مرۆڤە پاکەکانە، درۆپەرستان رێگایان دەوێ ناکەوێت بۆ بینینی ئەهورامەزدا.))(بڕوانە؛ ٥٥: ١٤١)

[٢] – مەبەست لە شەربەتی نەمری هەمان شەرابی (هەئومە)یە کە لە ئاڤێستادا بە سیفەتی (دورەئوشە aCoarUd) واتا (دوورکەرەوەی مەرگ) ئاماژەی پێدراوە.

[٣] – ڤەهومەنی ئەمێشەسپێەنتە یەکێک لە گەورەترین فریشتەکانی ئایینی زەردەشتییە. لە پۆلی حەوت ئەمێشەسپێەنتەکاندا لە دوای ئەهورامەزدا پلەی دووەمی هەیە. هێمای هزری پاک و زانایییە و یەکەمین ئەفرێنراوی مینۆڤی ئەهورامەزدایە و لە جیهانی مادیدا ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی ئەفرێنراوە بە سوود و ئەهوراییەکانی لە ئەستۆیە.

[٤] – ڤەهومەن دەستی ڤیراز دەگرێت و دەیباتە بەردەم بارەگای ئەهورامەزدا، لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە سرووش و ئاتور ناتوانن ئەوەندە لە بارەگای یەزدانی نزیک بکەونەوە بۆیە ڤەهومەن کە نزیکترین و پایەبەرزترین فریشتەیە ئەم کارە دەکات. بەراورد بکرێت لەگەڵ میعراجی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەو کاتەدا کە دەگاتە دیداری خوای پەروەردیگار، جبرائیل بە پێغەمبەر دەڵێت: من چیتر ناتوانم سەرکەوم پەڕوباڵم دەسووتێ. خۆت بەتەنیایی سەرکەوە. ئەگەرچی جیاوازی زۆرە بەڵام لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە کە تەنانەت هەموو فریشتەکانیش ناتوانن بگەنە بارەگای یەزدانی مەزن.

پاداشتی پیاوچاکان و شوێن و سزای ناپاکان بە ئەردای ڤیراز پیشان بدەن. ئەم دوو ڕێنوێنە دەستی منیان گرت و ڕۆیشتین. بە یاوەری دوو ڕێبەرەکەم گشت تەبەقاتی بەهەشتم بەسەر کردەوە. چاوم بە گیانی خەڵکی ئیماندار، خێرومەند، فەرمانڕەوای دادپەروەر، ڕاستگۆیان و گشت ئەو گیانانە کەوت کە لە ژیانـــدا بەردەوام گاتاکانیـــان خوێنـــدبۆوە و بەپێـــی دەســـتووری مەزداپەرستان، نوێژیان کردووە. گیانی ئەو ئافرەتانەم بینی کە بە جلوبەرگی ڕازاوە بە زێڕ و زیو و گۆبەر لە بەهەشتدا لە خۆشیدا بوون. لە بەهەشتدا ســەرجەم توێژەکـان بەپێـی کـردەوە باشــەکانیان لە خۆشـی و فراوانـی و بەروبوومی بەهەشتی بەهرەمەند بووبوون و هەرگیز هەستیان بە ئازار و ناخۆشی و دڵتەنگی نەدەکرد.[1]

دوای دیتنـی بەهەشـت و بەهەشـتییەکان، ئیـزەدی سـرووش و ئـاتور دەستیان گرتم و لەوێ ڕۆیشتین. خۆم لە بەردەم پردی چینڤەتدا بینییەوە. لە وێـدا گیـانی ناپاکـانم بینـی کە بەرەو دۆزەخ شـۆڕ دەبـوونەوە. لەگەڵ ڕێبەرەکـانم بەرەو دۆزەخ ڕۆیشـتین. سـەرەتا خۆمـان لەنـاو سـەرما و زستانێکی وشک و بۆگەنـدا بینییەوە کە هەرگیـز لە ژیانمـدا شـتی ئاوهـام نەبینیـوە. کەمێـک تێـپەڕین چـاوم بە دۆزەخـی سـامناک و تەنـگ و تاریـک کەوت.[2] بارودۆخی ئەو گیانانەی لەوێدا بوون زۆر نالەبار و سەخت بوو. لە گشـت سـووچ و شـوێنێکی دۆزەخـدا دێوەکـان خەریکـی ئـازاردان و ئەشکەنجەکردنی ناپاکـان بـوون. هەر کەس بە شێوەیەک سزای تاوانەکانی وەردەگرتەوە.

گیانی پیاوێکم بینی کە مارێک بە کۆمیدا خزی و لە دەمی دەرچوو، ئەوە سزای گیانی ئەو پیاوە بوو کە لە ژیاندا نێربازی کردبوو. گیانی پیاوێکی ترم

---

[1] – لە گاتاکانـدا کە بەهەشـت بە سـیفەتی (نیشـتمانی کـرداری پـاک)یش نـاوبراوە ئامـاژە بە تایبەتمەنـدییەکانی بەهەشـت کـراوە و لە یەسـنەی٣٤، بەنـدی١١دا هـاتووە: لە نیشـتمانی کـرداری پـاک کە لە سـایەی ئەشـا و ئارمەیتییەوە پایەدار و بەردەوام بەپیت و بە بەرە، لە نیعمەتی تەندروستی هەتاهەتایی و نەمری بەهرەمەند دەبن.

[2] – هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە پەرگەردی ١٦ی کتێبی ئەردای ڤیرازنـامەگ تـاکو کۆتـایی باسـی دۆزەخ و تەبەقـاتی دۆزەخ و جـۆری سـزای گیـانە تاوانبـار و ناپاکەکـان کـراوە. سـزای تاوانەکـان و جـۆری ئەشکەنجەکان بەپێی ئەو تاوان و گوناهانەی کراون جیاوازن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا هەندێک لە سزاکان و جۆری ئەشکەنجەکان نووسراونەتەوە.

بینی پێستی سەریان هەڵدەکەند، ئەوە سزای تاوانی کوشتن بوو. گیانی ئافرەتێکم بینی بە هەر دوو مەمکی هەڵواسرابوو، ئەوە سزای تاوانی ئەو ئافرەتەیە کە لە پەنای مێردی لەشی خۆی پێشکەش بە پیاوی تر کردبوو. گیانی ئافرەتێکم بینی کە زمانی راکێشرابوو و لە ملی ئاڵابۆوە و بەو زمانە هەڵواسرابوو، ئەوە سزای ئەو ئافرەتە بوو کە لە ژیاندا نەفرەتی لە هاوسەر و سەروەری خۆی کردبوو و جنێوی پێدابوو و زمان درێژی کردبوو.

گیانی پیاوێکم بینی کرم لە دەم و زمانی دابوو، ئەوە سزای ئەو درۆزنانە بوو کە زیانیان بە خەڵک دەگەیاند. گیانی ئافرەتێکم بینی کە لاشەی مردارەوەبووی خۆی دەلێستەوە و دەیخوارد، ئەوە سزای تاوانی ئەو کەسە بوو کە لە ژیاندا جادوو و نوشتەی دەکرد. گیانی مرۆڤی دووڕوو، حەرامخۆر، ستەمکار، سنووربەزین، بەڵێن شکێن...هتد لەناو دۆزەخدا سزا دەدران و بەدەم ئازارەوە ناڵەناڵیان دەکرد و داوای یارمەتییان دەکرد.

لەگەڵ هاوسەفەرەکانم بەرەو قووڵتر رۆیشتین. دۆزەخ پڕئازار، سامناک، بۆگەن و زۆر تاریک بوو. وەکو چاڵێک هاتە پێش چاوم کە بێ بنە و ئەگەر سەرجەم دارەکانی جیهان لەم دۆزەخە تاریک و بۆگەنەدا بخرێتە ناو ئاگرەوە، هەر بڵێسەیەکیش نادات. هەزاران هەزار درۆپەرست لەم دۆزەخەدا سزا دەدران و کەس ئەوی تری نەدەبینی و دەنگی ئەوانی تری نەدەبیست. هەر کام لەم تاوانبارانە وایان دەزانی لێرەدا تەنیان. تاریکی دۆزەخ بۆیان وەها تاریکە و بۆگەنی، سامناکی، ئازار و سزای جۆراوجۆر لەم دۆزەخەدا بۆیان وەهایە کە هەر رۆژێکی بەقەد نۆ هەزار ساڵە.

لە کۆتاییدا و لە قووڵایی دۆزەخدا چاوم بە ئەهریمەنی مەرگهێنەری کاولکاری بێ دین کەوت، کە لە دۆزەخدا فشەی بە درۆپەرستان دەکرد و دەیگوت: بۆ نانی ئەهورامەزداتان خوارد و بە گوێی منتان دەکرد، بیرتان لە بەدیهێنەری خۆتان نەکردەوە و بەدوای خواستەکانی من کەوتن.

ئینجا سرووشی پاک و ئیزەدی ئاتور دەستیان گرتم و لەم شوێنە تاریک، سامناک و بۆگەنە دەرچووین و بەرەو هەرێمی رووناکیی بێ سنوور و بارەگای ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپێەنتەکان بەڕێ کەوتین. پاش کەمێک خۆم لە بارەگای یەزدان بینییەوە. ویستم کڕنۆش بۆ ئەهورامەزدا ببەم، بەڵام بە ئارامی پێی گوتم: بەخێربێیت ئەردای ڤیرازی پاک، ئەی پێغەمبەری

مەزداپەرستان. ئێستا بگەڕێوە بۆ جیهانی مادی و ئەوەی بینیت و بۆت ئاشکرا بوو بۆ خەڵکی بگێڕەوە، من پشتیوانیت لێ دەکەم. پێیان بڵێ هەر کەسێک راستگۆ بێت من دەزانم و ئاگام لێیە. من سەرسام بووم کاتێک ئەهورامەزدا ئەوانەی فەرموو، چونکە تەنیا رووناکی و تیشکم بینی و لەشی دیار نەبوو، تەنیا گوێم لە دەنگی بوو و بەم جۆرە زانیم ئەهورامەزدایە. دواجار ئەهورامەزدا گوتی: تۆ، ئەی ئەردای ڤیراز، بە مەزداپەرستان بڵێ رێگەی راست تەنیا یەکێکە. رێگەی بابوباپیران و رێگەکانی تر رێگەی چەوتن. تەنیا ئەم رێگە راستە بگرنە بەر و نە لە خۆشی و نە لە ناخۆشیدا بە هیچ شێوەیەک لێی هەڵمەگەڕێنەوە. هزری پاک، گوتاری پاک و رەفتاری پاک بکەن بە بەرنامەی ژیانتان و لە سەر هەمان ئەو ئایینە بمێننەوە کە زەردەشتی سپیتەمان لە من وەری گرت و کەڤی ڤیشتاسپە بە جیهاندا بڵاوی کردەوە. هەموو شتێک لە ناو خاک و خۆڵدا بزر دەبێت، تەنیا کەسێک هەرگیز بزر نابێت کە لە ژیاندا رێگەی راست بگرێتەبەر و کاری باش بکات. ئێستاش برۆ بە خۆشی و کامەرانی ئەی ئەردای ڤیراز، باش بزانە کە من ئاگاداری هەموو کردەوەیەکی ئێوەم و ئاگام لە هەموو شتێکە. کاتێک ئەم قسانەم بیست لە ناخی دڵمەوە کڕنۆشم بۆ برد. لەم کاتەدا سرووشی پاک و ئیزەدی ئاتور بە سەرکەوتوویی منیان بۆ ناو ئەم پێخەفە گەڕاندەوە.

لێرەدا ڤیراز کۆتایی بە گێڕانەوەی گەشتە رۆحییەکەی دێنێت. لەم گەشتە رۆحییەدا دوو پەیامی سەرەکی بۆ هاوئایینەکانی دێنێتەوە. ئەم پەیامانە رێک خواستی پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانییەکان بوون، چونکە بەهۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە ئایینێکی وەکو یەهوودی، مەسیحی و مانەوی خەڵکێکی زۆر وازیان لە ئایینی زەردەشتی دەهێنا و روویان لەم ئایینە نوێیانە دەکرد یان بەرەو ئایینەکانی پێش زەردەشتی دەگەڕانەوە، بۆیە ئەو پەیامانەی ڤیراز لەگەڵ خۆیدا هێنانییەوە، ئایینی مەزداپەرستی لە هەڕەشەی گۆشەگیربوون و لاوازبوون رزگار دەکرد. ئەم دوو پەیامە بریتی بوون لە:

**یەکەم**: راستی و دروستیی ئایینی زەردەشتی، واتا ئەم ئایینە تەنیا رێگەی راستیی ژیانی ئەم جیهانە و جیهانەکەی ترە. ئایینی کۆنی بابوباپیران

وەکو ئایینی زەرڤانی و میترایی و ئایینە تازە دەرکەوتووەکان وەکو یەهودی، مەسیحی و مانەوی و...هتد ڕێگەی چەوتن.

**<u>دووەم</u>**، ئاگاداربوون لە چارەنووسی مرۆڤ دوای مردن. ئەوەی پێشتر لە دیندا سەبارەت بە بەهەشت و دۆزەخ و ژیانی هەرمان لە جیهانەکەی تردا باس کراوە، ڕاستە و هەموو مرۆڤێک بەپێی کردەوەکانی لە جیهانەکەی تردا پاداشت و سزای کردەوەکانی خۆی دەست دەکەوێت.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی توێژینەوە لە دەقە ئەفسانەییەکانی کورددا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەستەبەر کراون:

جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بریتین لە: یەکەم، ئەفسانەی ئاسمانی، دووەم، ئەفسانەی زەمینی و سێیەم ئەفسانەی بن دنیا کە هەر یەک لە ئەفسانەکانی ئەفراندن، مردن، تۆفان، گەشتی رۆح، کۆتایی جیهان، دواڕۆژ، زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ دەکەونە ژێر باڵی یەکێک لەم سێ جۆرە سەرەکییەی کە دەسنیشان کراون.

کورد وەکو نەتەوە خاوەن هەگبەیەکی لەبن نەهاتووی ئەفسانەیە کە بەشێکی زۆر و گرنگی لە ناو ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا تۆمارکراوەتەوە.

بەشێکی گرنگ و سەرەکی مێژووی کورد لە ناو دەقە ئەفسانەییەکاندا تۆمار کراون.

ئەفسانە و ئایین وەها لە ناو یەکدا تواونەتەوە کە وەکو دوو گیانی ناو جەستەیەک دەردەکەون، بۆیە بەشێکی زۆری ئەفسانەکانی میللەتی کورد لە ناو ئایینە جۆربەجۆرەکانیدا تۆمارکراون. ئەفسانەی ئایینی زەرڤانی، میترایی، زەردەشتی، ئێزیدی، مانەوی، ئیسلامی و ...هتد سەرچاوەیەکی رەسەنن بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی کوردیدا.

لە ژێر رۆشنایی ئەوەی کە زمان و جوگرافیا دوو رووی ناسنامەی میللەتێکن، زمانی کوردی لە کوردستان لە لقێکیدا بەسەر سێ قۆناغی، مادی-ئاڤێستایی، پەهلەوی و زمانی ئێستای کوردی دابەش دەکرێت.

ئەفسانەی ئەفراندنی کوردی بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان بەسەر دوو جەمسەری ئەفراندنی ئەهورایی و خوڵقاندنی ئەهریمەنی دابەش دەکرێت.

ئەفراندن بە دوو شێوەی ئەفراندنی مینۆڤی(گیانی) و ئەفراندنی مادی(گێتیایی) بەڕێوەدەچێت.

تەمەنی جیهان لە ئەفسانەی کوردیدا بەسەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵیدا دابەش دەکرێت کە بە سەریەکەوە تەمەنی جیهانی بوون دوازدە هەزار ساڵە.

ئەفراندنی مادی کە لەلایەن ئەهورامەزداوە لە سێ هەزار ساڵی دووەمی تەمەنی جیهانی مادیدا دێتە ئاراوە بە شەش دەروازەدا تێدەپەڕێت کە بریتین لە: ئەفراندنی ئاسمان، ئاو، زەوی، گیا، گا و مرۆڤ. ئەم شەش ئەفراندنە لە شەش کاتی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت. کۆی ئەم شەش کاتە جیاوازە دەبێتە سێ سەدو شەست و پێنج رۆژ کە ساڵێکی تەواوە و ئەهورامەزدا لە رۆژی نەورۆزدا دەستی بە ئەفراندن کرد.

لە ئەفسانەی کوردیدا یەکەمین دوو مرۆڤ بە شێوەی رێواس لە زەوی روواون.

ئەفسانەی تۆفانی کوردی رەنگدانەوەی جوگرافیا و کەشوهەوای کوردستانە، چونکە لە ئەفسانەی کوردیدا تۆفان لە شێوەی بارینی بەفرێکی زۆر و سەهۆڵبەنداندا دەردەکەوێت. (ییمە) ئەو کەسەیە کە بە دروستکردنی ژوور و ئاخوڕ بۆ مرۆڤ و ئاژەڵە پێویستەکان لە ناو ئەشکەوتێکدا، مرۆڤ لە کارەساتی تۆفان رزگار دەکات.

لە ئەفسانەی کوردیدا لە دوایین سێ هەزار ساڵی تەمەنی جیهانی مادی سێ رزگارکەر لە کۆتایی هەر یەک لە هەزارەکان دەردەکەون و جیهان لە ناپاکی و هێزە ئەهریمەنییەکان پاک دەکەنەوە. ئەم سێ رزگارکەرە لە خوێنی زەردەشتن.

لە رۆژگاری دوایین رزگارکەر کە بە سوشیانت ناسراوە، جاڕی کۆتاییهاتنی جیهان لێدەدرێت و لە ئەنجامدا فرەشکرد واتا زیندووبوونەوەی سەرجەم مردووەکان دێتە ئاراوە.

گیانی هەموو مرۆڤێک دوای جیابوونەوە لە جەستە بەسەر پردێکدا گوزەر دەکات کە بە پردی چینڤەت واتا پردی جیاکەرەوە ناسراوە. لە سەر ئەم پردەیە کە چارەنووسی مرۆڤ دوای مردن و رۆیشتنی بەرەو بەهەشت، دۆزەخ یان بەرزەخ بە دیاردەکەوێت.

لە ئەفسانەی کوردیدا بەهەشت دوو جۆرە: یەکەم بەهەشتی کاتی و دووەم بەهەشتی هەمیشەیی. بەهەشتی کاتی چوار تەبەقە یان پلەی هەیە. دۆزەخیش وەکو بەهەشتی کاتی چوار تەبەقە یان پلەی هەیە.

بەهەشتی هەمیشەیی هیچ تەبەقەیەکی نییە و کۆتایی بە بەهەشتی کاتی و دۆزەخ دێنێت و سەرجەم مرۆڤە ناپاکەکانی ناو دۆزەخ، دوای پەڕینەوە لە

رووبـاری کـانزای تـواوه له تاوانەکانیـان دادەماڵـدرێن و به یەکجـاری پـاکژ دەبـنەوە و لەگەڵ سـەرجەم مرۆڤەکـانی تـر له بەهەشـتی هەمیشـەییدا ئـارام دەگرن.

گەشــتی رۆح یــان میعــراج چیرۆکێکــی ســەرنجڕاکێش و گــرنگە کە پانتاییەکی بەرفراوانی له ئەفسانەی کوردیدا دەگرێتەوە.

بەپێـی ئەفسـانەی گەشـتی رۆح، (ڤیـراز) کە کەسـێکی ئیمانـدارە بەرەو بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ گەشتێکی رۆحی دەکات و لەو گەشتەیدا چاوی به بـارودۆخی مرۆڤەکـان لەم سـێ شـوێنە دەکەوێت و له کـاتی گەڕانەوەیـدا ئەنجـامی بینینەکـانی بـۆ پێشـەوایانی دیـن بـاس دەکـات و سـەرجەم دیـدار و گفتوگۆکانی له کتێبێکدا بەناوی (ئەرداڤیرازنامەگ)دا تۆمار دەکرێت.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم– بە زمانی کوردی:

**أ– کتێب**


١- ئەنستاس ماری کەرمەلی، جیلوە و مەسحەفی رەش (کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان)، و. نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢

٢- تۆفیق وەهبی بەگ، پاشماوەی میترایی لە هاترا، وەرگێڕانی شێخ برهان بەرزنجی، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی؟، هەولێر ٢٠١٠

٣- حەسەن تەقی زادە (سید)، مانی و دینەکەی، وەرگێڕانی سەعید مەموزینی، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری خازر ژمارە (٣)، چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠٠٥

٤- خەلیل جندی رەشۆ (دکتۆر)، پەرن ئەدەبێ ئێزیدیان کۆم کردن و ڤەکۆلین، بەرگی یەکەم، چاپا ئێکێ، چاپخانە وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر ٢٠٠٤

٥- دان ناردۆ، ئۆستوورەکانی یۆنان و رۆم، وەرگێڕانی فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٠

٦- دان ناردۆ، ئیمپراتۆرییەتی ئێران، و. فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٠

٧- رەفیق شوانی (دکتۆر)، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨

٨- روقیە بهزادی، ئاریایی و نائارییاییەکان، و. فەرهاد خۆشناو، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١١

٩- فرانتس کومن، نهێنییەکانی ئایینی میترایی، وەرگێڕان فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨

١٠- کەیوان ئازاد ئەنوەر، مانیزم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، نۆرەی چاپ؟، سلێمانی ٢٠٠٤

١١- محمدامين هەورامانی، جوگرافيا و مێژووی کوردستان لە ئاڤێستادا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦
١٢- محمدامين هەورامانی (دکتۆر)، جوگرافيا و مێژووی هەرە دێرینی هەورامان، چاپی چوارچرا، چاپی یەکەم، شوێنی چاپ؟ ٢٠١٠
١٣- محمدامين هەورامانی، وڵاتی کەيانيان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، وەزارەتی رۆشنبيری، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١١
١٤- محمد مردوخی کوردستانی (شێخ)، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محمد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١١
١٥- مەولود ئيبراهيم حەسەن (دکتۆر)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧
١٦- مەولود ئيبراهيم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمرييدا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢
١٧- مەولود ئيبراهيم حەسەن (دکتۆر)، نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ بە جيهانی بوون!، دەزگای بەدرخان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢
١٨- نەجم ئەڵوەنی، ئايينی ئێزيدی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدين، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩
١٩- نەجم ئەڵوەنی (دکتۆر)، ئەفسانە و پەندی گاڵتەئامێزی کوردی، زنجيرە کتێبی کەلەپووری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧

**ب- گۆڤار**

٢٠- ئێران و سەرەتايەک بۆ مێژووی ئستورەی کوردی، مەولود ئيبراهيم حەسەن (دکتۆر)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدين، هەولێر، ژمارە ٤٤، ساڵی ٢٠١٠

**ج- ديوانی شاعيران**

٢١- شێخ رەزای تاڵەبانی، ديوانی شێخ رەزا، ساغکردنەوەو شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، چاپی دووەمم هەولێر ٢٠١٠

٢٢- عەبـدوڵڵا بەگـی میصـباح، دیـوانی ئەدەب، کـۆکردنەوەی مـحەمەد حەمەباقی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥
٢٣- عەبدورڕەحیمی سابڵاخی، دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد علی قەرەداغی، انتشارات کردستان، چاپی یەکەم، سنە ١٣٨١

**د- فەرهەنگ**

٢٤- عبـدالرحمن شـرفکندی (هەژار)، هەنبـانە بـۆرینە، انتشـارات سـروش، چاپ ، تهران ١٣٨٤
٢٥- عەبـدورەحمانی زەبیحـی، قاموسـی زمـانی کـوردی، ئینتشـاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، چاپی؟، سنە ١٣٦٧
٢٦- محەمەدئەمـین هەورامـانی (دکتـۆر)، فەرهەنگـی ئاریانڤـاچ (٣ بەرگ)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
٢٧- محمـد ماجـد مردوخـی، فەرهەنگی دانشـگاه کردسـتان، بڵاوکـراوەی دانشگاهی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە ٢٠٠٨
٢٨- محمد مردوخی کورستانی (٢ بەرگ)، فەرهەنگی مەردۆخ، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی رەئوف رەهنمون، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، چاپی یەکەم، سنە ١٣٨٨

**هـ- نامەی ئەکادیمی (ماجستێر و دکتۆرا)**

٢٩- موسـا مـحەمەد خـدر، ئـاییني زەردەشـتی لە سـەرەتای ئیسـلام تـا سـەردەمی بوەیهییەکـان، زانکـۆی سـەلاحەدین، کـۆلێجی ئەدەبیـات، بەشی مێژوو، هەولێر ٢٠٠٤

**دووەم- سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

**أ- کتیب:**

٣٠- جمال رشيد احمد (الدكتور)، ظهور الكورد في التاريخ، الجزء الاول، دار آراس، الطبعة الثانية، اربيل ٢٠٠٥

٣١- جمشيد يوسفى (الدكتور)، الزرادشتية (الديانة والطقوس والتحولات اللاحقة بناء على نصوص الأفستا، منشورات زين، الطبعة الأولى، بيروت ٢٠١٢
٣٢- خالد السيد محمد غانم، الزرادشتية (تاريخيا وعقيدة وشريعة دراسة مقارنة)، خطوط للنشر والتوزيع، طبعة ثانية، دمشق ٢٠٠٩
٣٣- صموئيل نوح كريمر و دايان ولكشتين، إنانا ملكة السماء والأرض، ترجمه شاكر الحاج مخلف، دار النشر خطوات، الطبعة الأولى، دمشق ٢٠٠٧
٣٤- عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا، مطبعة شڤان، الطبعة الثانية، السليمانية ٢٠٠٥
٣٥- عبدالناصر حسو، اليزيدية وفلسفة الدائرة، دار التكوين، دمشق ٢٠٠٨

**ب- فەرهەنگ**

٣٦- المعجم الأدبى، تأليف جبور عبدالنور، دار العلم للملايين، طبعة الثانية، بيروت ١٩٨٤
٣٧- عزالدين محمد نجيب، قاموس المصطلحات الدينية، ٢٠٠٦

**سێیەم- سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

**أ- کتێب:**

٣٨- آبتين ساسانفر، اوستا (برگردان هفت هات از گاتاها)، نشر علم، چاپ اول، تهران ١٣٨٦
٣٩- آبتين ساسانفر، گاتاها، چاپ گلشن، چاپ اول، تهران ١٣٩٠
٤٠- آذر فرنبغ پسر فرخزاد و آذرباد پسر اميد، كتاب سوم دينكرد دفتر يكم، ترجمه و تصحيح فريدون فضيلت، نشر فرهنگ دهخدا، چاپ اول، تهران ١٣٨١

٤١- آذر فرنبغ پسر فرخزاد و آذرباد پسر امید، کتاب سوم دینکرد دفتر دوم، ترجمه و تصحیح فریدون فضیلت، نشر فرهنگ دهخدا، چاپ اول، تهران ١٣٨٤
٤٢- آرتور کریستن سن، ایران در زمان ساسانیان، ترجمه رشید یاسمی، چاپ دهم، تهران ١٣٧٩
٤٣- آرتور کریستن سن، کیانیان، مترجم ذبیح الله صفا، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ هفتم، تهران ١٣٨١
٤٤- آرتور کریستن سن، مزداپرستی در ایران باستان، برگردان دکتر ذبیح الله صفا، انتشارات هیرمند، چاپ پنجم، تهران ١٣٨٢
٤٥- آرتور کریستن سن، نمونه‌های نخستین انسان و نخستین شهریار، ترجمه ژاله آموزگار و احمد تفضلی، نشر چشمه، چاپ اول، تهران ١٣٧٧
٤٦- آر. سی. زنر، زروان یا معمای زرتشتی، ترجمه دکتر تیمور قادری، انتشارات مهتاب، تهران ١٣٨٨
٤٧- آر. سی. زنر، طلوع و غروب زرتشتی‌گری، ترجمه تیمور قادری، انتشارات مهتاب، چاپ دوم، تهران ١٣٨٨
٤٨- آنتونی کریستی، اساطیر چین، ترجمه باجلان فرخ، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤
٤٩- ا.م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، چاپ دوم، تهران ٢٥٣٧
٥٠- ابراهیم پورداود، خرده اوستا، انتشارات اسطیر، چاپ دوم، تهران ١٣٨٦
٥١- ابراهیم پورداود، گاتها جلد اول، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤
٥٢- ابراهیم پورداود، گاتها جلد دوم، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ١٣٨١
٥٣- ابراهیم پورداود، ویسپرد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران ١٣٨١

٥٤- ابراهیم پورداود، یسنا(بخش اول و دوم)، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ١٣٨٧
٥٥- ابراهیم پورداود، یشتها جلد اول، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران ١٣٧٧
٥٦- ابراهیم پورداود، یشتها جلد دوم، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران ١٣٧٧
٥٧- ابن بلخی، فارسنامه، ترجمه و تصحیح گای لیترانج و رینولد آلن نیکلسون، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران ١٣٨٥
٥٨- ابوالقاسم اسماعیلپور(دکتر)، اسطوره آفرینش در آیین مانوی، نشر کاروان، چاپ چهارم، تهران ١٣٨٧
٥٩- ابوالقاسم اسماعیلپور(دکتر)، اسطوره بیان نمادین، انتشارات سروش، چاپ دوم، تهران ١٣٨٧
٦٠- ابوالقاسم دادور (دکتر)، اسطوره‌ها و نمادهای ایران و هند در عهد باستان، انتشارات کلهر، چاپ اول، تهران ١٣٨٥
٦١- ابوالقاسم فردوسی، شاهنامه، به کوشش دکتر سعید عریان، نشر قطره، چاپ سیزدهم، تهران ١٣٨٧
٦٢- احمد تفضلی (دکتر)، تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، نشر سخن، تهران ١٣٨٣
٦٣- احمد تفضلی، مینوی خرد، انتشارات توس، چاپ پنجم، تهران ١٣٩١
٦٤- اقرار علی یف، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران ١٣٨٨
٦٥- امیل بنونیست، دین ایرانی، ترجمه بهمن سرکاراتی، نشر قطره، چاپ دوم، تهران ١٣٨٣
٦٦- بابک علیخانی، بررسی لطایف عرفانی در نصوص عتیق اوستا، نشر هرمس، چاپ اول، تهران ١٣٧٩
٦٧- بهرام فروشی، ایرانویچ، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ هفتم، تهران ١٣٨٧

٦٨- پرویز پژوم شریعتی، داستان آفرینش و تاریخ پیشدادی و کیانی، انتشارات هونام، چاپ اول، تهران ۱۳۷۸
٦٩- پرویز ناتل خانلری(دکتر)، تاریخ زبان فارسی جلد۱، انتشارات فردوس، چاپ ششم، تهران ۱۳٦٥
۷۰- پرویز ناتل خانلری(دکتر)، دستور تاریخی زبان فارسی، انتشارات توس، چاپ سوم، تهران ۱۳۷۳
۷۱- ج. ف. بیرلیان، اسطوره‌های موازی، ترجمه عباس مخبر، نشر مرکز، چاپ اول، تهران ۱۳۸٦
۷۲- جان راسل هینلز، شناخت اساطیر ایران، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٥
۷۳- جلال الدین آشتیانی، زرتشت مزدیسنا و حکومت، شرکت سهامی انتشارات، چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۱
۷٤- جلال ستاری(ترجمه)، جهان اسطوره‌شناسی۳، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٤
۷٥- جلالی نائینی، ریگ ودا، نشر نقره، چاپ سوم، تهران ۱۳۷۲
۷٦- جلیل دوستخواه، اوستا جلد اول، انتشارات مروارید، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۲
۷۷- جلیل دوستخواه، اوستا جلد دوم، انتشارات مروارید، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۲
۷۸- جی. دوشن گیمن، دین ایران باستان، ترجمه رویا منجم، نشر علم، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٥
۷۹- جی. دوشن گیمن، واکنش غرب در برابر زرتشت، ترجمه تیمور قادری، انتشارات امیرکبیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٥
۸۰- جیمز هوپ مولتون، گنجینه مغان، ترجمه تیمور قادری، انتشارات مهتاب، چاپ اول، تهران ۱۳۸۸
۸۱- حسن رضایی باغ بیدی، تاریخ زبانهای ایرانی، مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸

۸۲- حسن طلایی (دکتر)، باستانشناسی پیش از تاریخ بین النهرین، نشر سمت، چاپ دوم، تهران ۱۳۹۱
۸۳- حلیمه کرباسیان و محمد کریمی زنجانی، کشاکش مانوی-مزدکی در عهد ساسانیان، نشر اختران، چاپ اول، تهران ۱۳۸٤
۸٤- داریوش اکبرزاده (دکتر)، سنگ نبشته‌های کرتیر موبدان موبد، انتشارات پازینه، چاپ اول، تهران ۱۳۸۵
۸۵- دیوید چایدستر، شور جاودانگی، ترجمه غلامحسین توکلی، مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب، چاپ اول، قم ۱۳۸۰
۸٦- ذبیح الله صفا (دکتر)، حماسه‌سرایی در ایران، انتشارات فردوس، چاپ پنجم، تهران ۱۳۹۰
۸۷- رابرت سیسیل، زبور مانوی، ترجمه ابوالقاسم اسماعیلپور، نشر اسطوره، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸
۸۸- رحیم عفیفی، ارداویرافنامه یا بهشت و دوزخ در آیین مزدیسنی، انتشارات توس، چاپ اول، تهران ۱۳۷۲
۸۹- رحیم عفیفی (دکتر)، اساطیر و فرهنگ ایران، انتشارات توس، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۳
۹۰- رقیه بهزادی، بندهش هندی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸
۹۱- رودیگر اشمیت، راهنمای زبانهای ایرانی جلد۱، مترجمان آرمان بختیاری و عسکر بهرامی و حسن رضایی باغ بیدی و نگین صالحی نیا، نشر ققنوس، چاپ سوم، تهران ۱۳۹۰
۹۲- رومن گیریشمن، ایران از آغاز تا اسلام، ترجمه محمد معین، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ پنجم، تهران ۱۳٦٤
۹۳- رهام اشه، هرمزد با هرویسپ آگاسی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۹۰
۹٤- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، اسطوره زندگی زرتشت، نشر چشمه، چاپ پنجم، تهران ۱۳۸۹

۹۵- ژاله آموزگار، تاریخ اساطیری ایران، انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، چاپ دوازدهم، تهران ۱۳۸۹
۹٦- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، زبان پهلوی، انتشارات معین، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۹
۹۷- ژاله آموزگار و احمد تفضلی، کتاب پنجم دینکرد (متن پهلوی، ترجمه و تصحیح)، نشر معین، چآپ دوم، تهران ۱۳۸۸
۹۸- ژان کلنز، مقالاتی درباره زرتشت و دین بهی، ترجمه احمدرضا قائم مقامی، نشر فرزان، چاپ اول، تهران ۱۳۸٦
۹۹- سوزان گویری (دکتر)، آناهیتا، نشر ققنوس، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٦
۱۰۰- سوزان گویری، زبان و خط اوستایی، انتشارات بهجت، چاپ اول، تهران ۱۳۸۸
۱۰۱- سوزان گویری، یسنهای اوستا و زند آن‌ها، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران ۱۳۸۲
۱۰۲- عزالدین ابن اثیر، تاریخ کامل جلد اول، برگردان دکتر سید حسین روحانی، انتشارات اساطیر، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۳
۱۰۳- علیرضا پلاسید، اساطیر ایرانی در متون مانوی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، تهران ۱۳۹۰
۱۰٤- عمادالدین دولتشاهی، جغرافیای غرب کشور یا کوههای ناشناخته‌ی اوستا، چاپخانه‌ی نقش جهان، چاپ اول، شوێنی چاپ؟ ۱۳٦٤
۱۰۵- فرنبغ دادگی، بندهش، گزارنده مهرداد بهار، انتشارات توس، چاپ چهارم، تهران ۱۳۹۰
۱۰٦- فریدون جنیدی، زندگی و مهاجرت آریاییان، نشر بلخ، چاپ ششم، تهران۱۳۹۱
۱۰۷- فریدون جنیدی، نامه پهلوانی، نشر بلخ، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٦
۱۰۸- فیلیپ ژینیو، ارداویرافنامه(متن پهلوی)، ترجمه ژاله آموزگار، انتشارات معین، چاپ چهارم، تهران ۱۳۹۰

۱۰۹- کارن آرمسترانگ، تاریخ مختصر اسطوره، ترجمه عباس مخبر، نشر مرکز، چاپ اول، تهران ۱۳۹۰
۱۱۰- کای بار و...، دیانت زرتشتی، ترجمه د. فریدون وهمن، انتشارات ثالث، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۹
۱۱۱- کلود لوی استراوس، اسطوره و معنا، ترجمه شهرام خسروی، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۵
۱۱۲- کیکاوس بن کیخسرو بن دارا، زرادشتنامه، به اهتمام دکتر سیدمحمد دبیرسیاقی، انتشارات حدیث امروز، چاپ اول، قزوین ۱۳۸۹
۱۱۳- گراردو نیولی، زمان و زادگاه زرتشت، ترجمه سید منصور سجادی، نشر آگه، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۷
۱۱٤- گیگر، ویندیشمن و هینتس، زرتشت در گاثاها، ترجمه و پژوهش هاشم رضی، انتشارات سخن، چاپ اول، تهران ۱۳۸۲
۱۱۵- گئورگی میلیکشیویلی، زبان اورارتو، ترجمه حمید بحرانیان، انتشارات پازینه، چاپ اول، تهران ۱۳۸۷
۱۱٦- لوی استراوس و ...، جهان اسطوره‌شناسی ۱، ترجمه جلال ستاری، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۱
۱۱۷- مارتین ورمازرن، آیین میترا، ترجمه بزرگ نادرزاد، نشر چشمه، چاپ هشتم، تهران ۱۳۹۰
۱۱۸- محسن ابوالقاسمی(دکتر)، دینها و کیشهای ایرانی، نشر هیرمند، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٦
۱۱۹- محسن ابوالقاسمی(دکتر)، شعر در ایران پیش از اسلام، انتشارات طهوری، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۳
۱۲۰- محمد بن اسحاق بن ندیم، الفهرست، ترجمه محمدرضا تجدد، چاپ اول، تهران ۱۳۸۱
۱۲۱- محمدتقی راشد محصل، دینکرد هفتم، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، تهران ۱۳۸۹

۱۲۲- محمدتقی راشد محصل، وزیدگیهای زادسپرم(متن پهلوی، ترجمه و تصحیح)، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ سوم، تهران ۱۳۹۰
۱۲۳- محمد حسن لطفی، ترجمه دوره آثار کامل افلاطون، جلد دوم، شرکت افست، چاپ اول تهران ۱۳۳٦
۱۲٤- محمد رضا ارشاد، گستره اسطوره، انتشارات هرمس، چاپ سوم، تهران ۱۳۹۰
۱۲۵- محمد رضا نائینی (دکتر)، ثنویان در عهد باستان، انتشارات طهوری، چاپ اول، تهران ۱۳۸٤
۱۲٦- محمدعلی داعی الاسلامی، وندیداد، کتیبخانه دانش، چاپ اول، تهران ۱۳۹۱
۱۲۷- محمد معین (دکتر)، مزدیسنا و ادب پارسی جلد۱، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ پنجم، تهران ۱۳۸۸
۱۲۸- محمد معین (دکتر)، مزدیسنا و ادب پارسی جلد۲، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۸
۱۲۹- مری بویس، تاریخ کیش زرتشت جلد۱، ترجمه همایون صنعتی زاده، چاپ دوم، تهران ۱۳۷٦
۱۳۰- مری بویس و فرانتز گرنر، تاریخ کیش زرتشت، جلد۳، ترجمه همایون صنعتی زاده، انتشارات توس، چاپ اول، تهران ۱۳۷۵
۱۳۱- مسعود جلالی مقدم، آیین زروانی، انتشارات امیرکبیر، چاپ اول، تهران ۱۳۸٤
۱۳۲- منصور حمداللهزاده، سرزمین مانائیها، انتشارات بهجت، چاپ اول، تهران ۱۳۸۹
۱۳۳- مهرداد بهار، ادیان آسیایی، نشر چشمه، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۷
۱۳٤- مهرداد بهار، از اسطوره تا تاریخ، نشر چشمه، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۱

۱۳۵- مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، نشر آگه، چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۹

۱۳۶- مهرداد بهار، جستاری در فرهنگ ایران، نشر اسطوره، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶

۱۳۷- مهرداد بهار و سیروس شمیسا، نگاهی به تاریخ اساطیر ایران، نشر علم، چاپ اول، تهران ۱۳۸۸

۱۳۸- مهشید میرفخرایی، روایت پهلوی(متن پهلوی)، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، تهران ۱۳۹۰

۱۳۹- مهشید میرفخرایی، هادخت نسک، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، تهران ۱۳۷۱

۱۴۰- مهوش واحد دوست، رویکردهای علمی به اسطوره‌شناسی، انتشارات سروش، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۹

۱۴۱- میرچا الیاده، اسطوره بازگشت جاودانه، ترجمه بهمن سرکاراتی، انتشارات طهوری، چاپ سوم، تهران ۱۳۹۰

۱۴۲- میرچا الیاده، چشم اندازهای اسطوره، ترجمه جلال ستاری، انتشارات توس، چاپ دوم ۱۳۸۶

۱۴۳- ن. ک. ساندرز، بهشت و دوزخ در اساطیر بین النهرین، ترجمه ابوالقاسم اسماعیل پور، نشر کاروان، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۷

۱۴۴- نجف دریابندری، افسانه‌ی اسطوره، نشر کارنامه، چاپ اول، تهران ۱۳۸۰

۱۴۵- والتر برونو هنینگ، زرتشت، سیاستمدار یا جادوگر، ترجمه کامران فانی، انتشارات معین، چاپ چهارم، تهران ۱۳۹۰

۱۴۶- ورونیکا ایونس، اساطیر مصر، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۵

۱۴۷- ورونیکا ایونس، اساطیر هند، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۱

۱٤۸- ویل دورانت، تاریخ تمدن (مشرق زمین گاهواره تمدن)، مترجمن احمد آرام و ع. پاشایی و...، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سیزدهم، تهران ۱۳۸۷
۱٤۹- هاشم رضی، آیین مغان، انتشارات سخن، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٤
۱۵۰- هاشم رضی، اوستا، انتشارات بهجت، چاپ هشتم، تهران ۱۳۹۱
۱۵۱- هانس رایشلت، رەیافتی به گاهان زرتشت و متن های نواوستایی، گزارش جلیل دوستخواه، انتشارات ققنوس، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۱
۱۵۲- هریت کرافورد، سومر و سومریان، ترجمه زهرا باستی، نشر سمت، چاپ اول، تهران ۱۳۸۷
۱۵۳- هلموت همباخ، میترا در هندوستان، ترجمه رقیه بهزادی، نشر پژوهنده، چاپ اول، تهران ۱۳۸۸
۱۵٤- همایون فرخ، سهم ایرانیان در پیدایش و آفرینش خط در جهان، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران ۱۳۸٤
۱۵۵- هنریک سامئل نیبرگ، دینهای ایران باستان، ترجمه دکتر سیف الدین نجم آبادی، مرکز مطالعه فرهنگها، چاپ اول، تهران ۱۳۵۹
۱۵٦- یحیی ماهیار نوابی (دکتر)، یادگار زریران(متن پهلوی، ترجمه و تصحیح)، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۷
۱۵۷- یوسف ارانسکی، زبانهای ایرانی، ترجمه د. علی اشرف صادقی، انتشارات سخن، چاپ دوم، تهران ۱۳۸٦

**ب- گۆڤار**

۱۵۸- خط و زبان پهلوی، محمدتقی بهار، مجله وحید، شماره۱۷و۱۸، سال ۱۳۱٤
۱۵۹- روحانیان بزرگ عصر ساسانی، علاءالدین آذری، بررسیهای تاریخی، شماره٤، سال نهم ۱۳۵۷
۱٦۰- روح زنده کیست؟، امیدبهبهانی(دکتر)، مجله مطالعات ایرانی، شماره٤، سال۱۳۸۲

۱٦۱- زبان دری یا فارسی یا تاجیکی، مجید یکتایی، مجله وحید، شماره٥٦، سال١٣٤٥

۱٦۲- زبان فارسی و هویت ملی، محمدجان شکوری، مجله ایران شناخت، شماره٦، سال ١٣٧٦

۱٦۳- زادبوم زرتشت، ج. جی مدی، بررسیهای تاریخی، شماره٤، سال دهم ١٣٥٨

۱٦٤- همبستگی زبان فارسی و تاجیکی، جلال متینی، مجله ایرانشناسی، شماره٥٤، سال ١٣٨١

### ج- فەرهەنگ:

۱٦٥- احسان بهرامی، فرهنگ واژەهای اوستایی(٤ جلد)، نشر بلخ، چاپ نخست، تهران ١٣٦٩

۱٦٦- بهرام فروشی (دکتر)، فرهنگ پهلوی، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، چاپ اول، تهران ١٣٤٦

۱٦٧- بهرام فروشی (دکتر)، فرهنگ فارسی به پهلوی، موسسه انتشارات دانشگاه تهران، چاپ چهارم، تهران، تهران ١٣٨٨

۱٦٨- جیمز هال، فرهنگ نگارای نمادها در هنر شرق و غرب، ترجمه رقیه بهزادی، فرهنگ معاصر، چاپ سوم ١٣٨٧

۱٦٩- حسن رضایی باغ بیدی، واژەنامه موضوعی زبانهای باستانی ایران(٢ جلد)، فرهنگستان زبان فارسی، چاپ اول ١٣٩٠

۱٧٠- حسن عمید، فرهنگ عمید، چاپخانه سپهر، چاپ اول، تهران ١٣٦٣

۱٧١- دیوید نیل مکنزی، فرهنگ کوچک پهلوی، ترجمه مهشید میرفخرایی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ پنجم، تهران ١٣٩٠

۱٧٢- عبدالحسین نوشین، واژەنامک، انتشارات معین، چاپ سوم، تهران ١٣٨٩

۱٧٣- فرهنگ نامهای اوستا (٣ جلدی)، هاشم رضی، انتشارات فروهر، چاپ اول، تهران ١٣٤٦

١٧٤- گونـدولين ليـک، فرهنـگ اسـاطير شـرق باسـتان، رقـيه بهـزادی، انتشارات طهوری، چاپ دوم، تهران ١٣٨٩

**د- کتێبی ئەلەکترۆنی:**

١٧٥- امير حسين خنجی، پيدايش ايران
http://irantarikh.com/tarikh/irantarikh1.pdf

**چوارەم- سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

**أ- کتێب:**

176- A. V. W. Jackson, Avesta Grammar And Reader, Part I, Stuttgart, 1892.

177- A. V. W. Jackson, Language of Avesta, Part I, Columbia Coleg, Stuttgart 1892.

178- A. V. William Jackson, Zoroaster The prophet of Ancient Iran, Columbia University Press, NewYork 1899.

179- A. V. Williams, The Pahlavi Rivayat, Accompanying The Dadestan I Denig, The Royal Donish Acaemy, 1990.

180- Arthur. Henry Bleeck, Avesta, Hertford, Printed for Muncherjee Hormusjee Cama, By Stephen Austin 1864.

181- B. G. Anklesaria, The Pahlavi Rivayat of Athurfranbag And Franbag-sros, Part I, Bombay 1969.

182- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard III, Part 1, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1883.

183- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard III, Part 2, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1894.

184- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard III, Part 3, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1897.

185- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard VI, Part 1, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London 1910.

186- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard VI, Part 2, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London 1911.

187- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard VII, Part 1, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London 1912.

188- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard VIII, Part 1, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London 1916.

189- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard VIII, Part 2, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, London 1917.

190- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard IX, Part 1, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1922.

191- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard IX, Part 2, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1926.

192- Darab Dastur Peshotan Sanjana, The Dinkard IX, Part 3, Published Under The Patronage of The Sir Jamsshidji Jijibhai Translation Fund, Bombay 1928.

193- Dhanjishah Meherjibhai MADAN, The Complete Text of the Pahlavi Dinkard, Part I, Published By The Society For The Promotion of Resarches into The Zoroastrian Religion, (books III-V), Bombay 1911

194- Dhanjishah Meherjibhai MADAN, The Complete Text of the Pahlavi Dinkard, Part II, Published By The Society For The Promotion of Resarches into The Zoroastrian Religion (books VI-IX), Bombay 1911.

195- E. W. West, Pahlavi Texts, Part I, Oxford University 1860.

196- E. W. West, Pahlavi Texts, Part III, Oxford University 1885.

197- E. W. West, Pahlavi Texts, Part IV , Oxford University 1892.

198- E. W. West, Pahlavi Texts, Part V, Oxford University 1897.

199- Fereydun Vahman, Arda Wiraz Namag, The Iranian Divina Commedia, Corzon Press, London 1986.

200- H. S. Nyberg, A Manual of Pahlavi, Part2, Printed in Germany 1974.

201- Helmut Humbach, The Heritage of ZarathuStra, Translated By Pallan Ichaporia, Heidelberg 1994.

202- J. H. Moulton, Early Religious Poetry of Persia Cambridge: At The University press 1911.

203- James Darmester, The Zand-Avesta, Part I, Oxford University Press, 1880.

204- James Darmester, The Zand-Avesta, Part II, Oxford University Press, 1882.

205- James Darmester,The Zand-Avesta, Part III, Oxford University Press, 1887.

206- Karl. F. Geldner, Avesta, Part I , Stuttgart, 1886

207- Karl. F. Geldner Avesta, Part II, Stuttgart, 1889

208- Karl. F. Geldner, Avesta, Part III, Stuttgart, 1896

209- Kenneth. S. L. Guthrie, The Hymnes of zoroastar, The Platonist Press, Teocalli, Yankers N. Y, U. S. A 1914.

210- Lawrence. H. Mills, The Gathas of Zarathushtra Oxford University Press (American branch), New York 1900.

211- Mary Boyce, Zoroastrians, Their Religius, published by Roucledge, First published , London 1979.

212- Shaul Shaked, The Wisdom of the Sasanian Sages, (Denkard VI), By Athurpat-I Emetan, Published by Westview Press, U. S. A 1979.

**ب- فەرهەنگ**

213- D. N. Mackenzie, Aconcise Pahlavi Dictionary, Oxford University Press, London 1971.

214- Kavasji Edalji Kanga, English-avesta Dictionary, Fellow Of The University Of Bombay, Bombay 1909.

**پێنجەم: دەسنووس:**

٢١٥- دەسنووسی اوستا (٢٦٢٨٨)، یەشت، ڤیسپەرێتو، ڤی دەئێوەدات، مۆزەخانەی ئاستانی قودسی رەزەوی مەشهەد.

٢١٦- دەسنووسی (ج١)، خورتەگ ئاڤێستا، زانکۆی شیراز.

٢١٧- دەسنووسی (د٧)، ریوایەتی پەهلەوی، دادستێنی دینیگ، نامەکانی مەنوچیهر و بژاردەکانی زادیسپەرم، زانکۆی شیراز.

٢١٨- دەسنووسی (م او٣٥)، دەقی ئاڤێستایی و پەهلەوی سێ رۆژەی بچووک و ڤیسپەرێتو، زانکۆی شیراز.

٢١٩- دەسنووسی (DH) زەندی وەهمەن یەسن، بنیاد فرهنگ ایران.

٢٢٠- دەسنووسی (MS. TD2)، بنداهێش، زانکۆی شیراز.

## پێڕست


- پێشەکی ..................................................................................................
- **بەشی یەکەم ..........................................................................**

**تەوەری یەکەم ..........................................................................**

**ئەفسانە**

- چەمک و پێناسەی ئەفسانە..........................................................................
- جۆرەکانی ئەفسانە..........................................................................
- ئەفسانەی کوردی..........................................................................
- پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەفسانە..........................................................................
- جوگرافیای ئەفسانەیی..........................................................................
- مێژووی ئەفسانەیی کورد ..........................................................................
- ئاینی کورد ..........................................................................
- ئاینی زەرڤانی ..........................................................................
- ئاینی میترایی ..........................................................................
- ئاینی زەردەشتی..........................................................................
- ئاینی ئیزەدی ..........................................................................
- ئاینی مانەوی ..........................................................................

**تەوەری دووەم ..........................................................................**

**زەردەشت**

- زێد و سەردەمی زەردەشت ..........................................................................

**ئاڤێستا**

- مێژووی ئاڤێستاناسی ..........................................................................
- سەربردەی ئاڤێستا ..........................................................................
- زمان و خەتی ئاڤێستایی ..........................................................................
- بەشەکانی ئاڤێستا ..........................................................................

هێزی چاکی و هێزی خراپی لە ئایینی زەردەشتیدا ..............................................................

- ئەهورامەزدا و ئەمێشەسپەنتەکان ..........................................................

**دەقە پەهلەوییەکان**

- زمان و خەتی پەهلەوی ..........................................................................................
- دەقە پەهلەوییەکان ...................................................................................

- **بەشی دووەم** ...............................................................

**تەوەری یەکەم** .....................................................................

- ئەفسانەی ئەفراندن .................................................................................................
- ئەفراندن لە ئەفسانەی کوردیدا .................................................................
- ئەفسانەی تۆفان ........................................................................................
- ئەفسانەی رزگارکەر ...................................................................................

**تەوەری دووەم** .....................................................................

- ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان ........................................................
- مردن و کۆتایی جیهان لە ئەفسانەی کوردیدا ..........................................
- بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی کوردیدا ................................................
- گەشتی رۆح (میعراج) لە ئەفسانەی کوردیدا .....................................

- ئەنجام .......................................................................................................
- سەرچاوەکان ........................................................................................................